

# مامۆستا حەسەن زیرەک

## ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گۆرانی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێرست:

١- ئۆرکێسترێک، بە بەشداری حەسەن زیرەک و مامە قالە .......................................... ح. س.سۆران ....... ٤
٢- حەسەن زیرەک، پانۆرامای جوانی و ئەوین................................................. وریا رەحمانی ..... ٦
٣- سایکۆلۆژیای وشە لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا................................. عەبدولی حەمەباقی ..... ٨
٤- ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک............................................................ عادل محەمەد کەریم ..... ١٥
٥- ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە لە ئاسمانی هونەرو ئاوازی رەسەنی کورددا................... جەمیل مەلاقەرە ..... ٢١
٦- ژیان و بەسەرهاتی گۆرانیبێژی مەزنی کورد "حەسەن زیرەک"............................ محەممەد نوورمحەممەدی ..... ٢٥
٧- زیرەک، ئێعجازێک لە ناخوداگای زەمان دا............................................. وریا رەحمانی ..... ٣٣
٨- هەر دەنگی وەک حەسەن زیرەک نییە.................................................. سامان زیرەک ..... ٣٥
٩- نوستالوژی بیرەوەرییێکی لە یاد نەکراو.............................................. کانون کوەنوردان کردستان ..... ٣٩
١٠- فەرهەنگۆکی گۆرانییەکانی زیرەک..................................................... هاوڕێ جەلال ..... ٤٧
١١- ٣٨ ساڵ لە ئاوا بوونی ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گورانی کوردی................... عەبدولغەفار عەبدوڵلا ..... ٧٠
١٢- کاریگەری دەنگ لەسەر هەست... دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک وەک نموونە!! ............. جەمالی دەلاک ..... ٧٣
١٣- ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟.................................................. جەواد حەیدەری ..... ٧٦
١٤- ئەوین، بێ ئۆقرەیی و نامۆیی؛ حەسەن زیرەک......................................... ئیسماعیل ئیسماعیل زادە ..... ٨٢
١٥- زیرەک دەگەڕێتەوە سلێمانی!............................................................. ساڵح بێچار ..... ٨٤
١٦- زیرەک ؛ناسنامەی گۆرانیی میللەتێک!...................................................... ساڵح بێچار ..... ٩٧
١٧- حەسەن زیرەک عودژەن بوو.... ئەیزانی عود بژەنێت.................................... محەممەد حەمەباقی ..... ٩٩
١٨- زیرەک لە زمانی ژنانی کوردەوە.............................................................. ئا: ساڵح بێچار ..... ١٠٣
١٩- وتوویژێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ میدیا زەندی هاوسەری مامۆستا حەسەن زیرەک.........................................
................................................................................................. ئا: دکتور ئەمیر عەبدوڵلاهی ..... ١٠٩
٢٠- ژیاننامەی حەسەن زیرەک: لە کرێکاری لە بۆکان تا هونەرمەندی لە بەغدا.............. هومایۆن کەمانگەر ..... ١١٦
٢١- پشکێک لە ڕاڤەی وشە پێویستەکانی گۆرانییەکانی زیرەک.................................. هاوڕێ جەلال ..... ١٢٤



سەرچاوە
Serchawe

٢٢- حەسەن زیرەک........................................................................ جام کوردی ..... ١٢٧
٢٣- زیرەک؛ ئەو کەسەی بەهەشتی هێنایە ئەم جیهانەوە.................................. ئەمجەد غوڵامی ..... ١٣٤
٢٤- ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە............................................................................. ١٣٩
٢٥- ئێمە هەموو"حەسەن زیرەک"ین............................................................................. ١٤١
٢٦- ٤٥ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی هەزار ئاوازە تێپەڕی.................................. عەلی شیرینی ..... ١٤٨
٢٧- حەسەن زیرەک: نەورۆز ستایشی شاهەنشا یان کەیخوسرەو؟.......................... ئەسعەدی مەلا موستەفا ..... ١٥٤
٢٨- کورد قەرزاری حەسەن زیرەکە...................................................... ئارام شەمێرانی ..... ١٥٧
٢٩- حەسەن زیرەک زایەڵەیەکی تاهەتایی............................................ فەوزیە سوڵتانبەگی ..... ١٦٢
٣٠- حەسەن زیرەک وەک خۆی........................................................... عەبدولی حەمە باقی ..... ١٦٥
٣١- حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو!............................................. ئاژانسی هەواڵی مێهر ..... ١٦٨
٣٢- بەرگرییەک لەهونەرمەند حەسەن زیرەک.............................................. د. مەولود ئیبراهیم ..... ١٧٦
٣٣- حەسەن زیرەک ئیمپراتۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی..................................... گۆران حکیم ..... ٢٠٥
٣٤- حەسەن زیرەک هەر گۆرانییەکی گوتبێتەوە بووەتە موڵکی خۆی.............................. ستار جەباری ..... ٢٠٨
٣٥- ژیان و ژانی حەسەن زیرەک........................................................ مەریوان مەسعود ..... ٢١٣
٣٦- حەسەن زیرەک مرد یان کوشتیان؟..................................................... جەواد حەیدەری ..... ٢١٥
٣٧- حەسەن زیرەک چریکەیەک لەویژدان و ئازارەکانی تاکی کورد.......................... موتەلیب سەعید عومەر ..... ٢١٧
٣٨- حەسەن زیرەک، جگە لە راستیی هیچی تری نەدەوت ........................................ مەریوان مەسعود ..... ٢٢٢
٣٩- حەسەن زیرەک.. دوو دۆست و یاریّ.......................................................... سەمەد زەنگەنە ..... ٢٢٧
٤٠- حەسەن زیرەک ........................................................... ئامادەکردنی: چۆمان تەقیەدین ..... ٢٣٠
٤١- حەسەن زیرەک قوتابخانەی تایبەتی هونەری کوردی........................................... شارپرێس ..... ٢٣٥
٤٢- نگاه کوتاه به زندگی هنرمند استاد حسن زیرک................................................................ ٢٣٧
٤٣- حسن زیرک ستاره همیشه محبوب شبکه های رادیویی و تلویزیونی............................... بهزاد خالوندی ..... ٢٤٢
٤٤- نگاهی به زندگی زنده‌یاد حسن زیرک به قلم میدیا زندی..................................................... ٢٤٦

## ئۆرکێسترێک، بە بەشداری حەسەن زیرەک و مامە قالە



**ح. س. سۆران - تاران**

**بە ناوی کوردستانی گەورە.**

**هەر لەم شەوانەدا، کە تازە هەواڵی کۆچی دوایی مامەقالەم بیست بوو، بیرم لەم مەرگەساتە دڵتەزێنە دەکردەوە و بە کەسەر و داخەوە جارجار، دەموت ئاکا منیش مۆتەی دژە زیندویی گرتومی، تازە وەبیر مامەقالە کەوتووم؟. بەڵام کاتێ وەبیرم دەهاتەوە، کە زیاتر لە دەساڵ پێش، تابلۆ موزیکالی مامەقالەم نووسیوە و...، دادگەری ئاوەز(ویجدان)، لە کانی دڵەوە لە بواری سووچ دەیپەڕاندمەوە و لەم سۆرغەوە، لە راستی دا خۆم بە مسقال بە تاوانبار نەدەزانی. لە سەر بناغەی چەند بەڵگەیەک کە پێویستی بە باس کردن نیە، سەبارت بە مامۆستا حەسەن زیرکی خۆشەویست، دەستبەتاڵ و ئاتاجیش، کە هاو چەرخی خۆم بوەوە و زۆر جاران لە خزمەتی دا بووم، هەر ئەو بێ تاوانیەم لە خۆم دا هەست دەکرد.**
**هەر بۆیە لە رووم هەڵ هات، بە چەشنی رۆمانتیکێکی بەرەو ریالیسم، ئەم دیمەنانە لە بەر چاوم بخولقێنم، کە دەقاودق بۆتانی دەگێڕمەوە، بەڵکە سووکە پاڵپێوەنەرێک بێ، بەرەو لووتکەی یەکگرتن، بەرکەوەت و سەرکەوت:**

**لەو کاتە رۆمانتیکە دا، دیم کە کاتی جەژنی نەورۆزە، مامۆستا حەسەن زیرەک و مامۆستا قالە مەڕە، هەر کام لە بەندەنی کێوی ئاڵەشکینە، پاڵیان داوە بە کێلی گلکۆکەیانەوە و بە دانیشتنەوە خەریکن، سروودی "ئەمڕۆ رۆژی جەژنی نەوروزە، ساڵی تازەیە هاتەوە "دەڵێن (بە دەنگی بێوێنەی مامۆستا حەسەن زیرەک و بە هاوڕێ سۆزی شمشاڵی ئاسمانی مامۆستا قالە مەڕە).**

خزمینە! بەرد دەبوو بە ئاو و تەنانەت کوردە ناباشەکانیش وا دەگریان، سەریان بە هەنیسکەوە هەڵ دەکەندرا (جا نازانم بۆ)!!!. لەو دیمەنە رۆمانتیکە بە شکۆیەدا، روانیم رۆحی سەدان میلیۆن کوردی کوردستانی گەورە، چ مردو چ زیندو، لە دەوروپشتی چیای ناڵەشکێنە و دەڤەری بۆکان، وەک کارڕناڤاڵێکی مەزنی نەتەویی کۆ ببونەوە و بە تاڵووکە گوێیان گرتبو. لەو کاتە دا، رۆحی مرۆڤگەلی زۆر مەزنی کورد، بێ بانگهێشت هاتبوونە ئەو کوڕەوە، کە من لە خوارەوە، بێ لە بەرچاو گرتنی مێژوی ژیان و بەرزی رادەی پلەو پایەیان، ناویانتان بۆ دەنووسم:

شا دیاکۆی قەڕاڵی کورد، پیر شالیاری هەورامی، سوڵتان ساهاک، میری گەورەی ئێزەدیان، باباتاهیری عوریان، بوداق سوڵتان، عەبدوڵڵاخانی موکری، خان ئەحمەد خانی ئەردەڵان، مەستوورە خانمی ئەردەڵان، عەزیز خان سەردار، سولەیمان پاشای بابان، خانی لەپزێرین، شێخ عوبەیدوللای شەمزینان، ناڵی شارەزووری، مەولەوی تاوەگوێزی، شێخ سەعیدی پیری پیران، سەید رەزای درسیم، پادشای گەورەی رەواندوز، مامەوستا ئەحمەدی خانی، زۆر لە میرە بەدرخانیەکان، خانای قوبادی، سەرۆک سمکۆ، حاجی قادری کۆیی، غوڵامرەزاخانی ئەرکەوازی، عادلە خانمی جاف، ئەحمەد موختاری شاعیر، دکتور فوئاد، خاڵۆ پیرەمێرد، سەید عەلی ئەسغەر، شا مەحموودی بەرزنجی، ئەبولحەسنی سەیف، یۆنس دڵدار، قانع، مفتی پێنجوێنی، ساڵح دیلان، سەرۆک ئیحسان نووری، تاهیر تۆفیق، جگەر خوێن، سەرۆک پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی، هێمن، سێوە، حاجی چوندی لە پارچەی پێنجەمی کوردستانەوە، ئەختەر، دوکتور قاسملوو، عەبدوڵلا پەشێو، مامەرێشە، سەرۆک ئاپۆ، هەژار، لەیلا زانا و زۆر زۆر کەسانی دیکە، کە بە داخەوە لێرەدا جێی نووسینی ئەو گستە ناوە نیە، کە پاکیان مایەی شانازی کوردن و بە کرنۆشەوە داوای چاوپۆشیان لێ دەکەم، بە تایبەت گشت نەمران و هۆزی سەرفرازی پێشمەرگە، کە لە بژاردن نەدەهاتن. بە کورتی رۆحی تەواوی ئەندامانی گەلی کورد، هاتبوونە سەیری ئەو کارڕناڤاڵە.

**کورد کوژانی نگریسی وەک سەددامیش، لە دوور دوورە بە شەرمەساری دەروانین و مۆڕ دەبوونەوە.**

ئەم دو هونەمەندە کەموێنەیەی کورد، دو نەفەری، ئۆرکێستریکی نەتەوەیی وایان بەرێوە برد، کە داروبەرد هاتبوونە خرۆش. لە پاشان، لەسەر داوای قەڕاڵ دیاکۆ، مامە قالە، ئەم بڕیار نامە کورتەی خوێندەوە، کە تەواوی حەشیمەت، بە کوڵی گریانەوە، بە چەپڵەرێزان، پەسندیان کرد و ئۆرکێستر دوایی هات:

**"گەلۆ! یەک بگرن، یەک بکەون، دڵنیابن سەردە کەون، ویستن توانینە. خۆشەویستان، ئەم بیرۆکەیە خەو و خەیاڵ نیە، ئامرازی راستەقینەی تاقیکراوەوەی سەرکەوتنی هەموو گەلانی جیهانە!"**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کلاورۆژنە - رێکەوتی: ٢٨ی مای ٢٠٠٩**



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک، پانۆرامای جوانی و ئەوین



**وریا رەحمانی**

ئەگەر نەڵێین سەرەکیترین بە دڵنیاییەوە یەکێک لە پیرۆزترین ئەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەرییان لە سەر ژیانی پڕ لە ئاڵۆزیی نەتەوەیەکی بندەستی وەکوو کورد بە درێژایی مێژوودا داناوە، دەتوانین لە »حەسەن زیرەک»ی هونەرمەندی بێکۆتایی و گۆرانیبێژی بێوێنەی وڵاتی کوردەواری یاد بکەینەوە. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەیەک هەڵدەدرێتەوە، لەگەڵ ناوی کەس یان کەسانێ رووبەروو دەبینەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان بقۆزنەوە و لە چوارچێوەی بیری مێژوویی خەڵک دا جاودانەیی و هەرمانییەکی پیرۆز بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن. بە گشتی مێژوو نوێنگەی درەوشاوەی ئەو کەسایەتی‌یە مەزنانەیە کە لە بواری کاریگەری و رەوتی بەرەوپێشیی ژیانی مرۆڤایەتی دا خاوەنی پێگەی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرن و زۆربەی کات مێژوو خود گێڕانەوەی ژیان و مەزنایەتیی کەسایەتییە ناودار و خاوەن پێگەکانی خۆیەتی و پێناسەیان دەکات. کەچی هەندێک جار هەیە و هەڵدەکەوێ کە لە مێژووی شانازییەکانی مرۆڤ دا لەگەڵ ناو و دەوری کەسانێک رووبەروو دەبینەوە کە زۆرجاران لە دەرەوەی بازنەی گێرانەوەیی مێژوودان و تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەوە مێژوویە کە بەوانەوە دەگێڕدرێتەوە و لە حەقیقەتدا ئەوانن کە رەهەندە مێژوویی‌یەکان دەخوڵقێنن و لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسە و شوناسی نۆڕمێکی تایبەت یان نەتەوەیەکی زیندوون. لە راستیدا مەبەستی ئاماژەییی ئەم بابەتە لە گەیشتن بەم دەرەنجامەدا خۆی دەنوێنێ کە بڵێ حەسەن زیرەکی کوردان وێنای راشکاوی ئەمجۆرە کەسایەتیانەیە کە خود دەتوانێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەبڕان نەهاتوو بۆ ئێمەی کورد بۆ هەمیشە وەک نموونەیەک بمێنێتەوە. لە پەیبردن بە قووڵایی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەکی هونەرمەند بە روونی رەگدانەوەی فەرهەنگ و پێکهاتەی ژیانی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی وڵاتی کوردەواری دەردەکەوێ و لە توێی شوێن بە شوێنی ئەو ئاواز و گۆرانی‌یانەدا ناوەرۆک و کاکڵی نەریت و رەهەندە مێژوویی‌یەکان نمایانتر دەبن. دەنگێکی رەها و

سرووشتیانەی بزوێنەر، دەرکێکی قووڵ لە فەرهەنگی کوردەواری، دەسەڵاتێکی بەرین بە سەر هونەر و کاری موسیقی و هەستێکی ناسک و جوانی ناسانە و خوڵقێنەر لەگەڵ هەوڵی بێوچان و ماندوونەناسانەی بەردەوام هونەرمەندێکی وەها مەزن و گشتگیر و جاویدانەی لە حەسەن زیرەک درووست کرد کە بە ئەرخایەنیەوە وەک گەورەترین و هەرمانیترین هونەرمەندی نەمری کورد لە هەمیشەیی مێژوودا بمێنێتەوە. کاتێک وردتر دەڕوانینە کارەکانی ئەم گۆرانیبێژە ئۆستوورەیییەی وڵاتەکەمان پتر ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە موزیکی زیرەک تەنانەت لەوپەڕەوەی زەرفییەتەکانی مۆزیک و فەرهەنگ و هونەری کوردەواری دا رووی داوە و بە قەناعەت وەک «ئەبەر هونەرمەندێک»ی شایستە پەرژینەکانی بەزاند و وەک کەسایەتییەکی هونەرپەروەری کورد لە ئاستێکی بەربڵاو و گەشەداری جیهانی دا پەرەی بە بەستێنە هونەرییەکانی مرۆڤ و خۆزگەکانی کورد بەخشیوە. حەسەن زیرەکی هونەرمەند و گۆرانیبێژی گەورەی کورد لە سەرماوەزی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی دا لە گەڕەکی «قەڵای سەردار» لە شاری بۆکان لە دایک بووە و پاش چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر بەڵام لێوان لێو لە جوانی و ئەوین لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی دا بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ماڵئاواییەکی غەریبانەی لە ژیان کرد و لە سەر ویست و داخوازیی خۆی لە داوێنی کێوی «ناڵەشکێنە»ی بۆکان بۆ هەمیشە تێکەڵ بە خاکی پیرۆزی نیشتمانەکەی کرایەوە. ئەمێستاش گڵکۆی پیرۆزی لە بۆکان رووگەی پڕ لە ئەوینی هەموو ئەو کەسانەیە کە خولیای دەنگ و هونەری زیرەکیان لە دڵان دایە و لە بەستێنی بێکۆتاییی ئەو دەنگە ئاسمانییە دا دەرفەتەکانی ژیانیان دەلاوێننەوە و لە نێو گۆرانییەکانی دا واتای ژیان و ئاوات و دڵخوازییەکانیان وێنا دەکەن. لە واقیع دا گۆرانی و دەنگی «زیرەک» هێمای پیرۆزی خۆزگەکانی مرۆڤی کوردە و لە هەمیشەیی مێژوودا وەک نمادێکی هەتایی شانازییەکەی بۆ کورد و مۆزیکی کوردی دەمێنێتەوە. رەنگە هەرگیز دوور لە راستبێژی نەبێ کە ئەگەر بڵێین دەنگ و گۆرانی و هونەری «زیرەک» مەودای شانازی خوڵقێنی خۆزگەی مرۆڤی کوردە.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## سایکۆلۆژیای وشە لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکدا



**لە یادی ٩٦ ساڵەی لەدایکبوونیدا** (١٩٢١ - ١٩٧٢)

**عەبدولی حەمەباقی**

گۆرانی ئەگەر لە کورتترین پێناسەیدا بەو واتایە بێت: لایلایەی بەسۆزی گەرووی دایکە، پرپرە لە بۆنی نیشتمان، فەنتازیای سەمای ڕۆحە لەگەڵ ویژدان، خەمەکانی رۆژگار دەلاوێنێ.

ئەگەر ئارەزووتان بوو و ویستتان کانیلەی ڕۆحتان تەڕ و پاراو بێ و میزاجی کوردەواریتان بێتە جۆش و خرۆش، وەرنەوە بۆ سەردانی ماڵە دەوڵەمەندەکەی گەرووی حەسەن زیرەک و تێر تێر بەخورِ لە دڵەوە شەرابی گۆرانی بنۆشن، چونکە ڕەنگی گۆرانییەکانی زیرەک سپی و زەرد و سەوز و سوورن، کاڵبوون و پیربوونیان بۆ نییە و شەونمی خۆشەویستییان لێ دەچۆڕێ.

بۆ پشتگیریی ئەم باسە، چاکترە بە وتەیەکی (دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە) دەست پێ بکەم کە لە پێشەکیی نامیلکەی (چریکەی کوردستان)دا و لە چاپخانەی چاپڕەنگین - تاران - ساڵی ١٩٦٦دا چاپ کراوە، نووسیویە و دەڵێ:

"ئافەرین بۆ حەسەن زیرەک، دەنگی زیرەک بۆ خۆی دەزگایەکی ئۆرکستێرای کوردییە، چونکە لە هەر چریکەیەکدا چەند جۆر ئاوازی مۆسیقا هەست ئەکرێ، ئەو دەنگە بەسۆزە لەگەڵ بەزمە دڵڕفێن و هۆنراوە تەڕ و تازەکانیدا یەکی گرتووە، بووەتە هۆی ئەوەی کە هیچ کوردێ خوێنپاک نییە کاک (زیرەک) نەناسێ و بە گۆرانییەکانی گوێ نەدا، کاک (زیرەک) بەبێ کەسپ و کۆشش چەند جۆر هونەری تێدا کۆبووەتەوە، کە کەمتر لە کەسانی خوێندەواریشدا ئەو هونەرانە کۆ ئەبنەوە. بەستەدانەریی، دەنگخۆشی، قسەزانیی کاک زیرەک، هەروەها کە هونەرمەندێکی پایەبەرزی کوردە، زۆر قسەخۆش و خوێنگەرم و دەست و دڵبازە، لە دۆستایەتیدا ڕاست و دروستە و گەلی نیشتمانویست و ڕەگەزپەروەرە".

جگە لەو وتە پڕ لە مانای شکۆ و بەنرخەی (دکتۆر محەمەد زادە)، گەلێ وتار و بەڵگەی تری درەوشاوە لەبەردەستدان کە بۆ توانا و سەلیقە و بلیمەتیی حەسەن زیرەک وتراون، وەلێ لێرەدا دەرفەت هەر بۆ ئەو وتەیەی بەڕێزیان بەسە کە لێوڕێژە لە مانای بەرزی هونەر و بە باڵای زیرەک بڕاوە.

دێمە سەر باسەکەم و دەڵێم، ڕاستە حەسەن زیرەک درەوشاوەترین دەنگخۆش و گۆرانیبێژە، بەڵام شانەی شەماڵێکە بۆنی مێخەک و سۆزی جریوە و ناسنامە و ڕوخساری نیشتمانە، گۆرانییەکانی هەر یەکەیان و بۆ خۆی سیناریۆ و چیرۆکێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵی کوردەواریی لە کۆڵە، هەر بەند و ڕستەیەک خاوەن دەسەڵات و هەر وشەیەکی لێوڕێژە لە مانای تایبەت بە خۆی، لێرەدا لەو سەدان گۆرانییەی کە تۆمار کراوە، چەند نموونەیەک باس دەکەین، لەم گۆرانییەدا دەڵێ:

**ڕێبوار و ڕێبوار بە ڕێبوارت بم**
**لە کووچەی بەر دێ نێوە کارت بم**

دیارە لێرەدا مەبەستی (ڕێبوار) ناو نییە، ئەوەندەی مەبەستی ئەو کەسەیە کە ڕێبوارە و تێ دەپەڕێ، زیرەک بۆی هاتووەتە ژووان و لێی دەپاڕێتەوە، یان بڵێم داوای لێ دەکات کە با تەنیا ئەم، واتە (زیرەک) ڕێبوارەکەی (ئەو) بێت، یاخود سەرقاڵی هەر کارێکی ترە با هەر زیرەک تەواوکەری نیوەی کارەکەی ئەو بێت، یاخود لە بەندی گۆرانییەکی تردا دەڵێ:

**ئەرێ بێنە بۆم بێنە ئەو گەردنە زەردەت بێنە**
**کابانی دەوڵەمەندی مەرد بە دڵەکەم مەشکێنە**

واتە تۆ کابان و خانمی ماڵە دەوڵەمەندیت! خاوەنی هەموو پێداویستییەکی ژیانیت، لە هیچت کەم نییە، ناز دەکەی،

پێویست بە بیانوو یا هەر شتێکی لەبارەی داخوازی و داواکارییەک ناکات (مەرد بە) واتە تۆ دەتوانی و خاوەن هەڵوێست و قسەی خۆت بە و دڵم مەشکێنە، دیارە هەر یەک لەو گۆرانییانە پڕ لە دەنگ و موزیکی تایبەت بە خۆیەتی، هەر وشەیەکیان لەناو هەناوی گۆرانییەکاندا بە تیلەی چاو نیگا دەکەن و دڵ و دەروونی زیرەک دێننە جۆش و خرۆش، هەموو ئەو وشە و دەستەواژانە لە سیما و ڕووخساری ژنگەلێکدا ئۆخژن بە دەروونی زیرەک دەبەخشن و دەبنە سارێژکەری ئازارەکانی. لەبارەی شکۆی وشەوە، بیرمەند و گەورە شاعیری عەرەب (ئەدۆنیس) لە شیعری (بە یادی یارییەکانی ژیان و مردنەوە) لە دەقێکی شیعریدا دەڵێ:

**ئاواز بۆ گوێچکەیە، ڕەنگ بۆ چاوە.، وشەش بۆ سەرتاپای لەشە.**

**ئەوەی لێرەدا پەیوەندیی بە باسەکەمانەوە هەیە ئەوەیە بە هەمان شێوە حەسەن زیرەک ئەوەتا بە یارەکەی دەڵێ:**

**ئامینێ چاوی تۆ جامی شەرابی منە**
**برۆی تۆ کەمان و چەنگ و ڕوبابی منە**
**ئەو خەندەیەت دەمکوژێ**
**ئەشکەنجە و عەزابی منە..**

ئەگەر بەوردی سەرنج لەم وشانە بدەین، زیرەک لە (ژن)دا یاخود بڵێین ژنی بە سێ ئامێری موزیک چواندووە، کە بۆ حەسەن زیرەک پڕئاوازترین ژیان و بەختەوەرییە تێکەڵی سۆز و هەستی ئەو دەبن و لەگەڵ ترپەی دڵی موزیکدا ئاوێزانی کردووە، هاوکات تەنیا خەندە و بزەیەک ئارامییان لە زیرەک بڕیوە، و ئەشکەنجەی گیانی دەدەن (ئەفلاتون) ئەم ڕاستییە هونەرییە دەسەلمێنێ، کاتێ دەڵێ: "ڕەزم شتێکە دەتوانیت لە فڕینی مەلەکان و لێدانی دەمارەکان و هەنگاوەکانی سەماکردن و بڕگەکانی وشەکاندا ببینیت". حەسەن زیرەکی بلیمەت لەسەر توانای بەهێزی ڕادەبەدەری دەنگی و بنەما و ویست و وێنای تواناکانی خۆی بە ئەوپەڕی جورئەتەوە خۆی نیشان دەدات، زیرەک دەیویست ئەوە بێت کە خۆی هەیە! نەک ئەوەی کە کۆمەڵگا دەیخوازێ، مامۆستا (ئەنوەری سوڵتانی) نووسەر و ڕووناکبیر لە وتارێکی سەنگیندا بەم جۆرە باسی زیرەک دەکات:

(... حەسەن زیرەک لە دڵی خەڵکیدا جێگەی بۆ خۆی کردبووەوە... ئەوەی حەسەن زیرەک و هونەرەکەی کردیان، هیچ دەسەڵاتێک، هیچ حوکمێک و هیچ توانایەک نەیدەتوانی بیکات، ئەو چوو بووە ئەندەروونی دڵی حەسرەتمەندی کوردەوە).

* لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا (حەسەن زیرەک) بە هەموو واتایەکی وشە (نهیلیست) هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی بوو، کە خاوەنەکەی (بایەخ)ی کۆمەڵایەتی بۆ گرنگ نییە و .anti - social نموونەی هەڵسوکەوتێکی لەژێر زەخت و چەرمەسەری ژیاندا لە هەموو ئەو (بایەخ)انەدا بێزار بووە.

حەسەن زیرەکی لەمەڕ کورد بۆ ئەوەی ئازارەکانی دەروونی ڕاژەنێ و بتوانێت لە ناخەوە لایلایە بە گیانی شکستبووی ببەخشێت و گاڵتە بە ئازارەکانی بکات، هەمیشە (گۆرانی) دەچڕێ، ئەو سات و کاتانەی خەم و پەژارە دەبوونە میوانی، هەموو ئەوانە زیاتر دەبوونە هەوێن و ئۆقرەیان لە زیرەک دەبڕی و بێ پەروا و سڵەمینەوە دەیچریکاند:

هەر تەمێ لەسەر کێوێ ساکنە.
ئەوە تەم نییە هەناسەی منە

واتە.. ئەو ڕووپۆش و لەچک و کەرەستانەی بەسەر سینگ و بەرۆکی یارەکەمەوەیە، ئەوە تەم و غوبار نییە، بەڵکوو خەم و هەناسە و حەسرەتی گیانمە، بووەتە کێوی بڵند و سەر بە بەفر، مەبەست شۆخ و شەنگی و بەرزیی سنگی یارەکەیەتی.

لە بەندێکی تردا و لە گۆرانییەکی شاددا دەخوێنێ و دەڵێ:

داینێ تۆ داینێ چۆنی دەزانی
گۆزەکەی هەڵگرت یەکسەر بۆ کانی

بە واتای، کاتی جێژوان خۆت چۆنت پێ باش و گونجاوە دیاری بکە و داینێ، واتە بڕیار لای یارە و خۆشەویستە،

هەر بۆیەش تەڕدەستانە لەوە دەچێ زیرەک دڵنیا بێ لەوەی کە یارەکەی وەڵامی دەداتەوە، لە کۆپلەیەکی تردا دەخوێنێ و دەڵێ:

دەس لەبانی دەس هەر خزمەتکارم
بە جواب دانەکەت هەر منەتبارم.

بەکورتی و بە کوردی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک خەرمانێکن لە نەریت و فەرهەنگی کۆمەڵی کوردەواری، کە تەپوتۆزی ڕۆژگار نایژاکێنێ و بۆ هەمیشە شەونمی خۆشەویستیان لێ دەچۆڕێ. گۆرانییەکانی گوڵرێژن بە فەرهەنگی وشە، لەوانە:



سەرچاوە
Serchawe

ئەوک - قورگ، یان گەروو، بانەمەڕ، واتە کاتی ڕۆیشتنی خێڵ بۆ هەوار، بەرموور - ملوانکە، بەلەک - واتە نێوانی پێ و ئەژنۆ، بێر: ریزکردنی مەڕ بۆ دۆشین، بێلا- هەیوان، کەما - گیایەکی بڵندی گەڵا دەرزیی بۆنخۆشە و گوڵی زەرد دەکا، کەنێر - گیایەکی گەڵا سپی پەلکەیە و گوڵی زەرد دەکا، گەواڵ گەواڵ - دەستە دەستە هاتنی هەور بەدوای یەکدا، گیابەند - گیایەکی کوێستانیی بۆنخۆشە، ورینگە - دەنگێکی نەرم و خۆش، مەندۆک - گیایەکی کوێستانیی جوان و تام و بۆنخۆشە، چارۆکەکەی گازرە - چارۆکە بە لایەکی شاندا، تاد......

ئیمام جومعەی بۆکان وتەنی: کەرەستەیەکی سروشتی و خواکرد ماوە ئاغای زیرەک تەڕدەستانە و ئاشقانە ناوی نەهێنابێ؟ هەزاران ڕەحمەت لە گۆڕی!

ژن، سەروبەری نەختینەی گۆرانیی زیرەکە، لە (ژن)دا ڕووناکی و نیشتمان و گوڵ و ڕێحانەی دەبینی و دەیچنییەوە، دیکردە هەوێن و ملوانکەی گەردنی گۆرانییەکانی، ئەم لایەنە لای فەیلەسووفی ئیرلەندی (ئیدموند بێرک ١٧٢٩ - ١٧٩٧) جوانی بە مانای سیفەتی مێیەتی دێت، دەشێ لەمەوە هونەری زیرەک بەو مەبەستە بەکار هاتبێ و سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش کاریگەری سروشتییە و بە بالای مرۆڤ براوە، ستاتیکا هەستی مرۆڤ دەوروژێنێت کە بریتییە لە خواستی دڵنیایی و ئاسوودەیی، چونکە مرۆڤ لەگەڵ جوانیدا ئاسوودەتر دەبێ و هەستەکانی بڵندتر و ئیدراکی قووڵتر دەبێ. ئەوەتا موجتەبی میرزادە کە ناودارترین موزیسیانی گۆرانییەکانی ڕادیۆی کرماشانی حەسەن
زیرەکە، لە دیدارێکدا وتی:

میلۆدیای دەنگی حەسەن زیرەک بۆ خۆی شەپۆلێک بوو بەرامبەر شەپۆلەکانی موزیک، دوو شەپۆلیش بەرامبەر بە یەک بڕۆن گەورەترین تاقگە دروست دەکەن.

ئەمانە و بە سەدان گۆرانی و مەقامی هەمەجۆر لە دەنگی زیرەکدا ڕووباری دەبەست و بەخوڕ شۆڕ دەبوونەوە ناو گەنجینەی گۆرانیی کوردی، بە سەدان نموونەی زیندوو لە وشەی پڕ لە مانا و ستاتیکا لە هەناوی گۆرانییەکانیدا دەدرەوشێنەوە، دەتوانین دەنگ و میلۆدی گۆرانییەکانی زیرەک بە فەرهەنگی ناوازە بچوێنین، چونکە ئێستاشی لەسەر بێ، چەپکە گۆرانییەکانی پێویستیان بە شۆڕبوونەوە و تێگەیشتنی خۆی هەیە، شارەزایان و پسپۆرانی گۆرانی و موزیک لە رووی زانستییەوە CREATION زۆریان پێیان وایە زیرەک لە خانەی داهێنەرانە..چۆن؟ داهێنان پەیوەندیی بە مێشک و ئەزموون و شارەزایی و خەزێنەی مەعریفیی مرۆڤەوە هەیە، واتە داهێنان مەسەلەیەکی ئەقڵی و ئیرادەگەرییە و لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و مەعریفەی بەهرەمەندێک لەدایک دەبێ و زانایان دەڵێن داهێنەران لە کەسانی ئاسایی



سەرچاوە
Serchawe

ناچن! چونکە جگە لەوەی دۆخی دەروونییان جێگیر نییە، هاوکات هەمیشە هەوڵ دەدەن سنوورەکان ببەزێنن و حەرامەکان بشکێنن و دەست بۆ بابەتی هەستیار و نائاسایی بەرن! ئایا هەموو ئەمانە و زیاتریش لە گۆرانییەکانی زیرەکدا ڕەنگیان نەداوەتەوە؟

سیجموند فرۆید ١٨٥٦ - ١٩٣٩ داهێنان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەبتی سێکسی و هەڵچوون، کە لە نائاگایی و نەستی مرۆڤی هەست ناسک و هونەرمەندی خەیاڵفراواندا کاری پڕ لە داهێنان بەرهەم دێنن.

حەسەن زیرەک بە جورئەتەوە هونەری خۆی ئەفراندووە، لە هەر شوێن و بۆ هەر کەس و کاتێ بووبێ بێ سڵەمینەوە بە گۆرانیی ڕازەکانی درکاندووە و پەیامی خۆی گەیاندووە، دیارە بۆ ئەمەشیان باجی گیانی و مادیی زۆریشی لە پێناودا داوە.

جارێک لە وتووێژێکیدا گوتبووی: من بۆ خۆشم نازانم شوێن کامە گۆرانی کەوتووم، ئاگام لە ماڵی دنیا و خانوو و سامان نییە! عەشقێک سەری پێ هەڵگرتووم نازانم بۆ کوێم دەبا! ئەویش هونەرەکەمە لە ڕۆحم ئالاوە، من و هونەر دووانەین و دەبینە قوربانیی یەکتری.

لەمەوە تێ دەگەین کە عەشق و هونەر هی مرۆڤی مەزنە، هەر بۆیەش هەقە لە ساتە بیستنی سەمای هەر وشەیەکی جوانی ناو میلۆدیدا هەر گوێ بگرین و گوێ بگرین، تا گۆرانییەکە بزانێ چەندە خۆشمان دەوێ ناچار دەبێ دواتر ماچێکی ڕۆحیمان بداتێ و ئێمەش خوڕ خوڕ لە باخەڵیا تێر بگریەین.

باس و خواس و بالۆرەی گۆرانییەکانی زیرەک زۆر لەوە زیاترن کە لێرەدا من ڕۆشناییم خستوونەتە سەر، هەر بۆیەش بە وتەیەکی مامۆستا عەبدوڵا جەمال سەرگرمە، کە دکتۆرای لە موزیکناسیدا وەرگرتووە، کۆتایی بە باسەکەم دێنم، بەڕێزیان لە نووسینێکیاندا کە لە هەفتەنامەی (بەدرخان)دا بڵاو کراوەتەوە دەربارەی حەسەن زیرەک دەڵێ: شوێنەواری زیرەک لە موزیکی کوردیدا کە شایەنی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرایە، بەداخەوە هێشتا بێناز کەوتووە و چاوەڕێی لاوان و گەنجانی کوردە دەستی دڵسۆزانە و کوردپەروەرانی خۆیانی بۆ درێژ بکەن و بیکەنە هەوێن و کەرەستەی خوێندنی باڵا، نەک تەنیا کۆمەڵێک کەسی نەزان و خۆپەرست بە ناوی دڵسۆزی و هونەری کوردییەوە بازرگانیی پێوە بکەن.

* ئەم سەرچاوانە باسەکەیان دەوڵەمەند کردووە:
* چریکەی کوردستان - چاپخانەی چاپڕەنگین، تاران، ساڵی ١٩٦٦،

* فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی - نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،
* مێژووی موزیکی کوردی - محەمەدی حەمە باقی،
* ئەدەب و هونەر - کوردستانی نوێ، ژ. ٦١٩٩ .
* الموسیقی الکبیر - ابو نسر الفارابی.
* دیدارێکی بەندە (نووسەری ئەم بابەتە) لە مانگی (٥- ساڵی ٢٠٠٠ لەگەڵ موزیسیان موجتەبای میرزادە).

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

# ڕەهەندەکانی حەسەن زیرەک




**ژیانی کۆمەڵایەتی، دەنگ و سەدا، پێکهاتەی گۆرانییەکانی.**

**نوسینی: عادل محەمەد کەریم**

**چاپی یەکەم**

## وتەیەکی کورت

خوێنەر ئەو کاتە چێژ لە بابەتێک وەردەگرێت کە هەست بکات زانیارییەکی نوێ دەخاتە سەر خەرمانە مەعریفییەکانی، بە تایبەتی گەر بابەتەکە جۆری و بۆ یەکەم جار بێت خرابێتە ڕوو.

ئاشکرایە کەم لە موزیسیەنەکان و نووسەرانمان خولیای نووسینیان دەربارەی زانست و مێژووی موزیک هەیە، ئەمەش بووە بە کەلێنێک لەو بوارەدا. هەر بۆیە ئەستەمە بتوانین لە کتێبخانەی کوردیماندا شیکاری و بابەتی زانستیی مێژووی کۆن و نوێی موزیک و گۆرانیی کوردیمان دەستبکەوێت.

نووسەری ئەم کتێبە بەدووی مێژووی ئەو گۆرانییانەدا گەڕاوە کە لە ناو ماڵەکانەوە سەریان هەڵداوە و بۆ خۆیان بوون بە بەشێک لە ئەرشیف و مێژووی هونەری گۆرانیی کوردی لە باشووری کوردستان و بە تایبەتی لە شاری سلێمانیدا، ئەمەش بە



سەرچاوە
Serchawe

ڕوویەکدا جۆرێکە لەو هەژاری و ئاستەنگە هونەرییانەی بەرۆکی میللەتەکەمانی گرتووە، کە دەبوو لەو دەمەدا کارە هونەرییەکان لە ڕووی کوالێتی و لە ئاستێکی بەرز و هاوچەرخدا مامەڵەی هونەری و کاری تۆمارکردنیان بۆ بکرانایە. هونەرمەندێکی بلیمەتی وەک (حەسەن زیرەک) گەر جارێک بۆی ڕەخسابێت بە شێوەیەکی هونەری بەرز گۆرانییەکی لە ناو ئێستگە و ستۆدیۆکاندا بۆ تۆمار کرابێت، ئەوا سەد جار سەبەتە هونەرییەکەی لە دیوەخانی ماڵەکاندا هەڵڕشتووە و هەرزانفرۆش کراوە. ئاخۆ هونەرمەندەکانی تر چۆنیان بۆ لوابێت؟

نووسەر لەم چوارچێوەیەدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو گۆرانییانەی لە ماڵەکانی شاری سلێمانیدا لە نێوان ساڵانی (١٩٥٠ - ١٩٧٠) تۆمار کراون و زانیاری و شیکاری پێویستیان لەسەر یاداشت بکات، بەمەش ئاسانکارییەکی زۆری بۆ خوێنەر و هەواداران کردووە تا وەک سەرچاوەیەکی هونەری سوودیان پێ بگەیەنێت.

بە هیوای هەوڵدان بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارانە و دەستخۆشییش بۆ مامۆستای ئازیز (عادل محەمەد کەریم).

**هۆشیار ئەحمەد**

**٢٥ - ١٠ - ٢٠١٦**

## پوختەی توێژینەوەکە

دیارە بواری نووسین بە زمانی کوردی لەسەر هونەری مۆسیقا بە گشتی و بە تایبەت زانیاری لەسەر مۆسیقا و گۆرانیی کورد زۆر دەگمەنە و لەم بارەوە کتێبخانەی کوردی کەلێنێکی گەورەی پێوە دیارە، بۆیە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی دروست لەسەر ئەم بابەتە، توێژەر بە ناچاری پەنای بردووەتە بەر چاوپێکەوتنی مەیدانی و بەردەوام لە پەیوەندیدا بووە لەگەڵ ئەو کەسایەتییانەی زانیارییان لەسەر هونەرمەند حەسەن زیرەک و دانیشتنەکانی سنووری کاتی توێژینەوەکە هەبووە، هەروەها ئەو نووسینانەی کە لەسەر ئەم هونەرمەندە هەبوون، بەدوایاندا گەڕاوە و سوودی لە زۆرێکیان بینیوە.

ئەم توێژینەوەی لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا، کە بەشی ڕێسای توێژینەوەکەیە، توێژەر بە گرفتی توێژینەوەکە دەست پێ دەکات کە کرۆکی بابەتەکە ژیان و بەشێک لە کارە هونەرییەکانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ حەسەن زیرەکە. بێگومان دەنگ و سەدای ئەم هونەرمەندە پانتاییەکی گەورەی لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردیدا داگیر کردووە و ئاوازی گۆرانییەکانی بوونەتە فریادڕەسی خەم و ئازاری عاشقان و خەملەدڵان لە لایەک و لە لایەکی تر بوون بە



سەرچاوە
Serchawe

هەوێنی گوزارشتکردن لە خۆشی و شادییەکانی تاکی کورد لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواریماندا و بەشێکن لە رۆشنبیریی گشتیی گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بۆیە دەبێت بە بەرپرسیارێتییەوە لێیان بڕوانین و بەپێی پێویست ڕاڤە بکرێن و بکرێنە ئامانج بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی تا بە شێوەیەکی زانستییانە زۆرێکیان ساغ بکرێنەوە و لە فەوتان و لەناوچوون ڕزگار بکرێن.

جگە لەمە، کاتێک دەنگی هونەرمەندێک ئەوەندە کاریگەر بێت، بەستەی ئاواز و خۆشیی گۆرانییەکانی ببنە میتۆدێک بۆ گۆرانیبێژانی دوای خۆی، ئەمە هەروا ئاسان نییە و پێویست بە هەڵوێستە دەکات و دەبێت بە گرنگییەوە لێی بڕوانین! کاتێک توێژەر دەڵێت بەرهەمەکانی حەسەن بوون بە میتۆدی ڕۆحی، مەبەست لێی ئەوەیە کە زۆربەی زۆری گۆرانیبێژانی کوردستان، بە تایبەت کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات کە پرسیاریان لێ دەکرێت لەسەر دەسپێک و چۆنێتیی هاتنەناو دونیای گۆرانیوتنەوە، ڕاستەوخۆ وەڵامیان ئەوەیە کە دەڵێن (لاساییکردنەوە و وتنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەستپێکمان بووە.) کەواتە ئەم نازناوەشی پێ دەبڕێت کە بە ڕاستی میتۆدێکی ڕۆحییە بۆ فێربوونی گۆرانیوتن.

هەروەها ژیانی نالەباری ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی جێگەی پرسیارە؟ ئایا ئەگەر هونەرمەند ژیانێکی ئاسایی جێگیری هەبوایە و بە خۆشبەختی و کامەرانی بگوزەرایە، ئەم کەڵەهونەرمەندەی لێ دەردەچوو؟ یاخود ئەگەر هونەرمەند لە گەلێکی ئازاد و خاوەن پێگەی نێودەوڵەتی و قەوارەی سەربەخۆ و خاوەن ئاڵا بوایە، ئەم حەسەن زیرەکەی لێ دەردەچوو؟ یان ئێستا ئاقاری باسوخواسەکەمان ڕێچکەیەکی تری دەگرت؟ ئەمانە و چەندین پرسیار کە وەڵامەکانیان بە نهێنی دەمێننەوە و ئەم توێژینەوەیە و دەیان و بگرە سەدان توێژینەوە لە قەرەی ژیانی پڕمەینەت و توانا و بلیمەتیی ئەم هونەرمەندە ناوازەیەی نەتەوەکەمان نایەن.

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی زانیارییە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرەتا و دەسپێکی هونەریی حەسەن و دەنگ و سەدا و توانای حەسەن لە لایەک، لە لایەکی تر پێکهاتی بەستەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، بە تایبەتییش بەپێی سنووری بابەتەکە ئاهەنگە تۆمارکراوەکانی حەسەن زیرەک لە شاری سلێمانی (١٩٥٠ - ١٩٧٠) کە خۆی زیاتر لە ئاهەنگی ماڵاندا دەبینێتەوە کە بە گۆرانیی (مەجلیسی) ناوزەند دەکرێت.

دیارە کەباس لە پەنجاکان دەکرێت من تەنها ئەو دوو ئاهەنگەم دەست کەوتوە کەیەکێکیان لە دواناوەندی سلێمانی ئەنجامدراوە و دووەمیان ئاهەنگی ماڵی عەلی ئیبراهیم دەروێش کە لە ساڵی ١٩٥٧، کە دێینە سەر ساڵانی شەستەکان، حەسەن زیرەک دواجار ساڵی ١٩٦٧ هاتووەتە سلێمانی، لە ماڵی هەندێک لە کەسایەتییەکانی شاری سلێمانی زنجیرەیەک ئاهەنگی ساز کردووە کە زۆرینەی ئاهەنگەکان بە هاوبەشیی هەردوو هونەرمەندی بەتوانا (کاک حەسەنی نەی و کاک



سەرچاوە
Serchawe

عەزیزی تەپڵ) بوون. دواییش هەندێک لە دانیشتنەکان بە هاوبەشیی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و کاک شەوکەت ڕەشید و کاک سەلاح ڕەشید و ولیەم یوحەنا... ئەوەشمان بیر نەچێت کاری تۆماری زۆرێک لە دانیشتنەکان لە لایەنی کاک ئەحمەدی قەسابەوە کراوە کە بە (ئەحە گێژی قەساب) ناسراوە.

**بەشی دووەمیش کە بەشی لێکدانەوە و شیکردنەوەی گۆرانییەکانە، بۆ خۆی دوو بابەتە:**

* **بابەتی یەکەمیان** تایبەتە بە ڕەهەندێک لە ژیان و باری کۆمەلایەتی و دەستپێکی هونەری و دەنگ و سەدا و سیمای دەنگی حەسەن زیرەک. لێرەدا توێژەر هەوڵی داوە لە زهنیدا زانیارییەکانی وابەستە بکات بە بارودۆخی کۆمەلایەتی و ڕامیاری و باری دارایی ئەو دەمە و لەسەر ئەم بنەمایانە هەندێک زانیاریی خستووەتە ڕوو. ئەگەر وا نەبێت، ئەوە ژیانی ئەم هونەرمەندە بۆ خۆی لە سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی دەچێت، لە میانەی گوێگرتنی بەردەوامی توێژەریش لە گۆرانییەکانی هونەرمەند بە گشتی و بە تایبەتیش بە مەبەستی بەتاڵکردنەوەی ئەو تۆمارکراوانەی کە لەسەر دانیشتنەکان لە سنووری توێژینەوەکەدا هەبوون، لە ئەنجامدا زۆر لایەنی نهێنیی پەنهان ئاشکرا کراون، بە تایبەت لەسەر بەهرەی دەنگخۆشی و ئەدا و توانای وتنی بەند و وشە و هۆنینەوەی هۆنراوە، بە شێوەیەک، هونەرمەند شەماڵ سائیب لەم بارەوە دەیشوبهێنێت بە (گۆران)ی شاعیر و دەڵێت ئەگەر حەسەن زیرەک خوێندەوار بوایە، لە (گۆران)ی شاعیر زیاتر نەبوایە، کەمتر نەدەبوو. ئەم هەڵسەنگاندنە ئاسان نییە و لێتان ناشارمەوە بە ئاگاوە ئاماژەی پێ دەدەم!

* **بابەتی دووەمی** ئەم بەشە پەیوەستە بەکاری شیکاری گۆرانییەکان تا بە هۆیەوە بەرجەستەی سیماو پێکهاتی گۆرانی دانیشتنەکانی حەسەن زیرەک بکرێت لە سلێمانی .

ئاهەنگ و دانیشتنەکان (تەنها ئەوانەی کە تۆمارکراون) لە ناو شاری سلێمانی ئەوەی لەبەر دەستی توێژەردایە ژمارەیان (١٤) ئاهەنگەو خۆی لە (٢١)کاسێتدا دەبینێتەوەو ژمارەی ئەو گۆرانییانەی ووتویەتی (١٨٩)گۆرانییە، زۆرێک لە گۆرانییەکان دووبارەن، بەلام دووبارە لەلای حەسەن زیرەک لە روخساری گشتی ئاوازەکەدایە، ئەگینا کاتێ لە گۆرانییەکان ورد دەبیینەوە، ئەگەر بە تەنها وشەیەکیش بێت لە هۆنراوەی گۆرانییەکان، یان لە ڕێگەی لەرینەوەی قورگی بە درێژکردنەوە و دروستکردنی زەخرەفەیەکی بچووکیش بێت لە تۆنی ئاوازەکان یاخود لە چینی دەنگ (peach)، هەمیشە گۆڕانکاریی کردووە، بۆیە بە پێویستم زانیوە هەندێک لە ئاوازی گۆرانییەکان کە یەک ناون و دەقەکانیش زۆر نزیکن، بەلام دووبارەن، هەندێکیانم نووسیونەتەوە بۆ ئەوەی جیاوازیی ئاوازەکان و وشەکان بۆ خوێنەر ڕوونتر بن.

هەندێک لە گۆرانییەکانی، ئەوانەی کە ئێمە پێیان ئاشناین، بە جۆرێکن کە جیاوازن لەوانەی کە لێرە لە دانیشتنەکاندا



سەرچاوە
Serchawe

تۆمار کراون، لەوانە گۆرانیی شەو (نووری ڕوخسارت). ئەوەی کە ئێمە بیستوومانە، لەسەر پەیژەی عەجەمە و ئەوە زیاتر ئاشکرایە لێمان، نەک ئەوەی لەو دانیشتنەی شاری سلێمانی لە ماڵی کاک عوسمانی عەبە دەلاک لەسەر پەیژەی سێگاە چڕیویەتی. لە هەردووکیاندا بەوپەڕی سەلیقە و هەستەوە چڕیونی، بەڵام زیاتر ئەوەی یەکەم بە گوێی ئێمە ئاشنایە. بۆیە ئەمە باس دەکەم، ئێمەی هونەرمەندانی مۆزیک، بە خۆشمەوە، کە چاومان بە نۆتی گۆرانییەک دەکەوێت، ئەوە وەردەگێڕین کە لە گوێماندایە، ئەگەر وا نەبێت، لە پەرۆشیدا بڕیاری ئەوە دەدەین کە نووسەری ئەم نۆتە بە هەڵەدا چووە و دەبوو لەسەر ئەو پەیژەیە ئەم نۆتی بەستەی گۆرانییەی بنووسیایەتەوە. لەم جۆرە گۆرانییانەی زۆر تیایە.

دوان لە ئاهەنگەکان کە لە ماڵی کاک ئەحمەدی سۆفی کەریم ساز کراون، درێژترین ئاهەنگن کە خۆیان لە ٦ کاسێتدا دەبیننەوە و تیایدا جگە لە مەقام، ٥٨ گۆرانی وتراون کە هەندێکیان دووبارەن. ئەم ئاهەنگە درێژانە هەندێکیان بەرهەمی شەوێک زیاترن، کەمترین گۆرانیشی لە ماڵی عەلی ئیبراهیم دەروێش وتووە و کاسێتەکە تەنها ٧ گۆرانیی بە دەنگی حەسەن زیرەک تیایە. لەو ئاهەنگانەی کە بە شێواز و کوالێتییەکی پاکتر و باشتر تۆمار کراون، ئاهەنگی ماڵی (مەحموودی تۆفیق شلکە کە بە نۆ گۆرانی ناوزەند دەکرێ) و لەگەڵ ئاهەنگی ماڵی مەلای پاقلاوە، کە دیارە پرۆڤەی باش کراوە و تا ڕادەیەکی باش هەموان، مەبەستم گۆرانیبێژ و ژەنیارانە، پێوەی ماندوو بوون. دیارە لێرەدا ئەم ئاهەنگانە، کە مامۆستا ولیەم یوحەنا یان ئەنوەر قەرەداغی سەرپەرشتیی ئاهەنگەکانیان کردووە، جۆرێک ڕێکخستنیان تیایە و سەیر دەکەین لەم ئاهەنگانەدا گۆرانیبێژ جۆرێک لە پابەندبوونی تیایە بە کۆپلەی مۆسیقا و گۆرانییەکانیش زۆر دوورودرێژ نین!

یەکەم کاری من گوێگرتنێکی ورد بووە لە ئاهەنگەکان و وەرگرتنی زانیاری بووە لەسەر شوێنی ئاهەنگ و بەشداربوانی ئاهەنگ و ئەو کەسەی کە هەستاوە بە کاری تۆمارکردن. دواییش هەوڵی نووسینەوەی دەقی گۆرانییەکانم داوە، پاشان خێرایی ڕیتمی گۆرانییەکەم وەرگرتووە و دوایش دەستم بە نووسینەوەی نۆتەی گۆرانییەکان کردووە، دوای ئەم کارانە هەستاوم بە شیکردنەوەی گۆرانییەکان. من ناڵێم بزانن چ ئەرکێکم کێشاوە و خوانەخواستە منەت ناکەم، بەڵام خۆت تاقی بکەرەوە، جارێک وەرە گفتوگۆیەکی تۆمارکراو لە دەنگەوە بگوازنەوە بۆ سەر نووسین و پەڕاو، ئینجا وێنای ئەو ئەرکە دەکەیت و لە ڕووی پراکتیکەوە دەزانی چەند گرانە، ئەم کارە لە نووسینەوەی گۆرانیدا دوو ئەوەندە گرانە. بەڵام خۆشەویستیم بۆ هونەری مۆسیقا و گۆرانیی کوردی لە لایەک و خۆشەویستیم بۆ ئەم دیاردە ڕۆشنبیرییە جوانەی شارەکەم ئەم ئەرک و گرانییەی لە لا ڕەواندبوومەوە، بۆیە هەستم بە ماندووبوون نەدەکرد. کاسێتی وا بووە ماوەی هەفتەیەک زیاتر ڕۆژانە سەروو ٤ کاژێر کارم تیا کردووە، ئینجا تەواو بووم. ماوەی ساڵێک زیاتر خەریکی ئەم کارە بووم، چونکە دانیشتن و ئاهەنگی هونەرمەندانی تریشم تەواو کردووە، نەک تەنها دانیشتنەکانی حەسەن زیرەک، ئەوە بۆ دەرفەتێکی تر.

**ئەوەی کە توێژەر هەڵیبژاردوون بۆ شیکردنەوە، تەنها ٦٧ گۆرانین، شیکردنەوەی گۆرانییەکان لەم ڕوانەوە بوون:**

**یەکەم: میانەی گۆرانی**

**دووەم: پەیژە**

**سێیەم: ڕیتم**

**چوارەم: خێرایی ڕیتم**

**لە بەشی سێیەمدا** توێژەر هەموو ئەو ئامانجانە دەخاتە ڕوو کە لە ڕێی زانیارییە وەرگیراوەکان و شیکردنەوەکانیەوە چنگی کەوتوون. ئامانجەکان بە کورتی باس لە ژیان و دەستپێکی کاری هونەری و سیماکانی دەنگ و سەدا و پێکهات و تایبەتمەندیی ئاواز و ڕیتم لە گۆرانییەکاندا دەکەن، کە ئەمیش ئامانج و مەبەستی بنەڕەتیی توێژینەوەکەیە. دوای ئەمیش، هەندێک ڕاسپاردە و پێشنیاز لەخۆ دەگرێت کە ئاڕاستەی هەندێک دامەزراوەی ئەکادیمی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کراوە، لەپێناو لەبەرچاوگرتنی کار و بەرهەمەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک و بووژاندنەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕەوتی هونەری مۆسیقا لە کوردستان.

**لە کۆتادا دەڵێم:** هیچ کارێک بێهەڵەو کەمو کوڕی نییە، هیوادارم ئەگەر زانیاری دروست ترو چڕ تر دەست کەوت بۆ ئاینندە بە بەدەستمان بگات تا ئەگەر بوار بو لە چاپی دووەم بیانخەینە ڕوو، لەنگیش نییە، چونکە تا بواری توێژینەوەی زانستی بەردەوام بێت زانیاری نوێ دێتە کایەو هەڵەکانیش ڕاست دەکرێنەوە. هیوادارم بەم کارەم خزمەتێکم بە کلتوری گۆرانی و مۆسیقای کوردی و ئەم هونەرمەندە مەزنەی گەلەکەمان گەیاندبێت، دووبارەی دەکەمەوە ئەم هەوڵە ساکارەی براتان قبوڵ بکەن و ئەمە هەنگاوێکی زۆر سەرەتایەو هیوادارم لە داهاتودا هەنگاوی باشترو توێژەینەوەی بەپێزتر لەسەر ئەم کەڵە هونەرمەندەی گەلەکەمان ئەنجام بدرێت.

توێژەر/ عادل محەمەد کەریم ماستەر لە زانستی مۆزیک

لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ٢٠١٧

ئێستا لە کتێبخانەکاندا دەستدەکەوێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی سەردەم - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## ئەستێرەیەکی گەش و درەوشاوە لە ئاسمانی هونەرو ئاوازی رەسەنی کورددا



**جەمیل مەلاقەرە**

**بە قەولی هەڤاڵ مام جەلال کە دەڵێ هەمیشە چەپکە گوڵەکە جوانە، دیارە گۆشەی یارو دیاریش هەرجارەو گوڵێک لە گوڵستانی ئەم کوردستانە دەچنێ و باقەیەکی لێ ساز دەکاو پێشکەشتانی دەکات، هەروەک خزمانی ڕۆژهەڵات دبێژن نەوجەوان بووم، چل و پێنج ساڵی ڕەبەق لەمەوپێش ئێوارەیەکیان هێشتا زەردەپەڕەکان لەسەر چیای قەرەچوغی ڕەنگین ئاوا نەببوون و ماڵئاواییان لە کەندێناوە و گوندی مەلاقەرەی نازدارو ناودار نەکردبوو لەجەم مامی ڕەوانشادم لەسەر سەکۆی بەردەمی ماڵی خۆیان دانیشتبووین کە بە عادەتی هەمیشەیی خۆی ڕادیۆ (سیڕا) کەی بستێک لە خۆ دوور نەدەخستەوە نەبادا لاوکێکی محەمەد عارف جزیری یان بەستەیەکی مریەم خان وگۆرانیەکی حەسەن زیرەکی لە دەست بچی، لەناکاو ڕادیۆی کوردی کرماشان هەواڵی لە دونیا دەرچوونی ئەم کەڵە هونەرمەندەی جاڕدا، ئەویش کێشای بە ئەژنۆی خۆی و هەناسەیکی قووڵی بۆ هەڵکێشا ومخابنێکی گووت. دیارە لە قەوەندەی من و دەیان بابای سایلی من ژی دا نیە بێین و تاوتوێ و تەتەڵەی هونەری بەرزو زیبای حەسەن زیرەک بکەین کە کاری دەزگایەکی ئەکادیمی و پسپۆڕی ئەو بوارەیە، مەگەر لەو یادەدا بە شێوەیەکی ڕەمەکی و دوور لە پۆلین و ڕیزبەندی چەند وێستگەیەکی کورت لە ژیانیدا بخەمەڕوو، ئەو دەنگە نیو سەدە زیاترە فەرامۆش نابێ و ناچێتە سەر تاقچکەی لەبیرچوونەوەو پەراوێز بوون کە هەمیشە بە تام و بۆنی خۆی ماوەتەوەو دەمینێتەوە، دڵنشین و زوڵاڵتر گویچکەمان دەئاخنێ و دڵ و دەروونمان دەجۆشینێ ودەخرۆشینێ و زەوقمان دەخەملێنێ و بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی مەستی بیرەوەریەکان و ڕۆژگاری ڕابردووی تەمەنمان دەکات، گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک بە شێوەیەکی خام ونۆرماڵ و بەبێ فرت وفێڵی تەکنیک ومۆنتاج وهونەری کلیپ هەمیشە بە زیندوویی ماوەتەوە لە ناو هزرو دڵی هەزاران کەس و، خۆی لە خۆیدا مەزنترین قوتابخانەی هونەری ڕەسەنی کوردەواریەو بە ووشە بە تام وچێژو**



سەرچاوە
Serchawe

سەدایە هەست بزوێنەکەی و قورگە زێڕینەکەی شۆڕشێکی هونەری بەرپاکردو نەوە بە دوای نەوەدا شوێنەواری خۆی درێژە پێدەدا و بەرهەمەکانی تژیترین خەرمانی پڕ بەرەکەتی گەنجینەی هونەرو کەلتوری کوردن، زیرەکێک هەمیشە سک و گیرفان بەتاڵ بەڵام دڵ ومێشک تژی لە ئاوازو وشەی جوان و وەسفی پڕاو پڕی سروشت و چاو کەژاڵان و نازدارو وڕەش ئەسمەرانی هەوری لە کۆڵ و بازنە لە قۆڵی کوردەواری، ئەو زۆر بە قووڵی شۆڕ ببووەوە ناخی فەرهەنگی ووشەی کوردی وتەواو ڕووچوبووە ناو جوگرافیای وڵاتی کوردستان، شێوەی ژیانی شارو دێهات وعێڵاتی مەنگوڕو مامەش و بنەگەی ڕەوەندو کۆچەریان وتەبیعەتی بەهاران ودیمەنی دلڕفێنی ئەم وولاتە شاخستانە لە گۆرانیەکانی ڕەنگیان دابووەوە، (کیژان دەچنە مێرگولان) و (باخی زەمبیل) لە شاکارە جوانەکانی نێو ئەو زەمزەیەن. زیرەک لە ٢٢ - ١١ - ١٩٢١ لە قەلای سەرداری شاری بۆکان دێتە نێوئەم دونیا جەنجاڵەوسەردەمی نەوجەوانی خۆیشی لە گەڵ عەبە چاوەش وحەمە حوسێن دەباتەسەرو دەنگبازی و کۆڕی گۆرانی ووتن ساز دەکەن و خەڵکێکی زۆر سەرسام و بە خۆیانەوە دڵبەند دەکەن، باوک و دایکی زیرەک هەڕەشەی لێ دەکەن کە واز لەم بەزمە بێنی و نەکا بچێتە داوەتان وپوڵ وەربگرێ وحەیایان ببات، لە ساڵی ١٩٥٣ حەسەن چەندین گۆرانی ناوازە لە ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمار دەکات و ماموٚستا عەلی مەردان لەم ڕووەوە زۆر هاوکاری دەکات بۆیە زیرەک پێیەوە وەفادار دەبێ و دەڵێ (عەلی مەردان بەرزە کورد قەدری نازانی من پێڵاوەکانی دەخەمە سەرچاوم)، پێدەچی گۆرانی (ئەسمەر یارم جوانە) یەکەمین گۆرانی تۆمارکراوی بێ لە ڕادیۆ کە زیرەک گلەییمانەیەک دەنێرێ بۆ ئیستگە کە بۆچی ڕەنجی ئەو دەخۆن و ئەو گۆرانیەو گۆرانیەکی تری هەردەم بەناوی ئەحمەد شاباز بڵاو دەکەنەوە، زیرەک کە لە ئاداری ساڵی ١٩٥٨ گەڕابووەوە ئێران و پاش شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ کە بە نیاز بوو بێتەوە عێراق بەڵام لەپای ئەوەی گۆرانیەکی بەسەر مەلیک فەیسەلی بچکۆڵەدا گوتبوو لە ڕادیۆی بەغدا، بۆیە ناوی دەچێتە لیستی تۆمەتباران و ڕێگای هاتنەوە عێراقی لێ دەگیرێ، بە دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی هاتنەوەی زیرەک عەبدوڵلای موفتی زادە کە وابەستەی ڕادیوی کوردی سنە بووە خۆی دەگەێنێتێ و داوەتی ڕادێۆکەی دەکات کە بەڕنامە ئیجرا بکات و گۆرانی تۆمار بکات ولە لایەن لەشکری (٦) ی کوردستان بەرگەی هاتوچۆی لە (١٢ - ٥ - ١٩٥٨) بۆ دەکەن کە پێی دەچێتە سنە، پاش ماوەیەکی دی زیرەک دەچێتە مەهاباد لە گەڵ میرزا ڕەحیم و خزمەکانی و بە کارئاسانی شەهرداری مەهاباد دەچێتە ڕادیۆی تاران کە ئەوکات ئاغای موشیری بەڕێوەبەری ئیستگە بوو، زیرەک سەرەتا بۆ تێست و هەڵسەنگاندن دوو دانە نەواریان بۆ پڕ دەکاتەوەو بە خۆشحالیەوە پەسندی دەکەن ودەست بە مەشق وپرۆڤە دەکاوسەرەتا لە مانگی حوزێران دووانزە هەزار ڕیاڵ حقوقی وەرگرتووە، لەوێ لەگەڵ ئۆرگیستڕایەک کار دەکا کە هەموویان فارس بوون لەوانە ناسری زەڕئابادی و ئاغای بەدیعی وسەرپەرشتیارەکەشیان حوسینی یاحەقی بوو کە زۆر مەشهور بوون و چەندین خانمیش بە کۆرس بەشداری گۆرانیەکانی زیرەکیان کردووە و چەندین گۆرانی ناوازەی لەوێ تۆمارکردووە و بەناوبانگترینیشیان (گوڵدر مەنی گوڵدر - پێبکەنە بابتبینم) بوو بە دوو قۆڵی لە گەڵ فاتیمەی زەڕگەری کە گۆرانیبێژێکی تورکی ئازەری بوو. لە تەمووزی ١٩٦٢ کە ڕادیۆی کوردی تاران گوازرایەوە کرماشان و بوو بە (دەنگی ئێرانە - بەشی کوردی) وماوەکەی زیاد

کراوەودایەکەشی بوو بە (١٠٠ کیلۆ وات)، زیرەک گوڕوتینێکی بەم ئیستگەیە داو بە پێی دەستوری کاری ژمارە (٩٩١٥ لە ١٢ - ١٠ - ١٣٤١) بە گوێرەی ساڵنامەی ئێرانی) واتە لە هەمان ساڵ بەرەسمی دادەمەزرێ و رۆژانە لە سەعات ١.٣٠ تاکو ٧.٣٠ ی شەو دەوام دەکات و لەگەڵ ئۆرگیسترایەک کار دەکات کە پێکهاتبوون لە (محەمەدی سەمەدی ژەنیاری کلارنێت وسەرپەرشتیاری ئۆرگیستراکە، مەحمودی مەرئاتی - وێلۆن، موجتەبای میرزادە - وێڵۆن، ئەکبەری ئێزدی - سەنتور، ئیستیوار دەروێشی - تار، بەهمەنی پولەکی - زەرب وپاشانیش مەحمودی بلوری - عود)، بە قەولی محەمەدی کەمانگەر زیرەک (١٢٠) گۆرانی ئاوازەی لەوێ تۆمار کرد کە بە باشترین گۆرانیەکانی دادەنرێن لە رووی کاری هونەری و مۆزیک ودەنگەوە کە لەناوبڕەی هەر گۆرانیەکی پارچە مۆسیقایەکی بۆ دادەنراو چارەگە سەعاتێکی دەخایاند، دوای سێ ساڵ لە کرماشان زیرەک پێی وادەبی لە رووی حقوقەوە زوڵمی لێ دەکەن و شایستەی خۆی نادەنێ و سەرەڕای هەوڵی بەڕێوبەری ئیستگەو بۆ ئارامکردنەوەی، زیرەک بە تورەییەوە دەستی میدیا زەندی دەگرێ و رادیۆ بەجێ دێڵن و بەرەو سنە دەکەونەڕێ و بە فەرمانی ژمارە (١٠١٦٨ک - ٣٧١٥٨ لە ١٣ - ٩ - ١٩٦٥) کۆتایی بە ڕاژەکەیان دەهێنندرێ. محەمەدی کەمانگەر دەڵێ: پاییزی ١٩٦٥ بوو رۆژێکیان سەروان موحسینی حەمیدی خەبەری ئێمەی دا لە ڕادیۆ کە زیرەک لە سنووری عێراق گیراوەو ئێستا لای ئەوان زیندانیە بۆیە سەردانمان کرد و پاش ماوەیەک بە هۆی هەوڵی هەندێ لە دڵسۆزانەوە ئازاد کرا، زیرەک خۆشترین زیندەگی لە رووی مەعیشەت و گوزەرانەوە ئەو وەختانە بوو کە لە ڕادیۆی تاران و کرماشان بووەو عەلی یاسەمینی دەڵێ لەسەر داوای زیرەک خۆم و خێزانم چوینە تاران و بووین بە یەک ماڵ، زیرەک تاخوا حەز بکات سەخی تەبیعەت و دڵئاوا بوو، جگە لە هاوکاری بە پووڵ هەندێ جار جلەکانی خوشی بە وانە دەبەخشی کە دەستکورت بوون، میدیا خانم هەواڵێکی لە رۆژنامە بۆ دەخوێنێتەوە کە لە مەهاباد کەسێک فەلەج وزەلیلەو پێویستی بە هاوکاریەو زیرەک لە حەژمەتان شەو تا بەیانی ئارام ناگرێ و بەیانی زوو دەچێ نوسراوێک لە ئیدارەی ڕادیۆ وەردەگرێ بۆ جەمعیەی شێروخورشید عەرەبانەیەکی کەمئەندامی بۆ وەردەگرێ و بەپەلە بۆی دەباتە مەهاباد، زیرەک وەکو باسی لێوە دەکەن پیاوێکی قسەخۆش ونوکتەباز و دڵباز بوو قەت لە بیری ئەوەدا نەبوو قڕانێکی کە هەیبوە بیکا بە دووان، میواندۆست بووە و بە قەولی مام عەلی لە تاران زۆربەی ئێواران ئەو دەنێرێتە ئوتێل حەقیقەت بۆ هێنانی موسافیرە کوردەکان بۆ شام خواردن و خەوتن لە ماڵی خۆی، ئەو ژینگەپەرست و بەزەیی بە ئاژەڵ و گیاندارانیدا دەهاتەوە، زیرەک سەروساختێکی باشی لەگەڵ بنەماڵەی شێخانی تەریقەت لە زەمبیل و بەتایبەت خودی سەیدی نورانی و سەید کامیلی ئیمامی (ئاوات) ی شاعیر هەبوو و ببوە خۆشەویستی ئەو ماڵباتە دیندارو متەسەوفە خاوەن خانەقایەو ئاقیدەی زۆری پێانبوو تەنانەت میدیا خانم لە کاتی دوو گیانیدا دوعاگۆی ئەوان بوو و مهتابیش هەر لە نێو ماڵی ئەوان هاتە دونیا، شاکارە شیعرەکەی سەید کامیلی بە ناوی شەو (نوری ڕوخسارت و مەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شەو... هتد) گیان بەبەردا کردو و بە یەکێک لە گۆرانیە ئاوازەکانی دەژمێردرێ وگۆرانی زەمبیل (لەو دەمەی رۆژ دەگاتە ئێوارێ... هتد) یش وەسفێکی بالاو ئەفسوناوی گوندی زەمبیل وزەمزەمەو و کۆڕی زیکرو دەنگی دەفی خانەقای مەڵبەندی ئەو بنەماڵەیەیە، دیارە لە پەنای زۆربەی گۆرانیەکانی

زیرەک چیرۆکێک و سەرگوزشتەیەک خۆی مەلاس داوە، عەلی یاسەمینی دەڵێ: (لە ماڵی شێخ کچێک لێوانێک ئاوی بۆ دێنێ و دەڵێ ئەوە کێ یە؟ دەڵێ منیش ووتم ئەوە ساحیبە خانمی کچی شێخە نەکەی گۆرانی بەسەردا بڵێی، ووتی نا ناوی ناهێنم و پاشان بەو ئیلهامەوە (لۆرکێ لۆرکێ) دەچڕی وهەروەها دەڵێ کولفەتێکی ماڵی شێخیش زۆر شۆخ و شەنگ بو زیرەک بۆ ئەویش گۆرانی (کراس ڕەشێ) تۆمار دەکات و گۆرانی (خۆم بە خولامی سوخمەی کۆنی... هتد) یش مام عەلی دەڵێ: (لە تاران بوین شەوێکیان لە بیری چوو بوو بەیانی بەرنامەی هەیە و هیچی ئامادە نەکردبوو داوای لێم کرد شتێکی بە بیر بێنمەوە و منیش یەک دوو کەلیمەم لەم گۆرانیە فولکلۆرە بۆ گوت و ئەویش ئەو شاکارەی لێخولقاندو بەیانی تۆمار کرا)، لە ماڵی شێخ دەبی بەیانی زوو دەیەوێ بڕواتە کرماشان و بە دەوام ڕابگا و درەنگی دەکەوێ و لەسەر ئاوو ئاگر دەبێ و شێخ هەر لە ماڵەوە نایەتە میوانخانە و تا ڕوخسەتی لێ بخوازێ و بڕوات ناچار لە پەنجەرەوە بە گۆرانی (وەرە قوربان.. ئارامی دڵان .. هتد) شێخی ئاگادار دەکاتەوە و پاشان لە کرماشان تۆماری دەکات، گۆرانی (نەمام نەمامە) یش هەر لە ناو باغی زەمبیل دەچڕی و لە جحێلیدا دڵی دەچی بە کەتانی کیژی حاجی سالحی حەریری و بەم بۆنە (کەتان کەتانە) دەچڕی. حەسەن زیرەک لە (٨ - ٩) ی شەوی ٢٦ - ٦ - ١٩٧٢ لە پای نەخۆشیەکی گران کوچی دوایی دەکات و بە پێی وەسیەتەکەی خۆی دەبوایە لەسەر کێوی ناڵەشکێنە یان کانی مراد بنێژرێ و هەفتەیەک لە (مەدرەسەی بوعەلی) پرسەی بۆ دادەنرێت، حەسەن چەندین جار دێتە خەونی دایکی و مام عەلی و گلەییان لێ دەکات کە لەو گۆڕستانەی تێیدایە بیگوازنەوە ناڵەشکێنە و وەسیەتەکەی جێ بە جێ بکەن، شەوێکیان مام عەلی و مینەی برای بەبێ دەنگی پێش ڕۆژهەلات تەرمەکەی دەگوازنەوە داوێنی کێوی نالەشکێنە. شێخانی زەمبیل هەوڵیان دا لە ڕێگای مەلا مستەفاوە بینێرنە ڕادیۆی (پەیکی ئێران - بەشی کوردی) لە ئەوروپای ڕۆژهەلات کە دەنگی تودەی ئێران بوو و ماموستا حەسەنی قزڵچی و کەریمی حیسامی و بە هاوکاری عەلی گەلاوێژو ڕەحیمی قازی بەڕێوە دەبرا، بۆچی زیرەک دەڵێ: هونەر لە نێو کورددا قەدری نەبوو هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەداو کارێکی نەکرد بە شوێنیدا بچم چونکە کوردم .. حەز دەکەم بچمە ژێر گڵەوە و بەشەری کورد نەبینم، زیرەک لە ژیانیدا ستەمدیدە بوو لە لایەن عێراق و ئێران و کورد گەلەکەی خۆشمانەوە دەچەوسێندرایەوەو هەمیشە لە ژێر موراقەبەی ساواک دا بوو و بە پێی بەڵگەیەکی ساواک لە تاران شەوان هاتوچۆی ماڵی دکتور هاشمی شیرازی مەهابادی خزمی قازی محەمەد و کۆنە ئەندامی (ژ . ک) دەکات و لە رادیۆی کرماشانیش بە پێی بەڵگەیەکی تر بەوە تاوانبار کراوە کە بەهۆی بەرنامەی (ئێمە و گوێگرەکان) لە گەڵ میدیای خێزانی پەیوەندی سیاسی نێوان کوردان ڕێکدەخەن، بەهەرحاڵ ئەم هەویرە ئاوێکی زۆر دەکێشی، زیرەک ئوستورەو ئەفسانەیەکی هونەری دەگمەن و بێوێنە بوو ئەستەمە جارێکی دی مێژووی کورد فەلتەیەکی وا بداتەوە و نابیغە و نادیرەیەکی وا بە کورد ببەخشێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

# ژیان و بەسەرهاتی گۆرانیبێژی مەزنی کورد "حەسەن زیرەک"



محەممەد نوورمحەممەدی

**هەموو وەزنێکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی**
**بە سەرپەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت!**

**گۆران**

**دوان و قسە کردن و نووسین لەسەر حەسەن زیرەک تەنیا بۆ بیرەوەری و یادکردنەوەی ئەو هونەرمەندە مەزنەیە و بەس، دەنا ئەو کەسایەتییە بەرزە حەوجێ بەوە ناکا کە بیناسێنی یان... چون دەنگی زوڵاڵ و بەسۆزی ئەو گۆرانیبێژە مەزنە لە کاتی خۆیدا سنوورەکانی تێپەڕاندووە. چوار ڕادیۆی کوردی بەغدا، قاهیرە، تاران و کرماشان دەنگی ئەویان بڵاو دەکردەوە. هەروەک خانمی میدیای زەندی لە کتێبی چریکەی کوردستاندا دەڵێ: "ڕۆژانە نامەیەکی زۆر بۆ بەرنامەی ڕادیۆ کرماشان دەهات و تەنانەت پووڵیشیان ئەخستە ناو پاکەتەکەوە تا زووتر گۆرانی داواکراوی ئەوان بە دەنگی حەسەن زیرەک بڵاو بکرێتەوە و بە تێکڕا تەواوی بەرنامەی کوردی لەسەر دەنگی خۆشی ئەو ئەسووڕا".**

**حەسەن زیرەک تا ئەمڕۆ تروپکی بەستە و گۆرانی کوردی گرتووە و کەس نەگەیشتۆتە ئەو شوێنە، گۆرانییەکانی شەونمی خۆشەویستی پاکیان پێوەیە و بەرامەی گوڵاوی دڵدارییەکی پیرۆزیان لێدێ، بەستەکانی هەتاهەتایە دەژین و لەبیر چوونەوەیان بۆ نییە. گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ناخی خەڵکی کوردستانەوە سەریان هەڵداوە، ڕیشەیان لە ناو کۆمەڵدا داکوتاوە، دڵدار و دڵبەرەکان، لەبار و دڵتەڕەکان لە سێبەر و بەرامەی ئەو درەختە سەوز و پەلوپۆ بڵاوە چێژیان وەرگرتووە.**

"کیژان دەچنە مێرگولان" وەک فیلمێکی سینەما دیمەنی گەورە کچ و کیژۆڵەی کرچ و کاڵی دێنشینی کوردستانمان پێشان دەدا کە بۆ گژ و گیا و گوڵچنین دەچنە دەشت و دیمەن، کە ماندوو دەبن ئارەق لە ناو چاوانیان زەنگوڵ زەنگوڵ دەتکێتە خوارەوە و پاژنەی کەوشان تەڕ دەکا.

بەڵام چنینی بیزا و مەندێ و نێرگز و وەنەوشە و هەڵکەندنی کارگ و ڕێواس و شنگ ناهێڵن هەست بە شەکەتی و ماندوویی لەش بکەن...

"زاوا لە بووکێ مەدە" خووخدەی نەریتی شایی و زەماوەندی کوردانەمان یاد ئەخاتەوە، تێکدانی سەر و پێچی بووک و کەوتنە خوارەوەی تارای سوور، شێوەیەکی شەنگ و شۆخمان دێنێتەوە بەرچاو و هەروەها گۆرانییەکانی "چاوی جوانە لەیلا، کاروانە، باران بارانە، هەوریلار، کڵۆنجە ڕێ ڕێ، کۆڵوانە سوور، هەوری لە کوڵ، چارۆکە هەولێرییە، بەرهەڵبێنە، ناڵەشکێنە، دەسماڵ حەریری سادە، قاسپە قاسپی کەو، خەنەبەندان، خاڵۆڕێبوار و سەدانیتر" هەوێنی ئەو گۆرانییانەی لە دیمەنی مەڵبەندی جوان و ڕواڵەتە نازدارەکانی تری کوردەواری هەڵێنجاوە. ئەو هەموو وێنە و دیمەنە دڵکێشانەی کردووە بە هەوێنی هەوا و هونراوەکانی، هەر بەستەیەکی زیرەک دایناوە تابلۆیەکی ڕەنگینە کە وێنەی داب و ڕەسمی کوردەواری تێدا بەدی دەکرێ.

هۆنراوەکانی حەسەن زیرەک زۆربەی زۆریان پڕن لە خەیاڵی جوانی شاعیرانە و ناسک بینی وردەکاری شیرین و تابلۆی ڕەنگین و ڕازاوە و ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و خواست و ئامانجەکانی خەڵکن. سەرەکیترین هۆی سەرکەوتنی حەسەن زیرەکیش هەر ئەو تێکەڵییە و توانەوەیەتی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاوات و خۆشی گەلەکەی.

بەڵام هۆنراوەی زیرەک بە زمانی ساکار و خۆماڵی و وشەی پەتی و سواو و ڕەسەنی کوردی لەگەڵ ئازار و برک و ژان، ویست و خواست و حەز و ئەوین و هەستی خۆشەویستانەی جەماوەری کوردستاندا جۆش دراوە و بە گوێرەی ڕۆژ و قۆناغی کۆمەڵایەتی و سۆز و دنەی دڵداری، نێوەرۆکی شێعرەکانی بە پێی نۆت و هەوای گۆرانییەکانی لەگەڵ کات و سات و چاخ و دۆخ و دەمی ژیانی کۆمەڵگاکەی جووت کردووە و دەتوانین بڵێین شێعرە فۆلکلۆرییەکانی زیرەک ئاوێنەی باڵانوێنی باری سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی چەرخی خۆیەتی.

هەروەک چۆن ژیانی زۆربەی هونەرمەندان پەرێوەیی و ئاوارەییە، زیرەکیش سەرەڕای هەموو کڵۆڵییەک، بەردەوام و بێ نێوبڕ هەڵوەدا و تەرە و تاراوی ژینگەکەی خۆی بووە و ئەم تاوتوێ و گێرە و کێشە و چەرمەسەری و ئازارانە نەیانتوانیوە

لە ئەوین و هونەرەکەی هەڵبڕن. لە هەر زەنویرێک سوێسنە و هەڵاڵە و دەیان گوڵ و شکۆفەی چەپک کردووە و بە دیاری بۆ دەروونی هەڵچووی خۆی و گراوی دڵبەندی بردووە و لە بۆتەی هونراوە و زڕەی زایەڵەی گۆرانیدا خەملاندوونی و پێشکەشی بارەگای ڕەسەنی کوردی کردوون و سەرمایەی پڕ پیت و بەرەکەتی فۆلکلۆری کوردی لە نەمان و تیاچوون ڕزگار کردووە و گەشەی پێداوە.

ئەم هونەروەرە هەتاهەتایە لە نێو دڵی خەڵک و لە قامووسی هونەری کوردا هەیە. حەسەن زیرەک لە زۆربەی دەسگا و مایەکانی ڕەسەنی ئێرانیدا وەک سێگا، چوارگا، ماهوور، دەشتی، بەیاتی تورک، ئیسفەهان، همایوون، شوور، ئەبووعەتا، شووشتەری، حیجاز، ئەڵڵاوەیسی، ئەفشاری و بەیاتی کورد ئاهانگی هەیە.

حەسەن زیرەک لە زۆربەی مەقامەکانی خۆیدا شێعری شاعیرە بەناوبانگەکانی کورد و فارسی گوتووە: شاعیرانی وەک حافزی شیرازی، مەولەوی کورد، بێسارانی، نالی، مەحوی، کوردی، تاهیربەگی جاف، ئەحمەد موختار بەگ، ناری، پیرەمێرد، گۆران، مەلا سەدیق مەحموودی، سەید کامیلی ئیمامی، سافی، هێمن، هەژار و ...

ماموستای بلیمەت و دەنگ دلێری ڕەسەنی بەستەی کوردی و هونەری ڕاستەقینەی ئاوازی نەتەوایەتی و خۆماڵی، ناوی حەسەن و شۆرەتی ئەسەدی بۆکانییە و هەر بە زیرەکیش ناوی دەرکردووە و ناسراوە، کوڕی عەبدوڵڵایە مەشهوور بە عەبەزلە و دایکی ئامینی ناوە و دوو برای هەبووە بە ناوی حەمەدەمین (براگەورەی) و حاجی حوسێن (براچکۆلە) و خوشکێکیشی هەیە بە ناوی سارا لە شاری بۆکان. حەسەن زیرەک لە گەڕەکی قەڵا، کۆڵانی بەر مزگەوتی جامیعە، واتە کۆڵانی مابەینی حەمامی نادر و مزگەوتی جامیعە لە دایک بووە.

حەسەن زیرەک لە تەواوی گۆرانییەکانیدا لەگەڵ بۆکان قسە دەکا و پێیاهەڵدەڵێ و تەواوی کێو و کەژ و کانیاو و دێیەکانی ئەو مەڵبەندە کە بیرەوەری لەگەڵیان هەیە لە گۆرانییەکانیدا دێنێتەوە و باسیان دەکا:

گۆرانی بووک زێنێ:

ئۆخەی ئۆخەی بووک جوانێ
ئەمنم خەڵکی بۆکانێ

گۆرانی وامە دایکم دیارە:



سەرچاوە
Serchawe

هاتووم لە لای بۆکانێ
کورتی خاڵ دانەدانێ

گۆرانی خاڵۆی ڕێبوار:

هۆ کاکی ڕێبوار ڕێگام کوێستانە
دەچم بۆ بۆکان گوڵ لە ئێرانە

یان:

وەی  کاکی ڕێبوار ڕێگا نازانم
ڕێم پێ نیشان دەن خەڵکی بۆکانم

حەسەن زیرەک ژیان و بەسەرهاتی خۆی بە بەستە هۆنیوەتەوە و لە خەرمانانی ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە چاپخانەی ڕەنگین لە تاران بە ناوی "چریکەی کوردستان" لە چاپی داوە.

مامۆستا محەممەد سەدیقی موفتیزادە پێشەکی بۆ نووسیوە و بەم سێ بەیتە ئاوا دەدوێ:

زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر
با وەکوو لە ژین نەحەسایەوە
پەژارەت زۆر دی، زۆر چەوسایەوە
ڕۆژگارت ساتێ بە بێ خەم نەبوو
بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

خانم میدیای زەندی یارمەتی داوە، هەروەک بۆخۆی لە هونراوەکانی وتوویە: "هەر لە سەردەمی منداڵییەوە ژیانێکی زۆر ناخۆش و نالەبار و تاڵی هەبووە و تا ڕادەیەک بە بێکەسی و هەژاری و ئاوارەیی و سەر لێشێواوی، ژیانی بردۆتە سەر، بیست و حەوت ساڵی تەمەن دەبێت کە دەچێ بۆ شاری پێنجوێن لە کوردستانی عێراق و لەوێرا دەچێ بۆ سولەیمانی، ئەمجار لە سولەیمانییەوە دەچێ بۆ کەرکووک، پاشان دەچێ بۆ زیارەتی غەوسی بەغدا و لەوێ دەبێتە شاگرد موسافیرخانە لە ئۆتێل "الشمال الکبیری" بەغدا، لەو ئۆتێلەدا بەدەم کارەوە جاروبار گۆرانی دەڵێ: "گۆرانی کیژان دەچنە مێرگوڵان و



سەرچاوە
Serchawe

دەسماڵ حەریری سووره و ... کە لەو کاتەدا مام جەلال لە بەغدا خوێندکاری زانستگا دەبێ لە ژوورێکی ئەم ئوتێلەدا بەسەر دەبا، دەنگی زیرەکی زۆر پێخۆش دەبێ و لەگەڵیا بەینی خۆش دەکا، دەیبا بۆ ڕادیۆ بەغدا.

هەروەک مام جەلال دەڵێ: "... لەگەڵ کاک حەسەن زیرەکی هەڤاڵ و دەنگخۆش تا دەهات بەینمان خۆشتر دەبوو. ئەویش شەوان درەنگ کە کارەکانی لەسەر سووک دەبوون دەهاتە لام لە ژوورەکەمان، گۆرانی خۆشی بۆ دەگوتین، پاش ماوەیێک دیتم دەنگی خۆشە بەتایبەت شارەزاییەکی باشی هەیە لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا، بۆیە کەڵکەڵەی گەیاندنی ئەو دەنگەم بە ڕادیۆ کەوتە سەر".

**حەسەن زیرەک لە کتێبی چریکەی کوردستاندا لەوبارەوە ئاوا دەدوێ:**

"پاش کارم ئەکرد ڕۆژ و شەوانە لە ئۆتێل شیمال کە جێی کوردانە مسافرێکمان کە مام جەلال بوو یەکجار گەنجێکی بەبێ غەلال بوو بردمی بۆ ڕادیۆ، بێمنەت، بەگیان جوان ڕەتی کردم لە پۆلیسەکان جوان ناساندمی بە عادڵ عیرفان هەمەکارە بوو لە ڕادیۆی کوردان".

حەسەن زیرەک بە دڵی پڕ گریانەوە تێدەچریکێنی، پاشان عادڵ عیرفان و هاوڕێیانی لە بەشی کوردی زۆریان پێخۆش دەبێ، دەڵێن بەڕاستی لەهجەی شیرینە بەڵام داخەکەم کە بێتەمرینە، دەستوور دەدا کە ئۆرکێستر دێ و گۆرانی تۆمار دەکا ئەمجار لە پاشان لە ڕادیۆدا بە مانگێ ٦ دینار دادەمەزرێ و مانگ لەگەڵ مانگ موچەی بۆ زیاد دەکەن. ئەوە دەبێ بکوترێ کە ئەو گەوهەرە نەمرە لە قورگی حەسەن زیرەک لە واقیعدا عادڵ عیرفان دەریکێشا و لە ڕادیۆ بەغدا مەودای گۆرانی گوتنی پێدا. بەمجۆرە چەند ساڵ لە غەریبی و لە بەغدا ڕایدەبوێرێ و لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاوی (١٩٥٨ی زایینی) دەگەڕێتەوە ئێران و لەو کاتەدا لە مانگی پووشپەڕی ١٣٣٧ی هەتاوی ڕادیۆ کوردی تاران دادەمەزرێ و بۆ ماوەی سەعاتێ بە زمانی کوردی (نیو سەعات بە لەهجەی سۆرانی و نیو سەعات بە لەهجەی کرمانجی) بەرنامە بڵاو دەکاتەوە و بانگهێشتن لە حەسەن زیرەک دەکەن بۆ ڕادیۆ. دەس دەکا بە تۆمار کردنی گۆرانی کە دوو ئۆرکێستری گەورەی تاران "تایبەتی ڕادیۆ تاران" بە سەرۆکایەتی حوسەینی یاحەققی و بە سەرۆکایەتی گشتی موشیر هومایوونی شەهرەدار، هاوکاری لەگەڵ دەکەن و لە پاشان لەگەڵ ناسری زەنبادی و بەدیعی و جەواد مەعرووفی بە پیانۆ کە هەر کامێکیان سەرۆکی ئۆرکێسترێکی گەورە و مەشهوور بوون، بەرنامەی کوردی ئیجرا دەکرد و چەند خانمێکیش کە یەکێک لەوانە خانمی میدیای زەندییە سەربەندیان بۆ دەگێڕاوە.

دەبێ بوترێ کە حەسەن زیرەک لە ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٣٧ی هەتاوی لەگەڵ خانمی میدیای زەندی ژیانی هاوبەش دەست

پێدەکا کە بەرهەمی ئەم ژیانە دوو منداڵی کچە بە ناوەکانی مەهتاب "ئارەزوو" و ساکار "مەهناز" و ئەوە ٤ ساڵ دەخایەنێ تا ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی ڕادیۆ کوردی لە شاری کرماشان بە توانایی سەد کیلۆوات دانرا و حەسەن زیرەک چوو بۆ ڕادیۆ کرماشان و لەوێ ئۆرکێسترێکی بە ناوی زیرەک بۆخۆی دانا کە لەو کەسانە پێک هاتبوو:

١- عەبدولسەمەدی کە بە قەرەنەی لێدەدا و سەرۆکی تیپی مۆسیقا بوو.

٢- موجتەبای میرزادە وییۆڵۆنژەن.

٣- ئیزەدی سەنتوورژەن.

٤- پووڵەکی تەپڵکوت.

٥- فەرەیدوون مورادی عوودژەن و تارژەن کە برێک لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی بە نۆت نووسیوەتەوە.

خودی حەسەن زیرەک بە دایرە و دەف هاوکاری دەکا و زۆر جوان دەف و دایرە لێدەدا و ئەوەش بڵێم کە ئەوەڵین کەس حەسەن زیرەک بوو کە دەف و دایرەی بۆخۆی بردە نێو ئۆرکێسترای ڕادیۆی ئێرانەوە. حەسەن زیرەک بە یارمەتی ئەو ئۆرکێسترە هەموو حەوتوویەک گۆرانی تۆمار دەکرد تا ساڵی 1345ی هەتاوی، لە پاشان مواجبی زیرەکیان بڕی چون کاربەدەستانی ئەودەم گوتبوویان کە حەسەن زیرەک نزیک بە هەزار گۆرانی تۆمار کردووە، نیازمان پێی نییە. ئەم قسەیە لەسەر ڕووحی ناسک و پڕهەستی هونەرەوەری مەزن حەسەن زیرەک زۆری تەئسیر دانا. هەر لەو کاتەدا بوو مامۆستا حەسەن جەزراوی، محەممەد عارف جەزراوی و مامۆستا عەلی مەردان دێن بۆ ئێران کە حەسەن زیرەک بەرن بۆ ئێراق و بانگهێشتنی دەکەن. کاربەدەستانی ئەودەمی ڕادیۆ بۆ بەرگری لە ڕۆیشتنی حەسەن زیرەک - چون بە زەرەدی حکوومەتی شایان دەزانی - هەموو پووڵ و مواجبی ڕابردوویان داوە بە حەسەن زیرەک و بە درۆ دڵخۆشییان داوە، لە دوایی‌دا کە ئەوان دەڕۆنەوە بۆ ئێراق، هەمیسان مواجبی حەسەن زیرەکیان بڕی و جوابیان کرد. ئیتر ڕۆحی ناسک و زەریفی حەسەن زیرەک بریندار بوو و ناچار ڕادیۆ بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە ئێراق. پێش ئەوەی بگاتە شاری بەغدا پۆلیسی ئێراق دەیگرێ و ماوەی هەژدە مانگ لە زیندان دەبێ و دوایی کە ئازادی دەکەن (لە زیندانی ئێراق زۆری ئازار و ئەشکەنجە دەدەن. بۆخۆی لە نەوارێکدا دەیگێڕێتەوە.) لەپاش ئازاد بوون دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. ئەمجار ساواکی حکوومەتی شا دەیگرن ئازار و ئەشکەنجەی زۆر دەدەن! لە پاش ئازاد بوون ماوەیەکی زۆر لە گوندی مەلائەحمەدی بانە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی خۆی چایخانەیەک دادەنێ و لەوێ ماوەیەک بەسەر دەبا و بۆخۆی لە نەوارێکدا ئاوا باس دەکا: "هیچ شوێنێکم نەدی تیا بژیم لە بەینی دووسێ کێودا چایخانەیەکی پڕتووکاو و ناخۆش و عەجایبم هەیە ئەگەر بێن تەماشا کەن تەعجوب دەمێنن کە من چۆن لێی‌دەژیم. نا، پێم‌خۆشە کاسبی لێدەکەم. هونەر لەنێو کوردا قەدری نەما، هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆ من کارێکی نەکرد بە شوێنی‌دا بچم، چون کوردم بە زمانی کوردی قسە دەکەم".

لە دوای چەند ساڵ لەوێش دەڕوا و ڕوو دەکاتە شاری مهاباد و لەوێوە دەچێ بۆ شاری شنۆ و تا ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی کە نەخۆش دەکەوێ، لەوێ دەبێ. لە شاری شنۆ لە زۆر داوەت و شادی بانگهێشتنی دەکەن کە بەشداری دەکا و زۆری نەوار تۆمار کردووە و لە زۆر جێگادا مەلاحوسێنی عەبدوڵلازادە هونەرمەندی بەستە و شادی هاوڕێی کردووە و ئەو کەسانەی کە بە مۆسیقا هاوکاری بوون بریتین لە؛

١- یەدوڵلا حاجیزادە بە کەمانچە

٢- موسەیبی شاداب بە تار و کەمانچە.

لە نەوارێکدا کە ڕێکەوتی ١٣ - ١ - ١٣٥٠ لە شنۆ تۆمار کراوە ئەم کەسانە هاوکاری مۆسیقای بوون:

١- لەتیفی دەشتی بە تار

٢- یەدوڵلا هوشمەندی بە کەمانچە

٣- ئیبراهیمی پوورجەعفەری بە زەرب،

کە حەسەن زیرەک بە خوێندنەوەی شێعری "ئەو دڵەی وەک بوتپەرستێ ڕوو دەکاتە چاوەکەت"ی مامۆستا ئەحمەد هەردی نەوارەکە دەس پێدەکا و گۆرانی تۆمار دەکا. ژیانی حەسەن زیرەک لە شنۆ ئاوا بە کوتنی گۆرانی و تۆمار کردنی نەوار دەچەرخێ. لە نەوارێکدا دەڵێ: "ئاخری پیریەکەم هێناوە شنۆ". پاشان کە نەخۆش دەکەوێ دێتەوە بۆکان و لە نەخۆشخانەی بۆکان دەکەوێ، لە کاتی نەخۆشیدا لە نەخۆشخانە نەوارێکی لێ تۆمار دەکەن. دوکتۆر یارمحەممەدی کاری جەڕاحی لەسەر دەکا و چاک نابێتەوە چون نەخۆشی شێرپەنجەی جەرگی پێوەدەنووسێ و لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ١٣٥١ی هەتاوی دەچێتە ڕیزی نەمرانەوە و هەوەڵجار لە گۆڕستانی بۆکان دەینێژن و لە پاشان لەسەر وەسیەتی خۆی و پێداگری دایکی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە لە پەنا گۆڕی چاکەچکۆلە هەمیسان دەینێژنەوە، ڕۆحی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ و خودای گەورە لە گوناهی خۆش بێت.

## سەرچاوەکان:


١- گۆڤاری سروە، ژمارە ٢٠، کەریم فەیوومی، ل ٥٠.

٢- گۆڤاری مەهاباد، شمارە١، مام جەلال، ل ٢٠.

٣- تارخ فرهنگ و ادب مکریان، ابراهیم افخمی.

٤- بەهەشت و یادگار، فرمێسک و هونەر، مامۆستا گۆران.

٥- چریکەی کوردستان، هۆنراوەی حەسەن زیرەک، بە یارمەتی میدیا زەندی.

٦- گەوهەریێ، عوسمان شارباژێری.

٧- گۆڤاری سروە، ژمارە ١٤٤، محەممەد نوورمحەممەدی.

٨- نەوارەکانی حەسەن زیرەک.

٩- نەواری وتووێژی مامۆستا محەممەد ڕەمەزانی لەگەڵ خانمی میدیای زەندی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی زریان - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## زیرەک، ئێعجازێک لە ناخوداگای زەمان دا



**وریا رەحمانی**

ئەگەر نەڵێین سەرەکیترین بە ئەرخەیانییەوە یەکێک لە پیرۆزترین ئەو کەسانەی کە زیاترین کاریگەرییان بە سەر ژیانی پڕ لە ئاڵۆزیی نەتەوەیەکی ژێردەستی وەکوو کورد بە درێژایی مێژوودا هەبووە، دەکرێ "حەسەن زیرەک"ی هونەرمەندو گۆرانیبێژی بێ وێنەی بۆ بێنینەوە. کاتێک کە لاپەڕەکانی مێژووی گەلێک هەڵدەدرێتەوە، ناوی کەسانێک لە گەورەپیاوانی کاریگەرو شوێن دانەر بەرجەستە دەبێتەوە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان توانیویانە رەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان بقۆزنەوەو لە چوارچێوەی بیری مێژوویی خەڵکدا هەمیشەیی و هەرمانیی پیرۆز بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

بە گشتی مێژوو هەمیشە نوێنگەی ئەو کەسایەتییە مەزنانەیە کە لە بواری کاریگەری و رەوتی بەرەوپێشی ژیانی مرۆڤایەتی دا خاوەن پێگەی بەرچاوو حاشاهەڵنەگرن و زۆربەی کات مێژوو خودگێڕانەوی ژیان و مەزنایەتی کەسایەتییە ناودارو خاوەن پێگەکانی خۆیەتی و پێناسەیان دەکات. بەڵام هەندێک جاریش هەیە هەڵدەکەوێ کە لە مێژووی شانازییەکانی گەلان و تەنانەت جیهانیش دا لەگەڵ ناوو دەوری کەسانێک رووبەڕوو دەبینەوە کە زۆر جاران لە دەرەوەی بازنەی گێڕانەوەیی مێژوودان و بەڵکوو بە جۆرێک لە جۆرەکان دەتوانین بلێین ئەو مێژوویە کە بەوانەوە دەگێڕدرێتەوەو لە راستیدا ئەو کەسانە رەهەندە مێژووییەکان دەخولقێنن و لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسەی نۆرمێکی تایبەت یان تەنانەت گەلێکی زیندووشن.
ئەگەر نەمهەوێ باسەکە زۆر بە پەراوێزدا ببەم و باسەکەم بابەتیانەتر درێژە پێ بدەم مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە کە بڵێم "حەسەن زیرەک"ی کوردان وێنای راشکاوی ئەم جۆرە کەسایەتییە "ئەبەر ئینسان". انە بوو کە خود دەتوانێ وەک بەڵگەیەکی مێژوویی لەبڕان نەهاتوو بۆ ئێمەی کورد بۆ هەمیشە وەک نموونەیەک بێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک وردتر دەڕوانینە ئەم گۆرانیبێژە ئۆستوورەییەی گەلەکەمان پتر ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە مۆزیکی زیرەک لە دەرەوەی زەرفییەتەکانی مۆزیک و مێژووی ژیانی کوردەواری دا رووی داوەو بە قەناعەت زیرەک وەک "ئەبەر هونەرمەند"ێک سنوورەکانی هونەری وڵاتی کوردەواریی تێک شکاندو وەک کەسایەتییەکی هونەرمەندی کورد لە ئاستێکی بەربڵاوو جیهانی دا پەرەی بە بەستێنە هونەرییەکانی ئێمەی کورد داوە. هەڵبەت دیارە کە حەسەن یرەک بە خۆشحاڵییەوە هیچ کات ئەرکە مێژووییەکانی خۆشی وەک مرۆڤێکی کورد لەبیر نەکردوەو هەروەک چۆن وێڕای ئەوپەڕی "بۆکانی بوون"یشی دا هەردەم کەڵکەڵە کوردستانییەکانی وەلا نەناوە، هەر بەم شێوەیەش وەک هونەرمەندێکی بەرپرسیارو ئەرکناس لەگەڵ ئەوەیدا خۆی بە گۆرانیبێژو هونەرمەندێکی تا سەری ئێسقان کورد پێناسە دەکرد کەچی جیهانی بیری دەکردەوەو جیهانیانەش هونەری دەکرد. ئۆستاد "محمد رضا شجريان" لە بەشێک لە وتووێژێکی بەناوبانگی لەگەڵ بەشی هونەریی رۆژنامەی "لۆس ئانجلێس تایمز"ی چەند ساڵ لەمەوبەردا وێڕای دەست نیشانکردنی "بەنان" و "سەبا" و "سەید عەلی ئەسغەر کوردستانی" وەک سێ کوچکەی کۆڵکەیی مۆزیکی ئێرانی دەڵێ کەچی پێویستە بگوترێ کە لە راستیدا ئەفسانەی ئۆستوورەیی مۆزیک لە ئێراندا حەسەن زیرەکی کوردانە.

شەجەریان دەڵێ ئەگەر مۆزیکی شەرقی و بەتایبەت ئێرانی رۆژێک لە رۆژان بتوانێ بە زەرفییەتە بێ نیهایەتەکانی دەنگ و مۆزیک و هونەری حەسەن زیرەک بگات دەبێ شانازی بە خۆیەوە بکاو دەڵێ کە بۆ هەمیشەی مێژوو ئیتر سەقامگیری و نەمریشی بۆ خۆی مسۆگەر کردوە. حەسەن زیرەکی هونەرمەندی نەمری کورد لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە گەڕەکی "قەڵای سەردار" لە شاری بۆکان لەدایک بووەو پاش چەرمەسەری و نەهامەتییەکی زۆر لە ژیانی پڕ لە ناکامی دا لە ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥١ لە نەخۆشخانەی بۆکان بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە ماڵئاواییەکی غەریبانە لە ژیان دەکاو بە پێی ویست و داخوازی خۆیەوە لە داوێنی کێوی "ناڵەشکێنە"ی بۆکان دا بۆ هەمیشە بە مێژوو بە خاکی پیرۆزی کوردستان دەسپێردرێ. ئێستاکەش گڵکۆی پیرۆزی ئەو هونەرمەندە مەزنە لە بۆکان رووگەی پڕ لە پیرۆزیی هەموو ئەو کەسانەیە کە خولیای دەنگ و هونەری مۆزیکی حەسەن زیرەکیان لە دڵدایەو لە بەستێنی بێ کۆتایی ئەو دەنگە ئاسمانییەدا هاوکێشەکانی ژیانی خۆیان لێک دەدەنەوەو لە نێو گۆرانییەکانی ئەودا پێناسەی ژیان و ئاوات و دڵخوازییەکانیان دەکەنەوە. لە راستیدا "حەسەن زیرەک" هێمای پیرۆزی خۆزگەکانی مرۆڤی کوردەو لە هەمیشەیی مێژووشدا وەک نمادێکی هەتایی شانازییەکەی بۆ کوردو مۆزیکی کوردی دەمێنێتەوە. لام وایە هەرگیز دوور لە راستبێژی نەبێ کە ئەگەر بڵێین زیرەک مەودای شانازیی فەلسەفەی خۆزگەی مرۆڤی کوردەو بە واتایەکی پڕ بە پێست تریشەوە "ئێعجازێک بوو لە ناخودائاگای زەمان دا".

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جانێوێری ٢٠١٣



سەرچاوە
Serchawe

## هەر دەنگی وەک حەسەن زیرەک نییە،

### ژیانیشی وەک زیرەک پڕ بووە لە نەهامەتی و نەبوونی و دەربەدەری.



**سامان زیرەک باسی ژیانی خۆی دەکات**

**هەر دەنگی وەک حەسەن زیرەک نییە، ژیانیشی وەک زیرەک پڕ بووە لە نەهامەتی و نەبوونی و دەربەدەری. سامان زیرەک باسی ژیانی خۆی دەکات.**

**لەهەمان ئەو چایخانەی حەسەن زیرەک شاگردی بوو، بومە شاگرد، ئەویش وەک خۆشەویستییەک بۆ ئەو، ئێستاش چایچیم**
**خۆشەویستیم بۆ حەسەن زیرەک هەیە حەز ناکەم دەستکاری ستایل و شێوازی ئیش کردنی بکەم**
**هیچ کات بەخۆم نالێم هونەرمەند تەنیا حەز ئەکەم بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک زیندوو رابگرم**

**ئالان عومەر**

**سامان زیرەک یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە توانیویەتی وەک خۆشەویستی بۆ ئەو هونەرمەندە نەمرەی کورد، بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک بە زیندوو بهێڵێتەوە وەک خۆی دەڵێت، تەنها لەدەنگدا هاوشێوەی حەسەن زیرەک نییە، بەڵکو لەژیانیشیدا بەهەمانشێوەی زیرەک نەهامەتی زۆری بەسەر هاتووە، لەم دیمانەیەدا لەگەڵ نوچەنێت، سامان زیرەک باسی کارەهونەرییەکانی و بەسەرهاتەکانی ژیانی دەکات.**

**ئالان**: دیارە لەخۆشەویستیت بۆ حەسەن زیرەک، یان بەهۆی ئەوەی دەنگت هاوشێوەی دەنگی زیرەکە، پاشناوی زیرەک بەئێوە دراوە، چۆن بوو بیرت لەوە کردەوە، ئەو ناوە هەڵبژێری و بەرهەمەکانی ئەو بڵێیتەوە، هەرلەبەر ئەوەبوو دەنگت لە حەسەن زیرەک ئەچیت، یان چی؟

**سامان زیرەک**: کاتێک کە لە تەمەنی منالیدا بووم، پێش ئەوەی باوکم کۆچی دوای بکات قەوانی هەبوو، گۆرانی حەسەن زیرەکی ئەخستە سەر و بە بەردەوامی گوێی لێ ئەگرت، منیش گوێ بیستی ئەبوم ، خولیای دەنگی بووم، بەلام تەمەنم پێنج هەتا سەش ساڵان بوو.

ئەو کات من هەستم ئەکرد رۆژ بەرۆژ خۆشەویستیم بۆ حەسەن زیرەک زیاتر ئەبوو، کاتێک باوکم عەمری خوای کرد، من تەمەنم ٩ ساڵ بوو، واتە ٤ ساڵ بە بەردەوامی من گۆرانیم ئەوتەوە لەگەڵ حەسەن زیرەک، بەگشتی رۆژ بەرۆژ بەیادی باوکم و بە یادی حەسەن زیرەکەوە ئەژیام ، ئیتر لەوەوە من گۆرانیەکانی زیرەکم ئەوتەوە، خەڵکیش هانیان ئەدام و داوایان لێ ئەکردم، کە بۆیان بڵێم، بەهۆی ئەوەوە خەڵک ئە ناوەیان دابری بەسەرما، چونکە بەرای ئەوان، دەنگم خۆش بوو، و زۆر لە دەنگی حەسەن زیرەک ئەچوو.

**ئالان**: کێ هاوکاریت ئەکات بۆ کارەکانت؟

**سامان زیرەک**: کەس هاوکاری من ناکات، زۆر هەوڵمداوە خەڵکانیک هەبن، وەکو هونەرمەندەکان کە هاوکاریم بکەن، کارەکانی حەسەن زیرەک بە شێوازێکی نوێ و تازە دابەزێنن، بەڵام تا ئیشتا کەس هاوکارم نەبوە، خۆشم لەبەر ئەوەی باری ماددیم زۆر باش نەبووە، نەمتوانیوە کارەکان وەک پێویست و بەدڵی خۆم بکەم.

**ئالان**: بۆچی زیاتر لە بۆنەوە دانیشتنەکاندا دەرئەکەوی، بۆ کۆنسرێت و ئەلبومت نیە، مەسەلەیە ئەوەیە کەوتت هاوکاری توانات نییە، یان چی تر؟

**سامان زیرەک**: من کۆنسرێتێکم هەبووە لە شاری تاران، بەرهەمەکانم ٧ تراکە، بەهۆی ئەوەوە کە من چوم بۆ تاران هاورێیەکم هەبوو لەوێ ناوی (تەیب)ە دەفژەنە، دواتر بە بۆنەی کاک تەیبەوە توانیمان خەڵکانیکی فارس بناسین، وەک هونەرمەندانی ئەوێ، بە هاوکاری ئەوان توانیم ئەو کۆنسرێتە بکەم، بەڵام بە داخەوە ئێمە تا ئێستا بڵاومان نەکردوەتەوە، کاتی خۆی ڤیدیۆ و کلیپی ئەو کۆنسێرتە فرۆشراوە بە Ktv، ئەویش دواجار دایبەزاند، ئیتر خۆشم

نەمبینیوەتەوە تا ئێستا.، بەڵام وەکو ئەرشیفلای خۆم هەیە . وەکو ئەلبومیش کەس پشتیوانی لێ نەکردووم، کە شتێکی جوان پێشکەش بکەم. وەک کلیپ تەنیا دوو کلیپم هەیە، ئەویش بە پشتگیری و هاوکاری کاک شەماڵ ئەحمەد رەشیدو کەماڵ ئەحمەد غریب، بووە. وەکو دانیشتنەکانیش هەر بە دەفێکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هاورێ و خۆشەویستانی خۆم، دادەنیشین و گۆرانی دەڵێین ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە ئیماکانیەتمان نیەو پشتگوێ خراوین.

**ئالان**: تەنیا دەنگت وەک حەسەن زیرەک هەڵکەوتوە، یان ژیانیشت؟ ئاخر حەسەن زیرەک زۆر فەقیری و دەردەسەری بینیوە، ئەکرێ تۆزێ لەبارەی ژیانتەوە بزانین؟

**سامان زیرەک**: بەڵێ من ژیاننامەشم لە حەسەن زیرەک ئەچێت.

کاتێک باوکم مرد، ٩ ساڵ بوو تەمەنم، هەتیوو بوم دوای ئەوە دایکم شوی کردەوە، من بەردەوام لە نارەحەتی و موشتاقیی ژیاندا بووم، ئیتر دوای ئەوە دەربەدەری و بەدبەختی وکرێکاری و چایچیەتی و شاگرد مەتعەمی و توتن بار کردن و ئیشی قورس و زۆر ئیشی تر و زۆر نەهامەتی ژیانم بینی.

ماوەیەک لە بەغدا بووم، لەوێ بە دوای ژیانی زیرەکدا ئەگەڕام، پیاوێکی پیر هەبوو لەوێ چایخانەیەکی هەبوو، زۆر دڵم کرایەوە  کە گوێ بیستی دەنگی حەسەن زیرەک بوم لە چایخانەکەی ئەوپیاوە پیرەدا.

چومە ئەوێ چایەکم خواردەوە ، کابرا عەرەب بوو، لەچایخانەکەیدا وێنەیەکی گەورەی حەسەن زیرەکی دانابوو، لێمپرسی تۆ عەرەبیت، بۆ خولیای دەنگی حەسەن زیرەکیت؟ وتی بەڵێ من عەرەبم، بەڵام حەسەن زیرەکم خۆشەوێت، ٤ ساڵ لەم چایخانەی مندا ئیشی کردوە. دواتر منیش لەهەمان ئەو چایخانە بوومە شاگرد، ٧ مانگ بە شاگردی لەبەردەستی ئەو پیاوە پیرەدا ئیشم کردو فیری چایچیەتی بووم، ئەو کارەشم بە خۆشەویستی حەسەن زیرەکەوەکرد. ئێستاش هەمان پیشەم هەیەو چایخانەشم هەیە.

**ئالان**: ئەگەر حەسەن زیرەک لە ژیاندا بمایە ئیستا چەند ئەلبومیکی تریشی هەبوو، بەڵام تۆ تەنیا خەریکی بەرهەمە کۆنەکانی حەسەن زیرەکیت، بۆچی کاتێ دەنگت وەکو دەنگی حەسەن زیرەکە، ئیزافەیەک بە کارەکانی حەسەن زیرەک نادەی ؟ واتە بۆ بەرهەمی تایبەت بە خۆت دروست ناکەی لەسەر هەمان ستایل و هەمان شیواز، کە بەردەوامی و درێژە دان بیت بە حەسەن زیرەک، نەک تەنها گرنگی دان بە لەیادنەکردنی حەسەن زیرەک؟



سەرچاوە
Serchawe

**سامان زیرەک**: لە راستیدا ئەم پرسیارەم زۆر ئاراستە کراوە، بەڵام هەر تەنیا وەڵامێکم هەبوە، ئەویش ئەوەیە، کە من خۆشەویستیم بۆ حەسەن زیرەک هەیە، حەز ناکەم دەستکاری ستایل و شێوازی ئیش کردنی بکەم. چەندین کەسمان بینی لەو رێچکە لایان دا و بوون بە خاوەنی ستایلی خۆیان. هیچ کات بەخۆشم ناڵیم هونەرمەند، تەنیا حەز ئەکەم بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک زیندوو رابگرم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی نوچە نێت - رێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## نوستالوژی بیرەوەرییٚکی لە یاد نەکراو



**کانون کوەنوردان کردستان**

ژیان بێ بیرەوەری، بێ کۆبوونەوە، بێ بایخە. بە درێژیی مێژوو، سەر بردە و بیرەورییەکان، زۆرترین خوازیار و بیسەریان هەبووە. نامەوێ لە خۆم باس کەم؛ بەڵام لە قۆناغێکی ژیانی منداڵی لە خولیاو، خۆشەویستی دەنگ خۆشێک، هونەرمەندێک کە وەک قارەمانێکی ئوستوورەیی بە لامەوە گرینگ بوو بدوێم. کە بۆ هەوەڵین جار لە زەماوەندێک دا چاوم پێ کەوت. ئەو دوواندنە، هی سەر دەمێک بوو کە گەلێک چیرۆک و گەورەیی و جووان چاکی کە مەزنتر لە مروڤ بوو وەپاڵ قارەمانە کەم دا بوو. پێم خۆش دەبێ گێوبیسم بن بە یەکەوە بچینە ناو ناخی زەمان. وەک بیرەوەرییەکی منداڵی نازانم بۆ قەت لە بیرم ناچێتەوە، وەک سێبەرێکی نادیار، کە تەنیا بە دەنگ بیستبووم، بە سەفحە و شریت یاکوو لە ئیزگەی کرمانشان و بەغدا لە رادوو یاکوو قەوان. وەکوو گۆمێکی مەند، وەکوو شاخێکی هەزار بە هەزار، کە دەنگی هەڵ دێنا، وەکوو تاڤگەو ڕوبارێکی ڕەوان دەچووە نێو دڵی زەویو زاری ویشکو قاقڕ، ڕۆ دەچوو، دەبوو بە هەوێن بۆ داهێنانێکی هونەری بۆ ناو دڵی چینو توێژەکانی کۆمەڵگا؛ لە جووتیار، سەپان و خوێندە وار، هەتاکوو شێخ و مەلا بەبیستنی ئەو دەنگە وەکوو خرمانی سوور هەموو دەگەشانەوە. لەرەی دەخستە دڵی ڕێبووارانی تینووی ئەو ڕێگا نادیارە، کە بە نیگارێکی نەهێنی لەگەڵ کۆمەڵگای خۆی دا دەژییا. هەر چەندە بە جەستە نادیار بوو بەڵام لە کۆر و مەجلیسی خەڵک دا دیار، خەم ڕەوێن بوو، لە هەموو بابەتێکەوە هەست بزوێن، وەبیرهێنەری زۆر بیرەوەری خۆشەکانی ژیان. گۆرانییەکانی، هەنگاوێک بوون بۆ نزیک بوونەوەی چینوو، توێژەکانی نێو کۆمەڵگا لە یەکتر جیا لەوە کە هەڵبەستەکان لیپاو لیپ لە هونەر و ساکاری بوو، بەڵام لە قورگێک دەهاتە دەر، ئەنگێوە بوو و دەنیشتە دڵ بە زمانێکی ساکار، کەپشتی بە فولکلور و ئەدەب و ووێژە بەستبوو هەر لە بەر ئەوە، دەلاقەیەک بوو، بۆ گەشەو نەشەی هونەری گۆرانی کوردی. دیتنی خەونوو خولیایەک بوو کە بلێ ڕۆژێک بیبینم؟ دەیان کوت لە ڕادیۆی کرمانشان دایە، نا لە ئیزگەی بەغدا! ئەی بۆ لەو شارە دییار نییە؟! لە چی دڵی

گیراوە؟ بڵێ لەو شارە تۆرابێ؟ بڵێ لە مریەم بوکانیش تۆرابێ؟ لە ڕوح و بیری منداڵی خۆم دایم بیرم لێ دەکردەوە شتێک کە هەرزی منداڵی منی دەتەنییەوە و زۆر جاریش بۆ ئەو دەنگ خۆشە، جووابی سەیر و سەمەرەم بە خۆم دەداوە. ئەو دەنگە هونەرێکی زیندوو بوو، کە وەک گیانداریک بێ جووڵە نەبوو، لە هاتوو چۆ، لە پەیکەری جووانی ئەو هوونەرە دەدووا. بەڵام چارەنووس وابوو، هەر لەوشارە نەبوو، بەڵام ئارام و لە سەرە خۆ، دەنگی بە سۆزی وەک تیرێژی خۆر، وەک شنەی بەلاوێن، جاری وابوو وەک بایەکی سەرکەش لە هەموو دەرگا و دیوانێک بێ دەنگی شار و دێهاتی دەشڵەژاند. و رووژێنەری شەقامی چۆڵ، لە فەزایەکی سێحراوی بە دەنگی نازی ئەو ئاوازە، فەزایەکی مانادراری بەمەجلیسی گشت خەڵک دەبەخشی. ئای چەندە بەخشەندە بوو! ڕەنگە لەمەبەستم گەیشتبن، و ئەو پێشەکییە تووانیبێتی، کە لە هونەرمەندێکی بێ ناز، غەواره لەو شارە لەهەموو جێیە ک ئاوارە، سەرەکی ئەم وتارە، حەسەن زیرەکی کردبێت، ئەو کانگاییکی مەزن لە جووانی و هونەر، کە هەنگاوی دەنا نێو شە پۆلی جەماوەر، هەستێکی پرشنگداری لە فەزا بە خەڵک دەبەخشی بە حەق هونەرمەندێکی خەڵکی بوو لێوڕێژ لە هەست و هەناسە، پەیکەرەی جووانی مرۆڤ بوو، کە هەموو کەس چێژی لێ وەر دەگرت. ئێمەی مرۆڤی ئەو دەورە لە گەڵیا نە ژیابووین، تەنیا بە دەنگی ڕاهاتبووین، ئوخژنی دەخستە نێو جەرگو دڵان بۆمنێکی منداڵ، زۆر جار تامەزرۆی دیتنیم دەکرد بڵێی ئەو ئاواتەم وەدی بێت؟ ئاواتێک بوو، دوور و قاقڕ، بەڵام ناهومێد نەبووم. دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی کە پۆلی چوواری سەرەتایی لە قوتابخانەی «قەڵای سەرداری بۆکان» دەمخوێند. ماڵمان لە گەڕەکی «تەقتەقان» کە کەوتبووە خووار شاری بۆکان و نزیک گەڕەکی «ئاشی خانم». بوکان شارێکی چکۆلەی خنجیلانە، بەڵام بە باگراوە ندێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگی و ئابووی، ئاوەدان بە دەشتی موکوریان. هەر لە بەر ئەوە خەڵک مام ناوەندی دژییان وە دەست کورت و هەژارت زۆر بە دەگمەن تێیدا دە دیت. هەر لە بەر ئەوە قاتوو قڕی دوای شەڕی عالەمی لەو ناوچەیەدا زۆر کەم بیندراوە. شارێک جووان و ڕازاوەیە کەمرۆڤی جووان و باشی تێدا بەدی بکەی . بۆکان شارێکی چەق بەستوو لە سەر فەرهەنگی بەرتەسکی عەشایری نەبوو؛ شارێکی کراوە بە ئەدەب و هونەر و نووسەر و دەنگ خۆش و بیرمەند. شارێکی عەشایری نەبوو، کە هەر ئەو دەمانە شانۆی هاملێنی «شکسپیر» دەهاتە سەر سەکۆی شانۆ و «عومەری حەمیدی» شانۆی«پسرخاک»ی دەنووسی و لە لایەن «گرووپی شانۆی جەوان» دەچووە سەر سەکۆی شانوو. و هەر ئەو دەمانە «عومەر سوڵتانی» ناسراو بە «وەفا»کتێبی «سرود پرستوی» دە هۆندەوە. و شاعێر و نووسەری ئێران «سەعید سوڵتانپوور» لە دێهاتەکانی بۆکان وەک موعەلیم «سپاهی دانش» بوو و دۆستایەتی لە گەڵ «وەفا» بووە[1]. ئەو کاتانەی کوردی نووسین باو نەبوو و بڤە بوو «وەفا» بیرمەندانە لە کاتە سامنا کە کانی ژیان لە گەڵ جووانی و گە لەکەی دەدوا و بە شوێن جەستەی ون بووی خۆی دا دەگەڕا.

**ئای... چەندە غەریبم**
**لە وانەی وا خۆشم دەوێن**
**چەند نامۆم**

**بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێم**
**چلون ون بووم**
**لە شەقامی فێ لێهاتووی**
**ئەم ژیانە ... دا.**

زورێــک لە کــوڕە ئاغاکــان لە زانکۆکــان خەریکــی خوێنــدەواری بــوون و زۆر بەیــان وەک باوەڕمەنــدێک بیــرو بــاوەڕی ڕوناکبیرانەیـان بـوو. لە سەر دەمانێک دا دوای تێکچوونی دەسەڵاتی دوکتـوور «موسەدیق» و شۆڕشی جووتیـارانی نـاوچەی بۆکان لە «چۆمی مەجیدخان» و «فەیزوڵلا بەگی» ئەوە «برایم خان سۆران»ە کە دەبێتە داڵدە و پشتیوان بـۆ جوتیـاران، دەرەنجامەکەشی ڕزگـاری چینـوو تـۆژێکی زۆری جوتیـارانی لـێ دەکەوێتەوە کە دوایـی ئەوەی دەربەدەر دەکرێن، لە زستانێکی چەتـوون پنایـان دەدا و دەبێتە یاریدە دەریـان. حەسەن زیـرەک تەنیـا لە خانەقـای «شێخانی زەنبیـل» نـازی دەکێشری و «سـوارەی جـووانە مەرگ» لەگەڵ «نەرگەس»ی ئـازەری کە کارکەرییـان دەبـێ، پەیمـانی هاوسەری پێـک دێنـێ. دیوەخـانی حاجی ڕەحماناغای موهتەدی زانکۆیەک بوو، بوو بیرمەندان، ڕاگەیاندنی میللی ،ئەدەبی، کۆمەلایەتی، ڕونـاکبیری ئـایینی، زانستی کە وەک زانکۆیێک وا بوو، بـۆ ئـاڵۆگۆڕی بیـروڕا وتـوو وێژی بیرمەنـدان بە پێوەری زانستی، شـان لە شـانی مەکـوی سۆقراتی دەدا. ئەوانە و سەدان بەڵگەی دیکە نیشانمان دەدا، بۆکان شارێکی چەق بەستوو بە بیری کورتی عەشایری نەبـوو. کراوە و ئاوەدان بە هەموو بیرو هەزرێکی شارستانییەتی سەردەم.

دوکتـور «فەریدریشـی ئالمـان»ی کە پزشـکێکی عـالەمی بـوو، و دوکتـوری نـاوداری ئێرانـی «یـار محەممەدی» ناسـراو بە دوکتـووره «شێتە» کە جەڕڕاحێکـی کەم وێنە بـوو بـۆ سـاڵیانی زۆر لەو شـارە مـانەوە و ئـاڵو گـۆڕی فەرهەنگـی نـاوچە زۆر بەرچـاو: شـارێکی چکـۆلە، بەڵام وەفـادار بە هەمـوو بیرەوەرییەکـانی غەفـوور ئاشـناگەر بـو هەوەڵـین جـار لە سـاڵی ١٣٤٠ هەتـاوی سینەمای لە بۆکان دامەزراند. ڕادەی خوێندەوار ، قوتـابی بە تـایبەت خوینـدکاری دەر چوو لە زانستگاکانی ئێـران بەر چـاو. قەت لە بیـرم نـاچێ هەر لەو سـاڵەدا شـارێکی ٢٠ هەزار کەسـی حەشـیمەت، ١٥ خوێنـدکاری پزشکی لە زانکـوی تـاران، تەورێـز، شیراز وەر گیرابـوو،٢٠ خوێنـدکاری موهەندسی، دوو خەلەبـان. هـونەر و ئەدەب لەو نـاوچەیە بـوو بەهـۆی گەشەی عەقڵی و ڕووحی. ژینگە و فەزاییێک پێک بێنـی، کە شێوازی هەسـتکردن و بینـین بگـۆڕێت. و ئەوانە چاوێـک نوێمـان بداتێ بۆ سەیر کردن و هەستکردنی شکوو شادی جووانی و هونەر!

ئەو دەمانەی زارکی ئاسمان تـامی بەفرو بارانی لە بیر نەچوو بووە، بۆکـان بە قـۆرغ و دارسـتان تەنـدرا بـوو، لە هەر شیوو دۆڵێکی هاژەی ئاو و جۆگەلەو رووبار بوو. دوو چۆمی بە خـوڕی «تە تە هـوو»و «جەغەتـوو» وەک دوو بـرای چـاک دەشـتی بۆکانیـان پـاراو دەکـرد، ماڵمـان لە ئـاوایی «عەزیـز کەنـد»، هەڵکەوتـوو لە ٣٠ی کیلـومیتری ڕۆژ ئـاوایی بۆکـان بـوو، کە



سەرچاوە Serchawe

ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بۆ خویندنی چوواری سەرەتایی لە بۆکان لە ماڵی دیوناسێک و ئاشنایەک «کاک عەلی حەدادی» بابی دوکتور «عومەر حەدادی»گیرسابوومەوە و لە گەڕەکی «تەفتەڤان» دەرسم دەخوێند.

«قەڵای سەردار» ئەو قەڵا مێژوییە کە قووتانە دێر وانییە هەر چووار دەوری خۆی و کاتی خوی لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی ئاڵای کوردستانی لەسەر هەڵ کرابوو، مەکۆی مەدرەسەو قوتابخانەمان بوو. قەڵاییێکی کۆن و پڕشکۆ بە سەدان پلیکان دەچوویە سەری بۆ ناوەندی قەڵا، و سەدان دیوو، دیوخانە وەک کوشکێکی چکۆلە دەچوو، وەفادار بە هەموو بیرەوەرییەکان و ئەزموونەکانی میژوو. شارچکۆلە بوو .بەڵام زیندوو و ئاوەدان کەلە چەند گەڕەکی گەورە پێک هاتبوو، گەڕەکی باغی قاسم ئاغا،گەڕەکی قەڵا، گەڕەکی قوله، گەڕەکی سەلابخانە، گەڕەکی ئاشی خانم و گەرەکی تەفتەڤان.

ئەو گەڕەکە نامۆ نەبوو، جحێڵی ڤیت و قۆز، قەرە باڵغ، کێشەی تێدا بەدی نەدەکرا، گەورە ماڵی وەک حاجی مستەفا قورەیشی قووماش فرۆش و کاک مەحموود خاڵەندی «شەدەڕەش» لەو گەڕە کە دژییان، هاوسێ و دراوسێ زۆر ئەمەگناسانە بە دەردو مەرگی یەکترەوە بوون. دڵەکان چکۆلە نەبوون، لێوڕێژ لە ئەوینی بێ سنوور. بە تایبەت «ژیلا جەمالی» کچی سەروان جەماڵی کە فارس زمان بوو لە قوتابخانەی دوواناوەندی «دبیرستان» وانەی دەخوێند لە جووانی دا لەگەڵ مانگ و ڕۆژ شەڕی دەکرد، کچی«سەروان جەمالی» ئەفسەرێکی زگزل، تووڕەی تۆسن، چەکمەڕەق فەرماندەی ژاندارمری ناوچەی بۆکان نازانم تارانی بوو یان خەلکی مەشهەد. کە هەموو ڕۆژێ دەچووم بۆ قوتابخانە، خەڵکی بی دەرەتان و فەقیری دێهاتەکانی بۆکانم دەدیت بە دەستی پڕ لە دیاری و بەر تیل«گسیک، کاوڕ، کووپە ڕۆن، چەلەنگە هەنگوێن» لە بەر دەرگایی مالی سەروان جەماڵی ڕێچکەیان دەبەست؛ بە دیتنی ئەو دیمەنە ڕقوو ڤینێکی منداڵانەم بەرامبەر ئەو دەسەڵاتدارە لە دڵ بڵێسەی دەستاند. بەڵام دڵخوشی من ئەوە بوو کە ژیلا حەزی لە کوڕێکی جووان چاکی کورد دەکرد بە نێوی «عومەر مەحموودزادە» کە دیپلووم بوو و سپای دانش و چەن جار ئەو چەکمە ڕەقە هەڕەشەی لێ کردبوو، بەڵام عومەر هەر جووابی نەدا بۆوە و ...

لە گەر مەلاوێنی دەمەو بەختی ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٣٤٩ی هتاوی کە خەڵک برایەتی و ئازایە تییان بە نان نەدەگۆڕییەوە. ژیانی سەردەمیانە مانایێکی بوو؛ کە بۆن و بەرامەی ساکاری و جووانی بوو. لە هاوسێ و جیرانەتیمان«خات فاتم»ی بێوەژن بوو کە دوو کوڕی عوسمان و عەبدوللا فەقێ بۆکانی ناز ناوییان بوو. کچێکی جحێڵی دەمەو بەخت ئەگەر بە هەڵە نەچووبێم «خەجیج» لە کوڕێکی سابلاغی مارە کرا بوو، کە دەگێوزراوە. زەماوەند و ڕەشبەڵەک جیا لە خۆشی و شادی هیمای یەک گرتووی خەڵکی گەڕەک بوو.

دونیاییێک پڕ لە شادی؛ کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی بەختەوەری«خەجیج» بوو کە لە بەر دەرگاو، حەوشەو حەساریيان گۆڤەند و هەڵپەرین بوو لە ماڵ دانیشتبووم«فاتم قورەیشی» هاوپۆلم کچی حاجی مستەفا قورەیشی هات بە شوێنم دا. کوتی سەلام مزگێنیم دەیە«حەسەن زیرەک» لە ماڵی خات فاتم زەماوەندییانە گۆرانی دەڵێ! ئای لەو خۆشییە! ئەوە بەرهەمی خەون و خولیاکانم بوو کە دەهاتە دی؛ دەبێ خاوەنی چ ڕوحێکی گەورە بێ کە بەو جۆرە دونیای گۆرانی زیرەک کاری خستۆتە نێو دلان. شا گشکە ببووم، دەبێ قارەمانەکەم چلۆن ببینم!؟

لەگەڵ فاتم خۆمان بە کۆڕی زەماوەند داکرت؛ «فەتاح کارگەر»یشم لە نێو زەماوەند کە چاو پێکەوت، کە لە من باو خۆشتر بوو و لەو کۆڵانە دا دەژییان، و لە ماڵی مەلا محەممەد بانەیی کرێ نشین بوون؛ قارەمانی ژیمناستیکی بۆکان بوو و دەستێکی لە کێبەرکێ «هەڵاتن»دا هەبوو کە ئەوڕۆکە خۆشەویستی شارە و شاخەوانێکی بە ئەزموونە.

بە دیتنی «فەتاح کارگەر» نامۆییم دەرچوو، لە هەناوی دڵمەوە، ئەو چرکە ساتە بوو کە ڕۆژ ژمێریم بۆ دەکرد. لە حەوشە نەم دی کوتییان لەوە تاغە، بووک زێر وەشان دەکەن لەوێ گۆرانی دەڵێ. خۆم بە وە تاغەکەدا کرد، «خەجیج» لە بەر ئاوێنەیێک لەسەر کورسییێک ،تارای سووری بە سەردا درابوو.

«حەسەن زیرەک» دایرەیێکی چکولەی بەدەستەوە بوو گۆرانی دەکووت. ڕانکوو چوغەیەکی گێوزی لەبەر دا بوو کە لە ژێر چۆغەکەدا کەواییێکی سیخمە زەڕی کە ئەو زەمان باو بوو.

**شەدەیێکی ڕەشی، لفکە شۆڕ بە شانی دا، لە سەر نابوو ئەوە حەسەن زیرەک بوو.**

منداڵ ئەوەی خۆشی دەوێ پێ لە هەموو کەس ئازاتر، قارەمانتر، جووان چاکترە. ئەوە شتێکە منداڵ لە گەڵی ڕاهاتووە. ئەوە بەردی بناغەی هەستی ئینسانییە، کە لە منداڵ دا دەگووڕێ کە دەبێتە دەرکەوتنی کەیلی ئارەزووەکان. لەیەکەم تێروانیندا هەندی واقیعیم بەدی کرد کە لەگەڵ هەست و خولیاکانی من بەرامبەر بەو کە لە خەیاڵی خۆم دا بە دیم دەکرد جیاوازی بوو، کە بە هیچ شێوەیێک نکۆڵی لێنەدەکرا. بەلامەوە هونەرمەندێکی شاز کە دەبێ لە هەموو کەسێک جووانچاکتر بێت، باڵابەرزی،تەژی لە جووانی، سمێل بابڕ، کە کاتێک دەنگ هەڵ دێنی عەرز و ئاسمان دەنگ بداتەوە، هەمان عەشقێک کە لە هەوەڵ نیگادا بەو خۆشەویستییە ببینم، و وەسفی کەم پێم خوش بوو هیشتێک کەلێن نەخاتە هەستی خەیاڵاوی و عەشقی ڕوانینی من لە هەوەڵ دیتنم بەو دەنگ خۆشە، ڕەزاسووکە، ئەو هەست بروێنە کە خۆشت دەوێ و عاشقی و لە هەستی منداڵیت دا لێت نادیارە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ یەکەم جار زۆر بە دژواری بڕوام کرد کە ئەوە حەسەن زیرەک بێ! لە قارەمانەکەم قودسییەک، و کەسایەتییەکەم لە خەیاڵ دا ساز کرد بوو. کە لە هەموو کەس دەبێ ڕێکۆ پێکتر بێت. کوتم فاتم ئەوە حەسەن زیرەکە؟ کوتی ئەرێ بۆ خۆیەتی. نە باڵابەرز بوو، نەسمێڵ بابڕی چوارشانە، دەستە پیاوێکی گەنم ڕەنگی ڕووخۆش هێندێک «خولۆرکاوی» نە لە چاو بدا؛ وەکوو هەموو مرۆڤێکی ئاسایی. ئارام، تێرامام، ماندوو نە دەبووم، قیت و بەویقار گۆرانی دەکووت. ئەو ڕۆژە خۆی بە ژووری چۆڵی ناخی من و هەزارانی وەک من دا کرد.

وەک بیرەوەرییەک، دەنگی بە سۆزی بە گوێمدا چرپاند. زۆر بە سۆزەوە بووکی لاواندەوە بە تایبەت کە بووک دایکێکی بێوەژن و دوو برای بێ بابی منداڵی پاش خۆی بە جێ دەهێشت، ئەمیشی لاواندەوە. هەر چەند کە تەمەن چووە سەرێ، بەو ئاکامە گەیشتم کە مروڤی جووان و لە بەر دڵان ئەوانەن کە دڵت پێیان دەکرێتەوە.

**بە وتەی حەزرەتی مەولانا مەلای درووم**

**دلێین جارێ کوتی یارێ بە یارێ**
**گەڕیدەی زۆر گوندو شارەزای شارێ**
**لە هەمووان خۆشتر و جووانترچ جێیە**
**دەڵێ ئەو جێیە خۆشە یاری لێیە**

وەک چۆن مروڤێکی خراپ بە ڕواڵەت جوان، دەتوانێ تۆقینت لێ بێت.

حەسەن زیرەک تو چکۆلە و باڵا نزم نەبووی، ئەوی زەوی لە ژێر پێ تۆدا نزم و بچووک بوو!

تۆ قەت لە ڕاستییەکان و ژیانی کۆمەڵایەتی دا نەبڕای. و قەت لە زۆنگاوی بێواری و بێ حاسڵی نەکەوتی. هەر چەند تۆ لە هونەری خۆت بە وتەی خۆت خوشییەکەت نەدی. بەڵام بەرهەم و ئاسەوار و گۆرانی ناب و ئەنتیکە بە هەموو جووانییەکانی تێکڕا بە گشتی قەرزدار و منەتباری تۆن. مروڤ ئەو کاتە ڕەنج دەکێشێ لەدایک دەبێ. تۆ ڕۆژێ هەزار جار لە دایک دەبووی.

**زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر**
**ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر**

ڕۆژگارت ساتێ بە بێ خەم نەبوو
بەڵام لە هەونەر هیچت کەم نەبوو

ئەرێ رەزا سووک، ئەو جار وەرەوە لێمان مەتۆرە، مریەم بۆکانیش، هەموو ڕۆژێ زیندوو دەبێتەوە و دێتە «سەر خۆرینک» بەرامبەر حەوزە گەورە بۆ دووری تو فرمێسک دەڕژێنێ.

کاکە «ڕێبین» منداڵی ئەو شارە لە ئەمریکا ڕاگەڕاوەتەوە لە سەر گڵکوکەت، کۆتەڵە و مجەسەمەیێکی بەشان و شەوکەتی دروست کردووەو کە لە سنە کاک هادیم دی کوتی ئەو مجەسەمەیە شایانە و دڵخۆش بەڵام لەوەی کە کوتەڵەی پێشووی حەسەن زیرەکیان کە کاری کاک هادی بو لە سەر گڵکوکەتیان لا بردووە بە گلەیی. کوتی ئەمن لە حەسەن زیرەک دا سیمایی هونەرمەندێکی رەنج کێشاوی لە ژیان تاساوی، ئاوارە و دەربەدەری دونیای خۆمانم بە دی کرد بەڵام بە داخەوە خەڵک دەیانەنوێ لە شتێک بدوێم لە بوونی نیە شتێک بکێشمەوە کە وا نیە.

پەیکەرەییێکی نێو چاوان کراوە و بە درو دەم بە پێکەنین چێ بکەم کە وانیە حەسەن زیرەک دایمە لە شەقامی ئازارەکان دا دەرویشت و دڵی دایم ئاوێتەی زووخاوو بوو. حەسەن زیرەک بە غەمەکانیەوە جووان بوو، کوتەڵەکەی من ئەوەی پێ بوو! ئەورۆ، دوای نزیک ٤٥ ساڵ بە سەر ئەو دیتن و تێرامان وەک بیرەوەری و ئەزموونی ژیانم کە بۆ هەوەڵ جار و دوواجار ئەو فریشتەیەم چاو پێکەوت بەردەوام رووباری عەشق و ئەویینداری دەنگی بە سۆزی دەم لاوێنێیەتەوە، چ دەبێ منیش بە زەووق و مرخێکی ئەویندارانە، نە شاعێرانە پێت دا هەڵ بلێیم.

من ناتووانم بیر کەمەوە یادت نەکەم
هەر کێو دەچم لەبەر چاوی
من هەست دەکەم کە هەر ماوی
وکوو هەوالێم گۆڕاوی
تو کە جاران لەگەڵمان بووی
لە برینی ڕێگای سەختوو تەمبازیا
ئێستا بووی بە ئەستێرەی بە تروسکەی گەشە ، گەش
وەکوو ئەنگوستی پاکی ئێعجازی محەممەد
وەکوو پەنجەی دەستی عیسای مەسیح
بووی بە چرای ڕۆژی هەڵستی

یادت پیرۆز بێ

سەلام سمایل سورخ

١- ئەم وتەیەم لە زمانی خاک«ئەنوەر سوڵتانی» بیست کە برا چکۆلەی کاک عومەر سوڵتانی «وەفا» بوو و مامۆستای قوتابخانەی دووا ناوەندی (دبیرستان)ی بۆکان، و لە خزمەتییا دەرسم خوێندووە، قوتابی ئەو بووم.

٢- خورینک: ئاوی بە خوڕی حەوزە گەورەی بۆکان کە دەهاتە دەرێ، و شار لوولە کەشی نەبوو گەورە کچانی شار لەوێ - جڵ و لیباسییان دەشوورد.

٣- قەڵای سەردار لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەداخەوە لە بێ موبالاتی خەڵک بێ چاوەدێری ڕوخا، حەوزە گەورەش سەری دا پۆشرا. دەتوانین بڵێین شارێک گەنخاو ڕوخا.

سپاس و پێزانین و ئەمەگداری بۆ دانیشتووانی گەڕەکی «تەقتەقان»ی بۆکان. کە بە منداڵی دوور و نزیک چاوە دێرییان لێ کردووم، بە تایبەت بنەماڵەی دوکتور عومەر حەدادی «ئەمیر» کە ساڵێک لە ماڵیان دەرسم خوێند.

حەسەن زیرەک: کە بۆ هەوەڵ جار و دووایین ئاو پرژێنی دڵمی کرد

قەڵای سەرداری بۆکان: وەک کوشکێکی چکولە وابوو کە قوتابخانەی سەرەتایی مان بوو
لە ساڵەکانی ١٣٤٩ و ١٣٥٠ی هەتاوی

کێوی تەرەغە: ناسنامە ی بۆکان و هێمای ئەستورە و بوونەکان

کانون کوە نوردان کردستان

٤ی جانێوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## فەرهەنگۆکی گۆرانییەکانی زیرەک



**هاوڕێ جەلال**

**شەمامە، شەمامە، شەمامە، شەمامەی چوار بێستانی**
**بەژن بڵند و ڕێک و جوان بە ملیۆنێ هەرزانی**

**چوار بێستان**: بێستانێکە هەر چوار جۆری کاڵەک و شووتی و ترۆزیی و خەیاری تێدا کرابێت.

**ئەی ڕەندی ماڵم ڕەندی، سنگت کارخانەی قەندی**
**ماشەڵڵا ڕەند و مەندی، لەسەر چیم لێ دڵمەندی**

**ڕەند**: جوان، هەروەها ئێویشە بۆ ئافرەت، واتە پێ دەچێت. وەک چۆن لە گۆرانیی دیکەدا دەبێژێت (ئامینێ و ئامین) لێرەشدا دووبارە کردنەوەی ئێوی ئافرەتەکە بێت:

**ڕەند و مەند**: جوان و سەنگین
**مەند**: سەنگین

**کارخانەی قەند**: کارگەی شەکر، کارگەی قەند. (وشەی قەند، لەگەڵ - candy - ی ئینگلیزییدا هاوڕیشەیە. وشەی (شەکر- شەگر- شەکەر- سەکر)یش لە وشەی (شۆگە - شۆکە: کشک، شۆک، شەک، شەکرۆک)ەوە هاتووە. وشەی شەکر لە زمانی ئینگلیزییدا بە (شوگە) دەخوێنرێتەوە.

**شۆکە**، مادەیەکی بلووریی شیرین و ورد و سپییە، لە کۆندا وەکوو شەکر سوودی لێ بینراوە.

لە گۆرانییەکەدا، لەوەی کە سینگی بە کارگەی شەکر چوێنراوە، مەبەست ئەوەیە کە سینگی سپییە وەکوو شەکر.
دڵمەند: دڵزویر

**هەڵاڵە و سوێسنان دەراویان دەدڕی**
**مەمکۆڵەی یارم کراسیان دەدڕی**

**هەڵاڵە:** ئەلاڵە، هەلاڵ، هەلایهیل، گوڵەمێرگ: گوڵێکی جوان و بۆنخۆشە

کە دەوترێت (ژەهری هەلاهیل) واتە (ژەهری هەڵاڵە). جۆرە هەڵاڵەیەک هەیە؛ پێی دەڵێن (ژارهەڵاڵە، ژارهەلاهیل، گیاژار) بە شێوەزاری فارسیی پێی دەوترێت (آلاله زهری)

**سوێسن:** سۆ، سۆس، سووسەن، سۆسەن، سوێسەن، سوێسنە، سووسن، سوێسنیی، سێسن، سێسنە، سەوسەنیی، سۆسەنێ، سۆسەنیی، سیسەن،: گوڵێکی بۆنخۆشە، چەند ڕەنگی هەیە.

**دەراو:** دەور و قەراخی چاوگە و کانیی، یاخود جۆ و ڕیبار (ڕووبار).

**مەمکۆڵە:** (مەمک + ۆڵە: ئەمرازی بچووککردنەوەی ڕێزمانیی): مەمکی بچووک. وەک (زەنگ —> زەنگۆڵە)

**بارانە باران، دەبارێت باران**
**دەبارێ لەسەر ناسک و نازداران**
**دەدا لە گۆنای سیمین عوزاران**
**سیمین عوزار: ڕووخسار سپی و زیویی**

سیم: زیم، زیو، زێب
عوزار: ڕوو، چارە
وەک (گوڵ عوزار= گوڵڕوو)
**هەڵم گرن لەنگەر لەنگەر**

**بمبەن بۆ ماڵی بە نۆکەر**

**لەنگەر: هاوسەنگیی (توازن)**
**بە نۆکەر: نۆکەردار، ماڵێک کە دەوڵەتمەند بن و نۆکەریان ڕاگرتبێت.**
**وشەی نۆکەر لە (نواکەر) چێ بووە. (نوا) واتە (خزمەت، پەرا)**

**((چووم بە نوای میوانەکانەوە))**

**((لە فێرگەی ئەزمەڕ بووم، بە مامۆستا عەبدوڵڵای تاجی سەرمم دەوت: مامۆستا، نۆکەرتم. بە گاڵتەوە دەیوت: پێویست ناکات نۆکەر بیت، کەرێکی چاک بە، بەسە!))**

**ئەو مامۆستا خۆشەویستە، هێز و متمانەی زۆری پێ بەخشیوم، ئەو بوو پێی دەوتم چاوەڕێی ئەوەت لێ دەکەم لە پاشەڕۆژدا کەسێکی بەهرەدار و بەرهەمدارت لێ دەربچێت. بۆیە لێرەوە حەزم کرد نێوی بهێنم و ڕێز و پێزانینی خۆمی بۆ دەرببڕم.**

**بە پێشکەشی باڵات بێت (سابڵاخ) و (دربکە) و (لاوێن)**
**پایەنازی باڵات بێ (سەردەشت) و (ڕانیە) و (بتوێن)**

**پایەناز: پایەئەنداز: ئەو فەرشەی ڕادەخرێت بۆ بەسەرداتێپەڕینی مێوان، بە ڕاخەرێکیش دەوترێت کە بە پێڵاوەوە هاتوچۆی لەسەر بکرێت، بەو پارچە ڕایەخەش دەوترێت کە لە پێشی دەرکی ژوورەوەیە بۆ پێڵاو لەسەر دانان، یان پێڵاو پاککردنەوە پێی.**

**دوو چاوی جوانت بوونە جەلابم**
**پێیان بفەرموو نەدەن عەزابم**

**جەلاب: جەللاب: دەربڕینی بازاڕییانەی وشەی (جەللاد)ی عەرەبییە.**

**زۆر وشەی عەرەبیی لە گۆکردندا دەنگەکانی دەگۆڕن، بە وێنە تێبینییم کردووە. بە وێنە لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا، وشەی (نەجیب)ی عەرەبیی بە (نەجیم) دەردەبڕن.**



سەرچاوە
Serchawe

لە دەربڕینی کلاسیکدا، چاووبرۆی یار بە جەللاد و قابیز (ڕۆحستێن) دادەنرێت. تەنانەت سوورهەڵگەڕانی چاوی یار؛ بە خوێنچۆڕان لە دەست و تیخی جەللاد چوێنراوە.

نازانم لە کێ پرسم ئەو گوڵە میوانی کێیە
سەبارەت بە یاری خۆم، ئاوەدان بێ ئەو دێیە

سەبارەت: لە پێناو، لەبەر

واتە ئەو دێیەی یارمی تێدا دەژی، یاخوا لەبەر یارم ئاوەدان بێت.
سەبارەت بە تۆ، دەمرم: واتە لە پێناو و لەبەر تۆ، دەمرم
(زۆر جار وشەی (سەبارەت) بە هەڵە دەکار دەهێنرێت)

عەنتیکە و زێدە لاوە، چۆنی لێ بکەم سڵاوە
سنگی پەنیری کوردیی، زوڵفی گیابەند و خاوە

عەنتیکە: ئەنتیکە: دانسقە، ناوازە

ئەنتیکە لە ئێستا بۆ شتی دێرینەش بەکار دەهێنرێت، وشەکە لە (ئانتیک)ی فەرەنسییەوە هاتووە، ئەویش لە (ئانتیکوس)ی لاتینییەوە هاتووە کە واتای (کۆن، دێرینە) دەدات.

زێدە لاو: زۆر لاو، زۆر جەوان (سەرەتای لاوێتیی)
گیابەند و خاو: دوو گیای بەهاریی بۆنخۆشن

ڕێگاکەم دوورە کەژاڵ گیان، دەچم بۆ مياندواو
جووتە مەمکەکەت وەک سێوی سێڵاوی

لە جێی دیکەدا دەڵێت؛ (گوڵی سێڵاوێ،.....)

سێڵاو: ئەسێڵی ئاو، ئەستێڵی ئاو. هەندێک وشە پیتی (ئە-ئا-ئۆ)ی دەچێتە سەر، یان بەپێچەوانەوە لێی دەبێتەوە (ئەستێڵ

—> ستێڵ) (ئەستوون، هەسوون —> ستوون)

وشەی (سێڵاو) واتای دیکەشی هەیە، وەک (سێڵاو: سێڵاب، سێڵاڤ، سۆلاڤ، شێلاو: ئاوی بەخوڕ و بەتاو)

**چاوت ئەستێرەی سەحەرێ**
**هەڵدێ لە (بێژنگ بەسەر)ێ**

ئەستێرەی سەحەر: ئەستێرەی بەیان، ئەستێرەی بەربەیان، ئەستێرەی ڕۆژ، ئەو ئەستێرەیەی دەمەوبەیان هەڵدێت، ئەستێرەیەکی ڕووناک و پرشنگدارە. هەڵهاتنی ئەم ئەستێرە ئاسانکاریی بوو لە ڕابردوودا بۆ دیارییکردنی کاتی مەلابانگدان (پێشتریش باسم کردووە). ئەم ئەستێرەیە؛ لە کوردەوارییدا پێشی دەوترێت (کاروانکوژە، زێرگۆن، کاروانقڕان، قورخ). لە کۆندا هەسارە و ئەستێرەکان بێ جیاوازیی هەر پێیان وتراوە (ئەستێرە). ((بە لێکدانەوەی ئەمڕۆ)) ئەستێرەی کاروانکوژە؛ ئەستێرە نییە. بەڵکوو هەسارەی زوحەلە، کە لە کوردەوارییدا پێی دەوترێت (کەیوان - ناهید).

بێژنگ بەسەر: شاخێکە لە بازیان، سەرەکەی تەخت و خڕە و دەڵێی بێژنگە. واتە شاخەکە دەڵێی بێژنگی بەسەریەوە ڕاگرتووە.

**بولبولم بێ چارە ماوم، چونکە لە گوڵ بڕاوم**
**گوڵخانە لێ داخراوم، گوڵخانە داخراوم**

گوڵخانە: شوێنێک، خانەیەک کە تایبەت بێت بە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی گوڵ. بە زۆریی گوڵخانە، سوودی لێ وەردەگیرێت بۆ ڕواندنی تۆمی گوڵەکان و ئامادەکردنی شەتڵی گوڵەکان. واتە (گوڵخانە) و (گوڵزار- گوڵباخ) جیاوازن. گوڵخانە، بریتییە لە خانوو و ژوور، بەڵام گوڵزار، زەوییەکی کراوەی گوڵە.

هەر لەو دێڕە هۆنراوەیەشدا ڕوون کراوەتەوە، کە گوڵخانە، بریتییە لە ژووری گوڵ، چونکە ئەگەر دەرگەی گوڵخانە دابخرێت، تەنانەت بولبولیش ناتوانێت بچێتە ژوورەوە، بەڵام ئەگەر باخی گوڵ دەرگەکەشی دابخەیت، ڕووی سەرەوەی هەر کراوەیە و باڵندەکان دەتوانن بچنە ناوی.

**پامووورەکانی زێڕی خالیسە، پاوانەکانی زێڕی خالیسە**



سەرچاوە
Serchawe

**یـــاری خـۆم خـۆش دەوێ، جـوان و تـەمیسـە**

(پاموور - پامووره) و (پاوانه) هەر یەک شتن، تەنێ جیاوازییەکەیان ئەوەیە پاموور، پتر لە موروو دەهۆنراوە و ئافرەت دەیان خستە پایان، بەڵام پاوانە هەمەچەشنە بوو، لە زێڕ و زیو و هەروەها مووروش بوو.

زێڕی خالیس: زێڕی خاڵس، زێڕی خاوس، زێڕی پەتی، زێڕی پەخت، زێڕی پوخت (زۆر جار دەنگی -خ- دەچێتە سەر وشە کوردییەکان یان واژووانە؛ دەنگەکە لادەبرێت، وەک (شەت: سارد، تەزیو) (شەتاو: ئاوی سارد). (شەت) دەبێتە (شەخت، شـەختە: کە واتـای سـارد، تەزیـو) دەدات. (تەت: تـات) دەبێـتە (تەخـت) (تـاتەبەرد = تەخـتەبەرد، بەردی تەخت)...نموونەی لەم جۆرە زۆرن و هیوامە کەسێک ئەو وشانە گرد بکاتەوە.

تەمیس: (تمیز - عەرەبیی) بە شێوەی دووانیی (پاکوتەمیز)یش بەکار دەهێنرێت. ئەم وشە دووانییانە لە دوو بەش پێک دێن، هەردوو بەشەکە یەک واتا دەدەن، بەڵام یەکیان کوردییە و ئەوی دیان بیانییە. وەک (پێوقەدەم، بانگوسەڵا،...)

**کوێستانان خاڵخاڵ، هێشتا ماوە کلیلە**
**فاتم گیان، جێگای تۆبەمان (زەمبیل)ە**

خاڵخاڵ: پەڵە پەڵەی بچووک، نوقتە نوقتە، پنت پنت.

کلیلە: کلێڵە، کلێلە، کەویی، کەوێ، کەویە، کەڤکە بەفر، کەپکە بەفر، کەویە بەفر، کەڤیی، شەپە، شاپ، شاپە، ڕنوو، ڕەنوو، ڕنیی، ڕەنیی، ڕندوو، ڕەندوو، ڕندۆک،... بەفرێک کە بە گەردنە و لووتەی یان زەنەی کێوەکان ماوەتەوە و هێشتا نەچووەتەوە.

کۆی واتای دەربڕینەکە: پەڵە پەڵە هێشتا بەفر بە شاخە کوێستانییەکانەوە ماوە ئەم دەربڕینە بە شێوەی دیکەش هەیە: (( کوێستانان خاڵخاڵ، بەفری ناچێتۆ / یارم تۆریاوە ئاشتی نابێتۆ)) ((کوێستانان خاڵخاڵ سەری بەتەمە/ نازانم یارم مەیلی بۆ کەمە)) ((وەکوو کوێستانی بێستوون، ئەوا سەرم خاڵخاڵە/ لە چەرخی داوی گەردوون، دڵم دەکا سکاڵا...))

**چـاوت ئەستێرەی شەوێ، کوڵمت دەنـدووکی کەوێ**
**لە من و لە گولەکەی مێردت، کاممانت زۆر خۆش دەوێ؟**



سەرچاوە Serchawe

ئەستێرەی شەو: ئەو ئەستێرانەی لە دوای ئێوارەوە هەڵدێن و دەردەکەون.

چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ، ئەبرۆت لە خەودا بمێنێ
دەڵێم دەستم دە ستۆ کە، غەوسی لە منت نەستێنێ

بە پارێز شەوێ بۆم وەرە، با گولەت وەرهەم هەڵێنێ

ئەستێرەی ڕۆژ: ئەو ئەستێرەیەی دەمە و بەیان هەڵدێت، هەڵهاتنی ئەو ئەستێرانە ئیدی بە ڕۆژ دادەنرا.

(ئەبرۆت لە خەودا بمێنێ) دوو واتای هەیە:

١- برۆت هەر ڕاکشاو بێت
٢- برۆت بە خەم بمێنێ (خەو، خەم: کەچ: کەمانەیی، کەوانەیی)

بە پارێز: بە سرتە و ئاگایی

دەستم دەستۆ کە: دەستی من لە ستۆ (ئەستۆ) بکە: دەستم بخەرە گەردەنت.
غەوسی: غەوس (غەوسی گەیلانی: شێخ عەبدولقادری گەیلانیی)

وەرهەم: وەرەم، ماسان، هەڵماسان، هەڵئاوسان، پەنمان

دەردت لە ماڵم جوانێ، قیتێ گوارە جۆلانێ
گرتم دوو ماچم لێ سەند لە ڕاستەی خیابانێ

قیت: کەسێکی توندوتۆڵ و ڕێک و بەژن شووش (بەژن شووشەیی: بەژنێکی ساف و ڕێک و ڕەوان)

گوارە جۆلانێ: گوارەکانی شۆڕن و جۆلانێ دەکەن!

هەر ئەم دێڕەی زیرەک؛ بەخۆی دەبێتە ڕوونکارێک:

((بە شلومل هاتنە نێوانێ، گوارەی زێڕ دێنمە جۆلانێ))

ڕاستەی خیابان: ناوەڕاستی جادە یان ڕێکایی جادە

بۆ پتر ڕوونکردنەوە، (ڕاستەی ئاوزەنگ: ڕێکایی ئاوزەنگ)

((ئەرێ ڕاستەی خیابان، گیانە گوڵ و گوڵزارە

مەڕۆ لەنێو گوڵاندا دایم یارم دیارە))

**وەرە وەرە بەر پەنجەرە، گێلگێلەدارێ**

**بە سەرگەردی باڵاکەت بم، بۆم وەرە خوارێ**

گێلگێلەدار: بە گێلگێلە، ئافرەتێک گێلگێلە بە سەروێن (سەرپێچ) و شەدەیەوە بێت.

سەرگەرد: باڵا گەرد، لە دەوری سەر گەڕان، جاران حەیوانێکیان لە دەوری کەسێک دەگێڕا و دوایە دەیانکوشتەوە و پێیان وا بوو ئەو ئاژاڵە، قەزا و بەڵای ئەو کەسە دەگرێت و لێی دوور دەخاتەوە.

**هەلام هەلام هەلامە، شیرینێ دەچتە هەلامە**

**لەو دەسڕەی دەستی کفنم تەمامە**

هەلامە: گیایەکی بۆنخۆشە باڵاپیاوێک بەرز دەبێتەوە

شیرنێ دەچتە هەلامە: یاری شیرین، یان خاتوو شیرین دەچێتە هەلامەکردنلەو دەسڕەی دەستت کفنم تەمامە: واتە ئەو دەسڕەی دەستت بەسە بۆ کفنەکەم

**بەهارە، بەهارە، ئاوەنیا شینە**

**یارێکم هەیە، خوێنی شیرینە**

ئاوەنیا: زەوییەک بە ئاوەوە داچێنرابێت بە دانەواڵە، پێش بارانی پەڵە.

دەغلودانێکیش کە دوای بارانی پەڵە داچێنرابێت، پێی دەوترێت (تەڕەکاڵ) وشەی (ئاوەنیا) واتای (ئاو لێ نریاو)، ئاوداشتە دەدات.

**عاشقان پاک دڵیان ناسکە، مەعشووقەیان وەک ئاسکە**
**دەپەڕێ باسکە و باسکە، بۆیە یارەکەی دەهاسکە**

(زیرەک ئەم دێڕەی بە شێواویی دەربڕیوە)

پاک: سەرپاک: گشت

باسک: تەپە، گرد، خڕە

هاسکە: دەنگی ئاسک، هەروەها بە دەنگی هەناسەبڕکێ و هەناسەدانەوەی دەمی هیلاکیی دەوترێت واتای دێڕەکە:

دولبەران، وەک ئاسک لەم گرد بۆ ئەو گرد هەڵبەز و دابەز دەکەن و دێن و دەچن، بۆیە لە هیلاکییدا هاسکەیان دێت.

دەربڕینەکە وەک ئەوەیە بڵێیت: (( بولبول، لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕێت))

**لەگەڵ تۆمە ئەی فاتمە**
**مەمکت شەمامەی گمگمە**
**من قاوەچیم پێم لازمە**

(مەمکت شەمامەی گمگمە) ڕاستەکەی (مەمکت شەمامە و گمگمە)

واتە مەمکت وەک شەمامە و گمگمە: گومگومە (فنجان، کوپی قاوە، یان قوبەی سەر دەفر) خڕە. لە کوردەوارییدا مەمک بە دەفری خڕ چوێنراوە، هەروەک زیرەک بە خۆی لە چەند شوێنی دی مەمکی چواندووە بە فنجان، وەک:

**باڵابەرز و شیرین زمان،**
**قەدباریک و مەمک فنجان**

ئەم هۆنراوە فۆلکلۆریی بە شێوەی دیکەش هەیە، وەک:

**دەوای دەردم ست فاتمە**
**مەمکت مەسینەی بە گومگومە**

**خۆم قاوەچیم پێم لازمە**

لێرەدا (گومگومە) بریتییە لەو قوبانەی بەسەر ئافتاوە، یان دەلەی قاوە کوڵاندنەوە هەبووە.

**جووتێ گوارەی بۆ دەکڕم، لە عالەمدا مەنشوور بێ**
**کەڵەباب مرواریی بێ، پڕپرەی زێڕی سوور بێ**
**کەژاڵ گیان لە گوێی بکا، بەڵکوو دنیا خاپوور بێ**

مەنشوور: مەشهوور، نامێ

کەڵەباب - کەڵەبابە: خشڵی ئافرەتان بوو، لەسەر شێوەی (کەڵەباب: کەڵەشێر) چێ دەکرا، زۆر جار ناوەکەیان بە مرواریی و بەردی گرانبایی دەڕازاندەوە.

پرپرە: پلپڵە: خشڵێکی ئافرەتانە. هەروەها بەو وردە بەردە گرانبایی و ڕەنگاو ڕەنگەی ناو خشڵەکانی دیکەش دەوترێت، بۆ وێنە پلپڵەی گوارە، یان ناو کەڵەبابە.

واتە زیرەک مەبەستی لە دەربڕینەکە لێرەدا ئەوەیە: کەڵەبابەیەکی بۆ دەکڕێت کە خودی کەڵەبابەکە لە مرواریی دروست کرابێت و پلپڵەکانی ناویشی لە زێڕی سووربن.

بە ڕای من ئەگەر زیرەک دەربڕینەکەی هەڵبگێڕابایەوە درووستتر و جوانتر دەبوو.

چوونکە زیرەک، بە هۆی نەخوێندەوارییەکەیەوە هەڵەی زۆری کردووە. ((وتارێکی دادێم لەسەر هەڵەکانی زیرەک دەبێت))

بۆ نموونە؛ زیرەک لە جێیەکی دی دەڵێت:

**کەڵەباب مرواری بێ، پڕپرەی زێوی سوور بێت**

ئەم دەربڕینەی ئێرەی هەڵەیە، چوونکە زیو (زێو، زێب، سیم) ڕەنگی سووری نییە.



سەرچاوە Serchawe

کەوایە ئایا ئاڵتوون ڕەنگی سوورە؟

بەڵێ، ئاڵتوون هەم زەردە و هەمیش سوور. تەنانەت وشەی (زەڕ: زێڕ) واتای (زەر: زەرد) و وشەی (تەڵ، تەلا) واتای (سوور) دەدات. تەنانەت (تارا) کە بووک بەسەریاندا دەدەن و خۆیاشە ڕەنگی سوورە، لەگەڵ ئەم وشەی (تەلا)دا هەمان شتە.

واتە دڵنیا بن لەوەی کە وشەی (تەلا) هینی کوردانە

هەروەها دەمەوێت پێتان بڵێم وشەی (ئاڵتوون) و (تەلا) هەر یەک شتن و گۆڕاوی یەکدین.

وشەی وشەی (ئاڵتوون) لە زمانی کوردییدا بەم شێوانەش هەیە: (ئاتەڵ، ئاتی، ئاڵتی، ئاڵتین)
واتە وشەی (تەڵ:زێڕ) دوو پیتی (ئا)ی چووەتە سەر و بووە بە (ئاتەڵ)

تەڵ —> ئاتەڵ
سەمین —> ئاسەمین، یاسەمین
سان – سانا —> ئاسان
ستوون —> ئەستوون
ستۆ —> ئەستۆ
مە —> ئێمە
وان —> ئەوان

واتە وشەی (ئاڵتوون) هەڵگەڕاوە و گۆڕاوی وشەی (ئاتەڵ)ە.
ئەنگوستت دەرزی، زوڵفت خەیاتە
ڕوحم کێشکچی دەوری باڵاتە

ئەنگوست: ئەنگوشت، قامک، پەنجە

خەیاتە: داوی ئاریشمیی، ڕیسی ئاوریشمیی

کێشکچی: ئێشکچی، پارێزەر، پاسەوان، پارێزڤان، پاسیار (پاسدار).

(ئەنگوستت دەرزی) مەبەست لەوەیە کە (پەنجەکانت باریکن) لە کوردەوارییدا بۆ (ئافرەت) پەنجەی باریکیان پێ جوان بووە.

ڕوحم کێشکچی دەوری باڵاتە: لە کوردەوارییدا لە هەندێک باردا پێیان وایە ڕۆحی کەسێک دەتوانێت پارێزگاریی لە کەسێکی دی بکات و قەزا و بەڵای لێ بگێڕێتەوە، یاخود قەزا و بەڵاکەی هەڵبگرێت بۆ خۆی.

**هێند نەرمی هەر دەڵێی هوڵووی، چەند سووکی دەڵێی مشتووی**
**بەقیمەت وەکوو بڕنووی، هەرچی من دێم تۆ نوستووی**

هوڵوو: قۆخ، هڵو، هەڵوو

ئاگادار بن ئەگەر وشەکە بە (ل) دەرببڕن؛ واتای (هەرمێ، ئەمرۆ، هەرموو، هەمرۆ) دەدات. فارسەکان بە هەرمێ دەڵێن (گلابی)! خۆی (گلابی) جۆرێکی هەرمێیە. وەک دەڵێن هێندە جوان و ناسکە دەڵێی هەرمێ گوڵاوییە. هەروەک زیرەک لە جێیەکدا دەڵێت:

**((شەدەلار، بۆچی لە منتۆراوی – جووتە مەمکەکەت هەرمێ گوڵاویی))**

مشتوو: چەند وشەیەکی (مشتوو)مان هەیە. لێرەدا مەبەست لە مشتوو؛ دەسکی خەنجەر و شمشێر و ئەو شتانەیە، کە پێشی دەوترێت: (قەڤد، قەبدە، قەفدە، قەفت، قەفتە، قەبزە). دیارە ئەو دەسکە بەزۆریی دارینە بووە و کێشی کەم بووە.
بڕنوو: بڕنۆ، بڕنەو. نێوی تفەنگێکی درێژ و ڕێکە. نێوەکەی لە نێوی شاری (برنۆ)ی وڵاتی چیکەوە هاتووە... تفەنگ کەرەستەیەکی گرانبایییە، بەتایبەت لە ڕۆژگاری ڕابوردوودا شتێک بووە کە لە سەوداکردنی هەموو کەسێکدا نەبووە.

هەر لەم بەنرخییەیەتی کە لە هۆنراوەی فۆلکۆرییدا ئافرەتیان بە تفەنگ و دەمانچە چواندووە.

بۆ وێنە لە هۆنراوەیەکی دیکەدا هەیە:

زێڕی هەژدە عەیار و دەمانچەی کەلەکێیە.

لێرەدا ئافرەت چوێنراوە بە (دەمانچەی ناوقەد، دەمانچەی کەلەکە).
وەک لە جێیەکی دیکەشدا دەڵێت:

**کارخانەی قەند و بڕنووی سەواری**
**بە تاڵان کەوتییە دەست کوردەواریی**

بڕنووی سەوار: ڕاستەکەی بڕنووی سوار (بڕنەوی شانی سوار)ە.

بەرموور، قەرەڵوو، چاوبەڵەک، دوودەریی

**دەنگ دێ لە بەرموورەکەی، کوشتمی کوڵمە سوورەکەی**
**هەرچەندم کرد، بۆم کرا، خۆم بخەمە لای پوورەکەی**

**قاسپاندم چون کەو، گێلّم خوارد چون مار**
**ئەڵقەم دا لە دەور سەوڵ پای چنار**

گێڵ: ئەڵقە، بازنە، پێچ، پێچکە، پەپکە

سەوڵ: سەور، سەروو. خەڵک ئێستا بە هەڵە بە داری (سەروو)ش دەڵێن سنەوبەر، ڕاستییەکەی ئەو دارە بەرزە ڕێکەی کە خەڵک پێی دەڵێن سنەوبەر، سەرووە نەک سنەوبەر. داری سنەوبەر زۆر بەرز نابێتەوە و پان دەبێتەوە، بەڵام داری سەروو زۆر بەرز دەبێتەوە و ڕێک ڕاست هەڵدەستێت

پا: تەک، کن، لا، پاڵ
ئەم دێڕە لای چەند دەنگبێژی دی دەستکاریی کراوە و شێوێنراوە:

**ناڵاندم وەک کەو پێچم خوارد وەک مار**

**ئەڵقەم دا لە (دەو!) باڵا و قەد چنار**

ئەوە (دەور)ە نەک (دەو).

وشەی (گێڵ، گۆڵ، گوڵ، گۆل) واتای ئەڵقە دەدەن.

بە نموونە وشەی (گوڵمێخ: مێخ و ئەڵقە، سنگێکە کە ئەڵقەیەکی ئاسنیی تێکراوە بۆ تێبەستنی گوریس).

وشەی (گێل) واتای کەسێکە بە دەوری خۆیدا سووڕ و گێژ بدات. هەر وشەی گێژ: سووڕ دیسان بە واتای گێلیش هەیە.

ئەو چاوانەی گێژیان دەدەیت: ئەو چاوانەی دەیسووڕێنیت.

سەرنجتان دەخەمە سەر دوو وشەی گوێنە (گوڵنگە، گوڵونگە) و گێل (گێلگێلە). ئەم دووانە هەر یەک شتن و بریتیین لە گۆ و خڕایی سەر کڵاوی پیاوان و ئافرەتان، یان سەربەندی وڵاخ. گێلی ئافرەت کە چەند دانەیەک یان بابڵێین ئەگەر ریز بوو، پێی دەوترێت (گێلگێلە). وشەی گێل هەر بۆیە لە وشەکەدا دووبارە بووتەوە مەبەست لە زۆرییەکەیەتی.

دەمێکە دەمەوێت لەسەر ئەم وشەی (گوڵ)ە بنووسم، لە دادێدا وتارێکی سەربەخۆی لەسەر پێشکەش دەکەم

**ئەو باڵابەرزەی ئەو تەل بەسەرە**
**ئەمنی کوشتووە، خۆی بێخەبەرە**

تەل بەسەر: (تەل: تەڵا: زەڕ، ئاڵتین، ئاڵتون) واتە ئاڵتون بەسەر، سەر بە تەڵا.

سەیری ئەم دێڕەی خوارتر بکەن:

**دەڵێم دەستەملانت بم، سەر بە تەڵای مل بە کوێن**
**دەڵێم وەرە با جووت بین، یاری جوانم لە بتوێن**

سەر بە تەڵا: تەڵا بەسەر، تەل بەسەر

مل بە کوێن: کوێن لە مل، کوێن (کەوێن). پارچە قوماشێکی ڕەنگ شین (کەویی) بووە، ئافرەتان وەک بەریەخە دەیان پۆشی وەک نیشانەیەک بۆ شین و ماتەمباریی. وشەی (شین) هەر لەم شینپۆشییەوە هاتووە. وشەی (کەوێن)یش واتای ڕەنگ کەویی دەدات.

**کەلەکەی چەپم کون بوو، لێوئاڵ بە مست لێی داوە**
**سەڵای گەورەم لێ ڕابوو، ئەو کچە بۆچی تۆراوە**

**سەڵا: سڵا، سڵان، پەسڵان، قیامەت**

**ڕا بوو: هەستا، بەرپا بوو، هەڵستا**

**دەمەکەت هەنگوین لە کوزووی شیندا**
**ناردوومە خوازبێنی لێم چووە بە قیندا**

**کوزوو: گۆزک**

**کوپەی دەم تەسک و باریک کە تایبەتن بە هەڵگرتنی ڕۆن و هەنگوین... وەک: (کەدین، کەدیم، کەدون، کەدوم، کەدینک، کەدوینک، کودیلە،....) وایە بەرام ئەمیان لە کدوو: کولەکە چێ دەکرا.**

**وشەی (کوزوو) داڕێژراوە [(کوز: درز) + وو: پاشگری نێوساز] واتە ئەو دەفرەی کە دەمی تەسکە.**

**ژنی گولەی مێردانی، لە شەوڕاوێ دەزانی**
**وێنەیماینی خۆش تەعلیم، فێری تەقڵە و لەنگدانی**

**گولە: پیاوی نابووت و ڕیسوا و هیچ تیابەسەرنەبوو (ژنەی گولەی مێردانی: ژنی مێردێکی گولەکە و نابووتیت) شەوڕاو: یەکتربینینی نهێنیی دوو دۆست یان دڵدار لە شەودا بە پارێز و ڕاو (نهێنیی و دزیی و ژێربەژێریی، واتای گزیی و فێڵیش دەدات)**

**ماینی خۆش تەعلیم: ماینێک کە باش ڕاهێنرابێت**

**تەقڵە: پێشبڕکێی ئەسپان (جلیت)**

**لەنگدان: لنگدان، تاودان.**

**وەک لە جێیەکی دی دەڵێت:**

**لەسەر پردێ گرتیان سەنگەر**

دەستێ نیزامی خۆڵبەسەر
(لنگ/لەنگ)یان دامێ دەستەو خەنجەر

واتە دەستەیەک چەکداری میریی، لەسەر پردێک بۆسە و پارێزیان لێ گرتبووم و بە خەنجەرە و تاویان دامێ و شالاویان بۆ هێنام.

بەرهەڵبێنەی خام هەراوە، حریرە و بای نەداوە
بەرهەڵبێنەی خام هەراوە، هەردەڕۆیی و دەکراوە
قەرارم کرد بە دوو ماچ، ڕاوەستا بۆم گرێ داوە

بەرهەڵبێنە: بەروانە، بەروان، بەروانکە، بەرچارۆکە، بەرڤانکە، سینەپۆش، بەربەند، پێشبەند، بەرپیل، بەراپیل،....
هەراوە: یان خام هەراوە: جۆرە قوماشێکی خام بووە
قوماشێکی پانە، بە بەردا هەڵی دەبەستن بۆ ئەوەی پیس نەبن.
بای نەداوە: لوولی نەداوە

شەودەعوەتیان گرت بە ڕێزە لالەبەدەستان
چەن جوان و شۆخ و شیرینە کیژۆڵەی کوردستان

شەودەعوەت: شەوداوەت، شەوگەڕ، بەزمی شەوان، کۆڕی بەستە و گۆرانیی و ئاهەنگیی شەوان
لالەبەدەستان: ئەوانەی لالەیان هەیە، مەبەست لەو کچانەیە کە مەمکیان ڕەسیوە

گۆزەی هەڵگرت بۆ سەر چۆمی
خۆ پێم گوت تۆ یاری خۆمی
دەبم بە جوو بە مەئۆمی

مەئۆم: حەسەن زیرەک لەبەر نەخوێندەوارییەکەی نەیزانیوە بە درووستیی وشەکە چییە. زیرەک مەبەستی لە (مالووم، مالم)ە کە مامۆستای دینیی جووە.

مەبەستی گۆرانییەکە ئەوەیە: لە پێناوی یارەکەمدا ئامادەم ببمە جوو، تەنانەت ببمە مالوومیش وەک لە جێیەکی دی دەبێژێت:

گەر گولە پرسی کێیە، ڕامژێنە بلێ مندالە
عرووسم، جووم، ئەرمەنییم، دینم بۆ تۆ بەتالە

عرووس: ڕووس

لەسەر تۆ لە دەستم چوو، (سابلاخ) و (شنۆ) و (نەغەدە)
چەندی لێ جوانە لێوئاڵ، گێلگێلە لەگەڵ شەدە

لێوئاڵ: لێوسوور، ئاڵ: سووری تۆخ، سووری تێر.
گێلگێلە: گۆی چنراوی سەرپێچ و سەربەست (دەستارٍ)ی ئافرەتان.
شەدە: پێچ، سەرپێچی ئافرەتان.

سوێندم خوارد بە بیلایە، سنگی کارگی کەمایە
بە ڕۆژ قەولم دەداتێ، بە شەو لە ژوانم نایە

کارگی کەما: کارگێک لە بن کەما دەرهاتبێت. (کەما)ش خۆی گیایەکە پێشی دەوترێت (کەمێ، کەمیر) کەما: گیایەکی بالابەرزە، ئالفێکی باشە لە زستاندا بۆ ئاژەڵ. (قارچکی بن کەما) لە خۆشترین و بەچێژترین جۆری کارگەکانە

تێبینی: (کوارگ)، بە ڕووەک دانانرێت، بەڵکوو سەر بە پێڕی کەڕووەکانە. زۆرجار ڕاگەیەنەرەکان لەم شتانەدا دەکەونە هەڵەوە. (قارچ) بە ڕووەک و (جاڵجاڵۆکە) بە مێروو و (نەهەنگ) بە ماسی ئەژمار دەکەن.

سەرێ بێنە دەر لە باخچەی ساوا
ڕۆحەکەم بیللا بۆ یار نەماوە



سەرچاوە Serchawe

باخچەی ساوا: باخچەیەک کە تازەکیی ڕەنێو هێنرابێت و دار و درەختەکەی هێشتا ساوا و تازەڕەسیو بن. وشەی (باخچە) خۆی واتای (باخی بچووک) دەدات، لەویش بچوکتر؛ پێی دەوترێت (باخچۆڵە). ئەوانەی پێش خانووەکانی شار (باخچۆڵە)ن.

هاتووم لەلای (بۆکان)ێ، کورتێ خاڵ دانەدانێ
تۆ پێت لەسەر چاوم دانێ، بۆچ گولە قەدرت نازانێ

کورتێ: بەژن کورت
خاڵ دانە دانێ: خاڵ دانە دانە، خاڵی سەر گەردن و ڕوو کە بەشێوەی تاک و دانەیی هەبن. واتە خاڵەکان نزیک و جووت نەبن لەیەکەوە.
وەک لە داستانە دڵدارییەکاندا هاتووە: لەبەر ئەو خاڵانەت دەمرم کە هەم تاک و هەم جووتن.

لە جێیەکی دیکە لەبەر کێشی هۆنراوەکە نەکراوە بڵێت (خاڵ دانەدانێ):

ئەو هەرامەی کن بۆکانێ
یار کورتێیە و دانەدانێ
کوشتەی ویم خودا دەیزانێ

هەرامە: فڵان، کابرا
کورتێ: بەژن کورت
وی: ئەو

هاتووم لەلای (نەڵێن)ێ، غەوسی لە منت نەسێنێ
ئاوری لە من بەرداوە، سوورەقورینگی گەرمێنێ

سوورە قورینگ: سوورەقلّنگ: باڵندەیەکی لاقدرێژ و بەرزە، لاق و بەدەنی سوورە. هەمان باڵندەیە کە کە پێی دەوترێت (فلامینگۆ)
بازی بەراگەی بانێ
حدوودی (شارویّران)ێ

**مردم ئەو مەکرەی دانێ**

**بەراگە: بەراکە، بەراک: سەکۆیەکە لە هەیوان یان لە بانیی چێ دەکرێت قەبەسی باڵندە یان شتی دڵگری لەسەر دادەنرێت.**

**ئەگەر نەمدەیتێ حەوت ماچ بە جارێ**
**حەو کۆستت کەوێ هەر یەک لە شارێ**

**کۆست کەوتن: کەوتنی کۆست**

**کۆ: کۆست، کۆستێر، پەروین**

**لە کوردەوارییدا پێیان وا بووە ژیان و بەختی کەسەکان بەستراوە بە ئەستێرەکانەوە. دارژان (کەوتن)ی ئەستێرەی کەسێک مایەی بەدبەختیی و سەرتیاچوونی ئەو کەسەیە.**

**وشەی کۆ، کۆست هەم واتای ئەستێرە دەدات، هەمیش واتای گەلەئەستێرە. هەمان وشەشە کە بووە بە کەوکەو (کەوکەبی عەرەبیی).**

**(بانە) و (مەریوان) ئەم دیو ئەو دیوە**
**ڕەحمەت لەو دایکەی تۆی بۆ من دیوە**

**نیوە دێڕی دووەم: واتە ئەو دایکەی کە تۆی بە دنیا هێناوە و بەدی هێناویت، وەک لە جێی دیکە دەوترێت: قوربانی ئەو دایکەی بم مەمکی سەر زاری ناوە.**

**قیمەت گران، وەزن سووکە، وەک ئەشرەفیی بچووکە**
**خزمینە مەمکەن لۆمە، سافە ئەڵێی مەکووکە**

**ئەشرەفیی: دراوێکی بچووکی لە ئاڵتوون چێکراوی ئێران بوو**

**مەکووک: مەکۆک: دارێکی بچووکی سافە لە ئامێری ڕستن و چنیندا هەیە، مەکووک لە شێوە و قەبارەی هەلووک دایە.**

**کزەیەک لە من، یەکێک لە شەماڵ**

**بیبڕین بە باڵای یاری بێ خەیاڵ**

**بێ خەیاڵ: بێ هەست، گوێنەدەر**

**بێ خەیاڵ و بێ ئەندێش هەر یەک شتن، هەروەک لە جێیەکی دیکە هاتووە:**

**یاڕەب کەس وەک من شەو دەروێش نەبێ**
**تەوەلای وەتەن، قەوم و خوێش نەبێ**
**وەک گورگی برسیی بێ ئەندێش نەبێ**

**لە سیلەی قەبران هاوارە**
**حاکم با بمدات لە سێدارە**
**سیلەی قەبر: گوێ قەبر، سوێی قەبر**

**دۆستی گەورەم توورانە، چاوی ڕاستم خەجێیە**
**بەردەرکی ماڵی تووران پۆستی (گوێچکە دەرێیە)**

**پۆست: پێگە، پایەگا، بنکەی سەربازیی**
**گوێچکە دەرێ: گوندێکی خۆرهەڵاتی کوردستانە.**

**واتە بەردەم ماڵی تووران خان، بنکەی پاسەوانییە.**

**قەد باریکەی ئەی باڵابەرز**
**جووت مەمکت، شەمامەی سەرتەرز**
**خواوەند بۆ منی کردووە فەرز**

**شەمامەی سەرتەرز: شەمایەیەک کە تەرزی پێوە مابێت، تەرز لاسکێکی باریکە بە مێو و بڕکی بێستانەوە: (شووتی، کاڵەک، ترۆزی، خەیار)ەوە هەیە، ئەم تەرزە لە شووتیدا، ئاسانکاریی دەکات بۆ زانینی پێگەیشتنی شووتییەکە. هەر کات تەرزی شووتییەکە وشک بوو، نیشانەی ئەوەیە کە شووتییەکە پێگەیوە.**



سەرچاوە
Serchawe

**دەترسم بمرم داخ لە دڵم بێ**
**خاکەکەی بەغدا ئاو و گڵم بێ**

**ئاو و گڵ: نیشتمان، وڵات، ماڵبەند، خاکوخۆڵ**
**ئاو: ئاخ: خاک، گڵ**

**مودەتێک ئـاوارە بـووم و سـەردەمێکیش دەربــەدەر**
**قەت نەمدی ڕووی ئاسودەگیی هەر توشی گێرە و قەرقەشم**

**گێرە: کوتان و وردکردنی دانەوێڵە بە هۆی ئاژاڵەوە.**
**قەرقەش: کلۆشی گێرە نەکراو.**
**(گێرە) یەکێکە لە فرمانە سەختەکانی لادێ بۆیە وەک نموونەی سەختیی بە واتای گوزارەیی هێنراوەتەوە.**
**(کێشـە)ش بـریتییە لە کێشـانی کـا لە خەرمـان و جـارەوە بـۆ کـادێن، ئەویـش هەر فرمـانێکی پڕناخۆشـە. بـۆیە کـارێکی پڕزەحمەت دەچوێنرێت بە گێرە و کێشە.**
**وشەی (قەرقەش) بە شێوەی (گرگاشە)ش هەیە و واتـای (بەڵا و چەرمەسەریی و دەردیسەریی) دەدات.**

**نایەڵێ ڕەقیب پەی بەرێ بە ڕەنگی زەردم،**
**تا دەمرم مەمنوونی فرمێسکی گەشم**
**گۆشەی تەنیایی من هەر ئەژنۆکەمە،**
**بۆیە وا مەحکەم گرتوومەتە نێو باوەشم**

**سەنگی مەحەکم بۆچییە ڕەقیب لێم گەڕێ، کوردی بێ غەل و غەشم**
**ئەم هۆنراوەیە هەمووی ڕازە، پەیامی هۆنراوەکە ئەمەیە: من هەمیشە فرمێسکی خوێنین بە ڕوومدا دێـتە خـوارەوە، بە هـۆی ئەو فرمێسکە خوێنینـانەوە ڕوومەتـم سوور و گەش دەبێت و ڕەنگزەردیی و خەمبـارییەکەم لای نـاحەزان دەرناکەوێت! هێنـدە تەنیا و بێدەرم کە تەنانەت کونجێک شک نابەم کە هانای بۆ بەرم، تەنیا ئەژنۆکانی خۆم شک دەبەم، بـۆیە وا بەتوونـدیی باوەشم پێیاندا کردووە!**
**سەنگ = بەرد**
**سەنگی مەحەک: بەردی مەحەک، بەردی زێڕ ئەزموون، بەردێکی ڕەشە، هێندەی لەپە دەستێک، زێڕیـان پـێ ئەزموو دەکـرد تـا زێڕی قەڵب و زێڕی پوختی پێ لە یەک جودا بکەنەوە.**

**وەرن جەرگم هەڵبدڕن، بە دەبان و کوشتەریی**
**چەند جێژوانم لەگەڵ کرد، بەر پەنجەرە و دوودەریی**

دەبان: دابان: دەوان: ناسراوترین و باشترین جۆری خەنجەر بووە لە نێو واری کورداندا
کوشتەریی: کوشتەرە، جۆرە چەقییەک بووە نەشتەرکاران بەکاریان هێناوە، ناوی ڕاستینەی بریتییە لە: (نوشتەریی- نوشتەر-نەشتەریی-نەشتەر-نیشتەر-نشتەر) ئەم وشەیەش لێی زیاد بووە، خۆی لە بنەمادا وشەکە (نیش-نش-نوش)ە کە واتای شتی تیژ و بڕەرە. لە کۆندا کەسێک کاری برینکاریی بکردایە پێیان دەوت (نیشدار-نوشدار-نەژدار) ئێستا وشەکە بە (نۆشدار) دەردەبڕن.
دوودەریی: دوودەرکیی، دووقاپیی. دەرک و دەروازەی دووتاکیی. وشەکە بۆ پەنجەرەش بەکار دەهێنرێت.

**شەو و ڕۆژ بیست و چوارە، وەی بە دەقیقە و بە سەعات**
**ئەمن چاوەڕێی یارم، من نەمزانی بۆچی نەهات**
**ڕەبی مشکڵۆزمەم بێ، ئەی ئەو لەسەر پردەکەی سیرات**

مشکڵۆزمە: ئەم وشەیە لە (مشکول الذمە)ی عەرەبییەوە هاتووە، واتای کەسی بێ پەیمان و قەرزاری سۆزە و بەڵێنە، کەسێک کە قەرزی بەڵێن و پەیمانی لەسەر بێت.
مشکڵۆزمەم بێت: قەرزاربارم بێت، دەینم بە گەردنی.

**شەدەی سەرت بە میحرابە**
**لێیرا دیارە ماڵی کەعبە**

میحرابە: قوبە و گومبەزی سەر شەدە و تاسکڵاوی و خشڵ و پۆشاکی دیکەی ئافرەتانە
لێیرا: لێوەی، لێیەوە
واتای هۆنراوەکە: گومەزی سەر شەدەکەت هێندە بەرزە، (کەعبە)ی لێوە دیارە!

**کەوی یانا کەوباڕی، خاسەکەوی یان باڕی**
**با لەسەر تۆ بم کوژن وەک کابرای ناوبازاڕی**

کەوباڕ: باڕ: کەوی تازە پێگەیشتوو

خاسەکەو: کەوێکی جوان و باش و بەخۆ

وشەی (خاسە) لەگەڵ وشەی دیکەشدا هاتووە وەک

خاسەڕەنگ: ڕەنگێک کە بەسانایی نەچێتەوە و کاڵ نەبێتەوە

خاسەجەیران: ئاسکێکی جوان و بەخۆ

نیوەدێڕی دووەم: مەبەست لە کوشتنێکی پەنهانیی بێت و نەزانرێت بۆچی و کێ و لەسەر چی کوشتوویەتی

وەک لە جێیەکی دیکەدا دەڵێت:

**جوانی دەڵێی تەڕلانی، کۆتری دەشتی عەممانی**
**ئاورت لە من بەرداوە، تۆ خاسەکەوی جەیرانی**

تەڕلان: باڵندەیەکی ڕاوکەرە لە پۆلی باز و شاهێنە.

دەشت: سارا، چۆڵ، بیابان

دەشتیی - دەشتەکیی - دەشتلیی - دەشتگیی - دەشتزیی: کەسانێکن کە دەشت نشینن.

**خەمخوار و خوێنشیرینم، خوێناو دێ لە برینم**
**یا ڕەبی بەخێر بێتەوە یاری ڕەزاشیرینم**
**هێشتێ لەسەر لانک بووم، کوشتەی چاوی نەسرینم**

خوێنشیرین: ڕەزاشیرین، زەرەشیرین، ڕۆحسووک، ئێسک سووک

هێشتێ لەسەر لانک بووم: هێشتا ساوا و منداڵ بووم و لەسەر بێشکە بووم، کە عاشقی نەسرین بووم!

**هۆ کاکی جووتیار، ئەی وەی جووتت شەنگوڵ بێ**
**تۆوەکەت ڕازیانە، کاکم خەرمانت گوڵ بێ**

شەنگوڵ: شەنگە، شنگڵ، شمگڵ، شمڵ، لفانە، جووتە،....

واتە بەروبوومەکەت بە دووقات بۆ بەبەر بێت، بەری کشتەکەت دوو دوو بیهێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## ٣٨ ساڵ بەر لە ئێستا ئەستێرەیەکی گەشی ئاسمانی گورانی کوردی لە ئاسۆیی هونەری گۆرانیی دا ئاوا بوو



راپۆرتی - عەبدولغەفار عەبدوڵڵا

هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (حەسەن زیرەک) (٣٨) ساڵ بەر لە ئێستا، لە رێکەوتی ٢٦ - ٦ - ١٩٧٢ لە بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە نەخۆشیەکی کوشندە کۆچی دوایی کرد و ماڵئاوایی یەکجارەکی لەدونیا و کۆری گۆرانی کوردی کرد. (حەسەن زیرەک)ی هونەرمەند ناوی تەواوی (حەسەن عەبدوڵڵا)یە لە ساڵی (١٩٢١) لە شاری بۆکانی رۆژهەڵات، لە نێو خێزانێکی هەژارو کەم دەرامەتدا لەدایکبووە، لە نێو ئازار و مەینەتییەکانی ئەو کاتی ژیان و رۆژگاردا، توانیویەتی داهێنانێکی نوێ بخاتە ناو هونەری گورانی کوردی، سەرەرای هەبوونی کومەلێک گرفت لە بەردەمی کارکردنی هونەری ئەو هونەرمەندە، هەروەها نەبوونی ئامێری موزیکی چاک و ستۆدیۆیەکی پێشکەوتووی تومارکردنی دەنگ، کەچی ئەو هونەرمەندە بلیمەتە توانی ئەرشیفێکی دەوڵەمەند لەدوای خۆی خەرمان بکات، بیکات بە قوتابخانەیەکی گۆرانی بو نەوەکانی داهاتوو، کە لەدوای ئەودا کۆمەڵێک دەنگ بێژ و خاوەن بەهرەی گۆرانی گوتن، لەسەر دەستی گۆرانییەکانی (زیرەک) هاتنە نێو کۆری گۆرانی گوتن.

شارەزایان و پسپۆرانی بواری هونەری گۆرانی کوردی چەندین لەگەڵ هەبوونی رای جیا جیا لەسەر هونەری ئەو هونەرمەندە، بەڵام لە بارەی هونەرمەند بوونی (زیرەک) و هەبوونی توانایەکی باش لەکاتی گۆرانی گوتندا، لەگەڵ ئەوانەشدا لەسەر رایەک کۆکن کە (حەسەن زیرەک) خوێندەواری نەبووە و شتێکی خۆرسک و بەهرەیەکی خودایی بووە دەنگ خۆشییەکەی.

لە ساڵیادی (٣٨) ساڵەی کۆچی دوایی ئەو هونەرمەندە، لە میانەی راپۆرتێکدا بۆچوونی چەند هونەرمەندێک و شاعیر و کەسانی شارەزا لە بـواری گـۆرانی موزیک وەرگرت، ئەوانیش لەلای خۆیـانەوە بەم شێوەی خـوارەوە هـاتنە ئاخـاوتن و رای خویان دەربری..

**سەرەتا هونەرمەندی بە ئەزموون و شارەزای گورانی موزیکی کوردی مامۆستا (باکووری) گوتی:** (حەسەن زیرەک)م لە ساڵی (١٩٥٣) لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا ناسی، ئەو کـات من لەوێ کارمەنـد بـووم، ئەو کەسێکی شـارەزاو ولیـێ هـاتوو بوو بو گۆرانی گوتن، و چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەت و شێوازەکانی گـۆرانی، هەروەهـا (حەسـەن زیـرەک) شـارەزاییەکی زۆری هەبوو لەسەر مەقامات و دانانی ئاواز وجۆرەکانی گۆرانی گوتن، لە رادێۆی کوردی لە بەغدا هەفتـانە مـاوەی (٣٠) خـولەک گۆرانی بە شێوەی راستەوخو دەگوت بـو گـوێگران، لەگەڵ گروپـی موزیک زور بە سـەرکەوتویی، بەبـێ ئەوەی پرۆڤەیەکـی زۆر بکات و جاری وا هەبوو هیچ پرۆڤەشی نەبوو کەچی گۆرانییەکانی زۆر بە جوانی دەگـوت و دەتـوانم بلێم ئەو نیـو کـاتژمێرە بەشێکی زۆری گوێگر هەستی حۆی بۆ ئەو رادیۆیە رادەگرت، لە ئێزگەی کوردی بەغدا ئەو مـاوەیە ئەرشیفێکی زورجـار چـاکی کۆکردەوە ئەو چەند ساڵەی کە لە بەغدا بوو..

(حەسەن زیرەک) هەژاری و نەداریی و بێ کەسی نەیهێشت زور لە ئاواتەکانی بە چـاوی خـۆی ببینـێ و بیهێنێـتە دی، من لە نـزیکەوە زور لەگەڵـی دا ژیـاوم (زیـرەک) کەسێکی سـادە و نیشـتمان پەروەر بـوو. هەردەم حەزی بەخۆشـی خەڵـک دەکـرد، هەردەم بەسـادەیی دەژیـا و بەسـادەیش دەیـڕوانیە ژیـان، من لەو یـادەدا کومەڵێـک یادگـاری ئەو هونەرمەنـدە بەرزەم دێـتەوە یاد، کە زور جار فرمێسک لەچاوانم بوی دێتە خوارەوە، دڵنیـام ئەگەر چەند ساڵێکی تر (حەسـەن زیـرەک) بژیـابوایە دەیـان گۆرانی جوانتری دەخستە نێو ئەرشیفی گۆرانی کوردی.

**شاعیر سەرکەوت رەسوڵ لەبارەی (حەسەن زیرەک) و جۆری هەڵبژاردنی تێکستە شیعرەکانی دەڵێت** (حەسـەن زیـرەک) وەک هونەرمەنـدێکی رەسـەن هەڵقـوڵاوی نـاو کومەڵگـای کـوردی بـوو، بەو هەمـوو سـادەو سـاکاری خـۆیەوە هـونەرەکەی جـوان کردبوو، ئەگەرچی بەسادەیش زۆربەی کارەکانی هێناوەتە بوون، بەڵام یەکەم کەس بووە زمانی خەڵکی خسـتۆتە نـاو شیعری گورانی کوردی، کە ئەوەیان گۆرانکاریەکی زۆر تـازە بووە ئەو هونەرمەندە کردوویەتـی، هەروەهـا تـایبەت مەنـدیانەی دیکەی (حەسەن زیرک) ئەوە بووە، زیاتر مامەڵەی لەگەڵ ئاوازدا کردووە لە ناو ووشە شیعریەکاندا تواندویەتەوە، بەنـاسکی خـۆی ئەزموونێکی خۆشی خستۆتە نـاو گورانییەکـانی و تـازەگەری جـوانی هێنـاوەتە نـاو گـۆرانی فـۆرمی کـارکردنی، هەرچەنـدە من ناتوانم بڵێم (حەسەن زیرەک) شاعیر بووە، بەڵام خوێندنەوەیەکی چاکی هەبـووە بـۆ شیعر و توانیـویەتی تێکەڵیەکـی چـاک لە نێوان ئاواز و ئەو شیعرانەدا بکات و کاری زۆر جوانی لێ بهێنێتە بوون.

(سەرکەوت رەسوڵ)ـی شاعیر هەروەهـا گوتیشـی: "هیـوادارم حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان سـاڵانە بتـوانێ لە یـادی ئەو هونەرمەنـدە بەرزەدا، فیسـتیڤاڵێکی هـونەری سـاز بکـات لە کوردسـتان، بـو ئەوەی نەوەکـانی ئەمـڕۆش بتـوانن لە هـونەرو ئەزموونی ئەو پیاوە نەمرە شارەزابن و هەروەها کەسانی بە ئەزموون و شـارەزا لە هـونەر و مۆسیقا بـابەتی شیکاری لەسەر توانا و بەرهەمی گۆرانییەکانی (زیرەک)دا بوروژێنن".

**هونەرمەندی بە ئەزموونی موزیکژەن مامۆستا (وریا ئەحمەد) لەمیانەی ئەو یادەدابەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی بەرای من (حەسـەن زیـرەک)** یەکێکە لە کـوڵگە پتەوەکـانی دونیـای هـونەری گـورانی کـوردی ئەو لە ڕیـزی هونەرمەنـد گەورەکانی کـورد وەک (سەید ئەسغەری کوردستانی، سێوە، مەحەمەد عـارف جەزیـری، مریەم خـان) دەژمێردرێت، (زیـرەک) کەسێکی نەخوێنەدەوار بووە، بەڵام توانـایەکی تەواوی هەبـووە لە دەربـڕین و ڕێکخسـتنی تێکسـتەکان بـو گۆرانییەکـانی، ئەو لەو سەردەمەی هاتە نێو کۆری هونەری گۆرانی، توانی گوێگرێکی چاک بۆ گۆرانی کوردی کۆبکاتەوەو سەرنجیان رابکێشێت بۆ گۆرانییەکانی خۆی، هەروەها توانی بە هۆی ئەوەی لە ناو خەڵک زور دەژیا و زور دەگرا لە شـارو شـارۆچکە و دێهاتەکـانی کوردستان، توانی بووی ئازار و مەینەتییەکانی خەڵک بکاتە هەوێنێک و بە هـونەرەکەی دەری ببڕێت لە نـاو گۆرانییەکـانی دا ، (حەسەن زیرەک) تـوانی کومەڵێک ئـاوازی جوان بەرهەم بهێنێت، بەداخەوە لەبەر ئەوەی ئەو کـات مەودای کـارکردنی گۆرانی گوتن بەم شێوەی ئێستا نەبـووە، زۆربەی ئەو ئـاوازانەی ئەو گـوتیەتی لەلایەن (فـارس و عەرەبەکـان و تورکەکـان) بردراوە، کە ئێستاکەش من بە بەڵگە لە نێو گورانییەکانیان دەتوانم دەریبهێنم و شی بکەمەوە

**هونەرمەند (وریا ئەحمەد) هەروەها گوتی: تائێستا** (١٠٠) گۆرانی هونەرمەنـد (حەسـەن زیـرەک)م نووسیوەتەوە بە ووشەو نـۆتەی کـوردی و لاتینـی عەرەبـی نووسـیومەتەوە هیـوادارم روژێـک لە رۆژان بەچـاپی بگەیـنم بـو ئەوەی لە داهـاتوودا لە پەیمانگایەکی هونەری کوردی وانەی لەسەر بخوێندرێت.


لەکۆتایی دا ئەوەی جێگای پرسیار و هەڵوێستە لەسەر کردنە دوای تێپەر بوونی (٣٨) ساڵ بەسەر تێپەر بـوونی کـۆچی ئەو هونەرمەندە، کەچی هێشتا بەرهەمی ئەو هونەرمەندە لە نێو هـزر و دڵـی جەمـاوەری هـونەریی دا هەر مـاوە و زینـدووە، بە شـایەتی زۆرینـەی خـاوەن نووسـینگەی فرۆشـتی سیدی و تۆمارگاکـانی شـارەکانی هەولێـر و سلێمانی ئێسـتاکەش ڕێـژەی بەرهەمەکـانی (حەسـەن زیـرەک) لەبەرهەمـی زۆربەی هونەرمەنـدانی گـۆرانیبێژی ئێسـتا زیـاتر دەفرۆشێت و داواکـاری هەیە لەلایەن جەماوەری هونەردۆستەوە، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە هونەرەکەی (زیرەک) ناسنامەی نەمری و کەللتـور و ڕەسـنایەتی وڵاتەکەی پێیە بۆیە دوای (٣٨) ساڵ تێپەڕبـوون بەسـەر کـۆچی دوایـی دا هێشـتا هەر لە نێـو گۆرەپـانی هـونەری گـۆرانی دا بوونی هەیەو گوێگری گۆرانییە خۆشەکانی هەرماوە!!.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرا تیڤی



سەرچاوە
Serchawe

## کاریگەری دەنگ لەسەر هەست ...دەنگی هونەرمەند حەسەن زیرەک وەک نموونە !!



**جەمالی دەلاک**

**جەمالی دەلاک:** نەتەوەی کورد لەبواری هونەری میوزیک و گۆرانی کوردی گەلێک دەوڵەمەندە و خاوەنی گەلێک هونەرمەندی بەتواناو گەورەیە، هەریەکەیان بە هونەرەکەیان لەهەربوارێکی هونەردا بێت خزمەتێکی گەورەیان بەم نەتەوەیە کردووە و ئەرشیفی هونەری نەتەوەی کوردیان دەوڵەمەندکردووە، گەورەیی و بەتوانایی ئەو هونەرمەندانە زیاتر لەو خاڵەدا بەرجەستە دەبێت کە زەمەن و کاتە کە ئەوانی تێدا ژیاوون،

ئەو سەردەمەی ئەو هونەرمەندانە خزمەتیان بەهونەری ئەم نەتەوەیە کردووە، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی زۆر دژواربووە و هەروەها نەبوونی یان کەمی بواری تەکنیکی و زانستی تۆمارکردن، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو گرفتانەدا ئەو هونەرمەندانە  چ وەک گۆرانیبێژ یان میوزیکژەن، خۆبەخشانە توانیویانە ئەو هەموو بەرهەمە جوان بەنرخانە تۆماربکەن تەنانەت باجیشیان داوە و زەحمەتێکی زۆریان چەشتووە تا ئەو بەرهەمەیان لەئێزگەکاندا تۆمارکردووە، ئەمڕۆ بوونەتە ئەرشیف و هەتائێستاش کەبەرگوێمان دەکەون پڕیەتی لە کۆمەڵێک جوانی و لێوانلێو لەبەها جوانەکانی هونەر چ لەڕووی دەنگ و ئاوازو تەنانەت هەڵبژاردنی تێکستی گۆرانییەکان، چونکە دەنگەکە و ژەنینی ئاوازەکە مۆرکی ڕەسەنایەتی تیادا بەدی دەکرێت  هەرگیز نامرن و ڕۆژ بەڕۆژ خۆیان نوێ دەکەنەوە، دەکرێت شانازیان پێوە بکەین و بیان کەینە ناسنامەی هونەری نەتەوەکەمان، ئەو هونەرمەندانە (گۆرانبێژ و میوزیکژەن) گەلێک زۆرن لەتەواوی کوردستاندا بەگشتی و لە  هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا،  خەرمان بەرەکەت و ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی  بۆ ئەو هونەرمەندانە کەلەژیاندا ماون و دەستی ماندووبونیان دەگووشین، ئەو هونەرمەندانەی کەلەژیاندا نەماون ڕووحیان شاد بێت و گڵکۆکانیان پڕبێت لە نوور،

ڕۆژی (٢٦ - ٦) (٣٨) ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندێک، بلیمەتێک مامۆستا لە گۆرانی کوردی هونەرمەندی کۆچکردوو (حەسەن زیرەک) ە ، (ڕووحی شادبێت)

حەسەن زیرەک ئەو دەنگەی کە مێژوویەکی گەورەو بەنرخی هەیە لەئەرشیفی هونەری میوزیک و گۆرانی کوردی، خاوەنی ئەو دەنگەی بۆ هەردوو ڕەگەزو هەموو تەمەنەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردی، حەسەن زیرەک ئەو هونەرمەندە مەزنەی هەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابێت درێغی نەکردووە لە خوێندنی گۆرانی و ئیزگەی کوردی نەماوە ئەو هونەرمەندە خۆی نەگاندبێتێ و گۆرانی تۆمارنەکردبێت ،شارو شارۆچکەو گوندی کوردستان نەماوە ئاهەنگ و بەزم و خۆشی شادی بۆ کۆڕو کۆمەڵەکەی نەبەخشی بێت،

لە گۆرانیەکانیدا جگە لە دەنگ و ئاوازەکەی سیناریۆیەکی ئامادەکردووە و دەیداتە گوێگر وەک لە گۆرانی (شاییی دەگەڕێ، کیژان دەچنە مێرگولان، گەوهەرێ و کاکی جوتیار، ...تاد ) هەموو گۆرانیەکانی لەناخ و قوڵایی ژیانی کۆمەڵگای کوردییەوە هەڵقوڵاون، بەرهەم و کارە هونەرییەکانی حەسەن زیرەک دوای ئەو چەندین ساڵە ئێستاش پڕ فرۆشترین گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک لە پێشەنگدایە، لەبەر ئەوەی دەنگ و ئاواز و تێکستی گۆرانیەکانی کە زیاتر فۆلکلۆرن هێندە بەهەست و سۆزەو چڕیوونی کاریگەریان لەسەر ناخی تاکی کورد داناوە، نەک هەربۆ کەسانی ئاسایی بەڵکوو دەنگی حەسەن زیرەک کاریگەری لەسەر ئەو مرڤانەش داناوە کە پێیان دەوترێت شێت، بۆ گەواهی دان بەم وتەیەم بەڵگەم هەیە و کە خۆم شایەتحاڵی ئەوەم، لەم یادەوەرییەدا، بیرەوەرییەک دەخەمە بەردییەی خوێنەر بۆ زیاتر ئاشنابوون بە بلیمەتیی و هونەرمەندی حەسەن زیرەک،


خوێنەر دەگەڕێنمەوە بۆ ساڵانی هەشتاکانی سەدەی پێشوو، دیارە هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستان نیە کە خاوەنی شێتێک یان چەند شێتێک نەبێت کەهەریەکەیان مێژوویەکیان هەیەو خاوەنی خەسڵەتی جوانن، بەڵام بەهۆی تێکچوونی باری دەروونیەوە لە کۆمەڵگادا دابڕاون، بێشک شاری سلێمانی یش بەدەرنیە لەنەبوونی ئەو مرۆڤە جوانانە کەهەریەکەیان بەشێوەکی تایبەتی خۆیان لاپەڕەکانی مێژووی سلێمانیان دەوڵەمەندکردووە، لەو ساڵانەدا بەندە کاری سەرتاشینم دەکرد لەسەرتاشخانەی (ئاوات) لە سەنتەری شاری سلێمانی لەگوزەری سینەما سیروان و سینەما ڕەشید، ئەو گوزەرە هەموو چین و توێژەکانی شاری سلێمانی ڕوویان تێدەکرد، ڕۆژانە شێتەکانی شاریش وەک (ێدیقە شێت، حەمە شێت، بەکرە شێت، حەسەن، فایەق، سامانە شێت و قالە شێت... و چەندینی تر) دەهاتنە ئەو گوزەرە ئاشکرایە کەهەریەکەیان بەشێوازێکی جیاواز لەیەکتری هەڵس و کەوتیان دەکرد و ناسنامەیەکی جیاوازیان لەلای خەڵک هەبوو، ئەوەی مەبەستمە و پێوەندی بەدەنگی حەسەن زیرەکەوە هەیە ڕووحی شادبێت (قالە شێتە) ئەم کەسایەتیە نەک خۆی بەڵکو خانەوادەکەشی ناسراو بوون، قالە

شێت یەکێکی باڵابەرز و قەڵەو بوو، بەڵام بەداخەوە هەندێک کەسانی نەزان و حەزکردن بەئازارردانی مرۆڤ لەپێناو دامرکانەوەی حەزێکی کاتی و کەم بایەخ ئازاری قاله شێتیان ئەدا، ئەم مرۆڤە لەبەر ئەوەی باری دەروونی تەواو نەبوو ئەویش کاردانەوەی هەبوو لەبەرابەرداو زۆرجاران کارەساتی دەخوڵقاند و لە خەڵکی دەدا، ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵی ١٩٨٣ کاتێک لەشوێنی کارەکەم کارم دەکرد، قاله شێت هاتە ژوورەوە بەبێ ئەوی هیچ بڵێ دانیشت و لە ئاوێنەکەوە لێم دەڕوانی دەستی گرت بەدەمیەوە بەبێ ئەوەی پێی بڵێی یەکێک لەگۆرانییەکانی حەسەن زیرەکی گوت، دوای ئەوەی گۆرانیەکەی تەواوکرد وتی سەرم بۆچاک دەکەیت، وتم قاله گیان بەسەر چاو با ئەم کاکەیە تەواو بکەم، وتی باشە و دەستی کردەوە بەگۆرانی خوێندن، بەڵام هەندێک لەو کەسانەی کە حەزیان بەئازاردانە هاتنە ناو دوکانەکەو هەندێک کاری ناشیرینیان بەرامبەر بەو مرۆڤە کرد، چونکە پێشتر چەند جارێک بینیبووم سەرەتای تێکچوونی باری دەروونی هەردوو دەستی ئەلەرزی، منیش بەو برادەرانەم ووت کاکە وازی لێبێنن بەڵام بێ سوود بوو، قاله شێت هەردوو دەستی کەوتە لەرزین و هەستایە سەرپێ، بەڕاستی منیش زۆرترسام، بەڵام ئەوەندەم ئەزانی کەئەم مرۆڤە زۆر حەز بەدەنگی حەسەن زیرەک دەکات، لەو کاتەدا کاسێتی گەوهەرێی حەسەن زیرەکم خستە سەر ڕیکۆردەرەکە، قاله شێت لەلوتکەی هەڵچوون تێکچوونی دەروونیدا بوو، کاتێک دەنگی حەسەن زیرەک کەوتە بەر گوێی، چۆن ئاگرێک لەلوتکەی کڵپە سەندندایە و ئاوێکی بەزۆرو بەخوڕی پێدا دەکەیت ئەو ئاگرە کپ دەبێتەوە، بەو شێوەیە دەنگی حەسەن زیرەک بوو بەتاڤگەیەک و هەڵچوون و نائارامی دەروونی قاله شێتی دامرکانەوە و لە جێی خۆیدا دانیشتەوە، هیچ جوڵەیەکی نەکرد، تا دیوی یەکەمی کاسێت تەواو بوو، کەدەنگی حەسەن نەما وتی سەرم بۆچاک بکە و هەڵی گێڕەوە با دیوەکەی تریش بڵێ،

بەهەرحاڵ سەر و ڕیشم بۆ تاشی و تەواو بووم لەکارەکەم ئەو هێشتا دانیشتوو لەنزیک ڕیکرۆدەرەکەوە تا دیوەکەی تریش کۆتایی هات، ئینجا هەڵسا ڕۆیشت، ئەمە ئەو یادەوریەکە دەنگی ئەو بلیمەتە نەمرە چەند کاریگەری لەسەر هەست و سۆزو ناخی مرۆڤ هەیە، هەروەها لەم ساڵیادەشدا ڕێزوو حورمەت بۆ هەموو ئەو ژەنیارانەی لەتەواوی بەرهەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرەدا کاریان کردووە و هاوکاریان کردووە ڕوحی حەسەن زیرەک و قاله شێت و هەموو هونەرمەندانی کۆچکردووی نەتەوەکەمان شادبێت،

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرا تیڤی

## ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت؟




**جەواد حەیدەری**

**کوردپرێس؛ کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" نووسراوەی "مەولەود ئیبراهیم حەسەن" و بڵاوکراوەی بەدرخان – هەولێرە، کە تێیدا ئاماژە بە هەندێک بەڵگەی بڵاونەکراوە لەبارەی نەهێنی مەرگی "حەسەن زیرەک" لە سەردەمی رژیمی پاشایەتی پاڵەوی دەکرێت و ئەو ئەگەرە دەخرێتە روو کە؛ ساواک لە مەرگی حەسەن زیرەک دەستی باڵای بووە.**

**جەواد حەیدەری لە دووتۆی ئەم راپۆرتە، پێناسەیەک لەم بەرهەمە ئاراستە دەکات کە دەتوانێت گۆشەنیگاکان بۆ لای ئاراستەیەکی جیاواز بگەرێنێت.**

### پیاوێکی رسق سوار

هونەرمەند حەسەن زیرەک ئەو هونەرمەندە بوو کە بەدوو وڵاتی ئێران و عیراق نەیانتوانی بەخێوی بکەن و هەتا مرد ئۆخەی لەژیان نەکردو هەمیشە خۆی پیادەو رسقی سوار بوو.

حەسەن زیرەک هەتا مردیش بەوجۆرەی دەبوایە قەدەری لێبگیرێت و رێزی لێبنرێت، رێزو قەدەری لێنەنراو بەوتەی "مەولەود ئیبراهیم حەسەن"؛ ئێستاش دوای زیاتر لەچل ساڵ لەمەرگی هەندێک کەس بەبێ رەوشت و هەندێکیتر بەجاسووس و هەندێکیش بەچاوەش و لۆتی ناوی دەهێنن.

ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک کەسێکی بێڕەوشت بوو؟ ئایا زیرەک جاسووس بوو؟ ئایا حەسەن زیرەک چاوەش و لۆتی و شایەر بوو؟

ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک خۆی مرد یان ساواک کوشتی؟ باشە ساواک لەکوشتنی حەسەن زیرەک چی دەست دەکەوێت؟ ئایا ساواک لەهونەرەکەی زیرەک دەترسا یان زیرەک گوێڕاڵی ئەوان نەبووە و بۆیە ژەهرخواردیان کردووە، و دەیان ئایای تر.

"مەولود ئیبراهیم حەسەن" لەکتێبی ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کۆشت؟ وەڵامی زۆربەی هەرە زۆری ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لەبارەی حەسەن زیرەکەوە دەکرێت.

## ڕێز نەگرتن لە هونەرمەند

نووسەر لەپێشەکی کتێبکەی باس لەبابەتێک دەکات کە ریشەی لەمێژووی کورددا هەیە؛ ئەویش ڕێزنەگرتن لەزاناو بلیمەت و هونەرمەندە.

هەر ئەو شتەی کە چەند سەد ساڵ لەمەوبەر ئەحمەدی خانی باسی لێوە دەکات؛ ڕێزگرتن لەقەڵەمەکەی و هیوا خواستنی رۆژگارێک کە ڕێز لەقەڵەمەکەی بگیردرێت. بەگشتی گوێنەدان و گوێ نەگرتن لەنووسەرو هونەرمەندو زاناکان لەناو کورددا شتێکی باو بووە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەر بەردەوامە وەک چۆن نالی شاعیر زۆری وت کەس لێی تێنگەییشت، بۆیە بێدەنگی هەڵبژارد و پاشان سەری خۆی هەڵگرت هەتا لەتاراوگە و غەریبیدا سەری نایەوە.

مامۆستا حەسەن زیرەک یەکێکە لەو کەسە ناودار و بەناوبانگانەی کورد کە نەخوێندەوار بوو، بێکەس و بێدەر بوو، بەڵام بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی هونەری گۆرانی کوردی و بەوتەی "عەبدول حەمە باقی": کوردی بەختەوەر کرد بە کورد بوونی خۆی.

بەڵام زیرەک بە پێچەوانە و بە هۆی کوردبوونی بەدبەخت بوو. حەسەن زیرەک بەڕاستی غەدری لێکراو شوێن نەبوو لێی بحەسێتەوە، تا بە شیعری "نەجمەددین مەلا" بناڵێنێت؛ **جێم نییە تێدا بسرەوم خاکم بەسەر بێلانە خۆم.**

بێ شوێنی و نەهامەتی بەرادەیەک لە ژیانی حەسەن زیرەکدا بەرچاوە کە تەنانەت لە سەردەمی ئەویەری ناودەرکردن "شوکروڵڵای بابان" ڕێگای ناو ئێستگەی پێنادات و دەڵێت: "ئێمە ١٥٠٠ گۆرانی حەسەن زیرەکمان هەیە، ئیتر حەسەن

زیرەکمان ناوێ"، و تەنانەت بەڕێوەبەری رادیۆی تاران بەکارمەندانی پرسگە دەڵێت ئەگەر حەسەن زیرەک هات مەیکەنە ژوورە.

## منداڵی حەسەن زیرەک

سەردەمی منداڵی لێوانلێوە لە خۆشی نەهامەتی؛ لەناسکترین قۆناغی ژیانیدا باوکی دەمرێت و دایکی شوو دەکاتەوە و ئەویش ئاوارەی کووچە و کۆڵان دەبێت و لەناچارییدا لەتەمەنی هەشت نۆ ساڵی دا دەستدەکات بەکارکردن، لەکرێکاری و چاوساغی و قاوەچێتی و شاگرد کەبابچی و چایچی و توتنچی و... هتد بۆ ئەوەی لەبرسان نەمرێت و پاروە نانێک پەیدا بکات لەبۆکان و موکریان و گوندەکانی دەوروبەری شارەکانی مەهاباد و سەقز و سنە و کرماشان و تەورێز و تاران ئاوارە دەبێت، دواتر بەئۆتۆمبێل گەنجێک دەکوژێت (هەرچەند دەڵێت خەتای ئەوی تێدا نەبووە) و سەری خۆی هەڵدەگرێت و ئاوارەی عێراق دەبێت و لەڕێگای پێنجوێنەوە بۆ سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و موسڵ تا دەگاتە بەغدا و لەهۆتێل شیمالی ئەو شارە دەگیرسێتەوە و ماوەی پێنج شەش ساڵ لەڕادیۆی بەغدا لەگەڵ هونەرمەندانی دەنگخۆشی کورد، مامۆستا عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، رەسوڵ گەردی، حەسەن جەزراوی، شەماڵ سائیب، باکووری، نەسرین و شێراوان، ئاشنایەتی پەیدا دەکات و ناوبانگ دەردەکات و لەلای جەماوەر خۆشەویست دەبێت.

## میدیای زەندی دەناسێت

لەساڵی ١٩٥٨ دا لەترسی ئەوەی نەبا لەلایەن شۆڕشگێڕانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی عیراق دەستگیربکرێت دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و ئەمجارە لەڕادیۆکانی تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد و سنە دەستدەکات بەگۆرانی وتن و لەگەڵ باشترین و بەتواناترین مۆسیقارەکانی ئێران لەکورد و فارس لەوانە: (حەسەن کامکار، موجتەبا میرزادە، محەممەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی، بەهمەن یۆلکی، پەرویز یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز و جەهانگیر مەلەک) و چەند کەسی تر ئاشنایەتی پەیدا دەکات. هەر لەو سەروبەندەدا میدیای زەندی دەناسێت و دوای ماوەیەک دەیخوازێت و ژیانی هاوسەریی پێکدێنێت، سێ چوار ساڵێک لەکرماشان دەمێنێتەوە و هەست بەخۆشی و بەختیاری دەکات و وەک خۆی لەگۆرانییەکدا دەڵێت:

**بولبول ئەو ساڵ من زۆر بەختیارم**<br>
**ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم**


سەرچاوە Serchawe

## ساواک و فشار خستنەسەر حەسەن زیرەک

پاش گەڕانەوەی حەسەن زیرەک بۆ ئێران و ئیشکردن لەڕادیۆ بەتایبەتی لەشارەکانی تاران و کرماشان و تەورێز و مەهاباد و سنە، دەکەوێتە ژێر چاودێری دەزگای زانیاری و ئاسایشی ئێران (ساواک) و بەوردی هەموو هەڵسوکەوت و هاتووچۆی دەخرێتە ژێر چاودێری،بەشێوەیەک کە لەیەکێک لەڕاپۆرتەکانی دەزگای ساواک کە لەکتێبی (بزوتنەوەی چەپ لەئێران بەپێی بەڵگەکانی ساواک) بەمشێوەیە لەسەر حەسەن زیرەک نووسراوە.

بەڵگەنامەی ژمارە ٧٦٣ - ٣١١- د- م ڕۆژی ٣٠ ی بەفرانباری ١٩٦١ ساواک (ڕێکخراوی زانیاری و ئاسایش ئێران).

حسێن زیرەک برای حەسەن زیرەک دەڵێت: چەند جار بەحەسەن مان وت: کاکە ئەتۆ تەنها خۆت و براژنە رابێعەی، ئارەزوو و ساکاریش لای دایکیانن، ئێمە دەتوانین زۆر چاک بەخێوتان بکەین، وەرە لێرە کاسبی بکەو ئێمەش یارمەتیت دەدەین و چاویشمان لێتدەبێت، کەسیش ناتوانێت شەڕت پێبفرۆشێت.

حەسەن زیرەکیش لەوەڵامی حسێنی برای دا پێدەکەنێ و دەڵێت: منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی دەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە، بەڵام ئێوە شتێک دەزانن و منیش زۆر شت، من بەڵاتان لێ دووردەخەمەوە.

حسێنی برای دەڵێت: بەڵای چی کاکە، ئەو بەڵای بۆ تۆ دێتە خوارەوە با ئێمەش شەریکی غەم هەڵگرتنت بین و غەمێکت بۆ بخۆین.

حەسەن زیرەک تەماشایەکی ئەملاو ئەو لای خۆی دەکات و بەدەنگی نزمەوە دەڵێت: ساواک ئەزیەتم دەدات و پێمدەڵێن: دەبێت بچیتە ئەو دیو (عیراق)، ئیش و کارمان بۆ بکەی، چەندی دەڵێم باوکم ئەمن هی ئەوجۆرە کارانە نیم و سەوادیشم نییە، ئێوە چۆن ئیستیفادە لەمن دەکەن؟ دەڵێن ئەتۆ بەماڵەوە برۆ بۆ عیراق، ئێمە پارەیەکی زۆرت دەدەینێ و خۆشمان خەڵکت بۆ دەنێرین و تۆش هەرچی زانیاریت هەیە پێمان بڵێ و ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە! هەڵبەت خۆشت دەزانی ئەمجۆرە شتانە بەمن ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێت نایکەم، با ساڵی دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بەهەژاریش دەژیم، بەڵام ئەو کانییەی ئاوم لێخواردووەتەوە هیچ کاتێک بەردی تێناگرم و خیانەت بەخاکەکەی عیراقیش ناکەم و لەناو خەڵکیش سەربەرز دەژیم، لەدواییدا بەپێکەنینەوە وتی: بەتەنها بەربەرەکانی دەوڵەتیش دەکەم.

## گەڕایەوە بۆ هەژاری

بەڵێ، زیرەک خیانەتی نەکردو بەهەژاری ژیا، بەڵام ساواک بەژەهر کوشتی، حەسەن زیرەکیش بەربەرەکانی دەوڵەتی کردو گیانی خۆی لەسەردانا.

"کەریم خۆشناو" یەکێک لەهاوڕێکانی حەسەن زیرەک دەڵێت: چەندین جار حەسەن زیرەک و رابیعەی خێزانی بۆیان گێڕاوەتەوە کە چۆن شەوان پیاوانی حکوومەت چوونەتە سەریان و تێروپڕیان لەحەسەن زیرەک هەڵداوە و تەنانەت شەوێکیان حەسەن زیرەک دەستدەکاتەوە و شەڕێکی باشیان لەگەڵ دەکات.

نووسەر هەر لەو کتێبەدا لەزاری کەریم خۆشناو دەگێڕێتەوە کە حەسەن زیرەک بەمیرزا کەریمی وتووە، ناوێرم دەردی خۆم بەکەس بڵێم، بەڵام هەڵبەتە شت لەتۆ ناشارمەوە، ئەگەر سەبر بگریت و پەلەم لێنەکەی تا وەختی خۆی دێت.

کەریم خۆشناو هەروەها باس لەوە دەکات کە حەسەن زیرەک بارودۆخی خۆی بەئاسایی نەزانیوەو راشیگەیاندووە: وەزعی من مەعمولی نییەو ناوێرم دەردی خۆم لای کەس باسبکەم، نایەڵن لەهیچ شوێنێک جێگام بێتەوە، هەر وەختێک ئارەزوویان بێت بەهانەیەکم بۆ دەدۆزنەوەو تێرو پڕم تێهەڵدەدەن و دەڕۆن.

## ساواک چۆن دەیکوژێت؟

حەسەن زیرەک باس لەوە دەکات کە ساواک تەنگی پێ هەڵچنیوە کە کاری سیخوری و جاسووسیان بۆ بکات و ئەو داواییەی ساواکیش لەلایەن حەسەن زیرەکەوە رەتدەکرێتەوە، هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ساواک پلانی سڕینەوەی حەسەن زیرەک بکێشێت، سەرەتا بەتاوانی ئەوە دەستگیر دەکرێت کە گوایە جاسووسی بۆ عیراق دەکات. ئەمە لەکاتێکدایە لەعیراقیش هەر بەو تاوانە ماوەیەک لەزیندانی کەرکوک و بەغدا دەستبەسەر دەبێت.

پاشان حەسەن زیرەک ماڵی لەهەر کوێیەک بوایە چەقۆ کێشەکانی ساواک بەبیانووی سەیر و سەمەرەوە هەڵیاندەکوتایە سەر حەسەن زیرەک و هەویرشێلیان دەکرد، کەریم خۆشناو و رابیعەی خێزانی حەسەن زیرەک چەند حاڵەتێک لەوبارەیەوە باسدەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

رابیعە خانمی خێزانی حەسەن زیرەک باس لەوە دەکات کە حەسەن زیرەک چۆن باس لەوە دەکات کە ساواک ژەهریان داوەتێ، حەسەن زیرەک بەرابیعە دەڵێت: لەشایی بووم ژنێک قاپێکی ئاشی هێنا و وتی: ئەمە بۆ ئاغای زیرەکە، لەگەڵ ئیستیکانێک قەنداغ، زیرەک دەڵێت قەنداغەکەم خواردەووەو دوو کەوچکیشم لەئاشەکە خوارد کە چوومە ناو شاییەکە و دەستم بەگۆرانی وتن کرد سەرم لە گێژەوە هات.

حەسەن زیرەک دواتر دەگەیەندرێتە نەخۆشخانە و بەوتەی رابیعە خانم، حەسەن زیرەک پاش ئەوە نەیتوانی هەستێت و هەر ئەوەش وایکرد لەتەمەنی ٥١ ساڵیدا هەر بەو دەردە بمرێت.

رابیعە خان لەبارەی نەخۆشی زیرەکەوە دەڵێت: زیرەک هیچ نەخۆشییەکی نەبوو، هەتا ئەو رۆژەی کە چووە ئەو شاییە، ئێوارەکەی ئاگادار کرامەوە کە زیرەک لەنەخۆشخانەیە، کە چووم بۆ نەخۆشخانە حەسەن زیرەک ئاگای لەخۆی نەبوو، ژنێک لەنەخۆشخانەکە کە منی بینی زۆر دڵی پێم سووتا، پێی وتم لەرێی خوا بۆت باس دەکەم حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی گەورەو بێکەسە، با خوێنی حەسەن زیرەک ون و بزر نەبێت، زیرەک نەخۆش نییە، ساواک ژەهری داوەتێ، پزیشکەکانیش باسی ناکەن، نەخۆشییەکەی دەشارنەوە.

بەو شێوەیە حەسەن زیرەک بەتاوانی ئەوەی کە هاوکاری ساواکی نەکردو ئامادە نەبوو ببێت بەپیاوی ساواک، لەلایەن بەکرێگیراوانی ساواکەوە ژەهریان دەرخوارد داو کوشتیان.

## ناوەرۆکی کتێبەکە

ئەمانە باسوخواسەکانی ناو کتێبی "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" دوا بەرهەمی "مەولود ئیبراهیم" بوو.

نووسەر لەکۆتایی کتێبەکەی، دیمانەیەکی لەگەڵ رابیعە خانمی خێزانی حەسەن زیرەک کردووە و تێیدا ئاماژە بە بیرەوەرەییەکانی خۆی لەگەڵ زیرەک و زۆر نەهێنی دیکەی حەسەن دەکرێت.

* ژێدەر؛ کوردستانی نوێ

ماڵپەڕی کورد پرێس



سەرچاوە Serchawe

## ئەوین، بێ ئۆقرەیی و نامۆیی؛ حەسەن زیرەک



**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

### سەرە قەڵەم:

ژن، ئەوین، زێد، نامۆیی و بێ ئۆقرەیی دەتوانن ئەو گەوهەرانە بن بۆ خوڵقانی هونەرمەندێک و لە سەر دەستی ئەویش بۆ خوڵقاندنەوەی ژیانێکی نەمر پڕ بە باڵای گەلێک.

ئەمڕۆ ٢٩ - ١١ - ٢٠١٢ ، کەسێک چاوەکانی بە ژین دەپشکوێ کە پێیەساواکانی و دەستە کرچ و کاڵەکانی بوون بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی گۆرانیی کوردیی. لەدایکبوونی حەسەن زیرەک (٢٩ - ١١ - ١٩٢١) کاتێکە کە چەند کەسایەتییەکی هاوسەردەم و نزیک بە تەمەنی خۆی وەکو هەژار، هێمن، ماملێ، محەمەد نوری، قالەمەڕە و... لەدایک دەبن. سەردەمێکە کە گرانی باڵی بەسەر ژیانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و باخداری سەرلەبەری کۆمەڵگای کوردیی داکێشاوە. ئەو کاتەیە کە ئەوان ئەمردن هەتا ببنە ناسنامەیەک بۆ نەتەوەکەیان.

بە ئاوڕدانەوە لە سەرلەبەری گۆرانییەکانی هونەرمەند، تووشی حاڵەتێکی نائاسایی و لە هەمانکاتدا سەرکەش لە هەڵسوکەوت و خەسڵەتێکی دەگمەن دەبین. لەبەر ئەوە نائاسایی، چونکە سەردەمای حەسەن زیرەک کاتێکە کە داب و نەریت و ئاستی وشیاریی کۆمەڵگا پێناسەیەکی کۆمەڵگای بچووکی هەیە و بە پێی ئەو کات لە چوارچێوەی دەسەڵاتی خێڵ و عەشیرە و دەرەبەگیدا قەتیس ماوەتەوە. دەکرێ بڵێین هونەرمەند تاکە کەسێکە کە دەکەوێتە لوتکەی ناسینی سەرەکیترین هەوینی ژیانی ئینسانی واتە ئەوین و بە گێڕانەوەی رەگەزی پیاو، داماڵینی لە سەرلەبەری توێژ و توێکڵەکانی ژیانە لە رۆحی بەشەکەی دیکەی خۆی، واتە تاکە توخمی هەرمانی ژیان کە هەر لەسەرەتاوە بۆ هەتا هەتا نەگۆڕ دەمێنێتەوە.

ژن سەرەکیترین گەوهەری گۆرانی و بەستەکانی حەسەن زیرەکە. ئەم توخمە و رەنگدانەوەی چەند توخمی دیکەی وەکو زێدی لەدایکبوون، نامۆیی و تەنیایی لە هەست و ئەستی هونەرمەنددا کارێکی وایان کردووە کە بێ ئۆقرەیی بۆتە خەسلەت و ئاکار، بۆتە نەگیرسانەوە و کۆچەرۆیی لە کەسایەتییەکدا کە بۆتە - "لوتکەی گۆرانیی کوردیی لە سەدەی بیستەمدا*"-.

بە وردبوونەوە لە هەناوی گۆرانییەکانی هونەرمەندا دەتوانین زۆر لایەنی بەتایبەتی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی ژیانی ئەو سەردەم دەربکێشین: ژیانی ئاژەڵداری، ژیانی لادێیی، جوتیاری، تارادەیەک ژیانی شار، خێڵەکی بوونی کۆمەڵگا و لە هەموویان بەرچاوتر ژیانی ژن لە نێو کۆمەڵگای پیاوسالاریدا. رەنگدانەوەی ئەم توخمە واتە ژیانی ژن لە ژێر فەرمانی پیاودا و بەزۆری بەشوودان و دڵشکاوی و نامرادبوون، ملکەچ و بێدەنگکردنی ژن لە ئاست پیاو بە هەموو خەسلەتەکانییەوە، دابڕاندن لە ئەویندار... بە رادەیەک بەرچاوە کە ئاستی کۆیلەبوونی ژن بە دەست داب و نەریت و ئایین دەردەخا. بەڵام هەڵوێستی هونەرمەند و خوێندنەوەی ئەو بۆ ئەم بەشە گەلێک جیاوازە و ئەویش نەک هەر لە رووی گۆرانییەکانییەوە بەڵکو لە ئاکار و کردەوە ناموکانی بە پێی ئەو دۆخە دەتوانین ببینین.

حەسەن زیرەک بلیمەتی سەردەمی خۆی، تەنیا نەبۆتە هۆکار بۆ زەقکردنەوەی رووتی ئەوین و ژن، بەڵکو زۆر لەوە بەرفرەتر هەنگاوی ناوە. هونەرمەندی نامۆ بە ژیانی ئاسایی کورد چەندە رەنگدانەوەی زێد و شوێنی لەدایکبوون و راکردن لە چنگ گرژیی کۆمەڵگای پێوە دیار بێ، چەند بەرامبەر ناسین و پێگەدان بە ئەوین و ژن لە ژیانی مرۆڤدا خۆی نواندووە. لە بەشێک لە گۆرانییەکانی ناوبراودا تەنانەت وەکو رۆشنکەرەوەیەک هەڵسوکەتی کردووە و ژنی هان داوە بۆ پچڕاندنی کۆت و زنجیری کۆمەڵگا، بۆ شکاندنی تابووی کۆیلە و کۆیلەداریی ژن بۆ پیاو. بەشێک لە گۆانییەکانی هونەرمەند حەسەن زیرەک ئەو ئەرکە دەباتە نێو دڵی ژنان و بە گشتی کۆمەڵگای خێڵەکی و پیاوسالاریی ئەوکات.
لە بەرامبەر بەشوودانی زۆرەملی لە لایەن ئەندامانی نێری بنەماڵەوە، دیاریکردنی چارەنووس و بە زۆر خستنەبەر دەستی جەستەی ژن بۆ نێرێکی کە باوک و برا و کەسە نیرەکانی نزیکن بەو، ئەو دەسەڵاتەی کە هەموو پێوەرەکانی ژیانی ژن دیاری دەکا، لە سەر زاری حەسەن زیرەکەوە ژن دێتە گۆ و ئازادیی هەڵبژاردنی ئەوین دێتەگۆڕێ (بڕوانە لینکی یەکێک لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک کە لە خوارەوە دانراوە)...

پەراوێز: * وتەی مۆسیقار و لێکۆڵەری هونەری میوزیک ع.ج سەگرمە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی ناوەندی هەواڵ شرۆڤەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢



سەرچاوە
Serchawe

## زیرەک دەگەڕێتەوە سلێمانی!



### ساڵۆنی کوردستانی نوێ

### ساڵح بێچار

ڕۆژی چوارشەممە (٢٩ - ١١ - ٢٠١٧) لە مەراسیمی (٩٦) ـەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) دا، لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ پێشنیازمان پێشکەش کرد کە لە شاری سلێمانی دا شوێنێک بکرێت بەناوی ئەو هونەرمەندە گەورەیەوە. جێگەی ئاماژە و پێزانینە هەر لەجێدا و دەمودەست کاک (خەلیل عەبدوڵڵا) بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی پێشنیازەکەی پەسەندکرد و ڕۆژی (٣ - ١٢ - ٢٠١٧) ش بەفەرمی نووسراوی بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی (سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی) کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیازە بە دروستکرنی باخچەیەک بەناوی (باخچەی حەسەن زیرەک).

هەڵبەت وێڕای سوپاس و قەدرزانینمان بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەت بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێشنیازەکەمان، هاوکات وەک لەوێش گووتمان هیوادارو داواکارین لە شارەوانیی سلێمانی شوێنێکی بەرچاو و شایستە بە گەورەیی زیرەک، بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان و تەرخان بکرێت.

**دەقی پێشنازەکەی ئێمە:**

بەپێی زۆر بەڵگە، یەکێک لەو شارانەی زیرەک تێیدا ئاسوودە و ڕێزلێگیراو بووە و زۆر بەرهەمی ئاوازەی تێدا تۆمارکردووە، شاری سلێمانی بووە.. خانمی (میدیای زەندی) هاوسەری زیرەک لەوبارەیەوە لە دیدارێکدا دەڵێت: «دڵخۆشیی دوو جێگا بوو، یەکیان سولەیمانی، یەکیان بۆکان محەلەی تەوەلودی خۆی. وەلێ لە سولەیمانیشی زۆر بێ نەهایەت خۆش دەهات. هەمیشە دەیگووت خەڵکی وێ زۆر میهرەبانن و قەدر و ڕێزی هونەر دەزانن. بەڵام ئەوەندەی کە لە سولەیمانی بیرەوەریی هەبوو لە جێگای دیکە بیرەوەریی نەبوو».

هەر لەبارەی زیرەک و سلێمانییەوە، مامۆستا (ناسری ڕەزازی) یش لە دیمانەیەکی کەناڵی کوردسات - دا دەڵێت: «حەزدەکەم یەک شت لێرەدا بڵێم، خەڵک بە ماستاوی نەزانن، سلێمانی جیاوازە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان، حەسەن زیرەک دانیشتنی لە سلێمانی یەکجار زۆرە، دوای ئەوە لە شنۆ و مەهاباد، لەم سێ شارە، بەڵام یەکەمین شاری سلێمانییە، بۆچی چونکو... لەو کاتەدا سلێمانی زیاتر لە (١٠٠) تەسجیل کە لای ئێمە زەبتی سەوتی پێئەڵێن، تیکە (٤٦) و تیکە (٤٧) و ئەمانەی لێبووە. لەکاتێکدا ئەوکاتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕواناکەم (١٠) تەسجیلیشی لێ هەبووبێت. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە یەکەم هەستی نەتەوەیی، دووەم تێگەیشتوویی ئەو خەڵکە بەرامبەر بە هونەر، چونکە بەڕاستی سلێمانی ئەتوانم وەکو شارێکی تاقانە ناوی بەرم، بۆیەش هەر هەقی خۆیەتی، مافی خۆیەتی پێی بڵێی شاری ڕۆشنبیریی. بەڕاستی سلێمانی بۆیە ئەڵێم تاقانەیە، تۆ چاوی لێبکە حەسەن زیرەک کاتی خۆی زۆربەی دانیشتنەکانی، زۆربەی کاسێتە خۆشەکان کە هی دانیشتنە هی سلێمانییە. ئیستە لە شنۆ و مەهابادیش هەیەتی، دانیشتنی هەیە، بەڵام هیچیان تۆمارکردنەکەی باش نییە. بەڵام ئەوانەی لە سلێمانی تۆمار کراون ڕڤێربی هەیە، ئیکۆی هەیە، بەڵام ئەوانی تر نییەتی».

کەچی جێگەی ڕامان و نیگەرانییەکی قووڵە کە تا ئێستاش لەو شارەدا کە نازناوی (پایتەختی ڕۆشنبیری) ی هەڵگرتووە، نە زانکۆیەک، پەیمانگەیەک، قوتابخانەیەک، گۆڕەپانێک، شەقامێک، باخچەیەک بەناوی ئەو هونەرمەندە گەورەیەوە نەکراوە.

دەقی نووسراوەکەی وەزارەتی ڕۆشنبیری:

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان



سەرچاوە
Serchawe

**بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی و خۆیەتی**

**ژمارە: (١ - ١٧ - ٤٧٧٨) ڕۆژ: (٣ - ١٢ - ٢٠١٧)**

**بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی**

**ب/ بەناوکردنی باخچە**

لەپای ئەو هەموو خزمەتکردنە و دەوڵەمەندکردنی هونەری موزیک و گۆرانی کوردی، ئەوە دەهێنێ کە یەکێک لە باخچەکانی شاری سلێمانی بکرێت بەناوی بلیمەت و هونەرمەندی نەمر (حەسەن زیرەک)، وەک ڕێزگرتن لە هونەر و هونەرمەندانی نەتەوەکەمان، پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتییە بەڕێزەکەتان کە یەکێک لە باخچەکانی شاری سلێمانی بەناوی هونەرمەند حەسەن زیرەکەوە بکرێت، هاوکاری و پشتیوانیتان لەو پێشنیازە بەرز دەنرخێنین. لەگەڵ ڕێزدا...

## ڕێوڕەسمی یادی لە دایکبوونی زیرەک-ی نەمر

سەرنووسەر: بۆنەی ئەمڕۆمان بۆنەیەکی هونەرییە، وەک ساڵۆنی کوردستانی نوێ میواندارێی ئەم بۆنەیەی کردووە کە بریتییە لە یادی لەدایکبوونی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک و دابەشکردنی ئەو پاشکۆییەی کە کاک ساڵح بێچار ئەرکێکی زۆری کێشاوە لە ئامادەکردنیدا.

هەمووتان بەخێربێنو باشترین ڕێزلێنانیش بۆ ئەم بۆنەیە ساتێک وەستانە بۆ گیانی پاکی شەهیدان و گیانی هونەرمەندانی شەهیدو کۆچکردوو.

دەزانم شتێکی نامۆیە ڕۆژنامەیەکی سیاسیی گرنگی بەلایەنێکی وا بدات، بەڵام نامۆش نییە، چونکە حەسەن زیرەک سامانێکی نیشتمانییو نەتەوەیی گەلی کوردەو حەسەن زیرەک باشترین شت کە تەعبیری لێبکرێت، گۆرانییەکانی خۆیەتی.

بۆیە ئەگەر بەشێک لە دەستەبژێری نەتەوەی کوردو ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانە، یادی حەسەن زیرەک بکاتەوە، ئەرکێکی زۆر بچوکەو زۆر درەنگیشە کە ئەمەمان کردووە، دەزانم ئەوانەی لێرەن ڕەنگە هەموویان یادگارییان لەگەڵیدا هەیەو گۆرانییەکی ئەو کەڵە هونەرمەندەیان لەبەربێت و ئەوەش دەرفەتێکە کە قسە لەسەر ئەو یادگارییانە بکەینو ڕۆحی حەسەن زیرەک شاد بکەین لەپای ئەو کارە هونەرییانەی کە لەکاتی نەبوونیو بێ ئمکانێتیدا کردوویانە تا ڕۆحیان شادبکەین.

کاک ساڵح بێچار ئەم پاشکۆییەی ئامادەکردووەو لەوبارەیەوە باسێکتان بۆ دەکاتو میوانانیش دەتوانن بەشداریی بکەن.

**ساڵح بێچار:**

ئازیزان، مامۆستایان، هونەرمەندان، شاعیران، هەموولایەکتان بەخێربێن، لەو هەلومەرجو قەیرانەدا نیشانەی دڵسۆزیتانە کە ئامادەبوون لە یادی کەڵە هونەرمەندێکی وەک مامۆستا حەسەن زیرەک و بێ موجامەلە دەمەوێ سوپاسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی و کوردستانی نوێ و بەتایبەتیتریش هاوڕێی ئازیزم کاک ستران بکەم.

هەموو حەزمان لە حەسەن زیرەک بووە، هەندێک بووە بە دەروێشی، کە من خۆم بە دەروێشی ئەو ڕێگەیە (تەریقەت)ە دەزانم، بە بەردەوامی گوێگری بووم، لە ژیانی خۆمدا یەکەم کتێب کە کڕیم چاپی سێیەمی کتێبی حەسەن زیرەکی د.هیوا عومەر ئەحمەد بوو ساڵی ١٩٧٨ کە مامۆستا ئەنوەر نۆتەکانی بۆ نووسیبۆوە، لە کتێبخانەی نالی لای شێخ ئەنوەر کڕیم بە ٢٥٠ فلس، رەنگە ئەوە دەورو نەخشێکی هەبووبێت لەسەر هۆگریی من بۆ زیرەک، تەنانەت ئەو شیعرانەی کە بۆ مام جەلال ئاماژەی پێدەدات لەو کتێبەم وەرگرتووە. مەبەستم لەوەیە لەو کاتەوە وەک کوردێک بەردەوام وەک کانییەک سوودم لە زیرەک بینیووە.

هەستدەکەم حەسەن زیرەک نەبێت، بۆشاییەک لە ژیانی مندا هەیە، وەک چۆن لە لایەنی شیعرو داهێناندا مامۆستا شێرکۆ سەرچاوەی منە. بەداخەوە مامۆستا حەسەن وەک خۆی نەناسراوە، من لێرەدا بە سێ سەرنج ئاماژە بە ژیانی حەسەن زیرەک دەدەم.

**یەکەم**: ئاشکرایە بەدرێژایی (٤٥) ساڵی رابردووی پاش کۆچی دوایی زیرەکی نەمر، ساڵانە تەنها لە رۆژی مردنەکەیدا واتا ٢٦ - ٦ یادی ئەو گەورە هونەرمەندە کراوەتەوەو بەرنامەو دیدارو کۆنسێرت بەو بۆنەیەوە ساز کراوە. بەڵام ئەمساڵو بۆ یەکەمجار ئێمە ویستمان لەو نەریتە لابدەینو وەک هێمایەک بۆ ژیاندۆستی هونەریی زیرەک، لە ساڵرۆژی لەدایکبوونیدا واتا ٢٩ - ١١ پاشکۆیەکی کوردستانی نوێ بۆ بیرەوەریی ئەو گەورە هونەرمەندە ئامادە بکەینو هاوکات ئەم مەراسیمە تایبەتەش بەهەمان بۆنەوە لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ رێکبخەین.

**دووەم**: بەپێی زۆر بەڵگە، یەکێک لەو شارانەی زیرەک تێیدا ئاسوودەو رێزلێگیراو بووەو زۆر بەرهەمی ناوازەی تێدا تۆمارکردووە، شاری سلێمانی بووە. خانمی (میدیای زەندی) لەوبارەیەوە دەڵێت: « دڵخۆشیی دوو جێگا بوو، یەکیان سولەیمانی، یەکیان بۆکان محەلەی تەوەلودی خۆی، وەلێ لە سولەیمانییێشی زۆر بێ نەهایەت خۆش دەهات. هەمیشە



سەرچاوە Serchawe

دەیگوت خەڵکی وێ زۆر میهرەبانن‌و قەدرو ڕێزی هونەر دەزانن. بەڵام ئەوەندەی کە لە سولەیمانی بیرەوەریی هەبوو لە جێگای دیکە بیرەوەریی نەبوو».

هەر لەوبارەیەوە مامۆستا (ناسری رەزازی) یش دەڵێت: «حەز دەکەم یەک شت لێرەدا بڵێم، خەڵک بە ماستاوی نەزانێ، سلێمانی جیاوازە لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان، حەسەن زیرەک دانیشتنی لە سلێمانی یەکجار زۆرە، دوای ئەوە لە شنۆو مەهاباد، لەم سێ شارە، بەڵام یەکەمین شاری سلێمانییە، بۆچی چونکە لەو کاتەدا سلێمانی زیاتر لە ١٠٠ تەسجیل کە لای ئێمە زەبتی سەوتی پێدەڵێن، تیکە (٤٦) و تیکە(٤٧) و ئەمانەی لێبووە، لەکاتێکدا ئەو کاتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوا ناکەم ١٠ تەسجیلیشی لێ هەبووبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە یەکەم هەستی نەتەوەیی، دووەم تێگەیشتوویی ئەو خەڵکە بەرامبەر بە هونەر، چونکە بەراستی سلێمانی دەتوانم وەکو شارێکی تاقانە ناوی بەرم، بۆیەش هەر هەقی خۆیەتی، مافی خۆیەتی پێی بڵێی شاری ڕۆشنبیریی... بەراستی سلێمانی بۆیە ئەڵێم تاقانەیە، تۆ چاوی لێبکە، حەسەن زیرەک کاتی خۆی زۆربەی دانیشتنەکانی، زۆربەی، زۆری کاسێتە خۆشەکانە کە هی دانیشتنە هی سلێمانییە. ئێستە لە شنۆو مەهابادیش هەیەتی، دانیشتنی هەیە بەڵام هیچیان تۆمارکردنەکەی باش نییە. بەڵام ئەوانەی لە سلێمانی تۆمار کراون ڕڤێربی هەیە، ئیکۆی هەیە، بەڵام ئەوانی تر نییەتی».

کەچی جێگەی رامان‌و نیگەرانییەکی قووڵە کە لەو شارەدا کە ئێستا نازناوی (پایتەختی ڕۆشنبیریی)ی هەڵگرتووە، ئێستا کە کاک خەلیل عەبدوڵلا بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لێرەیە، پرسیارێک و پێشنیازێکی ئاراستەدەکەین، کە بۆچی تائێستا زانکۆیەک، پەیمانگەیەک، قوتابخانەیەک، گۆڕەپانێک، شەقامێک، باخچەیەک بەناوی ئەو هونەرمەندە گەورەیەوە نەکراوە؟

**سێیەم**: زیرەک بەو حوکمەی لەرێگەی هونەرە بەرزەکەیەوەو لەو ڕۆژگارە تاریکستانەی واقعی کۆمەڵایەتی کوردستان دا بەپێچەوانەی شەپۆلەوە مامەڵەی کردووە، هەر زوو نەیاران‌و ناحەزانی کەوتوونەتە بەهانەو بیانوو لێی، دەیان‌و سەدان تۆمەت و بوختانی ناڕاستو نادروستیان بۆ هەڵبەستووە، کە زۆربەی ئەو تۆمەتانەش پەیوەندییان بە باری کەسێتی تایبەتی ئەو پیاوەوە هەبووە لە چۆنێتی پەیوەندیی ئەو بە ژنەوە. دیارە دواجار ئەو تۆمەتو تێڕوانینە نیگەتیڤانە بێ کاریگەریی نەبووە لەسەر کۆمەڵگە بە گشتیو ژنان بەتایبەتی. لەرابردوودا هەر یەکێک لە ئێمە لێرەولەوێ بەر گوێمان کەوتووە کە زۆربەی ژنانی یەک دوو نەوەی پێشووتر گۆرانییەکانی زیرەکیان نەچۆتە بەردڵ، بەو حوکمەی بەئاشکرا باسی ماچو لەئامێزگرتن‌و تێکئالآن‌و.... هتد کردووە، تەنانەت ئاماژەی بە هەندێک شوێنی جەستەی ژن کردووە، کە لەو ڕۆژگارەدا نەک هەر خەتی سوور، بگرە کوفرو لە دین دەرچوونیش بووە.

بەڵام من لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، وەک ڕاپرسییەکی تایبەت ڕای زیاتر لە (٢٥) خانمی هاوڕێم لە ئاستە جیاوازەکاندا وەرگرتووە، کە مامۆستا، فەرمانبەر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، شاعیرو گۆرانبیژیان تێدایە. جێی دڵخۆشییە بەگشتی بۆچوونو دەربڕینەکانیان جێگەی لەسەر وەستانو گرنگی پێدانە، کە نەک هەر (زیرەک) ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو وەکو مەداحێکی گەورەی سروشت و ژیان وێنایان کردووە. کە بە بۆچوونی من ئەم وەرچەرخانە لە تێڕوانینی ژنانی کورددا سەرەتای ناسینێکی ڕاستەقینەی زیرەکو هونەری بەرزی زیرەکە لەداهاتوودا. بەڕاستی ئەگەر ژن بەگشتی زیرەک پەسەند بکات، ئەوا نەوەکانی دواتر ئەو کەسێتیە دەناسن.

## ئازیزان:

من بەشەرمەوە باسی حەسەن دەکەم، چونکە من باسی هونەرمەند دەکەم لە حزوری ئێوەدا، لە داهاتوشدا من فەرهەنگی زیرەکم بە دەستەوەیە کەم گۆرانی ئەو پیاوەیە کە بەچەند زاراوەیەک وتویەتی، خاڵێکی گرنگ لەرووی مۆسیقاوە مامۆستا ئەنوەرو مامۆستا دلێر حسێن باشتر تێیدەگەن، زۆرجار وشەیەکی بەکارهێناوە بۆشایەکی پێ پڕکردۆتەوە، بۆ نموونە وشەی کێل گەردن کە دەبێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، من لەساڵی ٢٠٠٠ لەبەرنامەیەکدا باسی حەسەنو ریکلامم کردووە، هەمومان ڕاگەیاندنکارین، حەسەنی گەورە لە ساڵانی پەنجاکاندا دەیان ریکلامی کردووە، ئێستاش دەتوانرێت سوودی لێ ببینرێت بەتایبەتی لە ئەورپا بۆ نموونە حەسەن 45 ساڵە فەوتی کردووە، نیو سەدە لەمەوپێش ریکلامی بۆ سەیارەی شۆفرلێت کردووە، بۆ جیب کە دەڵی بەماشینی جیب دێم بۆ پێشوازی، یان جێم سی بە بڕوای من ئەگەر ئێستاش ئیشی لەسەر بکرێت، کەیسی بۆ دروستبکرێت کە بوترێت کاکە پەنجا ساڵ پێش ئێستا گۆرانی بێژێکی کورد ریکلامی بۆ سەیارەکانی ئێوە کردووە، من دڵنیام ئەگەر هیچ نەکەن پەیکەرێکی بۆ دەکەن، گۆڕەکەی چاک دەکەن، کۆتاییەکەی هەر بۆ ژنە، هەمووی باسی نالیو مەستورە خانمی بیستووە مەبەستی سەرەکی شکاندنی مەستورە خانم بووە، بەهۆی ئەو سیراعە سیاسیدەوە لە بەینی میرنشینی بابانو ئەردەڵاندا هەبووە، لەو دواییانەدا بەداخەوە بۆ کۆچی سیاسەتمەداری کورد کاک نەوشیروان لە کتێبی میرایەتی ئەردەڵاندا دەڵێت نالی ئەگەر کاتی خۆی ئەو قەسیدەیەی بۆ شکاندنی مەستووره خانم نووسیبێت، بەڵام لەمڕۆدا هەمان قەسیدە وەک وەسفێک وایە، چونکە لە دونیای دەرەوە جوانترین وەسف کە بۆ ژن بوترێت، ئەوەیە کە بڵێی تۆ ژنێکی سێکسیت، کە ئەوە جوانترین وەسفە بۆ ژنان.

بۆیە بە بڕوای من ڕۆژێک دێت ژنی کورد پەیکەری زێڕین بۆ حەسەن دروست دەکەن، چونکە عەشقی حەسەن بۆ ژن عەشقێکی ڕۆحی بووە.

**حەمید بانەیی**:

سوپاس بۆ کاک سالْح و ئامادەبووان، بێگومان ئێمە کەسمان تێدانییە هیچ نەبێت گۆرانییەکی حەسەنمان لەبەر نەبێتو لەبەر خۆمانەوە گۆرانییەکی نەڵێینەوە، وەختی خۆی لە دیدارێکدا برادەرێک وتی: من سەرجەم گۆرانییەکانی حەسەنم نوسویووەتەوە، حەسەن گۆرانی وای هەیە بە سێ شێوە وتویەتیو هەر جارەی بەشێوەیەک وتویەتی، حەسەن زیرەک ٣٠ هەزار وشەی کوردیی بەکارهێناوە، گەورەترین فەرهەنگ کە هەمبانە بۆرینەیە 35 هەزار وشەی تیا بەکارهاتووە، حەسەن زیرەک لە گۆرانیدا زۆر وشەی هەیە کە لێی تێنەگەین، حەسەن چونکە گەڕیدە بووە، وشەی زۆر لە دیالێکتەکانی تێدا بەکارهێناوە، حەسەن زیرەک فەرهەنگێکە. حەسەن زیرەک گوێی لە گۆرانی هەموو زمانەکانی تر گرتووە، گۆرانییەکانی هێناوە بە تەواوەتی بەرگی ئەو میللەتەی لێکردۆتەوە وەک تۆزە تۆزە گۆرانی ئوم کەلسومە، مەقامی سەبا، بەتەواوەتی بووە بە کوردی، بەراستی حەسەن مەدرەسەیەک بووە.

**سالْح بێچار**:

هەر بۆ پشتیوانیی قسەکانی کاک حەمید، من لەم رۆژانە مەقامێکی حەسەنم دۆزییەوە بە هەورامی وتویەتی، ناردم بۆ هەندێک لە هاوڕێی هەورامییەکانم، وتیان یەکەمجارە گویمان لێی دەبێت، دڵنیام دەیان نموونەی تری لەو جۆرە هەیە.

**ئەنوەر قەرەداغی**:

برایان زۆر لایەن هەیە ئەگەر باسی بکەین لە ژیانی حەسەن زیرەکدا جێگەی تێڕامانە، توێژینەوەی زۆری لەسەر دەکرێت، بەداخەوە زۆرشت هەیە بڵاودەکرێتەوە، ئاماژە بە سەرچاوەکەی نادرێت، حەسەن زیرەک پیاوێکی گەڕۆک بووە، شارەو شار گەڕاوە، لەو ناوچانە کەلتوری ناوچەکانی بەزیرەکی کۆ کردۆتەوە، وەک ناوچەی ئازەرییەکان هێناویەتی کوردانددویەتی، سرووودی ئەی کوردینە ئەی مەردینە، ئاوازێکی تورکییە، ئەم هاتووە بە کوردی وتویەتی، ئێمە دەبێ ئەو شتانە راست بکەینەوەو ئیحترامەن بۆ حەسەن زیرەک، زیرەک وریاییەکەی لەوەدا بووە ئەو ئاوازەی وەریگرتووە، بەو نەوعە وتویەتی کە خۆی وتویەتی، ئەوە زیرەکییە، بۆ نمونە خۆم ئاوازم بۆ عەزفکردووە، یەکسەر کەلیماتی بۆ داناوە، ئەوە دەلەلات لە زیرەکی دەکاتو کەس دەستگیرۆیی نەکردووە، چەند جار بەمنی وتووە مامۆستا پەنجەی تۆم زۆر پێخۆشەو دەڵێی میرزادەی، گۆرانی بەسەر مندا وتووە، بەداخەوە فەوتاوە، ئەوکات شریت دەستاو دەستی دەکرد، نوری کا مەلا ئەو چەندین شریتی منی بردووەو گۆڕیویەتی.

شتێکی تر.. حەسەن لە رۆژهەڵات جوانتر لە ستۆدیۆ کاری بۆ دەکرا، بەڵام لێرە دانیشتنی ماڵان بوو، ئەو دانیشتنانە زۆرجار سەری لێ دەشێواند، لەگەڵ ئەوەشدا جەوهەرێکی رێکو پێکی تێدایە، حەسەن ئەگەر چی گۆرانی نەتەوەکانی تری وتبێتەوە، کورداندویەتی. ئێمە ئەگەر لەسەر ئەو خاڵە ورد ببینەوە ئەوسا دەزانین قیمەتی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک چییە، یەکەم جاریش کە حەسەن زیرەک هاتە سلێمانی، چووم بۆ لای و پرسیارم لێکرد، بیستبووم کە بە راستەوخۆی گۆرانی وتووە لە رادیۆوە وەک کۆنسێرت، دەمانوت سەلیقەیەکی زۆر جوانی هەبوو.

**ستران عەبدوڵڵا**:

**ئەوەی حەسەن باسی مام جەلالی کردووە ئێمە لەکوردستانی نوێ ناتوانین ئاوها باسی مام جەلال بکەین:**

**موسافرێکمان کە مام جەلال بوو**
**یەکجار گەنجێکی بەبێ غەلال بوو**
**خۆ پیریش نەبوو پێیان دەوت مام**
**کوڕێکی شیرین وەکو شەکری خام**

**سالح بێچار**:

ئەو کتێبە ساڵی ١٩٦٦ چاپکراوە، بەڵام هەر کات لە رادیۆی بەغدا باسی زیرەک کراوە، رێک ئەو بەشەی باسی مام جەلال کراوە، لابراوە، لەوەش گرنگتر باسی ژنهێنانی حەسەن زیرەکە لەبەغدا، مام جەلال دەڵێ: من حەسەن زیرەکم رێکخستووەو کردوومە بە هەڤاڵ لەو سەردەمەی پارتیدا.

**دکتۆر مارف عومەر گوڵ**:

**حەسەن زیرەک قسە زۆر هەڵدەگرێ:**
**نهێنییەکەو وا لەدڵما بیڵێم زمان دەسوتێ**
**نهێنییەکە وا لەدڵما بیبێژم ئێسقان دەسوتێ**
**پەنهانی کەم نەیبێژم مەغزو ئێسقان دەسوتێ**
**ئەستێرەکەم لە بورجێدا وەدەرخەن نجومگەر**
**لەتاوی ئاهو ناڵەم حەوت ئاسمان ئەسوتێ**

ئەم شیعرە حەسەن زیرەک لە چەند گۆرانییەکدا دەیڵێ لە یەکێک لە گۆرانییەکاندا کە بەکوردی دەیڵێت بە فارسیش دەیڵێت. ئەم شیعرە هی کوڕێکە ناوی محەمەد قادرە لە کەرکوک ژیاوەو لەوێش مردووە، نازناوی نەسرەوت بووە، ئەوکاتە یادی بەخێر ئیحسان فوئاد لە گۆڤاری رۆشنبیری بڵاویکردەوەو وتی ئەم شیعرە هی کێیە؟ ئەم شیعرە پەیوەندیی بە بەشیر موشیریشەوە هەیەو ناوی ئەویش لەو شیعرە هەیە، محەمەد کەریم وەڵامی دایەوە وتی من بەهاوکاری برادەرێکی هەورامی وتومە. دووەم: حەسەن زیرەک شیعری شاعیرە کوردەکانی وتووەو هیچ هەڵەیەکی تیا نییە، سێیەم: حەسەن زیرەک گۆرانی گۆرانیبێژەکانی کوردی وتۆتەوە، رەسوڵ گەردی لەکتێبی شیلانەو شلێرە بڵاویکردۆتەوە، خۆی دەڵێ شەمامەو شلێرە ئەوە حەسەن وتویەتی، گۆرانی شەماڵ سائیبی وتۆتەوە لە ئازەربایجان، گۆرانی ماملێی وتۆتەوە بەتایبەتی پەیوەندی بە لایەنی سیاسییەوە بووە، حەسەن لە سروشت ناوی چیاو گوندو روبارو شارو شارۆچکەی بردووە، ناوی ئافرەتی هێناوە، ناوی هەواو ئاوی هێناوەو دەبێت کار لەسەر فەرهەنگی حەسەن زیرەک بکرێت، لەو وتارەدا جەنابی مام جەلال باسی فندق شیمال کبیر دەکات، لەوێوە حەسەن زیرەکی بردووە بۆ ئیزگەی بەغدا، من ژیان وایلێکردم ماوەیەک لەو فندق شیمالە بوم، ئەو تابلۆیەی لێی نووسرابوو فندق «شمال کبیر» لەوێ هەڵگیرابوو، بەداخەوە نەمتوانی دوو سێ رەسمی ئەو تابلۆیە بگرم بۆ مێژوو هەلمگرتایە. حەسەن زیرەک زۆر رستەی شیعری هەیە، هەمووی هی خۆیەتی وەک:

**بۆم بڵێ نەرمە نەرمە، ئەمساڵ بەغدا زۆر گەرمە،**
**بڕنۆی سەواری بەتڵان، کەوتیتە دەست کوردەواری،**

ناوهێنانی کەسایەتیو شەخسییەتی کوردی زۆر هێناوە، حەسەن زۆر لەوە زیاتر دەهێنیو هەقە کارێکی گەورەی بۆ بکرێ و رەخنەشمان لە حەسەن زیرەک هەیە، بۆ نمونە هەندێک شت بەکاردەهێنێ، ئەوە حەیاتی وابووە، بۆ کوردەواری خۆمان ناگونجێ، لە دەیان گۆانی وتویەتی وەرە وەرە باجوت بین. لە رووی سیاسییەوە لە سرودەوە بردوێتی بۆ گۆرانی، بۆ نموونە دەڵێ:

**وا شاهەنشا فەرمووی لەگەڵ جوتیارو کرێکار**

گۆرانییەکی تر بیست و یەکی ئازارە شاهەنشامان رابەرە، لەوانەیە لە هەندێک شوێندا ئەو فەرهەنگە سیاسییە فەرزکرابێ بەسەریدا.

**عەلی کەریمی**:

من پێمخۆشە شتێک بڵێم، دوو سێ نەتەوەیەکین لەناوچەکەدا بەهیچ شتێک ناگەین، بڵێین ئەوە هی منە، ئازەرییە یان تورکە، ئەو شەڕەی مۆسیقا زانەکان دەیکەن، بەهیچ جێگایەکمان ناگەیەنێ، ئەوە نیشانەی گەورەیی مۆسیقایە کە سنووری نییە، ٩٠% پیاوی ناوچەی ئێمە، تورکی زانیووە، سنووری ئێمە فارس نەبووە، دیاردەی ناوچەی ئێمە جیا لە کرماشان، ناکرێت رەخنەی پیاوێکی گەورە لە گەورەیی شاعیر یان گۆرانی بێژ یان سیاسی کەمبکاتەوە. ئێمە دوو گۆرانی بێژی بەرچاومان هەبوو، تەنانەت شەڕی بۆکانیو سابڵاخیشمان لەسەر دەکردن، یەکیان کاک محەمەد ماملێ بوو، ئەوی تریشیان کاک حەسەن زیرەک بوو، بەڵام جیاوازییەکەک هەبوو، راستە لە کوردەواری شایەر لەقەبێکی خراپی وەرگرتبوو، کاک محەمەد ماملی نەدەچووە شاییو هەندێک شوێنو لەمەجلیسدا گۆرانی دەوت، بەڵام حەسەن زیرەک دەچووە دەعوەت، زیرەک بێ وێنە بوو، شتێک بگێرمەوە کورێکی جیرانمان ژنی هێنا، دایکی ئەو کورە زۆر جوان بوو، حەسەن عاشقی ژن بوو، ئەوکات گۆرانی بێژێکی چاک هەبوو، عەرەب بوو، لە ئەهوازەوە هاتبوو، ناوی نیعمەتوڵڵا بوو، ئەم پیاوە وەک حەسەن گۆرانی دەوت، حەسەن زیرەک لەو زەماوەندەدا زەماوەندی کورەکە، دایکی زاوا پاوانەی لە قاچ بوو، خۆی گۆریبوو زۆر جوان بوو، حەسەنی شێت کرد، دایکی شەش منداڵبوو، ئامینە خان، یەکسەر گۆرانییەکی بۆ تەرجومە کردووە:

**ئامینە خان گوارەکانت مەلەنگێنە،**
**سوک برۆ پاژنەکانت مەلەنگێنە**

ئامینە خانە شێت بوو دوای شەش مانگ ئامینە خان دەرکرا بەهۆی حەسەن زیرەکەوە، چونکە هەموو رۆژ دەهات بۆ گەرەکو ئامینە خان ئاخیرەکەی شێت بوو، عەشقی حەسەن بەشێوەی کاڵا بووە.

**خەلیل عەبدوڵڵا**:

دەست خۆشیتان لێدەکەم بۆ ئەم رێورەسمەو سوپاس بۆ کاک ستران کە یادی کەسایەتیو ناودارەکان لەوەختی خۆیدا ناکرێتەوە، سوپاس بۆ هەموو لایەک. حەسەن زیرەک شایستەی ئەوەیە شەقام یان باخچەی بەناوەوە بکرێت، ئێمە هەفتەی داهاتوو نووسراوێک دەکەین بۆ ئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی تا شوێنێکی بەرچاوی بەناوەوە بکرێت، ئەو کتێبەی کاک ساڵحیش کە ئامادەیە، چاپی دەکەینو دەستخۆشیی لێدەکەین.

**دلێر حسێن - موزیکژەن:**

من لایەنی ئەکادیمی ئیشەکانی حەسەن زیرەک باس دەکەم، لایەنی ئەکادیمی بوون لە هونەردا عەشوایی یان بەخوێندن دروست دەبێ. لەمۆسیقادا چەند خاڵیک هەیە، شتێک هەیە، ئێمە پێی دەڵێن بیرۆکە، ئێمە نیوەدێر دادەنێین، ئیتر لەوێوە کارەکان تەواو دەکەین، ئەگەر دیقەت بدەن حەسەن زیرەکە عەشوایی فێربووە، کە چی ئەو ئاوازانەی کە هی خۆیەتی تەماشا بکەین پێوەی دیارە کە چۆن دەیڵێ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر بە زانستی بیخوێندایە ئاواز دانەرێکی زۆر گەورە دەبوو.

ئەوە لایەنێکیان، خاڵێکی تری حەسەن زیرەک، حەسەن تەمەنی کەمبوو هەستی بەوە کرد کە دەبێت گۆرانی بەشێوازێکی جوان بوترێت، حەسەن توانیی شان بەشانی ئەو هونەرمەندە گەورانەی فارس گۆرانی بڵێت، دوای ئەوە گۆرانییەکانی کرماشانو دواتر لە سلێمانی لەگەڵ مامۆستا ئەنوەر کاری کردووە، کۆمەڵێک گۆرانی جوانی وتووەو سوپاستان دەکەم.

**عەبدولی حەمە باقی:**

من زۆر سوپاستان دەکەم، سوپاس بۆ کوردستانی نوێ، قسەکردن لەسەر مامۆستا حەسەن زیرەک زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێ، من کاک محەمەدی برام هەمیشە گلەیم لێدەکات و دەڵێ کە باسی حەسەن دەکەیت، هەقی خۆی نادەیتێ، من کە لێرەبووم شتم لەسەر حەسەن زیرەک دەنووسی، هەموو جارێک کە بابەتم دەبرد بۆ کاک ستران، دەیوت هەر حەسەن نەبێت قەیناکە، من دوای راپەڕین بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٩٢ بە هاوکاریی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەرنامەیەکم کرد لە گەلی کوردستان، سەرنجێکم لەسەر قسەکەی دکتۆر مارف هەیە کە دەڵێ بە تاڵان کەوتیتە دەست کوردەواری، حەسەن زیرەک مەبەستی بڕنەوی سەوارییە کە سۆڤێت بەخشیبووی بە کۆمار، ویستویەتی بەو ئافرەتە بڵی ئەوەندە جوانی، نرخت نازانرێ، من وای بۆ دەچم زۆر جوان چواندویەتی، من قسەیەکم هەیە دەڵێم کورد بەختی هەیە حەسەن زیرەک کوردبوو، بەڵام حەسەن زیرەک بەختی نەبوو چونکە کوردبوو، جارێک چومە لای محێدین وێنەگری قەدیمی هەولێر پێیان دەوت ئەبو سەباح، بەڵام عاشقی حەسەن بوو، وتی: رۆژێک چوم بۆ بانە لەسەر کانییەک دانیشتبووم، خەڵک بەوێدا دەهات: وتی تراکتۆرێک وەستا سێ چوار کەس دابەزین، خانمێکی تیا بوو زۆر جوان بوو، تۆزاوی بوو خۆی دەتەکاند، حەسەن زیرەک سەری هەڵبری خانمەکەی بینیو دەهات بۆ کانییەکە، وتی دەستی خستە بناگوێیو وتی:

**ئەی لەلەنجەو لاری لە مەمکۆڵەی هەناری**



سەرچاوە
Serchawe

**لالٚ بم نیشتووە لە رەنگی تۆزی رێگەی شاری**

وتی ئەوەی وت، زۆر غەریب بوو، شەو چوینەوە ماڵەوە، تەسجیلەکەم دەرهێناو وتم حەسەن گۆرانییەکەی نیوەڕو بلێ، وتی بابە ئەوە بۆم هات.

**مستەفا ساڵح کەریم:**

من نامەوی شتەکان دووبارە بکەمەوە، حەسەن خاوەن بەهرەیەکی گەورە بوو، لەسەر ئەو تالانە لە کوردەواریدا زۆر شت هەیە، دەلێ بەتالان فرۆشراوە، مەبەست تالانی نییە، ئەو شیعرە هی حەسەن زیرەک نەبووە، هی کاکە حەمەیە کوری حاجی کەریمە خەڵکی سلێمانییەو نایب زابت بوو، لەکەرکوک دەژیا نازناوی شیعرەکەی نەسرەوت بوو.

خاڵێکی تر من سەرەتای نووسینم وەک شیوعیو مارکسی هەندێک شتم پێ ناخۆشبوو، مەقالێکم نووسی ساڵی ۱۹۵۸ لە ژین گۆشەم هەبوو، نووسیم ئەم هونەرمەندە دەنگی خۆشە، هەقە شاعیرەکان دەستی بگرنو هۆنراوەی جوانی بدەنی، حەمە ساڵح دیلانم بینی، وتی قسەکانت راستە، بەڵام ئەو پیاوە بەستە بێژی وا لەکوردستان نییە.

**ئەکرەم میهرداد:**

هەموو لایەک بەخێر بێن، من پێم وایە ئەم یادە زۆر باشە بەس دەبوایە زۆر شتی تێدابووایە، یەکەم حەسەن زیرەک لە هەموو گۆرانی بێژەکانی تر هەمەڕەنگ ترە، لەهەموو ناوچەکانی کوردستان گۆرانیی وتووە، دەبوایە باسبکرایەو نموونەش بوترایە. دووەم ئەو تایبەتمەندییەی کە هەیەتی بە هەموو کورد نیەتی، سێیەم حەسەن گۆرانییەکانی میللی کردووەو زۆر جوان بووە.

**دکتۆر بەهرۆز جاف:**

سوپاس، یەکەم لەم بڵاوکراوەیە ژیاننامەی حەسەنی تێدا نییە، دووەم: خۆزگە مامۆستا مەزهەری خالقی لێرە بوایە، پرسیارەکە ناوو نازناوی زیرەکە لە چییەوە هاتووە، دەڵێن لەشاتر حەسەنەوە هاتووە.

**سالح بێچار**:

قەراربوو پاشکۆکە زیاتر بێت، رەنگە ئەوانەم بەگرنگتر زانیبێت، بەراستی مامۆستا مەزهەر جێگەی خاڵی بوو، نازناوەکەشی حەسەن ناوی فامیلی زلە بووە، میدیای زەندی دەڵێ پێم وتووە بیگۆڕە، حەسەن لەباشووری کوردستان ئەو نازناوەی پێدراوە، دەڵێن لە رادیۆی بەغدا ئەو نازناوەی دراوەتێ.

**سەربەست عەبدوڵڵا**:

من دەستخۆشیتان لێدەکەم، من یەک خاڵ دەڵێم باسی ئافرەتتان کرد، مامۆستا زۆر بەجوانی باسی ئافرەت دەکات، رەنگە سلبیاتی هەبێتو بەنەوعێکی تر وەرگیرابێت، بەڵام زۆر جوان وەسفی ئافرەت دەکات. سوپاستان دەکەم.

**سالح بێچار**:

من دواجار سوپاستان دەکەم بەناوی کوردستانی نوێشەوە سوپاس، هەر زانیاریەکتان دەست کەوت لەسەر حەسەن زیرەک، بیگەێنە دەستی من زۆر سوپاستان دەکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## زیرەک: ناسنامەی گۆرانیی میللەتێک!



**سالح بێچار**

نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر و ڕۆژی سێشەممە (٢٩ - ١١ - ١٩٢١)، هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا (حەسەن زیرەک) لە شاری (بۆکان) ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبوو. هەر لە هەمان ڕۆژدا ئەستێرەگەشەیەکی پڕ تیشک و جیلوە لە ئاسمانی هونەری گۆرانیی و موزیکی کوردییش دا هەڵهات. ڕێبەر و ڕێکخەرێکی شارەزا بۆ سەر ڕێچکەخستنی ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردەواریی پەیدا بوو. چریکەیەک خەڵکی کوردستانی ئاگادار و بێدارکردەوە لە بوونی گەنجینەیەک لە بەستە و مقامی تایبەت بە هونەر و کەلتووری کوردی.

ئاشکرایە بە درێژایی (٤٥) ساڵی ڕابردووی پاش کۆچی دوایی زیرەکی نەمر، ساڵانە تەنها لە ڕۆژی مردنەکەیدا واتا (٢٦-٦) یادی ئەو گەورە هونەرمەندە کراوەتەوە و بەرنامە و دیدار و کۆنسێرت بەوبۆنەیەوە سازکراوە. بەڵام ئەمساڵ و بۆ یەکەم جار ئێمە ویستمان لەو نەریتە لابدەین و وەک هێمایەک بۆ ژیاندۆستی هونەری زیرەک، لە ساڵرۆژی لەدایکبوونیدا واتا (٢٩-١١) ئەم پاشکۆیە بۆ بیرەوەریی ئەو گەورە هونەرمەندە ئامادەبکەین و هاوکات مەراسیمێکی تایبەتیش بە هەمان بۆنەوە لە ساڵۆنی کوردستانی نوێ ڕێکبخەین.

جێگەی داخ و کەسەرە (زیرەک) لە ڕۆژگارێکدا ژیا کە ڕۆژگاری ئەو نەبوو، هەر زوو ڕووبەڕووی کۆمەڵگەیەکی

داخـراوی داگیرکـراوی زۆریـنە نەخوێنـدەوار، سـەردەمێکی تاریـک لە سـایەی هەژمـوونی بیروبـاوەڕی ئـایینی و خێڵەکـی، مەرگدۆست و جوانیی کوژ، موزیک و گۆرانی بە حەرام زان بوەتەوە کە نەک هەر هاندەر و پشتیوانی نەبوون و کۆمەکیـان بە توانا و بەهرەی ئەو داهێنەرە نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تەنـانەت زیرەکیـان وەک یـاخی و لادەر لە داب و نەریتـی سونەتگەرای ئەو ڕۆژگارە چاو لێکردووە.

بەڵام زیرەک عیشقی موزیک و گۆرانی، خاک و زێد، ژن و ژیان لە خوێنیدا گەڕاوە و لەکوێ نەغمەیەکی موزیکی ژنەوتبێ، لە کام لا ئاسوودەییەکی دەروونیی هەستپێکردبێ، لە هەر جێ کچۆڵەیەکی کێل گەردنی بەر چاو کەوتبێ، لە هەرکوێ شۆڕە ژنێکی بەردڵ کەوتبێ بە دەنگێکی پڕ لە گوزارشتی ئیرۆتیکی لە ڕۆحەوە چریکاندوویەتی و خەمی دڵی خۆی و تەمی ڕۆحی ئەوانی دی ڕەواندووەتەوە.

لە ڕۆژگارێکدا کە (ڕادیۆ) تـاکە هۆکـاری پەیوەنـدی و تەنهـا کەنـاڵی بەیەکگەیشـتنی هونەرمەنـدان و هەوادارانیـان بـووە؛ زیرەک وێڕای دەربەدەریی و دەردەسەریی، سـەرباری بەهـانە و بیـانووی داگیرکەرانی هەردوو دو؛ زیرەکـانە توانیـویەتی ئەو کەناڵە لە هەردوو وڵاتی عێراق و ئێران بکاتە پردی پەیوەندی نێوان خۆی و عـاشقانی دەنگی و سـەدان بەسـتە و مقـامی لە ڕادیۆکـانی «بەغـدا، تـاران، کرماشـان، قەسـری شیرین، سنە، مەهابـاد و ورمێ خوێنـدووە کە بەشێکیان بـۆ هەتـاهەتـایە بوونەتە سامانێکی لەبن نەهاتووی گۆرانی و مۆزیکی ڕەسەنی کوردیی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧


سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک عودژەن بوو.. ئەیزانی عود بژەنێت لەبەر ئەوە عودەکەشی لەگەڵ خۆیا گیرا بوو !



**محەمەد حەمەباقی**

حەسەن زیرەک بەو هەڵکەوتەی کە خەڵکی بۆکانە، بۆکان ناوجەرگەی جوگرافیای فەیزوڵڵا بەگییەکانە. ئاغاکانی فەیزوڵڵا بەگی وا ڕاهاتوون، یا بەو بۆنەیەوە کە خۆیان شەوق و زەوق و تاسەی هونەر و خۆشەویستییان بۆ هونەر هەیە، هەمیشە دیوەخانەکانیان تەرخان کردووە بۆ هونەرمەندانی ناوچەکانی دوور و نزیک، کە ئەڵێم دوور و نزیک واتا لە هەر شوێنێک هونەرمەندێک دەنگخۆشێک.. بیستوویانە ناوبانگی هەیە ناردوویانە بەشوێنیا، لە دیوەخانەکانیانا گۆرانی وتووە. گۆرانییەکان بۆنەیان بۆ داناوە، با بڵێین هەموو ڕۆژێکی .. شەوێکی چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە، یا پێنجشەممە لەسەر هەینی، ئەو هونەرمەندانە بۆئەوەی دەنگی خۆیان تاقیبکەنەوە هاتوون کەشوهەوای ڕۆحی خۆیان بەجۆرێک ئامادەکردووە کە لەبارترین، شیاوترین، باشترین گۆرانی بڵێن، بۆئەوەی لەو بۆنەیەیا پێشبڕکێی دەنگی خۆیان دەربخەن، بزانن لە چ ئاستێکایە. لەبەرئەوە باشترین گۆرانیبێژەکانی ئەو ڕۆژگارە لە جوگرافیا زۆر دوور و نزیکەکانی کوردستانەوە لە دیوەخانەکانی ئەوانا دەنگی خۆی تاقی کردۆتەوە.

حەسەن زیرەک لەو دیوەخانانە پەروەردە بووە، حەسەن زیرەک لەو دیوەخانانە زۆرترین گۆرانی کوردی لە ڕۆحیا تۆمارکردووە، ئەگەرچی ئەوکاتە حەسەن زیرەک وەک گۆرانیبێژێکی درەوشاوە لەوێ دەرنەکەوتووە. لەبەر ئەوە ئەو تۆمارکردنە بۆ حەسەن زیرەک بوو بە گەنجینەیەکی گەورە لە ڕۆحی خۆیا، کە هات ئەو گۆرانییانە دوبارە بڵێتەوە، بەجۆرێک وتنییەوە کە مۆرک و جێپەنجە و شوێن زاخاو و ئارایشتی خۆی پێوە دیار بێت. بە نموونە ئەڵێم، مەلا کەریمی

گۆرانیبێژی ڕەحمەتی پێش حەسەن زیرەک «دەچمە سەر ناڵەشکێنە»ی وتووە، ڕەنگە ئەم گۆرانییانە، ئەم هەواڵانە هەموو کەس نەیزانێ، «ئەو کچە لەو ماڵە خۆیدا نیشانم»ی وتووە، بەڵام کە حەسەن زیرەک هات وتنییەوە، ئەوەندە حەسەن زیرەکیی خۆی پیاڕژان کە دەنگە پێشووەکەی خۆی لەلای گوێگر گوم بوو، حەسەن زیرەک زۆرتر ناسرا. کەواتە حەسەن زیرەک لە یەک کاتا، هەموو ئەم گۆرانیبێژانەی پێش خۆی بوو کە وتمان گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی لەو دیوەخانانە تاقی کراونەتەوە، حەسەن زیرەک هەموو ئەوانە بوو، هیچیشیان نەبوو، واتا خۆی بوو. جگە لەوەی حەسەن زیرەک بەم ڕۆحەوە کە بەدوای گۆرانی باش و ڕەسەنا بگەڕێت لە ڕۆحیا جۆرە هەڵوەدایی و جۆرە بێ ئارامییەک دروست ببوو کە حەزییەکرد ئەو جوگرافیایانەی تیایانا ئەژین بەردەوام بیانگۆڕێ، ئەم گۆڕینە بۆ حەسەن زیرەک دیسان جوگرافیای دەنگ و جوگرافیای هونەری حەسەن زیرەکی گەورەتر کرد. بە نموونە ئەڵێم عەتاوڵڵای سەید مەنسوور، کە جوگرافیای دەنگی -بابڵێین- هەر ناوچەی تیلەکۆیە، عەلی مەردان کە ناوچەی جوگرافیای دەنگی گەرمیانە، تایەر تۆفیق کە هی کۆیە و ئەو دەوروبەرە و نزیک ئاقاری هەولێرە، ڕەسوڵ گەردی کە هەر ئاقاری دەشتی هەولێرە، ماملێ با بڵێین جوگرافیای موکریانە، حەسەن زیرەک بەمانەوە دانەمرکا، لەبەرئەوە هەستئەکەیت لە دەنگی حەسەن زیرەکا ئاهەنگێکی هەورامانی هەیە، ئاهەنگێکی لوڕیی هەیە، بۆ؟ چونکە بۆخۆی سەردانی ئەو شوێنانەی کردووە، یا کە گوێی لەوانە گرتۆتەوە تاقی کردوونەتەوە، دیسان وتوونییەتەوە، بابڵێین «لایە لایەت بۆ دەکەم» ئەوە گۆرانییەکی لوڕییە بەڵام بەجۆرێک وتوویەتییەوە کە تۆ گۆرانیبێژەکەی پێش وتنەکەی حەسەن زیرەک کەم لە یاد ئەکەی. یان بابڵێین گۆرانییەکی هەورامی «با، من بچمە قاسم خان» دوایی حەسەن زیرەک کردی بە «ڕەزییە، ڕەزییە»، تۆ لەو کاتەیا کە حەسەن زیرەک «ڕەزییە» ئەڵێت هەستناکەیت بەر لە ئەو هەورامانییەک ئەو گۆرانییەی وتووە، دیسان حەسەن زیرەک ئەم گەڕانانەی بۆ خۆی کارێکی کرد کە بەردەوام گەنجینەی دەنگی حەسەن زیرەک، گەنجینەی کەڵەکەبووی گۆرانی کوردی لە ڕۆحیا گەورە بکات. حەسەن زیرەک سەری ئەکرد بە هەموو ئەو شوێنانەی کە خەڵکی ئاسایی، خەڵکی میللی لێ کۆئەبێتەوە و گۆرانی ئەڵێن، چایخانەکان، توونی حەمام، ئوتێلەکان، گەراج، لە هەموو ئەوانەدا بۆتە شاگرد، بۆتە کرێکار، لەبەرئەوە... مەسەلەن لە هەموو بۆنەکانی ئایینی کوردستانا حەزی ئەکرد بەشداربێت، گۆرانی مەسەلەن «هاتەوە، با بێتەوە، خانزادە خانم» ئەوە «مەولا یەسەلیی» یە حەسەن زیرەک، هەوێنی لەوانە وەرئەگرت. ئەمانە زۆر گرنگن بۆئەوەی گۆرانیبێژ جوگرافیای دەنگی خۆی بەرینتر بکات. لەبەرئەوە تۆ هەستئەکەی حەسەن زیرەک ئەگەر پرسیار لە یەکتری بکەین بۆ جوگرافیای دەنگی حەسەن زیرەک لە هەموو شوێنێک ئەبیستریێ؟ چونکە مۆرک و هەوێنی ئەو جێگایانە ئەوەندە قووڵ ئەخاتە ڕۆحی خۆیەوە وەختێک ڕەنگ ئەداتەوە ناوچە دوورەکانی ئەو شوێنانە زۆر بەگەرمەوە پێشوازیی لێ ئەکەن. ئەمانە بنەماکانی ڕەسەنایەتی دەنگی حەسەن زیرەکن، کە داخەکەم لەو چەند ساڵەیا لەباتی باسکردنی ئەم بابەتانە و لێکۆڵینەوە لەم بوارەنە هاتوون بە باسی تری لاوەکی و شەخسیی باسی حەسەن زیرەک کراوە.

حەسەن زیرەک لە ژیانی خۆیا ئەوەنەی کە بابڵێین، هەر ئەم هەڵوەداییە، هەر ئەم بێ ئارامییە، هەڵپێچابێ و هەڵیگرتبێ لەو شوێنانەی وەک جوگرافیا تیا ژیاوە، دوو جار بەدرێژیی هاتۆتە کوردستانی خواروو، جاری یەکەم سەرەتای پەنجاکان بوو، ئەو کاتە شاگرد بووە لای شۆفێرێک لە «بۆکان».. بەڵام لە بۆکان ماشێنەکەیان لە کەسێکی داوە و کوشتوویەتی و حەسەن زیرەک لە هینی ئەوە هەڵهاتووە، هەڵبەت ئەمە بیانوو بووە بۆ ڕۆحی حەسەن زیرەک، ئەگینا خۆی حەزی لە سەرهەڵگرتن کردووە، جاری دوومیش کۆتایی ساڵی ١٩٦٦ کۆمەڵێک گۆرانی و بیرەوەریی خۆی بەشیعر، بەکێشی پەنجە نووسینەوە و چاپی کردن، دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە، نووسەری گەورەی کوردی هەورامانی کوردستانی خۆرهەڵات، پێشەکییەکی زۆر زیرەکانە و زرنگانەی بۆ نووسی، ئەوکاتە چاپەمەنی کوردی بۆ کوردستانی خۆرهەڵات زۆر سەخت بووم بەتایبەتی کە ئەوە مۆڵەتی لە «ساواک»ەوە بۆ وەرنەگرتبوو. لە دەوڵەتەوە. لەبەرئەوە کتێبەکەی زوو یاساغ کرا و بەشوێن حەسەن زیرەکیشا گەڕان، حەسەن زیرەک لەتاو ئەوە هەڵهات، کە هەڵهات لەڕێگای «ماوەت» و ئەوانەوە هاتە کوردستان و سەردانێکی بابڵێین سەرکردایەتی ئەوسای شۆڕشی کوردستانی کرد و لەوێوە... ١٨ گۆرانی تازەی پێبوو کە بیبات لە بەغدا تۆماری بکات. هەڵکەوت وا بوو لەو ماوە مێژوەی ئەو هات، گفتوگۆیەکی تازە لە نێوان سەرکردایەتی شۆڕش و دەوڵەتی عێراقا کە عەبدولڕەحمان بەزاز ئەوکاتە سەرۆک وەزیران بوو، دەستییپێکرد، بەوبۆنەیەوە حەسەن زیرەک هەندێ نامەی لە سەرکردایەتی شۆڕشەوە وەرگرت کە بیبات بۆ کاربەدەستان ڕێگای بدەن دەنگی خۆی تۆمار بکات، بەڵام دیسان بیانووی ئەوەیان پێئەگرت کە ئەو خەڵکی ئەم وڵاتە نییە و سەریەشەی زۆریشیان بۆ دروست ئەکرد، لەو ماوەیەدا دیسان بیانووی ناخۆشتریشیان پێگرت کە ئەوە چیرۆکێکی دوورودرێژترە، گرتیان و بەتاوانی ئەوەی کە ساواکە، کە لە کاتێکا وەک وتمان ئەو لەدەست ساواک ڕایکردبوو. کە ئەوە زۆر ناخۆشە، من بابڵێین بۆ.. بەم بۆنەیەوە، بۆ بینەران قسە ئەکەم، کە هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەودوایەیا لەسەر حەسەن زیرەک کە «ساواک» دەریکردوون، ساواک قەستی سەری حەسەن زیرەکیان بووە، زۆریشیان ڕق لێی بووە. ئەو بەڵگانەی کە ساواک لە چەند کتێبێکا بەتایبەتی «چپ در ایران» کتێبێکە چەند زنجیرەیەکی هەیە.. ئەو حەسەن زیرەک چەند بەڵگەیەک هەیە کە ساواک بەدوایا ئەگەڕێ، بەڵام ناخۆشییەکەی ئەوە بوو کە هەمان.. یانی گرتنەکەی لە کوردستانی خواروو هەر بەو تاوانەوە گیرا، بێگومان وتمان تاوان و بیانوو بوو. ئەو گرتنەی کە گیرا قۆناغی یەکەمی لە سلێمانی.. من لەوکاتەدا تەمووزی ١٩٦٧ منیش گیرام، ماوەیەکی زۆر لە زیندانی سلێمانی پێکەوە بووین. دوایی تر لە زیندانی کەرکوک، دوایی تر لە زیندانی باقوبە.

بیرەوەریی زۆر سەیرمان لەگەڵ حەسەن زیرەک لەو قۆناغەدا هەبوو کە داخەکەم، ئەقڵی ئێستام ئەوسا نەمبوو، بەم ڕۆحە بتوانم بیدوێنم، هین بکەم.. بەڵام دیسان ئەوانە ئەزانم کە حەسەن زیرەک لەگەڵ گرتنەکەیا، کە هەموو کەس نایزانێ بۆچی حەسەن زیرەک بەردەوام ئاهەنگی تازەی و گۆرانی تازە و ئاوازی تازەی هەبوو. حەسەن زیرەک عود ژەن بوو، ئەیزانی عود بژەنێت، لەبەر ئەوە عودەکەشی لەگەڵ خۆیا گیرا بوو، وەک کەرەستەکانی ئەو مرۆڤە کە ئەگیرێ و لەگەڵیا

پێی بوو. ئەوە بەڵگەیەکی زیندوو بوو کە حەسەن زیرەک بەردەوام کاتێک کە ئەیویست گۆرانییەک بڵێ حەزیئەکرد لەباری هونەرییەوە زۆر ساز و لەباربێت، ئەمە هۆیەکی تری سەرکەوتنی دەنگی حەسەن زیرەکە.

ئەگەڕێمەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە حەسەن زیرەک سەرەتای لاوێتی خۆی لە دیوەخانی بەگزادە و ئاغاکانی فەیزوڵڵابەگی دا دەنگی پەروەردە کرا بوو، حەسەن زیرەک ئەوەندە گەنجینەی زۆری لەو قۆناغە لەگەڵ خۆیا هەڵگرتبوو کە گۆرانی دوای گۆرانی لێی ئەڕژا. بەڵام ئەو حەزیئەکرد بەشێوەیەکی هونەریی نۆرەیان بێت و کاریان لەسەر بکاتب و ئینجا هەڵیان ڕێژێ. خۆی ئەیوت، ئەیوت ئەگەر توانا و دەسەڵاتی مادییم ببوایە ئەوکاتانەی کە کەشوهەوای ڕۆحم ساز و گەشاوە و پرشنگدار ئەبنەوە، خۆم دەعوەت بۆ خەڵک ئەکەم و سفرە ئەڕازێنمەوە خۆم گۆرانی ئەڵێم، ئەو گۆرانییانەی کە ئارایشتم کردوونەتەوە و کارم لەسەر کردوونەتەوە. بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئارەزووی گۆرانی نەبووایە چەند زۆریان لێبکردایە نەیئەوت، من چەند دیمەنێکی زۆر دڵگیر و ناخۆشم لەبەرچاوە کە هەندێ کەس زۆر دڵڕەقانە لەسەر ئەوەی گۆرانی بۆ نەئەوتن چەند جارێک لێیاننداا.. لێدانی وا کە بە بەتانی ئەیانبرد بۆ خەستەخانە. ئەمە زۆر ناخۆش بوو. ئەوە نیشانەی ئەوە بوو حەسەن زیرەک کە گۆرانی بۆ خۆی ئەوت، ئەو کاتانەی کە ئارەزووی لێبووایە خۆی ئەیوت دەعوەت بۆ خەڵک ئەکەم و خۆم ئەو گۆرانیانە ئەڵێم کە ئەزانم لە دەگما چەند توانیومە کاری هونەرییان لەسەر بکەم. لەبەرئەوە گەنجینەکە بە - بابڵێین - ئەزموونی هەموو ئەو کەسانەی کاریان لەسەرکردووە، من چەند جارێک لەگەڵ موجتەبای میرزادەش لەمبارەیەوە دواوم، بەرەحمەت بێت ئەیفەرموو: «وەختێک پرۆڤەمان لەسەر گۆرانییەکی حەسەن زیرەک ئەکرد کە ئەهات بۆ کرماشان بیڵێت، لەپڕێکا ئەیوت موجتەبا ڕاوەستە، ئەموت بۆ؟ ئەیوت گۆرانییەکی تر ئەوەتا هاتۆتە بەربینم، خەریکە لەبیرم ئەچێتەوە، ئا.. با پرۆڤە لەگەڵ ئەمەیا بکەین! ئەموت ئاخەر ئەوە پرۆڤەی ئەوی ترمان کردووە، نۆتمان کردووە، تەمرینمان کردووە.. ئەیوت نا، ئاخەر ئەوەی تەمرینمان کردووە و هینمان کردووە، ئەوە لەیاد ناچێت، بەڵام ئەوەی ناو گەرووی من خەریکە لەیاد ئەچێ، لەبەرئەوە فریام کەوە ئا، با ئا ئەمەش لەیاد نەچێت». واتا ئەو گەنجینە گۆرانییەی لە ڕۆحی ئەوا، لە گەرووی ئەوا، لە هەناوی ئەوا کەڵەکە کرا بوون، بەردەوام بەبێ.. یانی لە نەستی حەسەن زیرەکا زۆر جار ئەڕژا و هەڵئەقولا.

سەرچاوە: دیدارێکی کەناڵی کوردسات لەگەڵ مامۆستا (محەمەد حەمەباقی)، تایبەت بە هونەرمەند حەسەن زیرەک بەرنامەی (گەرووەیەکی ناوازە) دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## زیرەک لە زمانی ژنانی کوردەوە



ئا: ساڵح بێچار

زیرەک بەو حوکمەی لە ڕێگەی هونەرە بەرزەکەیەوە و لەو ڕۆژگارە تاریکستانەی واقعی کۆمەڵایەتی کوردستاندا بە پێچەوانەی شەپۆلەوە مەلەی کردووە، هەر زوو نەیاران و ناحەزانی کەوتوونەتە بەهانە و بیانوو لێی، دەیان و سەدان تۆمەت و بوختانی ناڕاست و نادروستیان بۆ هەڵبەستووە، کە زۆربەی ئەو تۆمەتانەش پەیوەندییان بە باری کەسێتی تایبەتی ئەو پیاوەوە هەبووە لە چۆنێتی مامەڵەکردن و پەیوەندیی ئەو بە ژنەوە.

دیارە دواجار ئەو تۆمەت و تێڕوانینە نێگەتیڤانە بێ کاریگەریی نەبووە لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بەتایبەتی بەرامبەر بە زیرەک. هەڵبەت لە ڕابردوودا هەر یەکێک لە ئێمە لێرە و لەوێ بەرگوێمان کەوتووە کە زۆربەی ژنانی یەک دوو نەوەی پێشووتر گۆرانییەکانی زیرەکیان نەچۆتە بەردڵ، بە هۆکاری ئەوەی کە گوایە لە گۆرانییەکانیدا بەئاشکرا باسی ماچ و لە ئامێزگرتن و تێکئالان و... هتد کردووە و تەنانەت ئاماژەی بە هەندێک شوێنی جەستەی ژن کردووە، کە لەو ڕۆژگارەدا نەک هەر خەتی سوور، بگرە کوفر و لە دین دەرچوونیش بووە.

بەڵام بەمەبەستی زانینی دیدگە و باری سەرنجی ژنانی کورد دەربارەی زیرەکی نەمر لە ئێستادا، وەک ڕاپرسییەکی تایبەت، ڕای (٢٦) خانمی هاوڕێم لە ئاستە جیاوازەکاندا سەبارەت بە زیرەک و هونەری زیرەک وەرگرت، کە مامۆستای زانکۆ، فەرمانبەر، ڕۆژنامەنووس، نووسەر، شاعیر و گۆرانییبێژیان تێدایە. جێی دڵخۆشییە بەگشتی بۆچوون و دەربڕینەکانیان جێگەی لەسەرووەستان و گرنگی پێدانە، کە نەک هەر (زیرەک) ڕەت ناکەنەوە بەڵکو وەکو مەداحێکی گەورەی ژن و سروشت و

ژیان وێنای دەکەن. کە بەبۆچوونی من ئەم وەرچەرخانە لە تێڕوانینی ژنانی کورددا سەرەتای ناسینێکی ڕاستەقینەی زیرەک و هونەری بەرزی زیرەکە لە داهاتوودا.

※ **زینەب حوسێنی - بانەیی**: حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی نەتەوەیی بوو کە توانی هونەری گۆرانی لە پارچەکەکانی کوردستانی گەورە نوێ بکاتەوە وگرێبدات.

دیارە سەردەمی هونەری ئەو هونەرمەندە سەخت و دژوار بوو، ڕێزی هونەر و هونەرمەند وەک پێویست نەبوو، بەڵام حەسەن زیرەک بەرگەی ئەو دژوارییەی گرت و لە ماوەی تەمەنی هونەریدا خزمەتێکی باشی بە هونەری کوردی کرد و بووە قوتابخانەیەیێکی مەزنی هونەریی.

※ **شەهێن ئەبوبەکر - زانکۆی سلێمانی**: حەسەن زیرەک یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە سەرکەوتووەکان، هەمیشە و هەمیشە نوێ دەبێتەوە لە نوێبوونەوەی داهاتوومان، هەرگیز گۆرانییەکانی لەبیر ناکرێن، هەتا کۆن بێت بەنرختردەبن.

※ **شنە سدیق - ڕادیۆی دوا ڕۆژ**: ڕاستی من زۆر هەواداری نیم، بەڵام هەر لە منداڵیمەوە گوێم پڕە لە دەنگ و ئاوازەکانی. چونکە باوکم زۆر گوێی لێدەگرت، بۆیە دەتوانم بڵێم حەسەن زیرەک ئەو دەنگەی لە نەهامەتییەکانی ژیان هەڵقوڵا و بووە بزوێنەری هەژارانی کورد.

※ **تریۆ هەمەوەندی - ئەڵمانیا**: ئەو زاتە یەکێک بووە لەو گۆرانیبێژانەی کە زۆرترین وشەکانی بە باڵای ئافرەتدا هەڵداوە، کەم تا زۆر جوانی و خۆشەویستی ئاڕاستەی ژنان کردووە.

※ **نەسیم قادر پوور - دەنگی گەلی کوردستان**: دەنگی حەسەن زیرەک وەک پەڵەی باران وایە زیندووبوونەوەی پێوەیە.

※ **ئەڤیڤان بۆکانی - سلێمانی**: زیرەک؛ مرۆڤێک بوو کە دروست نابێتەوە، هەم وەک عیشق هەم وەک مرۆڤێکی دەربەدەر.

※ **گۆنا جەبار - دەرچووی زانکۆ**: حەسەن زیرەک هونەرمەندێکی ڕەسەنی کوردە و تێکست و هۆنراوەکانی بە جۆرێکن کە نەوەی کۆن و نوێ گوێی لێدەگرن. هەمەڕەنگیی گۆرانییەکانی بو دڵداری و جوانی سروشت و نیشتمان و هتد... پاڵنەرێکی دیکەیە کە تا ئێستاش ناو و گۆرانییەکانی بە زیندوویی ماونەتەوە.

* **تارا حسێن - فەرمانبەر**: مامۆستا زیرەک هونەرمەندێکی بوێر بووە، توانیویەتی بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە پێگەیەکی دیاری هەبێت لە ناو کۆمەڵگەدا و خۆی بە خەڵکی سەردەمی خۆی و تازەش بناسێنێت. کەسێکی لێهاتوو بووە توانیویەتی ئەو هەموو بەندە جوانە لەبەر بکات.

* **سازیان تالیب - مامۆستا**: حەسەن زیرەک یەکێکە لەو دەنگە ڕەسەنە کوردییانەی کە وەک گەنجینەیەکی بەنرخی کورد سەیردەکرێت، ئەو گۆرانیبێژەی کە توانی بە دەنگ و ئاوازی، بە هۆنراوە و شیعرەکانی سنوورەکان ببڕێت. ئەگەر چی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام لە کوردستانی باشوور دەگیرسێتەوە.

حەسەن زیرەک جگە لەوەی بە کارە هونەرییەکانی هەمووانی سەرسام کرد لە ڕابردوو و لە ئێستادا، هەروەها توانی بەهۆی بوونی ئەو بیروباوەڕەی لەبارەی ئازادی بۆ کچەکانی هەیبوو دوبارە ببێتەوە ڕەمزێک بۆ نەمریی و ئازدی و ڕەسەنایەتی. هەروەها ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم دەنگە هەتا ئێستا زیندووە، نەمرە ناتوانرێت لە نێو شەقام و لە نێو بۆنە و یادەکان ئەو دەنگە تێپەڕێنین...

* **شیلان محەمەد شاعیر - سلێمانی**: وەکو دەنگ و وەک هونەری گۆرانی گووتن، حەسەن زیرەک گەوهەری بەنرخە. کە گوێ لە حەسەن زیرەک دەگریت، کیژێکی نەشمیلانەی دڵ پڕ عیشقی لادێت دێتە بەرچاو کە هەموو ئێکسسوارات و بۆن و مکیاژێکی تەنها کلە بۆ چاوەکانی و مێخەکبەندێکە لەسەر سینە پۆشەکەی، بەنیازی دیتنی یار گۆزەی هەڵگرتووە و لە دوور ئاودێنێت. چریکەی دەنگی حەسەن زیرەک ئازارەکانی ژنانت بیر دەباتەوە و لەژیانی قەرەباڵغ و پڕ ژاوەژاو دوورت دەخاتەوە بۆ ژینی پاک و سادەی لادێ. دەیان گۆرانی ئێستا دەکەمە قوربانی کۆپلەیەکی گۆرانی زیرەک!

* **سۆلین عەبدوڵڵا شاعیر - سلێمانی**: من وەک خۆم زۆرخولیای دەنگ و ئاوازەکەیم کە دەنگێکە ئەبەد دەنگی وا نابێتەوە و دەنگێکە هەرگیز نامرێت.. کەگوێم لە گۆرانییەکانی دەبێت دەچمە دونیایەکی دیکەوە.

* **کیژان ئیبراهیم - هونەرمەند**: حەسەن زیرەک دەنگێک کە قاڵبێکی تایبەتی لە گۆرانی کوردیدا بە ڕەنگی دەنگی دروستکرد و تائێستاش چەندین گۆرانیبێژ لاسایی دەکەنەوە. دەنگی زیرەک دەمبات بەرەو بەهار، جێی شانازی گەلی کوردە.

* **سارای پاییز - شاعیر**: حەسەن زیرەک، سەرچاوەی هونەری کوردییە، وەک کانییەک وایە کە تا ئێستاش نەوە دوای نەوە، کە دەیانەوێت هەنگاو بنێن بۆ ناو هونەری گۆرانی کوردی، هەنگاوی یەکەم بەرەو ئەو سەرچاوەیە دەنێن. وەک

بەرچاویشە کە گۆرانییەکانی دەیان و بگرە سەدان جار وتراونەتەوە. کاتێک عەدنان کریم بەوپەڕی جوانییەوە .دەڵێت: «ئەو بەتەنها بۆگوڵی سەر مێزی یادەی تۆی ئەوێ، هەر کە جارێ بۆنی کردی جا گوڵێکی تازەی دەوێ « دوبارە ڕۆحێکی نوێ دەکاتەوە بەبەری هونەرە جوان و بەبەهاکەی زیرەکدا... زیرەک ڕۆژ بەڕۆژ زیندوو دەبێتەوە، کەوایە، هونەر نەمری بەخشیوە بە حەسەن زیرەک.

* **شوکریە حەمە**: ئەو کەڵە هونەرمەندە بەڕاستی مامۆستا و قوتابخانەیەکە بۆ هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

* **ئەڤین کاکل - شێوەکار**: لە حەسەن زیرکەوە گورانی ڕۆمانسی کوردی دەستپێیکرد، وەکو لە میسر گۆرانی ڕۆمانسی دروستبوو کە گۆرانیبێژان ئوم کەلسوم  و فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم حافز و ئەوانی تر.

* **تریفە عەزیز - چالاکوانی مەدەنی - ئەڵمانیا**: لە ڕاستیدا ئەوەی جێی سەرنجی منە لەو هونەرمەندەدا خۆشەویستی و هەستی ڕاستگۆیانەی پیاوێکی کورد لەو زەمەنەدا کە دڵخۆشە بەبوونی کچەکانی (ساکار و ئارەزوو) کە هاتوونەتە دونیاوە و نەک هەر خۆشەویستیەکی شاراوەی نێوان چوار دیواری ماڵەکەی بۆیان، بگرە لە گۆرانی تایبەت بۆ (مەهتاب) و ناو هێنانیان بەڕوونی دەتوانم بڵێم کارێکی ناوازەیە بەو کلتورو کۆمەڵگەیە و پەچە شکێنییەکە حەسەن زیرەک پێیهەستاوە چونکە ئەم ساتەشی لەگەڵدا بێ هەموو خوازیاری کوڕن نەک کچ.

لایەنێکی تری ڕوانینی من بۆ زیرەک ئەوەیە کە زورینەی تێکستی گۆرانیەکان وەک دەزانین پیاهەڵدانە بەسەرتاپای جەستەی (مێ) دا و ژن ئەو پەیکەرەیە کە ئەو بەدڵی خۆی بو گۆرانیەکانی دایدەتاشێ.

* **جوان ئیسماعیل - مامۆستا**: کەمن ئەو هونەرمەندانەی کە هەمیشە وەک ڕابردوویەکی جوان دە نگە زوڵاڵەکەیان لە هزر و میشکماندا دەمێننەوە. هەرچیەک بۆ حەسەن زیرەک بکرێت هێشتا کەمە ئەستەمە هونەرمەندێکی وا لە مێژووی کورددا دوبارە ببێتەوە.

* **ئاوایی غازی - مامۆستای زانکۆ**: ئەو کەڵە هونەرمەندە دەنگی ناو ناخی کورد بووە بۆ سەردەمی خۆی.

* **شادان فوئاد - هۆڵەندا**: هونەرمەند حەسەن زیرەک یەکێکە لە هونەرمەندە ناودارەکانی کورد خاوەنی ستایلی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو ستایلەش بۆتە قوتابخانە و شوێنکەوتووانی وانەی لێ وەردەگرن.

هەرچەندە وەکو چێژ من کەمتر گوێ لەو هونەرمەندە دەگرم.

* **چیا یاسین - ماستەر لە ڕاگەیاندن**: حسن زیرەک هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە کە پێموابێت زۆرترین گۆرانی هەیە و گۆرانیەکانیشی زۆربەیان بەسەر جەستەی ژندایە و گوزارشت لە هەستی زۆرینەی پیاوی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات کە ژن وەک لەزەتێک دەبینێت. من خۆم بەمنداڵی و هەرزەکاری زۆر شەرمم لە گۆرانیەکانی دەکرد.

* **دڵکەش ساڵح - هوڵەندا**: من هەر ئەوەندە دەڵێم لە هونەر و گۆرانیی کوردیدا جارێکی تر ئەو دەنگە دوبارە نابێتەوە. بەداخەوە تا لە ژیاندا بوو بە پێی پێویست ئەوەی دەبوو بۆی بکرایە بۆی نەکرا، بەمردنیشی خەسارەتێکی گەورە لە هونەری کوردی کەوت.. ڕۆحی شاد بێ.

* **ژینە مەحمود - سلێمانی**: هەرچەندە من زۆر گوێگری حەسەن زیرەک نیم، بەس ئەوەندەی گوێم لێی بووە لە گۆرانییەکانی دا جوانیی ژنی دەرخستووە و ئافرەتی خۆشویستووە.

* **د. تریفە عومەر - مامۆستای زانکۆ**: حەسەن زیرەک؛ دەنگێکە بۆ هەمیشە نەک دەمینێتەوە، بەڵکو دەپشکنرێت.. دەنگێک کلیلئاسای مەلەکوتە بەو مانایەی بەردەوام دەروازە نەبیستراوەکان دەکاتەوە و تروسکاییەکی نوێ بە هونەر دەناسێنێت.

* **ناڤان جەمال - هونەرمەند**: ڕاستیەکەی من زۆر چێژ لە دەنگی مامۆستا حەسەن زیرەک وەرناگرم، بەڵام نەورۆز بەبێ گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک چێژی نییە.

* **تانیا ئاوارە - ڕۆژنامەنووس**: لە ناو ئەدەب و هونەردا ئەوەی بە هەردوو دیوەکە باسی لە ژن کردبێت پیاو بووە. تائێستاش ژن نەیتوانیوە لە شیعر و گۆرانیدا باس لە پیاو بکات، بەڵکو دەقەکان پیاوێک بۆ ژنی دەنووسێت و ئەوان بەسەر خۆیاندا دەیڵێنەوە. دەستبردن بۆ ئەو هێڵە سوورانە کە لە بەرهەمی زیرەکدا هەیە لای من بۆ نەبوونی ئەو ئازادییە ئەگەڕێتەوە کە ژن لە ئەدەبدا نەیبوە، زیرەک سنووری پەچە و عەبای تێکشکاندووە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هێرش بێت بۆ نەوتراوەکانی ژن، بەڵکو بەپێچەوانەوە من وەک لایەنێکی هیوا خواستن بە جوانیەکانی ژن دەیبینم.

* **نیان عوسمان - شێوەکار**: لە ناو هەموو میللەتێکدا هونەرمەند زۆرە لە هەموو جۆرە هونەرێکدا، گرنگ کام هونەرمەند

دەتوانێت هەست و سۆزی زۆرینەی خەڵکی بوروژێنێت و هەندێک لە جوانیە شاراوەکانی ناو ژیان بخاتە ناخی مرۆڤەکانەوە، جا لێرەدا دەمەوێت هونەرمەندی بەناوبانگی کورد (حەسەن زیرەک) بەنموونەی هونەرمەندی نەمری ناو میللەتی کورد بهێنمەوە، کە یەکێکە لەو کەسانەی کە ناخۆشی و نەهامەتیەکانی ناو ژیانی کردویەتی بەو هونەرمەندەی کە توانیویەتی ببێتە جێگەی دڵخۆشکردنی هەزارەها لە خەڵکی و سەرنجیان ڕابکێشێت لە ڕێگەی گۆرانیەکانیەوە کە ستایلێکی تەواو جیاوازی هەیە لە مێژووی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردیدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## وتووێژێکی بڵاونەکراوە لەگەڵ میدیا زەندی هاوسەری مامۆستا حەسەن زیرەک



**ئامادەکردنی: دکتور ئەمیر عەبدوڵڵاهی**

میدیا زەندی کچی عەزیز زەندی بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری مەراغە بوو. هۆگرایەتی باوکی میدیا بە کولتووری کورد بوو بە هۆی ئەوەی کە میدیای کچی ببێتە یەکێک لە بێژەرانی ڕادیۆی کوردی تاران. حەسەن زیرەک پاش گەڕانەوەی لە باشووری کوردستان بە هۆی نزیک بوون لە باوکی میدیا لە ڕادیۆ کوردی تاران دادەمەزرێت و لەگەڵ ئەو ژیانی هاوسەری پێک دەهێنێت. میدیا هەمیشە باسی دوو زیرەک دەکات؛ زیرەکێک وەک هاوسەری، کە لەم بوارەدا گلەیی زۆری لێ بووە، بەڵام وەک زیرەکی هونەرمەند هەمیشە بە ڕێزەوە باسی هونەرەکەی دەکات و خۆشی لەو ڕێگایەدا زۆر هەوڵی بۆ زیرەک داوە. پاش مەرگی زیرەک میدیا لە بواری داکیۆمێنت و کتێبی "چریکەی کوردستان"، فیلم و بڵاو کردنەوەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ کوردی تاران هەوڵی یەکجار زۆری داوە.

ئەم وتووێژە شانزدە ساڵ لەمەوبەر لە ڕادیۆ کوردی تاران لەگەڵ میدیا زەندی کراوە و هەر بە دووی ئەوەشدا بە هۆی ساز کردنی کۆڕی ڕێز گرتن لە حەسەن زیرەک کە مانگی خەزەڵوەری ١٣٨٠ی هەتاوی لە زانکۆ تاران بەڕێوە چوو، میدیا زەندی بە دڵێکی گەرم و دڵخۆشانەوە ئێمەی خوێندکاری وەرگرت و گوێ بیستی پرسیارەکانمان بوو؛ هەرچەند ئێستا میدیا زەندی نەماوە و بە داخ و غوربەتێکی زۆر لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ئەوەش دەقی وتووێژەکە:

**پرسیار**: ژیانی مامۆستا حەسەن زیرەک لە چ بارووددۆخێک دابووە؟

**وەڵام**: بە داخەوە حەسەن لە ژیانی ئاسایی و هونەرمەندییەتی خۆی تووشی زۆر کەند و کۆسپ و ناڕاحەتیی هاتووە. کاتێک هاتە ڕادیۆ کوردی تاران و توانی چەند بەرهەمێک تۆمار بکات ژیانی کەمێک باشتر بوو، بەڵام کاتێک لە ڕادیۆ بێ مێهری پێکرا، ئیدی حەسەن تۆرا و ئەوێی بەجێهێشت و ڕووی لە کوردستانی باشوور کرد و پاش دوو ساڵ بەرەو کوێستان گەڕاوە و لە قاوەخانەی کاکی لە بۆکان گیرسایەوە.

**پرسیار**: میدیاخان ئێوە و مامۆستا حەسەن زیرەک چلۆن پێکەوە ئاشنا بوون؟

**وەڵام**: من ١٣ ساڵان بووم و لە قوتابخانە دەرسم دەخوێند، ڕۆژێک کە هاتمەوە ماڵێ، دیتم پیاوێک لە ژووری لەگەڵ بابم دانیشتووە، ئیدی سڵاوم کرد و هاتمە دەرێ، بۆ سبەینەکەی کە هاتمەوە ماڵێ دیتم حەسەن لەگەڵ دوو خانمان کە هەر دووکیان وا دیار بوو خێزانی بوون لە وێ دانیشتبوون و منیش سڵاوم کرد و لەگەڵ وان دانیشتم، هەر لەو دەمەدا حەسەن گۆرانی "وەرە قوربانی" گووت، کە گۆرانییەکەی گووت من لەوێ ڕۆیشتم. [بە پێکەنینەوە دەڵێ...] حەسەن جا دواتر کە بۆی گێڕامەوە گووتی: "من ئەگەر گۆرانیم دەکووت هەر چی کچ و ژن بوو گوێیان بۆ گۆرانی من هەڵدەخست، بەڵام تۆ وا دیار بوو گۆرانییەکەت پێ خۆش نەبوو، بۆیە لەوێ ڕۆیشتی، جا بۆیە ئەو دەم کە ڕۆیشتی گوتم شەربێ بتهێنم" لە ئاکامدا ساڵی ١٣٣٧ ژیانی هاوبەشیم لە گەڵ پێکهێنا.

**پرسیار**: کەمێک لە سەر کەسایەتی بابتان عەزیز زەندی بۆمان بدوێن؟

**وەڵام**: بابم یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی "ژی کاف" بوو ئەو بینایەی ئیدارەی شارەداری لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد ماڵی ئێمە بوو و ئەو هەوەڵ کەس بوو کە ئەو دەم لە ساڵی ١٩٢٦ بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کتێبی ئینجیلی بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە. دواتر بابم بە پێیان لە مەهاباد ڕا بە دەستی بەتاڵ چوو بۆ ئاڵمانێ دوکتوڕای وەرگرت و پاش ١٠ ساڵان بۆ وڵات گەڕاویەوە، بەڵام لە لایان ڕژیمی شا حوکمی تەبعیدی بۆ دەردەچێ و لە تاران نیشتەجێ دەبێ. حەسەن و بابم دۆستایەتێکی لە مێژینە و قوڵیان هەبوو.



**پرسیار**: هونەری گۆرانی مامۆستا حەسەن زیرەک لە نێو گەلی کورددا چلۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**وەڵام**: لەخۆڕا نالێن: "کورد زیندوو کوژی مردووپەرەستە"، حەسەن ئەگەر مرد، خەڵک قەدریان زانی. حەسەن سەرەڕای ئەوەی کە خوێندەواری نەبوو، کاتێک کە لە پشت میکرۆفۆن ڕادەوەستا، شێعر و ئاهەنگ و گۆرانی بۆخۆی دەهۆنییەوە، هەر دەتگووت خودا بە چەشنێکی ئاسایی ئەو شتەی لە ناخی وجودی ئەو هاویشتووە. ئەگەر دەگووتریٚ بە زمانی سەعدی فارسەکان قسە دەکەن، منیش بە تێڕادیوی دەڵێم کوردی بە زمان حەسەن قسان دەکات.

**پرسیار**: ئەو هونەرمەندانەی هاوکاری بەشی موسیقایی مامۆستا حەسەن زیرەکیان دەکرد، چ کەسانێک بوون؟

**وەڵام**: لە تاران ئۆرکێسترای تایبەتی تاران بوو دواتر ئۆرکێسترای ناسری زەرئابادی بوو، حسێن یاحەقی و موشیر همایونی شەهردار بوون. لە کرماشانیش بۆخۆی تیپێکی موسیقایی پێکهێنابوو و موجتەبا میرزادە و ڕێزدار عەبدولسەمەدی لەویٚ لەگەڵی بوون، بەڵام وێڵۆنی میرزادەی کەسێکی زۆر تایبەت بوو و بە حەق میرزادە پەرویز یاحەقی کوردان بوو.

**پرسیار**: ئایا مامۆستا حەسەن زیرەک پێش ئەوەی ڕوو لە کوردستانی باشوور بکات، لێرە بەرهەمی تۆمار کردبوون؟

**وەڵام**: بەڵێ، ئەو کات کە لە ڕادیۆ بوو، نزیکەی هەزار نەوارمان لێگرت، شوکروڵڵای بابان کە بەرپرسی ڕادیۆ بوو گووتبووی: "بە ڕادەی پێویست نەوارمان لە حەسەن هەیە، ئیتر نیازمان پێی نییە"، هەر بۆیەش حەسەن لە ئیدارەی ڕۆیی.

هەر ئەو دەم مامۆستا عەلی مەردان، حەسەن جەزراویی و عارفی برای هاتن بۆ ماڵی ئێمە و بڕیار وابوو لە گەڵ وان ڕوو لە گەرمێن بکەین و لە ڕادیۆ کوردی عێراق کارێ بکەین، دەوڵەت کە زانی ئەوان میوانی ئێمەن، هات دڵخۆشی حەسەنی داوە و عوزر خواهی کرد. بەڵام ئێمە چۆن وڵاتی خۆمان پێخۆش بوو، بۆ وێ نەچووین.

**پرسیار**: تا ئەو جێیەی ئاگادارن ڕا و بۆچوونی مامۆستا لە سەر باشووری کوردستان و هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ بەڕێزیان چۆن بووە؟

**وەڵام**: حەسەن زۆر باسی شاری سلێمانی دەکرد و خەڵکی سلێمانی بە میوانگر و لایەنگری هونەری ناو دەبرد. لە ڕاستیدا ئەگەر چوومە سلێمانی بۆخۆم ئەوەم بۆ دەرکەوت، چون لە پێش هۆدەی فەرهەنگ و هونەری ئەوێ پەیکەرەیان لێ دروست کردبوو و هەر وەها بەڕێزێکی دەرهێنەر ژیاننامەی حەسەنی بە فیلم دەرهێناوە کە ئەوەش بۆخۆی جێگای پێزانینە.

**پرسیار**: مامۆستا باری دارشتنی ئاهەنگی گۆرانییەکانی چلۆن بووە؟

**وەڵام**: حەسەن زۆربەی شێعر و ئاهەنگی گۆرانییەکانی بۆخۆی دایدەنا، بۆ نموونە گۆرانی"غونچە گوڵەکەم ئارەزوو"،

ئەو کات کە ئارەزووی لە سەر لاقی ڕادەژاند، ئەو گۆرانییەی بۆ دەگووت و یا دەدیت شتێکی دێتە بەرچاو یا هەواڵێکی دەبیست یا ئیلهامێکی وەردەگرت، هەر بە چەشنێکی سروشتی ئەو شتە لە نێو زەینی دەکەوت و گۆرانی بۆ دادەڕشت.

**پرسیار**: یەکەم گۆرانی مامۆستا حەسەن زیرەک چ بووە و بۆخۆیان چ گۆرانییەکی خۆیانیان پێخۆش بووە؟

**وەڵام**: هەوەڵ گۆرانی "ئامینە و ئامینم تۆی دنیا و دینم" بووە، ئەما گۆرانییەکەی دی "ئامینێ سیرەی دێ لە پۆتینێ" ئەوە هەمان ئاهەنگە کە دڵکەش دەڵێت: (سحر کە از کوە بلند جام طلایی می زند) خوێندوویەتی و حەسەن گۆرانی "خاڵە ڕێبواری" لە هەموو گۆرانییەکانی پێ خۆشتر بوو.



**پرسیار**: مامۆستا حەسەن زیرەک یەکەم گۆرانی کە لە ڕادیۆ تاران گووتی چ بوو و بە گشتی چەند گۆرانی هەیە؟

**وەڵام**: سەرەتای پووشپەڕی ١٣٣٧ کە بۆ یەکەم جار بەرنامەی کوردی بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە ڕادیۆ ئێران دامەزرا، حەسەن لەوێ گۆرانی "قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو دەخوێنێ لە ئیزگەی ڕادیۆ تاران" گووت. حەسەن نزیکەی هەزار گۆرانی بێ دووپاتە هەیە و هیچ گۆرانییەکیش نەماوە کە لەوی بڵاو نەبووبێتەوە.

**پرسیار**: هۆی مەرگی ناوادەی مامۆستا حەسەن زیرەک چ بوو؟

**وەڵام**: حەسەن نەخۆشی شێرپەنجەی جەرگی (سرطان کبد) هەبوو و هەر بەو هۆیەشەوە لە ٤ی پووشپەڕ لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا لە نەخۆشخانەی بۆکان کۆچی دوایی کرد. ئەو کات ئارەزوو ٩ و ساکاریش ٧ ساڵانە بوون.

**پرسیار**: خۆشترین بیرەوەرییەک کە لە مامۆستا حەسەن زیرەک هەتانە چییە؟

**وەڵام**: لە سەردەمی ڕژیمی پەهلەوی بەرنامەیەک لە مەنزەرییە ساز کرا کە ٧٢ پێ پلیکانی هەبوو، لە سەر هەر پێ پلیکانی هەر گەل و نەتەوەیەک بە جل و بەرگی تایبەتی خۆی لەوێ ڕاوەستا بوو، کاتێک حەسەن هات دەست بە گۆرانی بکات، من لە پشت میکرۆفۆن داوام لە حەسەن کرد کە دەست پێبکات، کە دەستی پێکرد، بۆ ڕەشت بە ڕەشتی، بۆ تورک بە تورکی، بۆ عەرەب بە عەرەبی، بۆ فارس بە فارسی گۆرانی دەخوێند و تەواوەتی مەنزەرییە وە شۆق و زۆق کەوتبوون و ئەوە خۆشترین بیرەوەری منە کە قەتم لە بیر ناچێ.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: ئایا بۆخۆتان گۆرانیتان لەگەڵ گووتووە؟

**وەڵام**: بەڵێ، تاقمێک لە گۆرانییەکان وەک "باران بارانە" و "نیزام نیزام" کە لە ڕادیۆ تۆمار کراون و دەنگی خانمێک دێت، من لەگەڵم گووتووە.

هەر وەها لە ڕادیۆ کە (شبهای زایندرود) کە ئیرەج لە چیرۆکی شەوی تاران دەیخوێندەوە. منیش ئەوم بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە جیاتی (زایندرود)، "سیروان"مان دانا، لە جیاتی ئیرەج حەسەن دەیخوێندەوە منیش بەشێکی تـرم دەخوێند و هەر شەش بەشەمان پێکەوە تۆمار و بڵاوکردەوە.

**پرسیار**: بۆخۆتان چ گۆرانییەکی مامۆستا حەسەن زیرەکتان پێخۆشە؟

**وەڵام**: من لە نێو گۆرانییەکانی، گۆرانی "جوانی لای بـانەم" زۆر پێخۆش بـوو، چـون لەوێدا دەڵێ: "هەر جوانێ بە دەست پیرێ زەلیلە" منیش [بە پێکەنینەوە دەڵێ...] وەڵڵاهی بە دەستێوە زەلیل بووم.

**پرسیار**: ئایا کچەکان ئەو دەنگ خۆشییەی بابیان هەیە و گۆرانیان گووتووە؟

**وەڵام**: بەڵێ، ئارەزوو بە تەواوی مەعنا لە دەنگی بابی بەهرەدارە و حەتا لە کرماشان لەگەڵ کاک ناسر ڕەزازی گۆرانییـان گووتـووە، بەڵام من لە سۆنگەی ئەو هەڵسووکەوتە ناشیاوەی کە خەڵک و دەوڵەت لەگەڵ حەسەنیان کـرد، پـێم خـۆش نەبوو ئەو درێژەی پێبدا و زۆرتر پێم خۆش بوو دەرسەکەی بخوێنێت.

**پرسیار**: ڕادیۆ کوردی لە ئاست هونەرەکەی مامۆستا حەسەن زیرەک چۆن هەڵسووکەوتی لەگەڵ کرد؟

**وەڵام**: تەنیا لە گۆرانییەکانی حەسەن بەهرەیان وەرگرت، دەنـا بە وجودی خـودی وی ئەو جـۆرە بـایەخ دانەنـدرا بە قەولـی مامۆستا هێمنی: "بـزانە تـۆ ئەوەی ئەهلـی هـونەر بـێ، دەبـێ یـا دەسبەسـەر یـا دەربەدەربـێ - هونەرمەنـد و ژیـانی خـۆش مەحاڵە، هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە".

**پرسیار**: لە سەر شوێنی لەدایک بوونی مامۆستا حەسەن زیرەک هەر دەمە قسەیەک هەیە، مامۆستا لە کوێ بەدنیا هاتووە؟



سەرچاوە Serchawe

**وەڵام**: حەسەن لە گەڕەکی پشت حەوزێی بۆکان لە دایک بووە، حەتا ئەو مامایەی کە حەسەنی بە دنیا هێناوە ئەویشم دیتووە و قسەم لەگەڵ کردووە، ئەوەی کە دەڵێن لە هەرمێلە لەدایک بووە، نەخێر وانیێ، لە هەرمێلە لە تەمەنی ٧ ساڵی لە لای خانانی وێ کاری کردووە و لەوێ بەدنیا نەهاتووە.

**پرسیار**: لە ڕادیۆ کوردی تاران چ کەسانێک لەگەڵ مامۆستا حەسەن زیرەک هاوکارییان کردووە؟

**وەڵام**: ڕێزداران شوکروڵڵای بابان، کاک ئەحمەد موفتیزادە، خسرەو شێخ کانلوو بوون کە بەڕاستی بەڕێز بابان زۆر بە حەسەنەوە ماندوو بوو، بەڵام دواتر بە چەشنێکیتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرد.

**پرسیار**: پەیوەندی نێوان مامۆستا حەسەن زیرەک و مامۆستا محەممەدی ماملێ چۆن بووە؟

**وەڵام**: پەیوەندی زۆر باش و خۆشیان بە یەکەوە هەبوو. هەر قسەیەکی نەحەز و ناڕەوا کە لە سەر پەیوەندیی ئەو دوو هونەرمەندە دەگووترێ، هەمووی پووچ و بێمانایە و با ئەوەش بڵێم کاتێک کە مامۆستا ماملێ کۆچی
دوایی کرد، من هەوەڵ کەس بووم کە لە ڕادیۆ کۆچەکەیم ڕاگەیاند و بەڕاستی هەواڵێکی دڵتەزێن بوو.

**پرسیار**: قسەی کۆتایتان بۆ گەنجان چییە؟

**وەڵام**: من داوام لە سەرجەم گەنجانی کورد هەیە، لە هەمبەر فەرهەنگ و فۆلکلۆری خۆیاندا، هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و ئەوەی کە بە تۆزقاڵێک گەلی کورد دەگرێتەوە، دەبێ حەولی پاراستنی بۆ بدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاژە - ڕێکەوتی: ٣١ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## ژیاننامەی حەسەن زیرەک: لە کرێکاری لە بۆکان تا هونەرمەندی لە بەغدا




**هومایۆن کەمانگەر**

یەکێک لە هونەرمەندە ناودارەکانی کورد، حەسەن زیرەکە کە لە پاش چەندین دەیە تێپەڕبوون بە سەر کۆچی دواییدا هەر لە بیرەوەرییەکاندا ماوەتەوە و ئەوانەی کە نەیاندیتووە و ساڵانێک پاش مردنی هاتوونەتە دونیا، بە بیستنی دەنگی بوونەتە هۆگر و جەماوەری ئەم هونەرمەندە. لەم نووسینەدا چۆنیەتی دەنگ و شێوازی گۆرانیبێژی حەسەن زیرەک کە هەڵگری تایبەتمەندی هەرە زۆر بووە، تاوتوێ ناکرێت و زیاتر باس لە بەشێک لە ژیانی دەکرێت کە هونەرەکەی لە ڕادیۆ کوردیدا خستووەتەڕوو.

### زیرەک پێش سەردەمی بەناوبانگی:

ئەوەی کە من وەک خۆم لە حەسەن زیرەکم بیستووە لەو ساڵانەی کە لە کرماشان هاوکاریی لە گەڵ ڕادیۆ کوردی هەبوو، سەبارەت بەو سەردەمەی کە هێشتا وەک گۆرانیبێژێک چالاکیی نەبووە، ئەوەیە کە هەر لە منداڵییەوە باوکی لە دەست داوە و دایکی کە توانای بەخێوکردنی منداڵەکانی نەبووە بە ناچاری پەنا بۆ سەر لە نوێ هاوسەرگیری دەبات، منداڵەکان و بە تایبەت حەسەن زیرەک نەچوونەتە قوتابخانە و بە ئامانجی دەسخستنی بژێوی ژیان ئیشی کرێکارییان هەڵبژاردووە.

حەسەن لە سەرەتای گەنجێتی ئیش و کاری زۆری تاقیکردووەتەوە و لە ئاکامدا ڕۆژێک لە کاتێکدا کە لە گەڵ شۆفێرێکدا

ئیشی کردووە و ئەو لە ئۆتۆمبێلەکەیدا نەبووە، شۆفێری دەکات و لە ئەنجامەتیدا ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ڕاناگیرێت و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی کەسێک. بەم هۆیەشە حەسەنی گەنج، ئۆتۆمبێل و شوێنی ڕووداوەکە بە جێ دێڵێت و ماوەیەک خۆی حەشار دەدات بەڵام لە ئاکامدا خۆی بە دەستەوە دەدات و پاش ئازادبوونی لە گرتووخانە، وڵات بە جێ دێڵێت و ڕێگای وڵاتی عێراق دەگرێتەبەر. پاش گەیشتنی بە کوردستان لە کەمتر لە یەک ساڵدا ئەویش بە جێ دێڵێت و لە شاری بەغدا ئیشی کرێکاری هەڵدەبژێرێت.

حەسەن هاوکات لە گەڵ کرێکاری لە چاخانەیەکیش ئیش دەکات و هەندێک کات گۆرانیش دەڵێت و بەمەش خاوەن کارەکەی بە دەنگی خۆش و لێهاتوویی ناوبراو هیوادار دەبێت. حەسەن زیرەک لە ئاکامدا لە هوتێلی باکوری بەغدا وەک کرێکار دەست بە کار دەبێت، لەو هوتێلەدا کە بە گشتی لە لایەن کوردانی عێراقەوە بە کار دەهێندرا، لە گەڵ حەسەن زیرەک ئاشنا دەبن و ئەمەش دەبێتە دەسپێکی هاوکاری زیرەک لە گەڵ ڕادیۆ کوردی بەغدا.

گەیشتنی ئەم گەنجە دەنگ خۆشەی کوردی ئێرانی بۆ ڕادیۆ کوردی بەغدا هاوکات بووە لە گەڵ ساڵانی سەرەتایی دەیەی ۱۹۵۰ کە بە وتەی خۆی لە گەڵ گەورە هونەرمەندانی گۆڕەپانی مۆسیقای کوردی وەک مامۆستا عەلی مەردان، حەسەن و محەممەد عارف جزیری، شەماڵ سائیب، تاهیر تۆفیق، باکوری و قادر دیلان ئاشنا بووە.

ناوبراو لە هەمان ساڵانی سەرەتایی چالاکی لە ڕادیۆ بەغدا سرنجی بیسەران ڕادەکێشێت و بە پێی ئەوەی کە شارەزایی تەواوی لە سەر ملۆدی و گۆرانییەکانی ناوچەی موکریان هەبووە و بەردەوام پێشکەشی کردووە، لەوەدا سەرکەوت کە هۆگرانی دەنگەکەی ڕاکێشی خۆی بکات و بگاتە ناوبانگ.

## گەڕانەوەی زیرەک بۆ ئێران:

حەسەن زیرەک بەردەوام جەختی دەکردەوە کە هیچ کات دیمەنی کوشتنی ئەو گەنجەی لە ڕووداوەکەی هاتووچۆدا لە بیر نەکردووە و هەست بە گوناحباری، ویژدانی ئازار دەدا، بەم هۆیەشەوە بڕیار دەدات سەردانێکی کورتی بۆ زێدی خۆی هەبێت و زانیارییەک بە دەست بێنێت.

نەورۆزی ساڵی ۱۳۳۷ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە مانگی مارسی ساڵی ۱۹۵۸ی زائینی ئەو دەرفەتە هاتە پێشەوە و زیرەک موڵەتی لە بەرپرسانی ڕادیۆ کوردی بەغدا وەرگرت و بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ئێران دا.

**پێشوازی لە زیرەکی گەنج لە شارەکەیدا:**

ناوبراو کە کاتی بەجێهێشتنی زێد و ماوای خۆی گەنجێکی نەناسراو بووە، لە پاش گەیشتنی بۆ بۆکان لە لایەن هاووڵاتیانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێدەکرێت و لەوەی کە ناوبانگێکی هەیە و بووەتە هونەرمەندێکی لێهاتوو، ڕووبەڕووی شایی و پێشوازی گەرمی ئەو خەڵکە دەبێتەوە.

هەواڵی گەڕانەوەی حەسەن زیرەک بۆ بۆکان لە پاش چەند ڕۆژێک دەگاتە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستان. لەو کاتەدا کە بەڕێز عەبدوولای موفتی زادە لە هۆگرانی دەنگی حەسەن زیرەک لە شاری سنەوە دەچێتە بۆکان، پێشنیاری ئەوە دەدات کە سەردانی شاری سنە بکات و لە ڕادیۆی ئەو قەزایە بەرنامەکانی پێشکەش بکات.

زیرەک لە مانگی گوڵانی هەمان ساڵ دەچێتە شاری سنە و لەوێش بە ڕادیۆی ئەو شارە کە لە ژێر چاودێری لەشکەری ٦ی کوردستان بەڕێوەدەبرا، دەناسێندرێت.

بەڵگەی هاتووچۆی کاتی بەرواری ٢٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی کە لە لایەن بەرپرسی دژە زانیاری ئەو لەشکەرەوە بە ناوی حەسەن زیرەک دەرکرابوو، پیشاندەری ئەوەیە کە ناوبراو لە گەڵ ئەو ڕادیۆیە و بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی هاوکاریی هەبووە.

وەک ئەوەی کە باس کرا ئەو نامەیە کە ئاماژەی پێدرا، کاتی بووە و هاتنی دێری " تا پێدانی کارتی فەرمی " لەو نامەیە، گوزارشت لەوە دەکات کە کاربەدەستانی ڕادیۆ لەشکەری کوردستان لە هەوڵی ئەوەدا بوون زیرەک وەک گۆرانیبێژێک بە فەرمی دابمەزرێنن.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە کاک حەسەن لە وتووێژەکانی لە گەڵ من چەندین جار لە پشتڕاست کردنەوەی ئەمە ڕایدەگەیاند کە بەرپرسانی ئەو ڕادیۆیە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لە گەڕانەوە بۆ بەغدا پاشگەزی بکەنەوە و بە فەرمی وەریبگرن. سەرەڕای بەڵێنەکانی بەرپرسانی ئەو ڕادیۆیە، زیرەک پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆکان و لەوێدا کاتەکانی بە چاوپێکەوتن و دیتنی دۆست و لایەنگرانی تایبەت دەکات و ناوە ناوەش بانگهێشتی ڕێ و ڕەسمەکانی زەماوەند دەکرا و لەوێدا بەرنامەکانی پێشکەش دەکات. بەڵام لە ئاکامدا بڕیاری گەڕانەوە بۆ بەغدا و بەردەوامی چالاکییەکانی لە ڕادیۆ بەغدا دەدات.

### کودەتای بەغدا و مانەوەی لە ئێران:

لە بەرواری ١٤ی ژوئییەی ١٩٥٨ (١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی) ڕژێمی پاشایەتی عێراق لە کودەتایەک بە سەرکردایەتی عەبدولکەریم قاسم ڕووخا و حکومەتی کۆماری لەو وڵاتەدا ڕاگەیێندرا. دەستبەجێ ئەم هەواڵە لە جیهاندا بڵاو بوویەوە و لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستان کە زۆربەی خەڵک دڵخۆشیيان لە ڕژێمی پاشایەتی نەبوو، پێشوازیی لێکرا.

زیرەک کە لە گەڕانەوەی بۆ بۆکان هەستی دۆستانەی لایەنگرانی بینیبوو و ئەمەش کاریگەریی لە سەر دانابوو پاش ماوەیەک بڕیاری گەڕانەوە بۆ عێراق دەدات و لە خۆئامادەکردنی ئەم سەردانەدا بوو کە هەواڵی کودەتاکە دەبێتە هۆی نیگەرانی ناوبراو، لە بەر ئەوەی کە کاتێک کە لە ڕادیۆ بەغدا بوو بە بۆنەی ڕێ و ڕەسمی تاجی شاهی لە سەرنانی مەلیک فەیسەڵ پاشای عێراق ئەم گۆرانییەی پێشکەش کردبوو:

**دەلێیدەن لێیدەن لە تەپڵی شادمانی**
**تاجی نایە سەر فەیسەڵی سانی**

پڕوپاگەندە و بابەت و وتارەکان لە ڕادیۆ بەغداوە دژ بە بەرپرسانی ڕژێمی پێشوو و خۆپێشاندانی بەرفراوان و ڕاگەیاندن و کردەوە بەردەوامەکانی چین و توێژەکانی عێراق بە تایبەت کوردان لە پاڵپشتی کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم و ڕووخاندنی دەسەڵاتی چەوسێنەری پاشایەتی، زیرەک والێدەکات تا ڕوونبوونەوەی دۆخی سیاسی ئەو وڵاتە لە ئێران بمێنێتەوە.

**حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ کوردی تاران**



## کاریگەری ڕادیۆ بەغدا لە سەر سیاسەتە کوردییەکان لە ئێران:

شۆڕشی عێراق وەک شۆڕشی کورد و عەرەب ناو دەبرا و حکومەتیش وەک حکومەتی کورد و عەرەب پێناسە کرا. ڕادیۆ کوردی بەغدا پاش ئەمە بانگەشەیەکی زۆری دژ بە ڕژێمی پاشایەتی ئێران دەستپێکرد و لەوەی کە کوردەکانی ئێران خاوەن هیچ مافێکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی نەبوون ئیدانەی ڕژێمی ئەو کاتەی دەکرد.

کاردانەوەی ئەم هەڵمەتەش لەو کاتەدا دامەزراندنی ڕادیۆ کوردی لە تاران و کرماشان و هەروەها بڵاوبوونەوەی حەوتەنامەی کوردستان لە تاران و ژمارەیەک هەنگاوی دیکە لە بێ کاریگەرکردنی هەوڵەکانی ڕادیۆ کوردی بەغدا بوو.

لە تاران برایانی موفتی زادە، سدیق و عەبدولڕەحمان لە کاربەدەستانی ئەم ڕادیۆیە بوون کە برازاکەی خۆیی بە ناوی ئەحمەد موفتی زادە بە مەبەستی هاوکاری بانگهێشت کرد و ئەویش حەسەن زیرەکی لە گەڵ خۆی هێنا و بەرەو تاران بەڕێ کەوتن.

ئامادەبوونی حەسەن زیرەک لە تاران و لە ڕادیۆ کوردی ئەو شارە بوو بە هۆی خۆشحاڵی کاربەدەستانی ڕادیۆکە و بەمەش ناوبراو بە فەرمی لە ڕادیۆ تاران وەرگیرا و دەستی بە کارەکانی کرد.

بەڵێننامەی بەرواری ١٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی محەممەد کەیهان لە بەرپرسانی ناسراوی دامەزرێنەری ڕادیۆ کوردی تاران سەبارەت بە پێدانی مووچەی مانگانەی ١٢ هەزار ڕیاڵ بە حەسەن زیرەک پیشاندەری وەرگیران و دەسپێکی هاوکاری ئەم هونەرمەندە لە بەرنامەیەکی نوێ بوو کە لە ئاکامدا ئەحمەد موفتی زادەش وێڕای پەسەندکردنی ئەو بەڵێننامەیە، واژۆکەی کەیهانی پشتڕاست کردووەتەوە.

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە بەرنامەی کوردی تاران لە دەسپێکی نیوەی دووەمی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی دەستی بە کارەکانی کردووە، بەڵام گرنگی بەشداربوونی حەسەن زیرەک لەو ڕادیۆیە لە ئاستێکدا بووە کە هەر لە مانگی گەلاوێژەوە بە پێی ئەو بەڵێننامەیە مووچەی ١٢ هەزار ڕیاڵیی پێدراوە و بەدەر لەمەش بە پێی نامەی ژمارە ٢٩٦١ - ٥٩١٣ بەرواری ٢٠ی خەرمانانی ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی هەتاوی بڕی ٤٨٠٠ ڕیاڵی بۆ دابین کراوە، ئەویش لە بەرامبەر ٦ بەرنامەی کە لە لایەن ئەنجومەنی مۆسیقاوە بووە.



سەرچاوە
Serchawe

بەم پێیەش مانگانە بە گشتی بڕی ١٦ هەزار و ٨٠٠ ڕیاڵ مووچە بە حەسەن زیرەک دراوە و ئەگەر بەم خاڵەش گرنگی بدەین کە لەو سەردەمەدا بە پێی بڕیارێکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڵاوکردنەوە و ڕادیۆ، ئەنجومەنی مۆسیقا بە هونەرمەندە گەورە و بەناوبانگەکان کە لە لایەن زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنەکەوە پەسەند دەکران تەنیا ١٠ هەزار ڕیاڵ مووچە دەدرا، ئەو مووچەیە کە بە حەسەن زیرەک دەدرا گرنگی کار و بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە کوردەی پیشان دەدا و لە لایەکی دیکەوە کەمتەرخەمی ئەنجومەنی مۆسیقا و ڕەنگە کەسانێکی دیکەی ئاشکرا کردووە کە بایەخی کارەکەیان بۆ هەر بەرنامەیەک ٨٠٠ ڕیاڵ دانابوو. پێدەچێت ئەگەر حەسەن زیرەک بە زمانێکی دیکە گۆرانی دەگووت ئەنجومەن مووچەیەک زیاتری بۆ ئەو تەرخان دەکرد؟!

## حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کوردی کرماشان



لە گەلاوێژی ١٣٤١ی هەتاوی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردی تاران داخران. حەسەن زیرەک لەگەڵ هاوسەرەکەی و هاوکارەکانیتری بۆ کرماشان گواسترانەوە و لە کرماشان درێژەیان بە چالاکییە هونەریەکانیان دا.

نامەی ژمارە ٤٠٢٤ لە بەرواری ٢ی ڕەزبەری ١٣٤١ی هەتاوی بەو مەبەستە نووسراوە. ڕادیۆ کرماشان لە ڕەزبەری ١٣٣٧ی هەتاوی دەستی بە بەرنامەی کوردی کردووە و لەو کاتیەوە ڕۆژانە بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بەرنامەی کوردی بڵاو دەکردەوە و لە ڕێگەی شەپۆلی کورتی یەک کیلۆواتی بەرنامەکانی دەتوانرا گوێی لێ بگیرێت.

گەلاوێژی ١٣٤١ی هەتاوی گروپی تاران بۆ کرماشان گواسترانەوە و شەپۆلی ڕادیۆکە کرا بە سەد کیلۆوات و ناوی بەرنامەکان ڕادیۆ کوردی کرماشان گۆڕدرا بە "دەنگی ئێران، بەشی کوردی"

لەڕاستیدا بەرنامە ناوچەییەکان داخران. ڕادیۆکە لە ڕێگەی شەپۆلی درێژ، لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش گوێی لێدەگیرا، نە تەنها لە وڵاتانی دەوروبەر، بەڵکو بەشێکی زۆری وڵاتانی ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆ دەگرت.

هاتنی حەسەن زیرەک بۆ کرماشان و تێکەڵبوونی لەگەڵ هاوکارانی ڕادیۆ چالاکی و وەرەی زیاتری بە گرووپی ئۆکستڕا دا کە پێشتر شتی وا نەبوو و لە ڕووی بەرهەمی مۆسیقی و گۆرانی کوردیدا هەنگاوی گەورە هەڵێنا.

سەرپەرستی گرووپی ئۆکستڕا محەمەد عەبدولسەمەدی بوو کە خۆی کلارێنتی دەژەنی و ژەنیارەکانی بریتی بوون لە مەحموود میر ئاتی ویڵۆن - موجتەبا میر زادە ویڵۆن - ئەکبەر ئیزەدی سەنتور - ئۆستوار دەروێشی تار - بەهمەن پولەکی زەڕب؛ هەروەها لە ساڵانی دواتردا مەحمود بلوری عود و سەرپەرشتی مۆسیقا زەید یەحیایی کە کلارێنتی دەژەنی بە گرووپەکەوە زیاد بوون.

حەسەن زیرەک دوای ئەوەی کە بۆ کرماشان گواسترابۆوە، موچەکەیشیان بۆ زیاد کردبوو و دەیزانی بە پێی فەرمانی ژمارە ٩٩١٥ی بەرواری ١٢ی بەفرانباری ١٣٤١ دەبێت ڕۆژانە لە کاتژمێر ١٦:٣٠خولەکی ئێوارە بۆ ١٩:٣٠خولەک لە ئێزگەی ڕادیۆ ئامادە بێت و لە پرۆڤەکانی ڕادیۆدا بەشداری بکات.

جێی بیرهێنانەوەیە کە زۆرێک لە ڕۆژەکان، زیرەک بەیانیانیش دەهات بۆ دەوام و لەبارەی گۆرانی و میلۆدی کوردی لەگەڵ موجتەبا میرزادە کە گەنجێکی ١٦ساڵ بوو، قسەی دەکرد. زانیاریە فراوانەکانی حەسەن زیرەک میرزادەی سەرخۆش کردبوو و بە دایم لای یەک دادەنیشتن و دەگەڕان و هاورێیەتی تایبەتیان لەنێواندا دروست ببوو.

میرزادە دەیان جار باسی ئەوەی کردبوو کە بوونی حەسەن زیرەک لە کرماشان زۆر بەسوودە، لەبەر ئەوەی بە دنیای مۆسیقای کوردی ئاشنا کردووە و زۆر گۆرانی و میلۆدی لە ڕێگەی حەسەن زیرەکەوە ناسیوە و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ستایلێکی جیاوازی هەبێت کە دەتوانین بە شێوازێکی تایبەتی مۆسیقا و ئاوازی لەقەڵەمی بدەین.

حەسەن زیرەک ٣ساڵ لە کرماشان نیشتەجێ بوو و موچەی و پاداشی باشی هەبوو. زۆربەی ڕۆژەکان هۆگرانی دەنگی زیرەک لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستان دەهاتن بۆ سەردانی و لە ماڵی خۆی پێشوازی و میوانداری لێ دەکردن. دۆستەکانی لە هەفتەدا چەند ڕۆژ بۆ لای دەهاتن و بەردەوامی تا نیوەشەو خزمەتی دەکردن و بە دیاریانەوە دادەنیشت.

گۆرانیبێژ و هونەرمەندی کورد لەناو ئێران و هەروەها هونەرمەندی کوردی عێراق بە مەبەستی سەردانی حەسەن زیرەک دەهاتن بۆ کرماشان و لە ماوەی مانەوەیاندا لە ماڵی خۆی پێشوازی لێ دەکردن.

ئەو کات خانم میدیا زەندی هاوسەری زیرەک بەگەرمیەوە بەخێرهاتنی میوانانی دەکرد و بیرەوەری خۆشی زۆری لە ماوەی مانەوەی میوانەکان بەجێ هێشتووە.

زیرەک بەو سێ ساڵە زیاتر لە سەدوبیست گۆرانی وتووە کە دەچنە ڕیزی گۆرانیە هەرە باش و جوانەکانی. زیرەک شێوازی تایبەتی خۆی بۆ وتن هەبوو، سەرەتا بە پێشەکی (ئوورتور) دەستی پێدەکرد، دواتر دەستی بە گۆرانیەکە دەکرد و یەک پارچەی مۆسیقا لە کۆتاییدا دەهات؛ بە گشتی هەموو ئەوە یەک چارەگی کات دەویست.

لە گەلاوێژی ١٣٤٢ی هەتاوی بە پێی فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بڵاوکراوەکان و ڕادیۆ، دامەزراندن و خزمەتی خانمان بە مەرجی ڕەزامەندی هاوسەر یان سەرپەرستیان دەرچوو. لەو چوارچێوەیدا لە نامەی ژمارە ١٤٧٩ بەرواری ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٤٢ی هەتاوی دوا لە حەسەن زیرەک کرا کە سەبارەت بە کارکردنی هاوسەرەکەی میدیا زەندی ڕای خۆی بەیان کات و ناوبراو ڕەزامەندی خۆی دەربڕی تا هاوسەرەکەیشی میدیا لە ڕادیۆ کار بکات.

---------------------

ئەم بابەتە لە نووسینی هۆمایۆن کەمانگەرە کە لە چالاکوانانیماندوونەناسی بواری کلتوری کوردی و لە بەڕێوەبەرانی پێشووی ڕادیۆی کرماشانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەراتاب

وەرگێڕان: جام کوردی - ئیدریس سلێمانی - سەلاح حوسێن پور

سەرچاوە: ماڵپەڕی جام کوردی - ڕێکەوتی: ١٦ی جانێوێری ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## پشکێک لە ڕاڤەی وشە پێویستەکانی گۆرانییەکانی زیرەک



**هاوڕێ جەلال**

**قیمەت گران، وەزن سووکە، وەک ئەشرەفیی بچووکە**
**خزمینە مەمکەن لۆمە، سافە ئەڵێی مەکووکە**

ئەشرەفیی: دراوێکی بچووکی لە ئاڵتوون چێکراوی ئێران بوو

مەکووک: مەکۆک: دارێکی بچووکی سافە لە ئامێری ڕستن و چنیندا هەیە، مەکووک لە شێوە و قەبارەی هەلووک دایە.

**کزەیەک لە من، یەکێک لە شەماڵ**
**بیبڕین بە باڵای یاری بێ خەیاڵ**

بێ خەیاڵ: بێ هەست، گوێنەدەر
بێ خەیاڵ و بێ ئەندێش هەر یەک شتن، هەروەک لە جێیەکی دیکە هاتووە:

**یاڕەب کەس وەک من شەو دەروێش نەبێ**
**تەوەلای وەتەن، قەوم و خوێش نەبێ**
**وەک گورگی برسیی بێ ئەندێش نەبێ**

لە سیلەی قەبران هاوارە
حاکم با بمدات لە سێدارە
سیلەی قەبر: گوێ قەبر، سوێی قەبر

-----

دۆستی گەورەم توورانە، چاوی ڕاستم خەجێیە
بەردەرکی ماڵی توووران پۆستی گوێچکە دەرێیە
پۆست: پێگە، پایەگا، بنکەی سەربازیی
گوێچکە دەرێ: گوندێکی خۆرهەڵاتی کوردستانە.
واتە بەردەم ماڵی تووران خان، بنکەی پاسەوانییە.

-----

قەد باریکەی ئەی باڵابەرز
جووت مەمکت، شەمامەی سەرتەرز
خواوەند بۆ منی کردووە فەرز

شەمامەی سەرتەرز: شەمامەیەک کە تەرزی پێوە مابێت، تەرز: لاسکێکی باریکە بە مێو و برکی بێستان (شووتی، کاڵەک، ترۆزی، خەیار)ەوە هەیە، ئەم تەرزە لە شووتیدا، ئاسانکاریی دەکات بۆ زانینی پێگەیشتنی شووتییەکە. هەر کات تەرزی شووتییەکە وشک بوو و ڕەش بووەوە، نیشانەی ئەوەیە کە شووتییەکە پێگەیوە.

------

دەترسم بمرم داخ لە دڵم بێ
خاکەکەی بەغدا ئاھ و گڵم بێ
ئاھ و گڵ: نیشتمان، وڵات، ماڵبەند

------

مودەتێک ئاوارە بووم و سەردەمێکیش دەربەدەر
قەت نەمدی ڕووی ئاسودەگیی هەر توشی گێرە و قەرقەشم
گێرە: کوتان و وردکردنی دانەوێڵە بە هۆی ئاژاڵەوە.
قەرقەش: کلۆشی گێرە نەکراو.

(گێـرە) یەکـێکە لە فرمـانە سـەختەکانی لادێ بـۆیە وەک نمـوونەی سـەختیی بە واتـای گـوزارەیی هێنـراوەتەوە. (کێشـە)ش بـریتییە لە کێشـانی (کـا) لە خەرمـان و جـاڕەوە بـۆ کـادێن، ئەویـش هەر فرمـانێکی پڕناخۆشـە. بـۆیە کـارێکی پـڕزەحمەت دەچوێنرێت بە گێرە و کێشە.

وشەی (قەرقەش) بە شێوەی (گرگاشە)ش هەیە و واتای (بەڵا و چەرمەسەریی و دەردیسەریی) دەدات.

------

ئایەڵێ ڕەقیب پەی بەرێ بە ڕەنگی زەردم،
تا دەمرم مەمنوونی فرمێسکی گەشم
گۆشەی تەنیایی من هەر ئەژنۆکەمە،
بۆیە وا مەحکەم گرتوومەتە نێو باوەشم
سەنگی محەکم بۆچییە ڕەقیب لێم گەڕێ،
کوردی بێ غەل و غەشم

ئەم هۆنراوەیە هەمووی ڕازە، پەیامی هۆنراوەکە ئەمەیە: من هەمیشە فرمێسکی خوێنین بە ڕوومدا دێتە خوارەوە، بە هـۆی ئەو فرمێسکە خوێنینـانەوە ڕوومەتـم سوور و گەش دەبێت و ڕەنگزەردیـی و خەمبـارییەکەم لای نـاحەزان دەرناکەوێت! هێنـدە تەنیا و بێدەرم کە تەنانەت کونجێک شک نابەم کە هانای بۆ بەرم، تەنیا ئەژنۆکانی خۆم شک دەبەم، بـۆیە وا بەتوونـدیی باوەشم پێیاندا کردووە!

سەنگ = بەرد


سەنگی محەک: بەردی مەحەک، بەردی زێڕ ئەزموون، بەردێکی ڕەشە، هێندەی لەپە دەستێک، زێڕیان پێ ئەزموو دەکرد تا زێڕی قەڵب و زێڕی پوختی پێ لە یەک جودا بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی جام کوردی - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک



**جام کوردی**

حەسەن زیرەک گۆرانیبێژی ناوداری کورد، هونەرمەند و مۆسیقازانی سروشتی (لەدایکبووی ١٩٢١ - کۆچی دوایی ١٩٧٢) لە شاری بۆکان هاتۆتە دنیاوە. زیرەک یەکێکە لە بەناوبانگترین هونەرمەندانی کورد. بەرچاوترین کاری ئەو کۆکردنەوەی گەنجینییەیەک لە هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییە کە بە دەنگی ئەو وتراوەتەوە. زیرەک بە هۆی گۆرانییەکانی لە ناو کوردەکانی ئێران و عێراق ناسراوە. لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری بۆکان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوای ئێران کۆچی دوایی کردووە و بە خاک سپێردراوە.

### سەرەتای ژیانی مامۆستا حەسەن زیرەک

حەسەن زیرەکی لە مەڵبەندی موکریان لە دایک بووە. لەرۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢١ی زایینی (ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی). شوێنی لە دایکبوونی زۆر ڕوون نییە، بە گوێرەی قسەی خەڵکی شاری بۆکان زیرەک لە گەڕیکی قەڵای سرداری ئەم شارە لە دایک بووە و زۆر کەسیش لەوانەی کە لە نزیکەوە دەیناناسن، گوندی "هەرمێلە" کە لە نێوان شاری سەقز و بۆکان هەڵکەوتووە بە شوێنی لە دایکبوونی دەزانن.

باوکی ناوی عەبدوڵڵایە و دایکی ئامینی ناو بووە. باوکی لە لای خانانی ئاغای گوندی هەرمێلە کاری کردووە، لە بەر لێهاتوویی بە زیرەک ناوی دەرکردووە. ناوبراو جگە لە حەسەن دوو کوڕی دیکەی بە ناوەکانی حوسێن و مینە هەبووە. لە

تەمەنی ژێر دە ساڵیدا لەگەڵ چەند کەس لە دەنگخۆشانی بۆکان لە شاییەکانی ناو شار و گوندەکانی بۆکان گۆرانی وتووەتوە. لە حەوت و هەشت ساڵیدا بەردەستی مسگەری و قاوەچییەتی دەکاو هەروەها خزمەتی ماڵە دەوڵەمەندەکانی بۆکانی کردووە. زیرەک منداڵ دەبێ کە باوکی دەمرێ (تەمەنی ١١ ساڵان دەبێ کە باوکی کۆچی دوایی دەکات). بە دوای مردنی باوکیدا بنەماڵەکەیان لە دێ بار دەکا و دەچنە شاری سەقز. پاشان دایکی زیرەک شوو دەکاتەوە و ئەمە دەبێتە هۆی دژواری زیاتر لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ زیرەک و خوشک و براکانی. لە تەمەنی ١٢ ساڵی دا دەگەڕێتەوە هەرمێلە و لە لای خانان ئاغای ئەو دێیە بە کارکەر دادەمەزرێتەوە و بۆ درێژەی ژیانی دەست دەکا بە قاوەچییەتی و چاوساخی و بەردەستی ئاغاوات.

## ساڵانی هەرمێلە و سەقز:

هەر لەو تەمەنەدا دەنگە خۆشەکەی سەرنجی خەڵکی ئەو دێیە بۆ لای خۆی رادەکێشێ و هەموو هەوڵی ئەویان دەبێ زیرەک لە دەنگە خۆشەکەی بێ بەشیان نەکا. کە خانان دەبینێ زیرەک دەنگی ئاوا خۆشە، ئەمجار زیاتر بایەخ بە ئەو دەدا و رێگا دەدا زیرەک بێتە دیوەخان و بە گۆرانییەکانی کۆڕی میوانانی خان برازێنێتەوە. لەو لاشەوە زیرەک مێرمنداڵ و دەنگ خۆش بۆ شەو داوەت و ڕەشبەڵەکی کوڕان و کچانی دێ، خۆ دەکوتێ و بەزمی شەوانەیان خۆش دەکا.

دوای ساڵێک هەرمێلە و لای ئاغەوات بە جێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە شار، بە شاگرد کەبابچی و وردە کاری دیکە ژیان دەباتە سەرێ. ساڵی ١٣٢٠ دێتەوە هەرمێلە و وەک تفەنگچی لە ماڵی ئاغەوات دادەمەزرێ، پاشان بەینی لە گەڵ ئاغا و تێکدەچێ و واز لە تفەنگچییەتی و ئازار و ئەزیەتی خەڵک لە پێناو ئاغادا دێنێ، دەچێتە سەقز و دەبێتە شاگرد شۆفێری "مینە خانی ئەردەڵان" و لە نێوان سەقز و بانەدا دەست بە کار دەکا.

## ئاوارەیی و بەغدا:

ڕۆژێک لە ڕۆژان کورە جەحێڵەیەکی گوندی قوڕەدەرێ بە ناوی مەحموود نارنج، دەکەوێتە بەر ماشێنەکەی و دەکوژرێ. لەترسان سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئاوارە دەبێت تا لە کوردستانی عێراق دەگرسێتەوە. دواتر زیرەک دەگاتە شاری بەغدا و لەوێ بە هۆی چەند کەسێک لە میوانخانەی "شومال ئەلکەبیر" دادەمەزرێ. لەوێش دەست دەکات بە گورانی وتن و لە ماوەیەکی کەم دا بەم هۆیەوە ناو دادەخات. چەند کەس لە ناودارانی مۆسیقای کوردی وەک عەلی مەردان لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی زیرەک لەوێ دەبینن و ئە دەبەنە بەشی کوردی "رادیۆ بەغدا" بۆ یەکەم جار دەنگی لە رادیۆی کوردی بەغداد دەبیسترێ و بەم جۆرە مەیدانێکی باش بۆ خۆ نواندنی گۆرانیبێژی زیرەک پەیدا دەبێ.

حەسەن زیرەک لە ماوەی مانەوەی لە بەغدا دەیان گۆرانی تۆمار دەکا، ئەم گۆرانییانە ناو و ئاوازەی زیرەک بە کوردستاندا بڵاو دەکەنەوە. زیرەکی گۆرانیبێژ لە ماوەی نزیک بە دەساڵ مانەوە لە عێراقدا دەبێتە دۆست و ئاشنای زۆر هونەرمەند و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد، لە ئەزموون و ڕێنوێنییەکانیان کەڵک وەردەگرێ و سرنجیان بۆ لای مایە بەهرە هونەرییە کەم وێنەکەی خۆی ڕادەکێشێ.

## گەڕانەوە بۆ ئێران:

لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، لەوێ چووە بۆ ڕادیۆی تاران، کرماشان و تەورێز و لەوێوە گۆرانی خوێندوە. هەر لەو ساڵەدا لە ڕادیۆی تاران لەگەڵ میدیا زەندی ئاشنا دەبێت و پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن کە ئاکامی ئەو ژیانە دوو منداڵ بە ناوەکانی "مەهتاب" و "ئارەزوو" دەبێ. ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی حەسەن زیرەک ماڵەکەی دەباتە شاری بانە و لەوێ لە "کانی مەلا ئەحمەد" چایخانەیەک دادەمەزرێنێ، دیارە شان بە شانی ئەو کارەش لە گۆرانی کوتن و کاری هونەری ناوەستێ و لە بەزم و شادی خەڵکدا بەشداری دەکا و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە گۆرانی تۆمار دەکا. پاشان دەچێتە شاری مەهاباد و لە دواکاتەکانی ژیانیشیدا دەچێتە شاری شنۆ. لە شاری شنۆ بە کار و کاسبی ژیان تێپەڕ دەکا. لە ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە تیپی "شانۆی هونەرەجوانەکان" لەگەڵ "سێوەخان" و "ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا" لە شانۆکای «بووکی ژێر دەواری ڕەش» و «خەسوو یان ئەژدیها» و «تەڕپیر» بەشداری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ لە شاری سەقز هۆتێلی سێ ئەستێرەی هەبووە کە بۆخۆی لەوێ گۆرانی گوتووە.



## گۆرانییەکان:



سەرچاوە Serchawe

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، پشت بەستنی ئەو بە گۆرانی فۆلکلۆرییە. ئەو چاوی بە زۆر ناوچە و مەڵبەندی کوردستان کەوتووە، لێیان ماوەتەوە، لە خەڵکەکەی میوان بووە و هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵیان بووە و لەگەڵ شێوەی ژیانیان و جلوبەرگ و هەڵس و کەتیان ئاشنا بووە. ئەو گۆرانییانەی لە خەڵکەوە بیستوویە، فیر بووە. هەرچەند زیرەک زۆر گۆرانیشی هەیە کە هەم هەڵبەستەکەی و هەم ئاهەنگەکەی هی خۆیەتی. زیرەک لە شێعری کوردیش کەڵک وەرگرتووە. لە ئەو شاعرانە: نالی، وەفایی، سەید کامیل ئیمامی، کوردی، هەردی، پیرەمێرد و هێمن. زیرەک بۆ وێنە شیعری "شەو"ی سەید کامیل ئیمامی کردووە بە گۆرانی.

حەسەن زیرەک گۆرانی فارسی و ئازەریی هەیە، لەو جۆرە گۆرانییانەدا زیرەک هەڵبەستی کوردی تێکەڵاو کردوون.

"گویلدر" یەکێکە لەو گۆرانییانە کە بە زمانی ئازەری گوتوویەتی.

**بەشێک لەگۆرانییەکانی:**

دیسان شەو هات
وەک قومری
لۆرکێ
کەتانە
هەی نار
کابوکێ
لەیلا
کرماشان شاری شیرین
ئەمان دۆکتۆر
بۆ چ منت ناوێت
هۆ لەیلی
ماڵی بابم نەسرین
کەویار
ئەسمەر



سەرچاوە
Serchawe

حەسەن زیرەک لەگەڵ زۆر گۆرانیبێژی کورد گۆرانی گوتووە، بۆ نموونە "محەممەد ماملێ"، "مەلا حسێنی عەبدوڵڵازادە"، "عوسمان بۆکانی" و "ئەحمەد شەماڵ". گۆرانی "ماڵی بابم بێ وەفا" یەکێک لەو گۆرانییانەیە کە حەسەن زیرەک، محەممەدی ماملێ و مەلا حسێنی عەبدولازادە، ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی پێکەوە بە یارمەتی تیپی موسیقای کرماشان تۆماریان کردووە.

"بەرهەڵبێنە" و "هەوارە، گوڵم هەوارە" دوو گۆرانی دیکەن کە زیرەک و محەممەدی مامڵێ پێکەویان کوتوون.

## ژیانی هونەری

لە ماوەی ژیانی هونەری، زیرەک دەربەدەری زۆری چێشت. ماوەیەک لە شارەکانی ئێران و ماوەیەک لە عێراق. لە ڕۆژانی دەسپێکی ژیانی لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی کاری دەکرد. ڕۆژێک بەدەم کارەوە لە ژێر لێودا گۆرانی دەخوێنێت، ئەو گۆرانیە و دەنگی زیرەک هەستی ڕێبوارێک دەبزوێنێ و ئەو ڕێبوارە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی زیرەکدا و ڕێگەی بۆ دەکاتەوە بڕواتە ڕادیۆی بەغداد. بۆ ماوەیەک لە ڕادیۆ بەغداد کار دەکات و کاتێ لە ساڵی ١٩٥٦ بەشی کوردی ڕادیۆ تاران دەست بەکار دەکات حەسەن زیرەک بۆ تاران بار دەکات و لەوێ درێژە بە کار دەدات. زۆربەی بەرهەماکانی حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ تاران لەگەڵ گەورەکانی مووسیقای ئێرانی وەک: حسەین یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەد عیبادی بووە.

حەسەن زیرەک ئەگەرچی لەبەر بارودۆخی ئەستەمی ژیان لە خوێندن بێبەش ماوبوو، بەڵام توانای بێوێنەی لە هۆنینی شێعری کوردی و دانانی مۆسیقای کوردی هەبوو. ئەو توانایە لەگەڵ دەنگی بێوێنەی بووە هۆی ئەوەی کە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک لە سەرانسەری کوردستان ببێتە خۆشەویستی جەماوەری خەڵک. ئێستاکەش لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە ماڵی کوردەکان گوێ لە گۆرانییەکانی دەگیرێت. حەسەن کاتێ لە تاران بوو، لەگەڵ وێژەری بەشی کوردی ڕادیۆ تاران، خاتوون "میدیا زەندی" یەکیان ناسی و دوای ماوەیەک ژیانی هاوسەریان پێکهێنا. بەرهەمی ئەو ژیانە دوو کچ بە ناوەکانی «ئارەزوو» و «مەهتاب» بوو، کە زیرەک چەن گۆرانییەکی بە کچەکانیدا وتووتەوە.

حسەن زیرەک نە لە ئێران و نە لە عێراق ڕووی خۆشیی نەدی. هەڵسووکەوتی حکوومەتی ئێران کێشەی زۆری بۆ درووستکرد. بۆ نموونە دوای ماوەیەک ئیتر ڕێگەیان نەدا بە ڕادیۆ تاران. ئەوە دڵی ناسکی زیرەکی ڕەنجاند و بڕیاریدا چیتر نەگەڕێتەوە تاران. باری کرد بۆ عێراق بەڵام لە بەغداد دەستبەسەر کرا و لە بەندیخانە ئەشکەنجە درا. خۆی



سەرچاوە
Serchawe

دەگێڕێتەوە کە لە بنمیچ هەڵواسراوە و لێیدراوە. بۆیە دوای ڕزگاری ڕەوانەی ئێران دەبێتەوە بەڵام بۆ چارەڕەشی، لە ئێرانیش ساواک دەیگرێ و ئەشکەنجەی زۆری دەکەن، زیرەک لە شوێنێک چۆنییەتی ئەشکەنجەکان دەگێڕێتەوە و ئەو گێڕانەوە وەک یادگاری ماوەتەوە لێی. حەسەن زیرەک لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ لە ڕادیۆ کرماشان کاری کردووە. لەو ماوەدا لەگەڵ گەورەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە وەک موجتەبا میرزادە، محەمەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی و بەهمەن پوولەکی کاری کردووە و ئەو هاوکارییە بووە هۆی خولقاندنی بەرهەمی وا کە وەک شاکارەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە یادگار ماون.

## کۆچی دوایی:



ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی نەخۆشییەک کە لە مێژ بوو حەسەن زیرەکی ئازار دەدا، لێی تووند کرد، چەند جار لە نەخۆشخانەکانی ورمێ و بۆکان خەواندیان، بەڵام نەخۆشییەکەی کە شێرپەنجە بوو، دەست بەرداری نەبوو، لێرەشدا حەسەن زیرەک واز لە گۆرانی گوتن نەهێنا:

**لە پڕدا پیریم لێ وەدەرکەوت**
**بەختیش وەکوو خۆم هات و لێی خەوت**
**فتیلەی عومرم هاتووەتە گزی**
**هەر بینا ئەویش لە سووتان کەوت**
**ئەسپی تەبیعەت هەروا خۆش ڕۆیە**

بەبێ ئاوزەنگی لە ڕەوت نەکەوت

سەرئەنجام ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی ساڵی ١٩٧١ی زایینی نەخۆشی هێرشی بۆ دێنێ و شێرپەنجەی جەرگ لە عەردی دەدا و دوای ماوەیەکی زۆر لە جێگادا کەوتن لە ١٩٧٢ی زایینی دا لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵئاوایی لە زێد و نیشتمانەکەی دەکا و چرای تەمەنی لە سووتان دەکەوێت و پەپوولەی گیانی قەفەسەی سینگی پڕ لە ماتەمی بەجێ هێشت. لە سەر ویستی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە، کە دەڕوانێتە بۆکان ئەسپاردەی دایکی نیشتمان دەکرێت.

مەرگی حەسەن زیرەک وەک بۆمبێک لە نێو کوردستاندا تەقییەوەو شەپۆلەکانی خەم و ماتەمی لە دەستچوونی لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕی. لە سەر وەسیەتی خۆی لە داوێنی کێوی "ناڵەشکێنە"ی بۆکان بە خاک سپێردرا.

گۆڕەکەی بوو بە زیارەتگای لایەنگران و ئەویندارانی.

ئەم شیعرانەش بوونتە ڕازێنەرەوەی کێلەکەی:

بڕوانە کتێبەکەی، زیارەتیکە کێلەکەی
کوردی زیندوو کردەوە زیرەک بە هونەرەکەی
زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر
ڕۆژگارت ساتێ بە بێ خەم نەبوو
بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

ژیان و بەرهەمەکانی لە کتێبدا:

چریکەی کوردستان
ژیان و هونەری
گەوهەرێ
حەسەن زیرەک و هێندێ لە بەرسەرهاتەکانی

٢٦ی جوونی حوزەیران ٢٠١٧



سەرچاوە Serchawe

## زیرەک، ئەو کەسەی بەھەشتی ھێنایە ئەم جیھانەوە



### ڕاپۆرت: ئەمجەد غولامی

زیرەک لە ٤٥ ھەمین ساڵوەگەری کۆچی دوایی ھێشتاش ھەر ئەو ھونەرمەندە مەزنەیە کە گۆرانییەکانی بێ زیاد و کەم لە سەر زمان و ھزر و یادەوەریی ئەڤینداران و ھۆگرانی گۆرانی کوردیدا شەپۆل دەدات.

حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٢١ لە شاری بۆکان، لە نێو خێزانێکی ھەژار و کەم دەرامەتدا لە دایک بووە و لە نێو ئازار و مەینەتییەکانی ئەوکاتی ژیان و ڕۆژگاردا، توانیویەتی خەرمانی گۆرانیی کوردی دەوڵەمەندتر بکات و بە جسارەتەوە لەو بوارەدا گەلێک داھێنانی بلیمەتانەی ھەبێت.

دەسپێکی ژیانی ھونەری زیرەک دەگەڕێتەوە بۆ دەیەکانی یەکەمی ژیانی و ئاوارەبوونی بە ھۆی نەھامەتی و ھەژاری و ڕوو لە عێراق کردن و دامەزرانی لە ئوتێلێکی بەغدا بە ناوی میوانخانەی شیمال کەبیر وەک بەردەست و شاگرد و ناسیاو پێکھێنان لە گەڵ چەند کەسایەتی و ھونەرمەندێکی کورد و لەوان جەلال تاڵەبانی و مامۆستا عەلی مەردان و چوونە ڕادیۆی کوردی بەغدا لە ساڵی ١٩٥٣ لە ڕێگای ئەم ھونەرمەندەوە.

ئاوا دەنگی حەسەن زیرەک لە کۆڕی ھاوڕێیان و شەوانی دیوەخانەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئێزگەیەک و دەچێتە ھەمو

ماڵەکانەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی زیرەک ناوبانگ دەربکات و چریکەی مەقام و گۆرانییەکانی هەموو کوردانی ئەو سەردەمە عاشقی دەنگی بکات.

**ماموستا باکووری وەک هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموون لە لێدوانێک بۆ کەناڵی چرا لەبارەی ئەو ساڵانە دەڵێت:** حەسەن زیرەکم لە ساڵی ١٩٥٣ لە ئێزگەی کوردی لە بەغدا ناسی، ئەوکات من لەوێ کارمەند بووم و ئەو وەک کەسێکی شارەزا و لێهاتوو بابەتی گۆرانی هەڵدەبژارد، ئاوازی دادەنا، مەقامات و گۆرانی دەچری و ئێمە ئێرەییمان پێدەبرت.

**دەشڵێت:** لە ڕادیۆ کوردییەکەی بەغدا هەفتانە ماوەی ٣٠ خولەک ڕاستەوخۆ گۆرانیی بو گوێگران دەوت و لەگەڵ گرووپی میوزیکدا زۆر بە سەرکەوتویی کاری دەکرد، بەبێ ئەوەی پرۆڤەیەکی زۆر بکات، جاری وا هەبوو هیچ پرۆڤەیشی نەبوو، کەچی گۆرانییەکانی زۆر بە جوانی دەگوتنەوە و دەتوانم بڵێم ئەو نیوسەعاتە بەشێکی زۆری گوێگران هەستی خۆیان بۆ ئەو ڕادیۆیە ڕادەگرت.

باکووری لە درێژەدا وێرای ئاماژەدان بە دەوڵەمەندبوونی ئارشیوی ئێزگەی بەغدا لە ڕێگای بەرهەمی مۆسیقایی زیرەک، زیادیشیدەکات: بەوجۆرەی من لە نزیکەوە ئەم هونەرمەندەم دەناسی کەسێکی سادە و نیشتمانپەروەر بوو، هەردەم بە سادەیی دەژیا و بەسادەییش دەیڕوانیە ژیان، ئەو چەند ساڵەش کە لە بەغدا بوو، هەژاری و نەداری و بێکەسی نەیهێشت زور لە ئاواتەکانی بە چاوی خۆی ببینێ و بیهێنێتە دی.

حەسەن زیرەک بە هۆی گۆرانی وتن بۆ هاتنە سەر تەختی مەلیک فەیسەڵی دووەم، لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی ژوەنی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕێبەرایەتی عەبدولکەریم قاسم، بە ناچار دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، و پاش گەڕانەوەیشی دەچێتە ڕادیۆی تاران و لەوێ درێژە بە ئیشی هونەری خۆی دەدات.

ئەم گەڕانەوەیە هاوکات بوو لە گەڵ دەسپێکی هاوکارییەکانی زیرەک لە گەڵ گەورە ماموستایان و ژەنیارانی ئێرانی و لەوان حسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شاناز، جەهانگیر مەلەک و جەواد مەعروفی و هەروەها ئاشنایی و زەماوەند لە گەڵ میدیا زەندی بێژەری بەشی کوردیی ئەو رادیۆیە.

**میدیا لە پێشەکی کتێبی چریکەی کوردستان لەبارەی ئەو ساڵانە دەڵێت:** زیرەک نزیک بە هەزار بەستە و گۆرانی لە تاران و کرماشان ئاراستە کرد و بەهۆی ئەو گۆرانیانە بوو کە رۆژانە نزیک بە دووهەزار نامە ڕەوانەی رادیۆ دەکرا و جار بوو کە لە ناو نامەکاندا پارەشیان دەنارد بۆ ئەوەی گۆرانی داواکراویان بڵاوبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەرنامەکانی کوردی رادیۆ تاران و کرماشان بە هۆی دەنگی بە سۆزی زیرەک کەوتبووە بەردلانی هەموو کەسێک و ئەوکات هەموو رۆژێ دووجار بەرنامەی ئێمە و بیسەر بڵاو دەبووەوە، حەسەن زیرەک بە دەنگی ڕەسەن و سۆزداری خۆی ببووە هۆی ناسراوەبوون و بەرزبوونەوەی کوالیتی و پێگەی بەرنامە کوردییەکانی ڕادیۆ تاران و کرماشان و سەرریژبوونی نامەی لەژمارە نەهاتووی لایەنگرانی.

بەڵام ئەم دەرفەتە زێرینە تا سەر بۆ حەسەن نامێنێ و وەک میدیا زەندی دەڵێت دوای ماوەیەک ڕێی چوونە ڕادیۆ لە حەسەن زیرەک دادەخرێت و خزمەتەکانی لە بیر دەبەنەوە. ئەم ڕووداوە کە هاوکاتە لە گەڵ بوونی شێخ عابد سیراجەدینی بە سەرۆکی بەشی کوردی ڕادیۆ تاران، دەنگۆی دژایەتیی دەزگا ئەمنییەکانی ئەوکات لە گەڵ کەسایەتیی زیرەکی بەدواوە بوو.

ئەم ڕووداوە جارێکی دیکە حەسەنی بەرەو بەغدا ڕاپێچ دا و لەوێ، لە ساڵی ١٩٦١ لە تیپی شانۆی هونەرە جوانەکان لە گەڵ سێوەخان و رەشۆل عەبدوڵڵا، لە شانۆنامەکانی بووکی ژێر دەواری رەش و خەسوو یان ئەژدیها بەشداری دەکات، بەڵام ئەمجاریان زۆر تاقەتی دوورە وڵاتی ناهێنێ و لە ساڵی ١٩٦٧ دەگەڕێتەوە بۆ ئێران.

**وریا ئەحمەد وەک مۆسیقارێکی شارەزا سەبارەت بەو ساڵانە و پەیوەندی نێوان ژیانی سەخڵەت و بەرهەمە هونەرییەکانی حەسەن زیرەک دەڵێت:** ئەو وەک یەکێک لە کۆڵەکە پتەوەکانی دونیای هونەری گورانیی کوردی، لە ڕێگای ژیان لە ناو دەقی کۆمەڵگا و سەرگەردانییەکانی دەستی بە سەر کانگایەک لە ئازار و مەینەتییەکان گرتبوو کە دەتوانین وەک یەکەم هەوێنی گۆرانی وتنی زیرەک ناوبردی بکەین.

**دەشڵێت:** ئەو بە پشت ئەستوور بوون بەم هەوێنە توانی کومەڵێک ئاوازی جوان بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەداخەوە بە هۆی نەبوونی مافی داهێنەر و ناکارامەبوونی ئامێرەکانی تۆمارکردن لەو سەردەمە، زۆربەی ئەو ئاوازانە لە لایەن کەسانی فارس و عەرەب و تورکەوە بردراون.

زیرەک لە پاش ئەم ئاوارەیی و دەربەدەریە توشی چەندین نەخۆشی کوشندە دێت، هەرچەندە سەدان گۆرانی بە ئاوازی جۆراوجۆری کوردی وتووە، بەڵام بە پێی گێرانەوەی هاوسەردەمەکانی لە ژیانیدا وەک پێویست ڕێزی لێ نەگیراوە و هەتا نەخۆشی شیرپەنجە ئەم ئەرکەی لە دوا ساتەکانی ژیانیدا، بە ئەستۆ گرت.

هەموو ئەمانە کاتێک کران کە زیرەک تەنیا ٥١ بەهار لە تەمەنی تێپەر دەبوو، بەڵام حەسەن بە گشت ئاوارەیی و


سەرچاوە Serchawe

گرفتەکانی لە بەردەم کارکردنی هونەرییدا و بە نەبوونی ئامێری مۆسیقایی کارامە و ستۆدیۆیەکی پێشکەوتووی دەنگهەڵگرتن، وەک بلیمەتێک توانی ئەرشیڤێکی دەوڵەمەند لە دوای خۆی خەرمان بکات و بیکات بە قوتابخانەیەکی گۆرانی بۆ نەوەکانی داهاتوو، تا لە پاش ئەو کۆمەڵێک دەنگبێژ و خاوەن بەهرە بە پشتبەستن بەم ئەرشیڤە بێنە نێو کۆڕی گۆرانیوتنەوە.

**ئەرشیڤێک کە وەک مەجید درەخشانی مۆسیقاری ناسراوەی ئێرانی لە دیمانە لە گەڵ هەواڵدەریی کوردپرێس ئاماژەی پێدەدا،** ناسنامەیەکی سەرەکییە بۆ ناسینی مۆسیقای ڕەسەنی کوردی و جیاکردنەوەی لە مۆسیقای گەلانی دیکە و دەڵێ: مۆسیقای هەورامی مۆسیقایەکی ڕەسەن و تایبەت بە کوردە و ناکرێت لە ڕیزی مۆسیقای سونەتیدا دابنرێت. ئەم وتەیە زیاتر لە هەموو کەسێک گۆرانییەکانی حەسەن زیرەکیش دەگرێتەوە بە تایبەت ئەوەی کە دەنگی ئەو گۆرانیبێژە بە ڕادەیەکی زۆر نزیکە لە مۆسیقای کۆنی کوردی.

لە لایەکی دیکەوە شارام نازری بیرمان دەخاتەوە کە ئەو کەسەی باسی دەکەین کەسێکی نەخوێندەوار بووە کە لە گەڵ هەنگاونانە ناو ئۆرکێسترای رادیۆ دەچووە ژووری تۆمارکردن و بە شێوەی بیداهە شێعری دەوت و ئاهەنگی بۆ دادەنا و دەیخوێند و هەمووی ئەم کارانە کەسێکی نەخوێندەوار دەیکرد کە مۆسیقا و شێعری لە ڕێگەی دیناو و حافیزەیەکی سینە دەفتەرییەوە پێگەیشتبوو.

**هەر بۆیە وریا ئەحمەد سەبارەت بەو وره ئاسمانییەی زیرەک دەڵێت:** ڕاستە زیرەک کەسێکی نەخوێندەوار بووە، بەڵام تواناییەکی تەواوی لە دەربڕین و ڕێکخستنی هۆنراوەکانی بو گۆرانی بووە، ئەو لەو سەردەمەی هەنگاوی ناوەتە بواری گۆرانی کوردی، توانیویەتی گوێگرێکی زۆر لە تەواو ناوچە کوردنشینەکان بۆ گۆرانیی کوردی کۆ بکاتەوە و سەرنجیان ڕابکێشێت بۆ گۆرانییەکانی خۆی.

ئەم هونەرمەندە بیری خاڵی گوهەرینی داهێنەرانەی زیرەکمان دەخاتەوە و زیادی دەکات: ناسینی موجتەبا میزادە هونەرمەندی ئاهەنگدانەر و مۆسیقاری ناوداری کورد، خاڵی وەچەرخانی ژیانی هونەری حەسەن زیرەک بووە و ئەو بەرهەمانەی بە هاوکاری دووقۆلی ئەمان بە جێماون دەتوانین ناوی جوانترین گۆرانی کوردییان لێبنێین.

**ئەم ئاشناییە نە تەنیا خاڵی وەرچەرخانی ژیانی زیرەک بووە، بەڵکوو وەک عەدەنان کەریم لە لێدوانێک بۆ پاشکۆی ژمارە ١٨٨٤ی ڕۆژنامەی شەرق لە یادی میرزادەدا دەڵێت،** جۆرێک ئێرەیی پێبردنی گۆرانیبێژان بە پەیوەندیی داهێنەرانەی ئەو دووەی بەدواوە بووە.

**عەدنان ڕوونی دەکاتەوە:** کاتێک کە میرزادە بڕیار دەدات بەرهەمە پێشووەکانی حەسەن زیرەک کە لە ڕادیۆ بەغدا تۆمار کرابوون، لە فەزای ستۆدیۆیی ئێران داڕێژێتەوە تەنیا لە ئامێرگەلێکی وەک سەنتوور، قەرەنەی، تۆمبەک و دوو ڤیۆلۆن بەهرە وەردەگرێت و ڤیۆلۆنی دووهەم وەک پاڵپشتی ڤیۆلۆنی یەکەم کە خود میرزادە لێیدەدا، ڕۆڵی دەگێرا. کاتێک گوێی دەدەینە ئەو بەرهەمانە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی تێدەگەین کە ڤیۆلۆنی میرزادە وەک هۆگرێکی ئەویندار نۆتەکانی میلۆدی بە سەر تەواو ئامێرەکانی دیکەدا دەبەشێتەوە و بەمشێوە تێکرایان دەهێنێتەوە خزمەتی گشتییەتی بەرهەمەکە.

**دەشڵێت:** لێرەدایە کە مەزنایەتیی هونەری حەسەن زیرەک زیاتر شەمەند دەکرێتەوە و... هەستی جوانیناسیی میرزادە قووڵایی و ڕەونەقێکی تایبەتی دەبەخشێت بە گۆرانییەکانی زیرەک... ئەم هەستە جوانیناسییە لە ئاستێکدایە کە زۆربەی ئاهەنگدانەرانی گەنجی کورد ئارەزوو دەکەن هەمان سۆلۆیەک بژەنن کە میرزادە ژەندوویەتی.

گۆرانیگەلی وەک؛ لەنێو ساباڵاغدا، گەوهەرێ، دینێ مەرۆ دینێ، ئەسمەرێ، ئامۆزا، هەی بەلار، کرماشان و دەیان گۆرانیی دیکەیش بەرهەمی دابەشکاری و ژەنیاری مۆسیقایی ئەو ڤیۆلۆنژەنەن کە بەردەوام مەزنایەتی خۆی گرێدەداوتەوە بە مەزنایەتی هونەرمەندێک کە ئەمرۆ ٤٥ ساڵ بە سەر کۆچیدا تێپەردەبێت و بە هەموو گەورەیی خۆیەوە سەبارەت بە زیرەک وتویەتی: من لە ڕێگەی حەسەنەوە ئاشنای گۆرانیی مۆسیقا و ئاوازی کوردی بووم و لە ڕێگەی دەنگی ئەوەوە زۆر بابەتی مۆسیقایی و گۆرانی کوردانەم ناسی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپرێس - ٢٧ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## سالان دەچووینە باغی شەقلاوە

جوانی سرروشتی شارەکەمان شەقلاوە، هەرلە سەردەمانی زووەوە جێی سەرنجی گەشتیاران بووە، بۆیە هەرکەسێ سەردانی شەقلاوە بکات، ئارەزوو دەکاتەوە سالانە هەرنەبێ بۆ جارێکیش حەزدەکات چاوی بەدیمەنەکانی سەفین وسۆرک وئاووهەوا فێنک وئاوەسازگارەکەی بکەوێتەوە. جوانی شەقلاوە و شوێنە جوگرافیەکەی کاریگەری کردووەتە سەر هەستی ڕۆشنبیران و شاعیران و هونەرمەندان، کەبۆتە هەوێنی شعری نەتەوەیی و خۆشەویستی و شاعێران و ئاوازو گۆرانی زۆرێک لەهونەرمەندان. یەکێک لەو هونەمەندە پایە بەرزی نەتەوەکەمان)

## حەسەن زیرەک.

(سالانە لە وەرزەکانی) بەهارو هاوین و پایز (دەیان جار سەردانی شەقلاوەی کردووە لای برادەرانی) حەمەی قەساب و حەسەن موختار و تەها بندیان و حاجی و ڕەزووقی و باپیرەی مەسیحی (کردوە ئاهەنگی بۆگێڕاون، زۆر لە شایەتحاڵ و ئامادەبوانی گەنجانی ئەو سەردەم پرسیارم لیکردوون ئەو ڕۆژگارانەیان بۆ باسکردوم لەوانە) مام عمری سلێمان سورچی و مام تاهیر و کاک محمەد حسین حەسەن گاوان و کاک نەجات و جمال حەمەی قەساب (دانیشتوون و گوێیان لە دەنگە خۆشەکەی) حەسەن زیرەک (گرتووە ، لە چایخانەی) عولای زێبرئاغا (لە گەرەکی سیمۆن وە لە چایخانەی) ڕەزووقی وباپیرە(ی مەسیحی لە بێترمە وە مالی) حەمەی قەساب (چەندین ئاهەنگ ودانیشتنەکانی لە ناو باخچە کانی شەقلاوە ئاهەنگی بۆ برادەرانی گێڕاوە ، لەبەر هاوڕێیەتی گەرمی نێوان) حەسەن زیرەک و تەها بندیان و حەسەن موختار و حەمەی قەساب (کەزانیویانە گەیشتۆتە سەر سنوور) حاجی ئۆمەران و گەلالە و چۆمان (پیشوازیان کردوە لەگەلیان هاتۆتە شەقلاوە و ئاهەنگی تایبەتی بۆگێڕاون ،مام تاهیر دەڵێت ساڵی (١٩٥٨) من بەکرەیەکم لە ئاهەنگی) حەسەن زیرەک( بەدەستی خۆم لە مالی) حەمەی قەساب (بە ئامێرێکی) تەسجیلی مارکەی ئەلیزابێت (زیاتر لە کاتژمێریکە تۆمارم کرد هەتا دەنگەکە پاک دەرنەچوو بەلام بەهۆی برادەریم لە گەڵ) عبدالطیف خاوەنی تۆماگەی اخلاص(و)جیهان بەخش کۆیی (بەکرەکەیان بۆ پاکردمەوە بەهۆی ئامێرە دەنگیەکانی خۆیان،ئاهەنگەکە زۆرخۆش بوو هەمووکات لەچایخانە) حاجی برام (لێمان دەدا بەلام برادەرێک لێی وەرگرتم ئێستاش چەند بیردەکەمەوە بەبیرنایەتەوە کێبوو لێی وەرگرتم ونەیدامەوە، وەهەروەها دەلێت جارێکیان لەناوەڕاست) شەستەکان (بوو یەکێک لە چایخانەی (ز...) دانیشتبوو دەیگوت من (حەسەن زیرەکم)شتێکی زۆرسەیر بوو لەناکاو (حەسەن زیرەک)بەدیارکەوت و کابرا یەکسەرهەلات ،حەسەن زیرەک ئەو....... ووتی

من حەسەن زیرەکم ؟ ئەوە لەزۆر شوێن گۆرانی ووتوە ووتوویەتی من ئەوم ریزیان لێ گرتووە ، بەڕیزمامۆستا) جلیل فەقێ حوسێن (لە ساڵی شەستەکان لە ئوتێلی) سەفین(ی خاڵم (قادر موختار)لەبازاری شەقڵاوە بەرامبەر چایخانەی (محمود مەلا سەعید) هونەرمەندان) حەسەن زیرەک ، تاهیر تۆفیق ، ڕسول گەردی ( دانیشتبوون پێکەوە گۆرانی زۆر خۆشیان دەگوت . جێی باسە هونەرمەند) حەسەن زیرەک (ئەوکاتانەی لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق ژیانی بەسەربردووەلەوێشخەڵکی شەقڵاوە هاوکاریان کردووە ،بەڕێز مام) ئەنوەر بەگ (ووتی من لەساڵی(١٩٥٣) بەڕیوەبەری ئیدارەی) کۆلیجی دەرمانسازی(بووم هەموو کارەکان بەدەست من بوو،هەرچەندە هاوڕییەتیم لەگەڵ (حەسەن زیرەک)نەبووە بەڵام ناوبانگ وگۆرانیەکانم زۆرگوێ لێ ببوو . برادەرێکیم ووتی ئەوە (حەسەن زیرەک) وا لێرەیە شەوان لە ئیزاعە گۆرانی دەڵێت و بەڵام بەڕۆژ بێکارە ، منیش ووتم مادام وایە برۆ بانگی بکە بابێت فرۆشگای کۆلیژی) حانووت(دەدەمێ بەڕۆژ بۆخۆی لێرە کاربکات ،ئەوەبووهونەرمەندان)حەسەن زیرەک و محەمەد ڕەزا(هاتن ماوەی دووساڵ بەبێ بەرامبەر)بەخۆڕایی(حانووتی کۆلیژم پێدان . پاشان خۆی ڕۆیشت بەغدی بەجێی هێشت و هات خودا حافیزی و سوپاسی کردم . جوانی وسروشتی شارەکەمان وهاوڕێەتی گەرمی خەڵکی شەقڵاوەو حەسەن زیرەک وای لەو هونەرمەندە بلیمەتە کردووە کە وەفایەک بنوێنێ بەرامبەر بە شەقڵاوە، بە گۆرانی)ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە(یەک لە گۆرانیە خۆشەکانیەتی . داخەکەم ئەوەیە هەرکاتێت دەڵێت ئەم گۆرانیەی لەگەڵ شەقڵاوەی کوردستانی باشوورە، پێش هەموو کەسێک خەڵکی شەقڵاوە دەڵێت: خۆدەگەر شەقراوێ ئێرەی نییە، دەگەر شەقراوێ ئێرانیێتی (بێ ئەوەی هیچ بەڵگەی هەبێت باشەقڵاوەیەکیش لە ڕۆهەلاتی کوردستان هەبێ ،ئەوانەی شەقڵاوەی ئێرانیان دیوە دەڵێن گوندێکی جوانی بچوکە، با)حەسەن زێرەک (لەژیانی دا جارێک و دووجار سەردانی کردبێت ، من دڵنیام مەبەستی) شەقڵاوە جوانەکەی خۆمانە چونکە دەڵێ) ساڵان دەچوومە باغی شەقڵاوە (واتە لەژیانیدا زۆر سەردانی شەقڵاوەی کردوە ......

بەهرەو توانای) حەسەن زیرەک (لەهونەری گۆرانی وموسیقا. دوای 40) ساڵ (هەرلەلووتکەی هونەر گۆرانی کوردی دایەو نەوە دوای نەوە پێشوازی لە دەنگ زولاڵەکەی)حەسەن زیرەک (دەکا. زیرەک دەنگی پیرولاوانە، دەنگی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووە .... سڵاو لەگیانی پاکی هونەرمەند)حەسەن زیرەک (هەرگەشاوە) شەقڵاوەی بوکی کوردستان)

سەرچاوە: ماڵپەڕی شەقڵاوی پۆست - ڕێکەوتی: ٣١ی جانێوێری ٢٠١٢

## ئێمە هەموو"حەسەن زیرەک"ین




دایکم لە بەرە بەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوە داوە بەر شەفاعەتی دوعای من کاوت و چریکەی من خۆش. باوکم لە تەنگی نوێژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمە دا وەک کوولوە بەفرێک چووە دڵی خاکەوە و چریکەی من خۆش. خوشکەکانم بە دوو قوولوویی لە چاوەڕوانی حەسەن زیرەک و تامەزرۆیی: «مەهتاب دەکات گریانی جەرگم دەبێ بەبریانی» دا. چریکەی من خۆش. باوە گەورەم کە باوەشی لە کۆڵەکەی چوار فەسڵییەکەی ئاڵاندبوو. لە ژێرئاواری قەڵاکەییدا چریکەی من خۆش. دایە گەورەم بە بەرهەڵبێنە حەریرە بانە دراوە کەیەوە دەستی وەبن سەری داوە و چاوی لە سەریەک داناوە و لە خەوڕ ۆچووە و چریکەی من خۆش. ئێستا من دەچمە سەر دووندی ئاڵەشکێنە و بەرامبەر بە شاری بۆکان تێی دەچریکێنم: «لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و ڵۆرکێ خاتونێم لۆرکێ » هەموو خەڵکی شاری بۆکان و دەشتی موکریان هەر چریکەی من خۆش.

باسی لۆرکێم کرد. لۆرکێ؟! ئەرێ لۆرکێ! لۆرکێ لە کات ژمێر دوازدەی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی نازانم چەند هەزار چەند سەد و چەندی زایینیدا لە داوێنی دایە گەورەم کەوتە خوارێ. لۆرکێ هەموو ڕۆژێ لە کاتی سیوادانی بەیانیدا گۆزەیەکی سوور هەڵدەگرێ و بەرە و کانییە مرادان دەکەوێتەڕێ و هەموو شەوانی هەینی لە بەر تریفەی مانگدا لە باوەشیا چاولێک دەنێم و ئەو هەر دەڵێ: «دەمم دێنم ڕووی خۆت لادە ساوالەی دایکێ» و من هەر دەڵێم: «گۆزە ی سوورو ئاوی شەوێ، دەمم وە خاڵانت کەوێ...» ئیترچریکەی من. ئەرێ. چریکەی من. چریکەی حەسەن زیرەک.

حەسەن زیرەک لە بەرە بەیانێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەی ساڵی نازانم چەند هەزار چەند سەد و چەندی زایینیدا لە

سەر دووندی ناڵەشکێنەی بەرامبەر بە شاری بۆکان لە نێو بنەماڵەیەکی کۆچەر دا و لە داوێنی خاتوونێکی شل و ملی خاڵ لە ملی چاو بە کلەوە تێی چریکاند.: «خالق هەڵکەی بای شەماڵی بیدا لە دەسرەوەدە ستماڵی بادەرکەوێ وردە خاڵی. دوگمەتداخە. دوگمە تداخە. دووگمەکەت. کەس نە یبینێت خاڵی نێوان مەمکەکەت.».

لورکێ دەستماڵە سوورەکەی سەرشانی هەڵدەداتەوە و سەر بە سینگیەوە دەنێم و لە بەر تریفەی مانگدا چاولێک دەنێم. دەمی دێنێ و لکی دەستماڵەکەی لە سەر ڕوومەتم لادە داودەم بە کوڵمەمەوە دەنێ و بە دەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساوەلەی دایکێ». دووگمەی یەخەی دەکاتەوە و نیگای چاوم لە سەرخاڵی نێوان مەمکی دەگیرسێتەوە وتێی دەچریکێنم: «خۆزگەم بەوەی دۆستی جوانە لە نێوجحێڵان سووڵتانە کە دەمرێ ساحەب ئیمانە»

لۆرکێ دەڵێ: «باوکت لە میرەکانی ئەردەڵان و سووڵتانی قەڵای ئاویەر بوو.! ئەرێ سووڵتانی قەڵای ئاویەر!!... و لە تەنگی نوێژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمە دا، لە بۆکان، لە سەردووندی ناڵەشکێنە، هۆبەی باوە گەورەتی بەجێ هێشت و لەبن سەوڵەکەی سەر کانییە مرادان تێی چریکاند: «ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆم، بە غەمزەی چاوی بەخومارت. نەخۆشی تۆم، هیلاکی تۆم، بە تیری جەرگی بیمارت.» و چریکە ی تۆخۆش. چریکە ی تۆ.! ئەرێ چریکەی حەسەن زیرەک».

حەسەن زیرەک لە قرچە قرچی نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوینی مانگی گەلاوێژداو لەو دەمەو ئێوارەیەکی سڕی ڕۆژێکی پاییزی مانگی خەزەڵوەر داو لە نیوەشەوی شەوێکی سایەقەو بەندی زستانی مانگی ڕێبەندانی هەموو ساڵێکی نازانم چەند هەزار چەند سەد چەندی زایینیدا لە سەردووندی ناڵە شکێنەی سەر بە شاری بۆکان و بەرامبەر بە دەشتی موکریان لە ژێرسێبەری ڕەشماڵێکداتێی دەچریکێنێ: «من، سەر کەمە سەرڕانت. تۆ، پێم دادە بەو دەستماڵە. گەرگوولە پرسی کێیە تۆ ڕامژێنە بلێ مندالە» مندالْ؟!!!...ئەرێ مندالْ.

لە دومە و ئێوارەیەکی ساڵی نازانم چەند هەزار چەند سەدو چەندی زایینیدا. لە سەر دووندی ناڵە شکێنە. باوە گەورەم ئەستووندەکی ڕەشماڵە کە توووند دەکاتەوە. دایە گەورەم لە سوچێکی هۆبەی دەستی بن سەری داوە و چاوی بڕیوەتە نووکی ئەستوندەکی خێوەتەکە و لە زیندە خەودایە، باوکم دە مستێک ڕانک و چۆغەی سوورگوێزی بووزووی حەسڵی لە بەردایە و پشتوێنێکی گرێ چنی لە سەر بەستوون و خەنجەرێکی دەبانی لە بەر پشتوێنی خستووە و لیزگەیەک مووروی شینی بە قەڵافی خەنجەرەکەیدا کردووە. باوکم سواری ماینێکی کە حێل بووە و بە دەوری ڕەشماڵە کە دارمبازێن دەکاو لەبن خۆیەوە نارە ناری دێ و دەڵێ: «ئەو کچە لەو ماڵە قەولی داوە پێم، دەرک و دەروازەی داخراوە لێم. ئەنگوستم دەرزی زوڵفت خەیاتە، ڕوحم کێشکچی دەورەی باڵاتە. ئەنگوستم دەرزی زوڵفت ئاورێشم، خودا نەمکوژێ دایمە لە لات بم. تۆوەرە،

تۆوەرە، تۆوەرە، ئەی شۆخی عەیار، ئەی وەی هەر دووکمان ڕێبوار، مردم خانمی مەزەدار». دوو کەس بە دەسیتێک لیباسی سەرتاپا سپی ڕووبان و دەمبێنی سەوزەوە لەم دیواودیوی جێ و بانەکەی دایکم دانیشتوون و توونید دەستیان بەدەمی دایکمەوە گرتووە.

ڕمبەی پێی کە حێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕادێ.

مەهتاب دەڵێ: «سوڵتان...»

ئارەزوو دەڵێ: «حەجمانی نییە»

مەهتاب دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...»

ئارەزوو دەڵێ: «خۆ ئەم بادەوەیە بۆیەک ساتیش وەستانی نییە»

باوکم سووچی پەردەی خێوەتەکە لادە دا. با تەزوو بەبن پیلی باوکم داهرووژم دێنێ بۆ ژوورێ. دایکم خۆی گرمۆڵە دەکا.

ئارەزوو دەڵێ: «مەجووڵێ...».

مەهتاب دەڵێ: «ددان بە جەرگت دابگرە، شێخ ژن».

باوکم چاوێک بە خێوەتەکە دا دەگێڕێ. دووربینەکەی هەڵدەگرێ و دەڕواتەوە دەرێ.

مەهتاب دەڵێ: «سووڵتان...»

ئارەزوو دەڵێ: «چاوەڕوانی هەزار دەستی هەیە.»

مەهتاب دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...»

ئارەزوو دەڵێ: «پیاوی سەردار دەرکی قەڵایان گرتووە».

سڕمەی پێی کە حێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕادێ. باوە گەورە ئەستووندەکی ڕەشماڵەکە توونید دەکاتەوە. دایە گەورە لە سووچێکی هۆبەی دەستی بن سەری داوە و چاوی بڕیوەتە نووکی ئەستووندەکی خێوەتەکە و لە زینندە خەو دایە. باوە گەورە لە گەڵ داکوتانی سینگەکە داوڕێنە دا کاو لەبن خۆیەوە دەڵێ: «ئەگەر ئەم ئەستووندەکە ڕاووستی، قەڵەم دەست دەدەمێ بەسەرهاتی سوڵتان دەنووسمەوە. بەسەرهاتێکی سەیرە لە قەڵای ئاویەرەوە تاااا هۆبە ناڵەشکێنە.!.!.!. هائیییی سوڵتان

خۆتۆ حەمە حەو دۆست نی»

باوە گەورە لە دەری خێوەتەکە ڕابانگ دەکا: «حەلاو...»

دایە گەورە بەرهەڵبێنەکەی دەست دەداتێ و بە ئەسپایی پەردەی خێوەتەکە لادە دا. کللووە بەفرەکان بەبن پیلی دا خۆبەژووریێ دا دەکەن.

دایە گەورە دەڵێ: «خەونی ئەم جارەم بۆ گێڕانەوە نابێ».

باوە گەورە دەڵێ: «من میرزام و دەبێ چاک و خراپ بنووسمەوە».

دایە گەورە دەڵێ: «تەنگی نوێژی شێوانە و...»

باوە گەورە دەڵێ: «ئاخرڕۆژی زستانە و..»

دایە گەورە دەڵێ: «ئیدی لە دەست بە فرووبۆرانی ڕەشەمە...»

باوە گەورە دەڵێ: «لە دەست میاوە میاوی پشیلەکانی شاریش...»

سرمەی کە حێلەکەی باوکم لە دەرێ ڕادێ.

دایە گەورە دەڵێ: «بە تیری عەشق جەرگی بڕاوە. دڵی بە داوی زوڵف بەسراوە»

باوە گەورە دەڵێ: «بە نازی چاوی گیرۆدەی کردو هومێدی ژینی لە دەست بەرداوە»

دایە گەورە دەڵێ: «کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی. سوورە وەک کوڵمی و ئاڵە وەک لێوی»

باوە گەورە دەڵێ: «کام ڕەشی ئەگا بە ڕەشی چاوی. بۆرژانگی، برۆی، ئەگریجەی خاوی»

دایە گەرە دەڵێ: «لۆرکێ لە کات ژمێر دوازدەی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی نازانم چەند هەزار چەند سەد و چەندی زایینی لە داوێنم کەوتە خوارێ.»

باوە گەورە دەڵێ: «بریا سوڵتان ئەم شێعرەمی تۆمار بکردایە کە دەڵێ"سەوڵوکەی ڕێبازی لەیلێ، وەرەوە سەر دووچاوی مەجنوون. دونیام ئەوکاتە لاشیرینە خاکی بەرپێی ئاشنابم"».

دایە گەوورە دەڵێ: «لە خەوم دا لۆرکێ لە کاتی سیوادانی بەیانی دا گۆزەیەکی سووری بە شانەوە بوو لە قەڵای سەر دا دەهاتە دەرێ و بەرە و کانییە مرادان دەهات.»

باوە گەورە دەڵێ: «دە نووسم هەموو شەوانی هەینی لە بەر تریفەی مانگ لە باوەشی لۆرکێدا چاولێک دەنێ»

سرمەی کە حێلەکەی و نارە ناری باوکم کە دەڵێ: «گۆزەی هەڵگرت بۆگوێی ڕووبار. ئەفسوونی کرد شۆخی عەییار. گۆزەی هەڵگرت، جەرەی دانا. دەری هێنا جام و شانە.» لە دەرێ ڕادوور و دوورتر دەکەوێتەوە. گڤە گڤی باوبۆران لە دەرێ ڕابڵیندتر دەبێت و لە خێوەتەکە دەدات و ئەستووندەکی خێوەتەکە دەلەرێنێتەوە. باوە گەورە تەشوێیەک هەڵدەگرێت و ئەستووندەکی خێوەتەکە توونڊ دەکاتەوە. دایە گەورە پەردەی خێوەتەکە لادەداتەوە و وەژوور دەکەوێتەوە. بەرهەڵبێنەکەی دادەماڵێتەوە لە سوچێکی هۆبەی دەستی بن سەری دەداتەوە وچاوی دەبڕێتە نووکی ئەستوندەکی خێوەتەکە و لە زینندە خەو ڕادەچێتەوە. دایکم خۆی گرموٚڵە دەکاتەوە.

مەهتاب دەڵێ: «مەجووڵێ...»

ئارەزوو دەڵێ: «سوڵتان...»

مەهتاب دەڵێ: «ڕۆی بۆسەر کانییە مرادان»

ئارەزوو دەڵێ: «نیوە شەوە و...»

مەهتاب دەڵێ: «لە بەر تریفەی مانگ لە باوە شیاچاولێک دەنێ»

گڤە گڤی باو بۆران لە دەرێ ڕابڵیندتر دەبێت و لە خێوەتەکە دەدات و ئەستووندەکی خێوەتەکە دەلەرێنێتەوە. باوە گەورە تەشوێیەک هەڵدەگرێت و ئەستووندەکی خێوەتەکە توونڊ دەکاتەوە. خوێن لە بن ئەستووندەکی خێوەتەکەوە فوارە دەکاتە دەرێ و لە گەڵ کوولووی بەفرەکە تێکەڵ دەبێت و لە بەردرگای خێوەتەکە دەچێتە دڵی ناڵەشکێنەوە.

لە بەرەبەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوەی ساڵی نازانم چەند هەزارو چەند سەد و چەندی زایینیدا، ئامبووڵانسێک، ئاژیرێکی سووری بە سەرەوە بوو، لە قەڵای سەردار هاتەدەرێ و بەرەو دووندی ناڵەشکێنە هات. دوو کەس بەلیباسێکی سەرتاپا سپی و ڕووبان و دەمبێنێکی سەوزەوە لەبن ڕەشماڵێکی تێک تەپیودا چوار تەرمیان هەڵگرتەوە و لە ئامبولانسەکەیان خستن. دایکم لە نێوجێگاوبانەکەیدا خۆی گرموٚڵە کردبوو.

مەهتاب: «خوێن ڕێزی کردووە»

ئارە زوو: «هێشتا خوێنەکەی نەمەییوە»

مەهتاب: «لە بەری بەیانیدا...»

ئارە زوو: «زریکەی ئەو منداڵە خۆشە»

مەهتاب: «منداڵێکی زیت و زیرەکە»



سەرچاوە
Serchawe

سەروانێک بە خۆی چەند سەربازەوە بە سواری ماشێنێکی f3 دەگاتە سەر ناڵەشکێنە و بە وردی دەوروپشت و بن خێوەتەکە دەگەڕێ.

سەروان دەڵێ: «هەموویان لە کن سوڵتان بنێژن».
سەربازێک دەڵێ: «لە سەر ڕێگای بۆکان سنە؟»
پەرەستار دەڵێ: «ئەو منداڵە...»
سەروان دەڵێ: «ئەلحان لۆرکێ و ئەوان دێن.»

پرۆفسۆر، دەفتەرەکەی باوە گەورەم لێک دەکاتەوە. لۆرکێ هەڵم دەگرێتەوە و لە باوە شیاچاولێک دەنێم. دەمی دێنێ و لکی دەستماڵەکەی لە سەر ڕوومەتم لادە دا. دەم بە کوڵمەمەوە دەنێ بە دەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساوالەی دایکێ» دووگمەی یەخەی دەکاتەوە و نیگای چاوم لە سەرخاڵی نێوان مەمکی دەگیرسێتەوە.

پرۆفسۆر ڕوو لە لۆرکێ دەکاودە لێ: «خەونێکی سەیرە».

من دەڵێم: « باوکم لە تەنگی نوێژی شێوانی ئێوارەیەکی زستانی مانگی ڕەشەمەدا وەک کوولووە بەفرێک چووە دڵی خاکەوە و چریکەی من خۆش. دایکم لە بەرە بەیانی ڕۆژێکی بەهاری مانگی خاکەلێوە داوە بەر شەفاعەتی دوعای من کاوت هەر چریکەی من خۆش. خوشکە کانم بە دوو قوولوویی لە چاوەڕوانی حەسەن زیرەک و تامەزرۆیی: « مەهتاب دەکات گریانی جەرگم دەبێ بەبریانی» دا. چریکەی من خۆش. باوە گەورەم کە باوەشی لە کۆڵەکەی چوار فەسڵییەکەی ئالاند بوو لە ژێر ئاواری قەڵایەکی دارماو دا فەلەک شکاندی پەنجەکەی تانە نووسێ وەسفی ڕووخساری و دایە گەورەم بە بەرهەڵبێنە حەریرە بانە دراوەکەیەوە دەستی وەبن سەری داوە و چاوی سەریەک ناوە و لە خەو ڕۆچووە و هەر چریکەی من و چریکەی من و چریکەی من خۆش.»

لۆرکێ سەرم بەسینگییەوە دەگوشێ بەدەم گڤەی هەناسەیەوە دەڵێ: «بنوو ساوالەی دایکێ»

پرۆفسۆر دەڵێ: «من مێژوو نووسم و دەبێ چاک و خراپ بنووسمەوە»
لۆرکێ دەڵێ: «ئەم چیرۆکە دووووره، لە قەڵای ئاویەرەوە تاااااا هۆبەی ناڵەشکێنە.»
پرۆفسۆر دەڵێ: «سوڵتانی قەڵای ئاویەر بە دوای ئەوینێکی ئاهووڕاییدا»

لۆرکێ دەڵێ: «هەموو وەبەر شەفاعەتی دووعای ئەوکەوتن.»

پرۆفسۆر دەنووسێ: «مانگی ڕەشەمەی زستانی ساڵی نازانم چەند هەزارو چەند سەد و چەندی زایینی لە بیست و نۆ دا تەواو بوو بنەماڵەی سوڵتان هەموووە بەر شەفاعەتی دووعای نەوەکەیان کەوتن و حەسەن زیرەک هەر دەڵێ" چریکەی من خۆش".»

لۆرکێ دەڵێ: «سەرت بکە سەرڕانم با پێت دادەم بەو دەستماڵە»

لۆرکێ هەموو ڕۆژێ لە کاتی سیوادانی بە یانیدا گۆزەیەکی سوور هەڵدەگرێ و بەرە و کانییە مرادان دەکەوێتە ڕێ.

من دەڵێم: «گۆزەی سوورو ئاوی ساردە بۆی تێکردم مانگی چاردە»
لۆرکێ دەڵێ: «گۆزەم دانا جەرەم پڕکرد. بە بای شەماڵ مەمکم خڕکرد.»

هەموو شەوانی هەینی لە بەر تریفەی مانگدالە باوە شیاچاولێک دەنێم و ئەو هەر دە لێ: « دەمم دێنم ڕووی خۆت لادە ساوالەی دایکێ» و من هەر دەڵێم: « سەر دەکەمە سەرڕانت تۆپێم دادە بەو دەستماڵە گەر گوولە پرسی کێیە ڕامژێنە بلێ منداڵە.»

http://zerya.blogfa.com/post-6.aspx

## ٤٥ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی هونەرمەندی هەزار ئاوازە تێپەڕی



**عەلی شیرینی**

ڕۆژی ٥ی پووشپەڕی ١٣٩٦ی هەتاوی ٤٥مین ساڵ بەسەر کۆچی دوایی مامۆستا " حەسەن زیرەک " هونەرمەندی گەورە و ناوداری کوردستان ناسراو بە هونەرمەندی هەزار ئاوازە تێپەڕی. "حەسەن زیرەک" کوڕی" عەبدوڵلا" لە مەڵبەندی موکریان لە ڕۆژی ٢٩ - ١١ - ١٩٢١ زایینی (٨ - ٩ - ١٣٠٠ ی هەتاوی) لەدایک بووە. شوێنی لە دایکبوونی زۆر ڕوون نییە، بە گوێرەی قسەی خەڵکی شاری بوکان مامۆستا "زیرەک" لە گەڕەکی قەڵای سەرداری ئەم شارە لە دایک بووە و زۆر کەسیش لەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیناسن، گوندی "هەرمێلە" کە لە نێوان شاری سەقز و بۆکان هەڵکەوتووە بە شوێنی لە دایکبوونی دەزانن. مامۆستا "حەسەن زیرەک" لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا گەلێک ڕەنج و کوێرەوەری و نەهامەتی دیتووە و دەربەدەری و ئاوارەیی کێشاوە کە لێرەدا سەرەنجتان بۆ خوێندنەوەی کورتەیەک لە ژیانی مامۆستا "حەسەن زیرەک" و بنەماڵەکەی ڕادەکێشین.

### کورتەیەک لە ژیان و بەرسەرهاتی هونەرمەندی هەزار ئاوازە

بۆ ئەوەیکە باس لە ژیانی ڕۆژانەی مامۆستا "حەسەن زیرەک" و بنەماڵەکەی بکەین ڕەنگە بە چەندین کتێب کۆتایی بە کوێرەوەری و نەهامەتییەکانیان نەیەت بۆیە کورتەیەک لە ژیانی بنەماڵەیان باس دەکەین. "عەبدوڵلا" باوکی مامۆستا زیرەک وەکوو ڕەعیەتێک لە لای ئاغای گوندی "هەرمێلە" دەستی بە کار کردووە تا ڕۆژانە بتوانێ پاروو نانێک بۆ بنەماڵەکەی بەدەست بێنێت. کاک "عەبدوڵلا" لە لای ئاغای گوندەکە لە بەر لێهاتووی و ئازایەتی بە عەبدوڵلا زیرەک ناوبانگی دەرکردووە. ناوبراو جگە لە "حەسەن" دوو کوڕی دیکەی بە ناوەکانی "حوسێن" و "مینە "ی هەبووە. "حەسەن "ی

کـوڕی" عەبـدوڵڵا" لەتەمەنـی ٧ - ٨ سـاڵیدا بەردەسـتی مسـگەری و قـاوەچییەتی دەکـا و هەروەهـا خزمەتـی مـاڵە دەوڵەمەندەکانی بۆکانی کردووە تاکوو بتوانێت پاڵپشتێک بێت بۆ باوکی و ئەرکی سەرشانی باوکی کەمێک سووکتر بکات. ناوبراو لە تەمەنی ٩ - ١٠ ساڵیدا لەگەڵ چەند کەس لە گۆرانی بێژە دەنگخۆشەکانی شاری بۆکان لە شاییەکانی نێو شار و گوندەکانی دەوروبەری شاری " بۆکان "گۆرانییان وتووەتوە. مامۆستا" زیرەک " لە تەمەنی ١١ ساڵان دەبێت کە باوکی کۆچی دوایی دەکات و بە دوای مردنی باوکیدا بنەماڵەکەیان لە گوندی "هەرمێڵە" بەرەو شاری سەقز کۆچ دەکەن و "ئامین"ی دایکی لە شاری سەقز مێرد دەکاتەوە و ئەمە دەبێتە هۆی دژواری زۆرتر لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی "زیرەک" و خوشک و براکانی. ناوبراو لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا دەگەڕێتەوە گوندی "هەرمێلە" و لە لای ئاغای ئەو گوندەوە بە کارەکەر دادەمەزرێتەوە و دەست دەکات بە قاوەچییەتی و بەردەستی ئاغا و ئاغاواتەکان.

## تێپەڕاندنی ژیانی مامۆستا "حەسەن زیرەک" لە گوندی "هەرمێلە"

مامۆستا "حەسەن زیرەک" لە تەمەنی ١٢ بۆ ١٣ ساڵی دەنگە خۆشەکەی سەرنجی خەڵکی ئەو گوندە (گوندی هەرمێڵە) بۆ لای خۆی رادەکێشێت و هەموو هەوڵی ئەوەیان دەبێت کە "زیرەک" لە دەنگە خۆشەکەی بێ بەشیان نەکات و زۆر جاران کۆ دەبوونەوە کە زیرەک گۆرانییان بۆ بڵێتەوە. ئاغا ناوبانگی دەنگە خۆشەکەی زیرەک دەبیستێتەوە و ئەمجار زیاتر بایەخی پێ دەدات و رێگە دەدات کە بێتە دیوەخان و بە گۆرانییەکانی کۆڕی میوانانی خان برازێنێتەوە. "زیرەک" مێرمنداڵێکی دەنگ خۆش دەبێت کە شەوانە بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی و شەوداوەت و ڕەشبەڵەکی کوڕ و کچە هاوتەمەکانی خۆی گەرم دەکات و بەزمی شەوانەیان بۆ خۆش دەکات.

## کۆچ و کۆچکردنی مامۆستا "زیرەک" لە نێوان گوندی "هەرمێڵە" و شاری "سەقز"

دوای ساڵێک مانەوە لە گوندی "هەرمێڵە" واتە لە تەمەنی ١٤ساڵیدا گوند و لای ئاغا بە جێ دێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری سەقز و دەچێتە کەبابخانەیەک و لەوێ وەکوو شاگردی کەبابچی دەست دەکات بەکار کردن و نزیک بە شەش ساڵ لەم کەبابخانەیەدا خەریکی کارکردن دەبێت تاکوو ساڵی ١٩٤١ی زایینی (١٣٢٠ی هەتاوی) بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ گوندی "هەرمێڵە" و لەوێ وەک چەکدار لە ماڵی ئاغای گوندەکە دادەمەزرێت، پاشان بەینی لە گەڵ ئاغا تێکدەچێت و واز لە چەکدارییەتی و ئازار و ئەزیەتی خەڵک لە پێناو ئاغادا دێنێت و دیسان ڕێگای شاری سەقز دەگرێتەوە بەر و دەچێتەوە بۆ سەقز و دەبێتە شاگرد شۆفێری "مینە خانی ئەردەڵان" و لە نێوان سەقز و بانەدا دەست بە کار دەکات.

## چۆنیەتی ئاوارەیی لە شاری بەغدا

پاش ئەوەیکە دەبێتە شاگرد شۆفێری "مینە خانی ئەردەڵان" ڕۆژێک کە مامۆستا "زیرەک" شۆفێر دەبێت لە نێوان جادەی بانە، سەقزدا کوڕێکی لاو خەڵکی گوندی "قورەدەرێ" بە نێوی "مەحموود نارنج" دەکەوێتە بەر ترۆمبیلەکەی و دەکوژرێت و ئەویش لە ترسان سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئاوارە دەبێت تا لە باشووری کوردستان سەر دەردێنێت و دواتر دەگاتە شاری بەغدا و لەوێ بە هۆی چەند کەسێک لە میوانخانەی "شومال ئەلکەبی" دادەمەزرێت و لەوێش دەست دەکات بە گۆرانی وتن و لە ماوەیەکی کەمدا بەم هۆیەوە نێوبانگ دادەخات. چەند کەس لە ناودارانی مۆسیقای کوردی وەکوو مامۆستا "عەلی مەردان" لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی (١٣٣٢ی هەتەوی) لەوێ زیرەک دەبینن و دەیبەنە بەشی کوردی رادیۆ "بەغدا" و بۆ یەکەم جار دەنگی لە رادیۆی کوردی "بەغدا" بڵاو دەبێتەوە و بەم جۆرە مەیدانێکی باش بۆ خۆ نواندنی گۆرانیبێژی زیرەک پەیدا دەبێ. مامۆستا "حەسەن زیرەک" لە ماوەی مانەوەی لە "بەغدا" دەیان گۆرانی تۆمار دەکات کە ئەم گۆرانییانە ناو و ئاوازەی زیرەک بە کوردستاندا بڵاو دەکەنەوە.

زیرەکی گۆرانیبێژ لە ماوەی نزیک بە دە ساڵ مانەوە لە عێراقدا دەبێتە دۆست و ئاشنای زۆر هونەرمەند و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد کە لە ئەزموون و ڕێنوێنییەکانیان کەڵک وەردەگرێت و سرنجیان بۆ لای بەهرە هونەرییە کەم وێنەکەی خۆی ڕادەکێشێ.

## لە بەغداوە گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران

لە ٦ - ٨ - ١٩٥٩ی زایینی (١٤ - ٥ - ١٣٣٨ی هەتاوی) گەڕاوەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و لە ڕادیۆی تاران، کرماشان و تەورێز گۆرانی خوێندووە و بڵاو بووەتەوە. زۆربەی بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک لە ڕادیۆ تاران لەگەڵ گەورەکانی مۆسیقای ئێرانی وەک حسەین یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەد عیبادی بووە. هەر لەو ساڵەدا لە ڕادیۆی تاران لەگەڵ خاتوو "میدیا زەندی" ئاشنا دەبێتەوە و پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن کە ئاکامی ئەو ژیانە دوو منداڵ بە ناوەکانی "مەهتاب" و "ئارەزوو" دەبێت.

## هاتووچوو لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

مامۆستا "زیرەک" بۆ جارێکی دیکە دیسان لە ساڵی ١٩٦٠ی زایینی (١٣٣٩ی هەتاوی) تا ساڵی ١٩٦١ی زایینی (١٩٤٠ی



سەرچاوە
Serchawe

هەتاوی) دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی و لە تیپی "شانۆی هونەرە جوانەکان"لەگەڵ" سێوەخان "و" رەسووڵ عەبدۆڵڵا" لە شانۆکانی «بووکی ژێر دەواری ڕەش» و «خەسوو یان ئەژدیها» و «تەڕپیر» بەشداری کردووە.

حەسەن زیرەک لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ لە ڕادیۆ کرماشان کاری کردووە. لەو ماوەدا لەگەڵ گەورەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە وەک موجتەبا میرزادە، محەممەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی و بەهمەن پوڵەکی کاری کردووە و ئەو هاوکارییە بووە هۆی خولقاندنی بەرهەمی وا کە وەک شاکارەکانی مۆسیقای ئەو سەردەمە بە یادگار ماون. دواجار لە ساڵی ١٩٦٨ی زایینی (١٣٤٧ی هەتاوی) ماڵەکەی دەباتەوە رۆژهەڵات و دەچێتە شاری "بانە" و لەوێ لە شوێنێک بەناو "کانی مەلا ئەحمەد" چایخانەیەک دادەمەزرێنێت و شان بە شانی ئەو کارەش لە وتنەوەی گۆرانی و کاری هونەری ڕاناوەستێت و لە بەزم و شادی خەڵکدا بەشداری دەکات و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە گۆرانی تۆمار دەکات و پاشان دەچێتە شاری "مەهاباد" و لە دواکاتەکانی ژیانیشیدا دەچێتە شاری "شنۆ" لەوێ بە کار و کاسبی ژیان تێپەڕ دەکات. مامۆستا "حەسەن زیرەک" ئەگەرچی لەبەر بارودۆخی ئەستەمی ژیان لە خوێندن بێبەش بووە بەڵام توانای بێوێنەی لە هۆنینەوەی شێعری کوردی و دانانی مۆسیقای کوردی هەبووە کە ئەو توانایییە لەگەڵ دەنگی بێوێنەکەی بوونەتە هۆی ئەوەیکە گۆرانییەکانی "زیرەک" لە سەرانسەری کوردستان ببێتە خۆشەویستی جەماوەر و ئێستاش لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە ماڵی کوردەکان گوێ لە گۆرانییەکانی دەگیرێت.

یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی کە لە گۆرانییەکانی مامۆستا "حەسەن زیرەک" دەبینرێت پشت بەستنی ئەو بە گۆرانییە فۆلکلۆرەکانە. ئەو چاوی بە زۆر ناوچە و مەڵبەندی کوردستان کەوتووە و لێیان ماوەتەوە، لای خەڵکەکەی میوان بووە و هەڵسان و دانیشتنی لەگەڵیان هەبووە و لەگەڵ شێوەی ژیانیان و جلوبەرگ لەبەرکردنیان و هەڵس و کەتیان ئاشنا بووە. ئەو گۆرانییانەی لە خەڵکەوە بیستوویە فێر بووە هەرچەند "زیرەک" زۆر گۆرانیشی هەیە کە هەم هەڵبەستەکەی و هەم ئاهەنگەکەی هی خۆیەتی. ناوبراو لە شێعری کوردیش کەڵکی وەرگرتووە و شێعری شاعیرانی وەکوو نالی، وەفایی، سەید کامیل ئیمامی، کوردی، هەردی، پیرەمێرد و هێمن بۆ گۆرانییەکانی بەکار هێناوە، بۆ وێنە شێعرێکی "سەید کامیل ئیمامی" بە ناوی "شەو"ی کردووە بە گۆرانی. مامۆستا "حەسەن زیرەک" بە زمانەکانی فارسی و ئازەریش گۆرانی وتووە و هەڵبەستی کوردی تێکەڵاو کردوون وەکوو "گویلدر" کە یەکێکە لەو گۆرانییانە کە بە زمانی ئازەری وتوویەتی.

## بەشێک لە گۆرانییەکانی مامۆستا "زیرەک"

بە وتەی هەندێک لە فۆلکلۆرناسان و مێژووناسانی ئەدەبی کوردی و مۆسیقازانە گەورەکانی کورد مامۆستا "زیرەک" زۆرتر لە هەزار تا سنوری هەزار و چوارسەد گۆرانی وتووەتەوە کە بەرچاوترینیان ئەم گۆرانییانەی خوارەوەن:



سەرچاوە Serchawe

١- دیسان شەو هات

٢- وەکوو قومری

٣- لۆرکێ

٤- کەتانە

٥- هەی نار هەی نار

٦- کابوکێ

٧- لەیلا

٨- ئەمان دوکتۆر

٩- بۆچ منت ناوێ

١٠- کەویار و بەناوبانگترین گۆرانی ناوبراو "کرماشان شاری شیرینم "ە.

گەلێک گۆرانی بەرچاوی هەیە کە هەمووکات لە سەر زاری خەڵکی کوردستان لە لاو وپیر و کچ و کوڕ و ژن و پیاو بوونەتە زەمزەمەیان و دەوترێتەوە و زۆر لە گۆرانی بێژانی ئەم سەردەمەش لە گۆرانییەکانی دووپات دەکەنەوە.

مامۆستا "زیرەک" لەگەڵ زۆر گۆرانیبێژی کورد گۆرانی گوتووە بۆ نموونە:

* محەممەد ماملێ.
* مەلا حسێنی عەبدۆڵلازادە.
* عوسمان بۆکانی.
* ئەحمەد شەماڵ.

کە پێکەوە گۆرانییان وتووەتەوە. نموونەی بەرچاوی ئەو گۆرانییانەی "ماڵی بابم بێ وەفا" کە "حەسەن زیرەک" و "محەممەدی ماملێ" و "مەلا حسێنی عەبدۆلازادە" ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی پێکەوە بە یارمەتی تیپی موسیقای کرماشان تۆماریان کردووە و هەروەها گۆرانییەکانی "بەرهەڵبێنە" و "هەواره، گوڵم هەواره" دوو گۆرانی دیکەن کە مامۆستا "حەسەن زیرەک" و "محەممەدی ماملێ" پێکەوە وتوویانە.

تا ئێستا چەند کتێب لە بارەی ژیان و بەرهەمەکانی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک چاپ و بڵاو کراونەتەوە کە بریتین لە:

- چریکەی کوردستان،
- ژیان و هونەری،
- گەوهەرێ،
- حەسەن زیرەک و هێندێ لە بەرسەرهاتەکانی.

## کۆچی دوایی مامۆستا "حەسەن زیرەک"

مامۆستا "زیرەک" بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کە لە مێژبوو بە دەستییەوە دەینالاند لە ساڵی ١٩٧٠ی زایینی (١٣٥٠ی هەتاوی) نەخۆشییەکەی گوشار دەخاتە سەری و ئازاری دەدات و لێی توند دەکاتەوە. چەندین جار لە نەخۆشخانەی شارەکانی "ورمێ" و "بۆکان" دەیخەوێنن بەڵام نەخۆشییەکەی دەست بەرداری نابێت، جێگای سەرنجە کە لێرەشدا مامۆستا "حەسەن زیرەک" واز لە گۆرانی وتن ناهێنێت و لە کارە هونەرییەکەی بەردەوام دەبێت. بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٦ - ٦ - ١٩٧١ی زایینی (٥ی پووشپەڕی ١٣٥١هەتاوی) نەخۆشییەکەی هێرشی بۆ دێنێت و دوای ماوەیەکی زۆر لە جێگادا کەوتن لە نەخۆشخانەی شاری "بۆکان" دوا ماڵئاوایی لە زێد و نیشتمانەکەی دەکات و چرای تەمەنی لە سووتان دەکەوێت و پەپوولەی گیانی قەفەسی سینگی پڕ لە ماتەمی بەجێ دێڵێت. لە سەر ویست و وەسیەتی خۆی لە داوێنی کێوی ناڵەشکێنە کە دەڕوانێتە سەر شاری "بۆکان" بە بەشداری خەڵکی شاری "بۆکان" و بەشداری خەڵکانی دیکە لە شارەکانی کوردستان بەتایبەت هونەرمەندە ناسراو و ناودارەکانی کورد و هونەردۆستان بەخاکی پاکی نیشتمان دەسپێردرێت. بە مەرگی مامۆستا "حەسەن زیرەک" شەپۆلەکانی خەم و ماتەمینی لە دەستچووی ئەو گەورە پیاوە و هونەرمەندە ناسراوەی گەلەکەمان لە سنوورەکانی کوردستان تێپەڕی و کوردان و هۆنەر دۆستانی دەرەوەی کوردستانیشی گرتەوە.

**ئەم شیعرانەی خوارەوەش بوونەتە ڕازێنەرەوەی کێلی گڵکۆکەی.**

زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر
ڕۆژگارت ساتێ بە بێ خەم نەبوو بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٧

## حەسەن زیرەک: نەورۆز ستایشی شاهەنشا یان کەیخوسرەو؟



**ئەسعەدی مەلا موستەفا**

بەرواری ٢٦ی حوزەیران یادی کۆچی دوایی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک کرایەوە. هونەرمەندێکی هێندە مەزن کە زیادەڕەوی نییە بڵێین سەد ساڵ دوای خۆی دەنگێکی وا لەدایک نابێتەوە. ئەفسوس لەم دواییانەدا کۆمەڵێک نووسەرو هونەرمەندی کورد، بێ گومان هەر ئەبێ کورد بن، لێرەو لەوێ خەریکن ناوی حەسەن زیرەکیش ناشرین بکەن، گوایا "خیانەت"ی کردووە بەوەی ستایشی شای ئێرانی دووژمنی سەرسەختی کوردی کردووە لە گۆرانی "نەورۆز"دا. حەسەن زیرەکێک، کە تەنها هونەرمەندی کوردە کە تا ئێستاش بەستەو گۆرانیەکانی پڕفرۆشترینن لە نێو تۆمارگاکاندا.

### دەبێت تاوانەکەی حەسەن زیرەک چی بێت؟

کاتێک حەسەن زیرەک لە ئێزگەی کوردی تاران گۆرانی "نەورۆز" تۆمار دەکات، هۆنراوە جوانەکەی شاعیرو بیرمەندی گەورەی کورد حاجی تۆفیقی پیرەمێرد هەڵدەبژێرێت. کاتێک ئێزگەی ئەوسای تاران هۆنراوەکە دەبینن تووڕە دەبن، چونکە مۆرکی کوردەواری پێوەیەو سەرتاپای مێژووی خوێناوی کورد لە دوو توێی نیوەدێرێکدا باس دەکات، کە دەفەرموێت:

**چەندساڵ گوڵی هیوایی ئێمەپێ پەست بوو تاکو پار**
**هەر خوێنــی لاوەکان بوو، گووڵی ئاڵی نەوبەهار**

لە نیوەدێری کۆتاییدا پیرەمێرد هێندە جوان باسی مێژووی خوێناوی کورد دەکات کە تا ئەو سەردەمە بێ وێنەبوو.

موتوربەکردنی خوێنی لاوەکانی کورد لەگەڵ گوڵی ئاڵی ئەوبەهاردا بەرهەمێکی زێدە جوانی باخی شیعری کوردیە. وەلێ حەسەن زیرەک بەتۆپزی و لەژێر هەرەشەی ئیزگەی ئەوسای ئێراندا ئەم نیوە دێرە دەگۆڕێت

**ئێستا با بێین بزانین ئەو نیوە دێرەی کە حەسەن زیرەکی پێ تۆمەتبار دەکەن چییە؟**

ئیزگەی ئەوسای ئێران، حەسەن زیرەک ناچاردەکەن تا لەباتی ئەو نیوە دێرە دوو نیوەدێری تر بڵێت کە مۆرکی ستایش و پیاهەڵدانی "شا"ی ئێرانی پێوەبێت، ئەگینا گۆرانییەکەی بۆ تۆمارناکەن. حەسەنیش نایکاتە نامەردی و جوامێرانە ئەم دوو نیوەدێرەی بۆ زیاد دەکات کە تا ئەم ساتەی ئەم چەند دێرانەی تیادا دەنووسم هیچ شاعیرو رەخنەگرێکی کورد شرۆڤەی ئەو دوو نیوەدێرەی نەکردووە (د. مەولود ئیبراهیم حەسەن لە پەرتووکە نایابەکەیدا "ساواک بۆچی حەسەن زیرەکی کوشت" تەنها بەرگری لە زیرەک دەکات، بەڵام لەو دوو نیووە دێرە ناکۆڵێتەوە کە زیرەک بەکاریهێناوە)، هەروەک دەخوێنێت:

**چەند ساڵ گوڵێ هیوای ئێمە بێ بەر بوو تاکو پار**
**تا شەهەنشا لوتفی فەرموو هات لەگەڵ پاڵە و جۆتیار**

وشەی "شاهەنشا" ئەگەر خوێندنەوەیەکی سەرپێی بۆبکەین وەک چەند نووسەرو هونەرمەندێکی کورد کردوویانە، ئەوا بۆماندەردەکەوێت کە بەڵێ بۆ شای ئێران وتراووە چونکە شای ئێران بە شاهەنشا ناسراووە، بەڵام ئەوانەی شارەزای قوتابخانە شیعرییەکانن دەزانن کە وشەیەک لە نێوە دێرێکدا دەکرێت چەندین واتا بگەیەنێت، کە لە رەوانبێژیدا پێی دەوترێت "توانج پۆشی". ووشەی شاهەنشا لە پێش هەموو شتێکدا بە واتای "خواوەند" یان "خودا" دێت، کە هیچ کەسێک ناتوانێ نکوڵی لەمە بکات، هەروەک لە زۆرینەی تەفسیرە کوردیەکانی قورئاندا "خودا" بە "شاهەنشا" وەرگێردراووە. بۆیە لەو روەوە دەکرێ حەسەن زیرەک ئەو وشەیەی بە واتای "خودا" بەکارهێنابێت، چونکە گومانی تێدا نییە کە لە دەقی دینیدا خودا "شاهەنشا" باڵادەستە.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە کورد هەمیشە خۆی بە نەوەی "دەوڵەتی ماد"ەکان زانیووە. پاشا یان ئەمیری مادەکان "کەیخەسرەو" بووە، کە کوڕی (شاهنشا فرەڤەرتیش)ەو دەبێت بەسێهەم شاهنشای ئیمپراتۆری ماد دوای ئەوەی شا ئاشورپانیپاڵی ئیمپراتۆری ئاسوری باوکی دەکوژێت. کەی خوسرەو بە "شاهەنشا" ناسراووە. تازەترین کتێبێک کەلەسەر کەیخوسرەو نوسرابێت "گەڕانەوەی مادەکان"ە کە حەمە میروەیسی نووسیویەتی. لەو پەرتووکە نایابەدا کەیخوسرەوی ئەمیری مادەکان بە شاهەنشا دادەنێت. لێرەدا جێگەی دەستخۆشییە بۆ هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەک کە ووشەی "شاهەنشا"ی بەکارهێناوە لەبەر دوو هۆکار: یەکەم، ئەوەندە جوان دوو نیوەدێرەکەی وتووە کە زیادەرەوی نییە بڵێین ئەوەی

حاجی تۆفیقی پیرەمێردیش هەر ئەوەندە جوانە، چونکە حەسەن زیرەکیش لەرێگەی ئەو تـوانج پۆشییە جوانەی کردوویەتـی داهێنەرانە دەمانباتەوە بۆ رۆژە زێرینەکانی دەوڵەتی ماد کە تیایدا "شاهەنشا کەی خوسرەو" نەتەوەی کوردی رزگـارکرد لە دەستی ئیمپراتۆریەتی ئاسوری. شاهەنشا کەی خوسرەو ئەوەنـدە دۆستی هەژارو وەرزێری کوردبوو کە تـا هەتـایە نـاوی لە فەرهەنگی ئاشتەواییدا کاڵنـابێتەوە. بـۆیە ئەوەی حەسـەن زیـرەک کردۆیەتـی هیچی کەمتر نییە لەوەی پیرەمێـرد، چونکە هەردووکیـان هەمـان واتـاو مەبەست دەگەیەنـن. نیـوەدێرەکەی حەسـەن زیرەکـی "نەخوێنـدەوار" دەمانبـاتەوە بـۆ هەمـان ئەو رۆژانەی کە "خوێنی لاوەکان"ی کورد لەژێردەستی شا ئاشورپانیپاڵی ئیمپراتۆری ئـاسوری " گـوڵی ئـاڵی نەوبەهـاربوو"، هەتـا "شاهەنشا [کەیخوسرەو] لوتفی فەرموو هات لەگەڵ پاڵە و جۆتیـار". بـۆیە جێگەی داخە لێرەو لەوێ کۆمەڵێک شـاعیرۆکەو هونەرمەنـدۆکە دەیـانهەوێ نـاوی زیرەکـی هەمیشـە زینـدووش بەدەردی کۆمەڵێـک هونەرمونـدوو سـەرکردەی تـری مێـژووی خوێنـاویمان بەرن.

لە کۆتـاییـدا پێویسـتە ئامـاژە بەوە بکـرێ کە حەسـەن زیـرەک نەک هەر "هونەرمەنـدێکی گەورەی کـوردە" بەڵکـو شـاعیرێکی نەتەوەخوازی بوێرە کە بەو نەخوێندەواریەی خۆیەوە توانیویەتی فارسە دووژمنکـارە سەرسەختەکانی کورد لە خشتەبەرێ و یادی گەورەترین سەرکردەی دەوڵەتی کوردی بکاتەوە لە رۆژگارێکی سەختی مێژووی نەتەوەکەماندا.

بـۆیە ئەو هونەرمەنـدۆکەو بەنـاو رەخنەگـرانە، کە هەر لە خوتوخـۆڕایی بـێ ئەوەی ئاگایـان لە مێـژوو بـێ، بـێ ئەوەی لەو بـارودۆخە سـەختە ئاگـادارین کە حەسـەن زیـرەک ئەو گـۆرانییەی تیـادا تۆمـارکردووە، خەریکـن درەختـی رەنجـی ئەو کەڵە هونەرمەندە گەورەیەی کورد بێ بەردەکەن. رەحمەت لە گۆرت بێکەس بەخوا جوانت وتووە:

**کورد ئەبەد ناگاتە مەقسەد نۆکەری بێگانەیە**
**دوو دڵن پیسن لە ناو یەک بۆیە وا بێ لانەیە**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپیا، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٣

## کورد قەرزاری حەسەن زیرەکە



### «دەبێت گۆرانییەک بۆ کرماشان بڵێم تا پەنجا ساڵی تر بە زیندوێتی بیهێڵمەوە»

**ئامادەکار: ئارام شەمیرانی**

هونەرمەند (حەسەن زیرەک) کە توانی لە ماوەی نزیکەی (٥١) ساڵی ژیانیدا سامانێکی لە گۆرانی بەجێبهێڵێت تائێستا کە (٣٩) ساڵ بەسەر مەرگی ئەم هونەرمەندە تێدەپەڕێت هێشتا زۆرترین کڕیاری بەرهەمەکانی و ئاشقی دەنگی و ڕێگرەوەی هەیە لە ساڵیادی کۆچی دوایی ئەم هونەرمەندە (چەتر) تیشکێک دەخاتە سەر لایەنە جیاجیاکانی ژیانی.

حەسەن عەبدوڵا، ناسراو بە (حەسەن زیرەک) لە (٢٩ - ١١ - ١٩٢١) لە گەڕەکی ئاختاچی لە شاری بۆکان لەدایکبووە، باوکی بە (عەبدوڵا حاجی پاشاخان) ناسراوە، دایکی ناوی ئامینە بووە و بە (ئامینە کەیفی) ناسراوە، برایەکی لە ژیاندا ماوە و ناوی (حسێن)ە و بە (حسێن کوردە) ناوی دەرکردوە، خوشکێکی بە ناوی سارا هەیە.

### «(٢٩) ژنی لە ڕێگەی هاوسەرگیری (سیغە) بووە»

زیرەک لە تەمەنیدا (٣٦) ژنی هێناوە یەکەم ژنی (مەحبوبە)یە کە عەجەم بووە و دواتر جێی دەهێڵێت و دێتە عێراق، پاشان لە ڕێی هونەرەکەیەوە دەناسرێت لە ڕێگەی (نەسرین شێروانە)وە (گەوهەر) دەناسێت و دووەم ژنی دەهێنێت، بەڵام

بەهۆی ئەوەی زیرەک پێناسی باری شارستانی عێراقی نابێت ناتوانێت لە دادگا مارەی بکات و (مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە خانەقا و مەولانای بەغداد لێی مارە دەکات. ساڵی (١٩٥٨) بەهۆی روخانی شاو هاتنەسەر تەختی کۆماری زیرەک دەگەڕێتەوە ئێران و لە ئێزگەی رادیۆی تاران ئاشنای (میدیا) دەبێت و دەیخوازێت و دوو کچی لێی دەبێت. ناوبراو جگە لە هاوسەرە فەرمیەکانی کە (مەحبوبە، گەوهەر، میدیا زەندی، ئامین، زبێدە، زێنێ، کوبرا، مریەم، رابە)ن بە وتەی هەندێک کەس (٢٩) ژنی دیکەی لە رێگەی هاوسەرگیری (سیغە)وە هەبووە.

«کوڕەکەم ناو نا حەسەن و کوڕەزاکەم زیرەک»

محەمەد پیاوێکی تەمەن (٣٤) ساڵی دانیشتوی سەیدسادقە و هەمیشە کاسێتەکانی حەسەن زیرەک لێدەدات و گوێگرێکی بەردەوامی ئەو هونەرمەندەیە و وەک خۆی دەڵێت کوڕێکیشی ناو ناوە (زیرەک) و وەسیەتیشی بۆ کردوە ئەگەر کوڕەکەیشی کوڕی بوو ناوی بنێت (حەسەن) بۆ ئەوەی ببێتە (حەسەن زیرەک)، ئەو وای لێک دەداتەوە جگە لەو رۆحیەتەی لە دەنگی حەسەن زیرەکدا هەیە هیچ گۆرانیبێژێکی تر ناتوانێت بەشێوەی ئەو هێمنی پێبدات و دەرونی زاخاو بدات.

سیروان زیرەکیش یەکێکی ترە لە عاشقەکانی ئەو هونەرمەندە کە توانیوێتی لەسەر لایەنە جیاجیاکانی ژیانی ئەرشیفێکی باش کۆبکاتەوە، دەڵێت: لە منداڵیەوە گوێم لە دەنگی گرتووە و ئەوانەشی هاوڕێم بوون بە دیاری وێنە و کاسێتی ئەویان بۆ دەهێنام تا وایلێهات ئێستا خاوەنی ئەرشیفێکی مەزنم، هەرگیز لە یادی ئەو غافڵ نەبووم تەنانەت لە (بەکرە و سیدی و ڤیدی و کاسێتی تەسجیل و کاسێتی ڤیدیۆیی و وێنە و جلوبەرگ) چیم دەستکەوتبێت پاراستوومە و بە پارە کڕیومە.

«هونەرمەندانی گۆرانیبێژ باسی دەکەن»



رەفیق ئەحمەد، دەنگبێژ بە دڵتەنگی و دڵسۆزییەوە دەڵێت حەسەن زیرەک قوتابخانە و ناسنامەی هونەری کوردی و دەنگە و

ئەو نەبووایە کورد لە گۆرانیدا ئەم سامان و ناوبانگەی ئێستای نەدەبوو، بۆیە هەنووکە دەنگی ئەو بەنێو شادەمارەکانی هەموو گوێگرەکەیدا دەڕوات و پەیمانگا و داڵدەی ئەو هونەرمەندە تازانەشە کە یەکەمجار گۆرانی دەچڕن و پەنا بۆ گۆرانیەکانی ئەو کەڵە هونەرمەندە دەبەن تا بیڵێنەوە، رەفیق ئەحمەد، خەفەت بۆ ئەوە دەخوات کە حەسەن زیرەک لە نێوساڵیادەکەیدا رێزی لێ ناگیرێت و بەرز نانرخێنرێت، ئەو بڕوای وایە ئەگەر ئەو پیاوە موڵکی هەر نەتەوەیەکیتر بوایە ئێستا دەیان کاری جیهانی بۆ کرابوو دەبوو بە بلیت بچویتایەتە سەر گۆڕەکەی، وەلێ مادام کوردە دەبێت تەنها ئەوانە باسی بکەن کە دەزانن چ کۆستێکی کورد لەو رووەوە کەوتووە.

## «ژەنیارەکانی لە چوار شوێن بوون»

بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە لە چوار شێوندا تۆمارکراوە کە بریتین لە (ئێزگەی رادیۆی کوردی بەغداد) کە سەرەتای کارەکانییەتی، (ئێزگەی رادیۆی کرماشان) کە پێنج ساڵ لەوێ بووە و (٤٠٠) گۆرانی تۆمار کردووە و جوانترینی بەرهەمەکانی تێدا تۆمار کراوە، (ئێستگەی رادیۆی تاران) و (ئاهەنگی ماڵان)، ژمارەیەکی زۆر مۆسیقیشی لەگەڵدا بوون لەوانە (پەروێزی ئەردەبیلی، عارف ئیبراهیم پوور، ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، ولیەم یوحەننا، قادر دیلان...).

## «کەسێکی لەو شێوە هەڵناکەوێتەوە»

جەهانگیر جەلالی میوزیکژەن بە ئەسەفەوە لەوە دەدوێت حەسەن زیرەک لە مێژووی کوردا دەگمەنە و جارێکی تر کەسێکی لەو شێوە هەڵناکەوێتەوە، چونکە ئەو سەردەمی زێڕین بووە و یەکجار بووە، حەسەن زیرەک لە هەمان کاتدا گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و شاعیر بووە تەنانەت رەخنەی لە (موجتەبای میرزادە) گرتووە کاتێک لە رادیۆی کرماشان عەسفی بۆ کردووە و پێی وتووە تۆ نەشاز دەکەیت و لە ستۆدیۆکە هاتووەتە دەرەوە تا دواتر موجتەبا خۆی دەیگێڕێتەوە و دەڵێت «حەسەن زیرەک نەبووایە من فێری کەمانچە نەدەبووم».

## «بەرهەمەکانی زۆرترین خواستی لەسەرە»

عەبدوڵا محەمەد، خاوەنی سەنتەری میهناز لە هەڵەبجەی شەهید لە ناو کۆی بەرهەمە هونەریەکاندا زۆرترین بەرهەمی حەسەن زیرەک دەفرۆشێت و دەڵێت ساڵانە زۆرترین خواستیان لەسەرە و ئەوانەیشی دێن بۆ کڕینی ئەو کەسانەن لە هەموو هونەرێکی حەسەن زیرەک تێگەیشتون و کڕیاری سەرپێی نین و بە تایبەت بۆی دێن.



سەرچاوە Serchawe

«ئاوارەی نێوان وڵاتان بووە»

جەهانگیر جەلالی میوزیکژەن لە بارەی کۆچەکانی حەسەن زیرەک لە نێوان ئێران و عێراقدا دەڵێت: حەسەن زیرەک زیاد لە (١٥) جار ماڵی لە ئێرانەوە بار کردوە بۆ عێراق و لە عێراقیشەوە بەرەو ئێران. سیروان زیرەکیش هەر لەوبارەوە دەڵێت: لە ئێراندا پێیان وتووە پیاوی رژێمی عێراقیت و لە عێراقیشدا پێیان وتووە پیاوی شای ئێرانیت، ئیتر لەو نێوانەدا بەشی هەر تەعزیب بووە، تەنانەت تورکەکانیش خراپ بوون لەگەڵی، ئەوەشمان بیر نەچێت لە هەولێر و سلێمانی و خانەقین زیندانی کراوە.

«حەزی لە دەنگی سەید عەلی ئەزغەری کوردستانی بوو»

کاتێک لەساڵی شەستەکاندا دەیبەنە بەندخانەیەکەوە لە موسڵ وێنەیەکی سەید علی ئەزغەری کوردستانی لە کۆڵەکەیدا دەبێت و وێنەکە رەش و سپیەکی شکاو دەبێت، لەوێدا دەڵێت بە نیازم کتێبێک بنوسم لەسەر ژیانی (سەید عەلی ئەزغەری کوردستانی)، بەڵام خوێندەواریم نیە و دەبێت کەسێک بۆم بنوسێتەوە لەوێدا دەردەکەوێت زۆر حەزی لە دەنگی ئەو بووە، لە کاسێتی (ئەبو سەباح)یشدا رێز لە مامۆستا عەلی مەردان دەگرێت و دەڵێت کورد قەدری نازانێت، بەڵام پێڵاوەکانی دەخەمە سەرچاوم.

«نەخوێندەوار بووە و شیعریشی هەیە»

جەهانگیر، باسی ئەوە دەکات حەسەن زیرەک بێ مەدرەسە و ئەکادیمی بووە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی هیچی بۆ ئەو هونەرمەندە نەکردوە و چەندینی وەک (حەسەن زیرەک و مامڵێ و سەلاح داودە و ئەحمەد شەماڵ و تایەر تۆفیق) تا نەمردن ناویان نەبردرا، دواتریش پەیکەر مانای چیە کە ئێمە نەتوانین هونەرەکەیان بنرخێنین.

«یەکەم هاتنی زیرەک بۆ باشوری کوردستان»

زیرەک شاگرد شۆفێری دەکرد رۆژێک ماشێنەکەیان بەنزینی لێدەبڕێت و لە هەورازێکدا پەکی دەکەوێت و زیرەکیش کە دەگەڕێتەوە دەبینێت بەربووەتە و بەو هۆیەشەوە کوڕێکی گەنجی کوشتووە، لە ترسا دێتە سلێمانی و لەوێشەوە بۆ زیارەتی غەوسی گەیلانی دەچێتە بەغداد و شەوانە دوای کارکردنی دەچێتەوە بۆ ئوتێلی (شمال الكبير) کە ئەوێ ئەوکاتە شوێنی پشوودانی کوردان بووە، شەوانە گۆرانی دەچڕێت و دەنگی خۆش دەبێت (مام جلال) کە ئەوکات خوێندکاری کۆلێژی ماف

دەبێت و زیرەک دەبات لەوێوە دەیبات بۆ رادیۆی کوردی لە بەغداد و بە لێپرسراوی بەشەکەی دەناسێنێت و زیرەک لەوێدا مانگی بە شەش دینار دادەمەزرێت و هەر لەوێ (٥٦) گۆرانی بۆ تۆمار دەکات.

## «سادە و هەژارانە ژیاوە»

حەسەن زیرەک  لە شاری سلێمانی لە بەردەم گومرگە سوتاوەکەدا کوبە فرۆشی کردوە و ساردی فرۆشتووە، لە بەردەم سینەما سیروان و سینەما رەشیدا عەرەبانەی پێبووە و نۆکاوی فرۆشتووە، لە کەرکوک ساڵی پەنجاکان دوکانی پینەچێتی هەبووە و بە مەکینەی دەستی لە دوکانێکی بچوکی قوڕدا کاسبی کردوە. سیروان لێکی دەداتەوە ئەگەر زیرەک یەک گۆرانی ئەو کاتەی بە روبعیک بفرۆشتایە گەورەترین بازرگانی لێ دەردەچوو، چونکە (١٠٢٠) گۆرانی هەبووە بە تۆمار کراوی، گوێی بە بوونی ماڵ نەداوە و هەمووی لە پێناوی دۆست و خزمدا داناوە و دوا کاریشی چایخانەیەک بووە لە کانی ئەحمەد لە بانە، کاتێک حەسەن زیرەک مردوە و شۆردویانە (٢٠) تمەن لە گیرفانیدا نەبووە ئەوەندە سادە و هەژارانە ژیاوە و بەهەژاری مردووە.

## «کورد قەرزاری حەسەن زیرەکە»

لەو سەردەمانەدا گۆرانی وتن شتێکی عەیبەبووە، ئەو سامانێکی لە گۆرانی کوردی بە جێبی هێشتوە و لە کاتێکدا وتنی گۆرانی دەگمەن بووە، زیرەک گەڕۆک بووە و هونەرەکەی بە شار و شارۆچکەکانی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان و عێراق و ئێران ناساندوە، چونکە لەو کاتەدا هۆکارەکانی راگەیاندن وەک ئێستا نەبوون. سیروان زیرەک دەڵێت: حەسەن (٥١) ساڵ ژیاوە (٢٥) ساڵی هەر لێی دراوە و ئاوارەبووە بەبێ بەرامبەر سەروەتێک لە گۆرانی بەخشیوەتە میللەتی کورد، هەر خەریکی راکە راکە بووە و لە ژێر زەمینی ماڵاندا خەڵکی مۆسیقی هێناوە و گۆرانیەکانی تۆمار کردوە، رژێمی ئەوکاتە هەرشتێک لە بەرژەوەندی خۆی نەبوبێت نەیهێشتووە بڵاوببێتەوە، بۆیە زۆر توشی کێشە هاتووە، هەروەها دەڵێت: لە شەستەکاندا رژێمی شاهەنشا ناوی (کرماشان) دەگۆڕێت بە(کرمان شاە) کوردەکانیش دەڵێن بە حەسەن زیرەک وا کرماشان ناوەکەی گۆرا و لەدەستچوو حەسەن زیرەکیش دەڵێت «دەبێت گۆرانییەک بڵێم بۆ کرماشان تا پەنجا ساڵی تر بە زیندوێتی بیهێڵمەوە (کرماشان شاری شیرینم، شاری گەورەی کورد نشینم)»ی بۆ تۆمار دەکات و ئێستاش بەو ناوەوە ناو دەهێنرێت کە شارێکی کوردییە.

هونەرمەندی گەلی کورد حەسەن زیرەک لەساڵی (٢٦ - ٦ - ١٩٧٢) بە نەخۆشی شێرپەنجەی جگەر کۆچ دەکات و لە کێوی (ناڵەشکێنە) نێژراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چەتر پرێس  -  رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١١

## حەسەن زیرەک زایەڵەیەکی تاهەتایی



**بۆکان- فەوزیە سوڵتانبەگی**

**زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر**
**ژینت لە پێناو هونەر بردە سەر**
**باوەکو لە ژین نەحەسایەوە**
**پەژارەت زۆر دی زۆر چەوسایەوە**
**رۆژگارت ساتێ بەبێ خەم نەبوو**
**بەڵام لە هونەر هیچت کەم نەبوو**

**"دکتۆر محەمەد سدیقی مفتی زادە"**

**ناکرێ باس لە گۆرانی و موزیکی کوردی بکرێت و حەسەن زیرەک وەک شاکار و ئەفسانەی موزیک لە ترۆپکی ئەم یادەدا نەبێ. ئەو هونەرمەندە لە هەشتی خەزەڵوەری ساڵی ١٩٢١ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری بۆکان لە گەڕەکی قەڵای سەردار، تریفەی منداڵێکی رەزا شیرین دەبێتە چرای ماڵێکی خنجیلانە. ئەودەم تەنیا قورینگەکانی باغی میراوا و کارمامزەکانی بناری ناڵەشکێنە و شلێرەکانی دەوری حەوزە گەورە دەیانزانی ئەم گڕوگاڵە رۆژێک دەبێتە**

چریکەیەکی ئاسمانی و هەموو کوردستان دەتەنێتەوە و لەوێوە بەرەو گۆشە و کەنارەکانی ئەم دنیا بەرینە تەشەنە دەکات، دەبێتە هاودەمی دڵی ئاشق و ئارەقی هەنیەی جووتیار و هیلاکیی خاڵۆی ڕێبوار و سارێژی هەزاران خەمی هەڵوەدا و دەربەدەر.

هەر لە دەستپێکی ژیانەوە هەڵوەدایی و مەینەت لە چارەی دەنووسرێت و تا ئەوەدەمی سەر دەنێتەوە لێی دانابڕێت. بێبەشبوون لە سێبەری خۆشەویستیی باوک و پاشان دایک و نەبوونی بنەماڵە، وەک داڵدە و پەناگایەکی ئارامبەخش، کاریگەرییەکی یەکجار دژوار لەسەر ناخی حەسەن زیرەک بەجێ دەهێڵن. بەجۆرێک تا کۆتایی تەمەنی ڕۆحە شەیداکەی لەسەر هیچ بستە عەردێکی ئەم گەردوونەدا ئارام ناگرێ. لەم شار بۆ ئەو شار و لەم وڵات بۆ ئەو وڵات، کۆچی پێ دەکات. دەستپێکی ئاوارەیی و چەرمەسەری حەسەن زیرەک مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی لە تەمەنی ١٠- ١٢ ساڵیدا بوو. هەر لەو کاتانەوە جەستە شلک و لاوازەکەی دەکەوێتە بەر گرانی دەیان ئیشی قورس و تاقەتبڕ. هاوکات سیحری دەنگە بێوێنەکەی سەرنجی دەوروبەر رادەکێشێ و بە ناوچە و لادێ و شارە دوور و نزیکەکاندا دەگەڕێ و شایی و ڕەشبەڵەک و کۆبوونەوەکان دەڕازێنێتەوە. تا لە ساڵی ١٩٤١ی زایینی پەرەوازەی باشووری کوردستان دەبێ و دواتر لە شاری بەغدا و لە هوتێل "شیمال" وەک کرێکار دەگیرسێتەوە. ڕەنگە لە پشوودانێکی کورتدا بێ مەلی دەنگە بێ ئۆقرەکەی باڵی گرتبێ و بە دەروژووری ئەم هوتێلەدا فڕی بێ و کەوتبێتە بەر گوێی "مام جەلال" و موچڕکی بە هەناویدا هێنابێ. ئەوکات ساڵی ١٣٥٣ی زایینی دەبێ کە مام جەلال لەرێی چەند هونەرمەندێکەوە بە رادیۆ بەغدای دەناسێنێ.

حەسەن زیرەک لەو ماوە کورتەدا (١٩٥٨ - ١٩٥٣) کە لە رادیۆ بەغدا دەمێنێتەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی مامۆستا عەلی مەردان و ئاوێتەیی تاهیر تۆفیق و محەمەد جەزراوی و...هتد، دەیان گۆرانی و بەستەی دانسقە تۆمار دەکات و دەنگ و خولیاکانی بە هەموو کوردستان و سنوورەکانی دەرەوەی کوردستاندا بڵاو کردەوە. لە عێراق و بەغدا ٦٠٠ بەرهەمی تۆمارکراو بەجێ دەهێڵێ و ساڵی ١٩٥٨ز - ١٣٧٨ھ بە دەستێکی پڕ لە ئەزموونی موزیکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێران.

لە شاری مەراغە لەگەڵ دکتۆر زەندی باوکی خاتوو میدیا زەندی ناسیاویی پەیدا دەکەن. دواتر لەگەڵ خاتوو میدیا زەندی زەماوەند دەکات. هەر لە رێی ناسیاوی دکتۆر زەندییەوە رێی دەکەوێتەوە وێستگەی رادیۆ تارانەوە و لەوێ دەرفەتێکی تری بۆ دەڕەخسێت تا هەستە تاقانەکەی جارێکی تر بنوێنێتەوە. ناسیاوی لەگەڵ کەسانێکی خاوەن ئەزموون و لێهاتووی وەک حوسێنی یاحەقی، حەسەنی کەسایی، جەلیلی شەهناز، جەهانگیری مەلیک، ئەحمەدی عیبادی، موجتەبا میرزادە و... لاپەڕەیەکی تری لە دۆسیەی هونەری حەسەن زیرەک هەڵدەداتەوە و دەبێ هاوکاری ئەوەی خەرمانێکی تازە لە ئاواز و بەستەکانی تۆمار بکات. ئەسعەدی نەقشبەندی کە ئەوکات لە رادیۆ تاران کارمەند و ژەنیار بوو دەڵێ: حەسەن زیرەک لە

سەری بوو هەموو هەفتەیەک لانیکەم یەک گۆرانی تۆمار بکات و ئەوکاتیش حەسەن زیرەک، خالقی، ماملێ، عەلی مەردان و هۆرەی جافی زۆرترین داواکارییان لەسەر بوو.

دوای دوو ساڵ کارکردن لە رادیۆی تاران و تۆمارکردنی نزیکەی بە ٤٢٥ بەرهەم، لەگەڵ کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی ئەوکاتی رادیۆ تاران دەچێتە رادیۆی کرماشان و درێژە بە تۆمارکردنی دەنگ و ئاوازەکانی دەدات. لەوێش کۆمەڵێک لە باشترین و نەمرترین ئاوازەکانی دەخاتە سەر گەنجینەی موزیکی کوردی. لە کرماشانیش وەک رادیۆی تاران کۆمەڵێک هونەرمەندی پایەبەرز هاوکاری حەسەن زیرەک دەکەن. لەوانە بە پلەی یەکەم حەسەن و حوسێنی یوسف زەمانی، موجتەبا میرزادە، عارف، محەمەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی، بەهمەن پوولەکی، ئیسماعیل مەسقەتی و مەحموودی بلووری، لە خەملاندنی کارەکانی حەسەن زیرەکدا رۆڵی بەرچاویان هەبوو.

حەسەن زیرەک نزیکەی سێ ساڵ لە رادیۆی کرماشان چالاکی دەنوێنێ و ٢٠٠ گۆرانیی لێ تۆمار دەکات. ئیتر دوای ئەمە بە دڵشکاوی لە رادیۆ دێتەدەر و رۆژە سەختەکانی ژیانی دەست پێ دەکات. ئیتر وەک گوتەیەکی نافەرمی لەسەر زیرەکی دوای کرماشان هەیە کە گوایە گوتوویانە: "ئێمە هەزار و ٥٠٠ گۆرانیمان لە زیرەک هەیە ئیتر پێویستیمان پێی نییە لێی گەڕێن بابڕوا". زیرەک دەڕوات و لە بێدەنگی و لانەوازیدا هێور هێور ئاوێتەی هەژاری و نەخۆشی و بێ ئەنوایی دەبێ. لە ئەنجامدا لە رۆژی پێنجی پووشپەڕی ساڵی ١٩٧٢ دڵە پڕ لە ئەوینەکەی لە لێدان دەکەوێ و بۆ هەمیشە وەک ئەفسانەیەکی موزیکی کوردی لە یادەکاندا دەمێنێتەوە.

*

حەسەن زیرەک وەک ئەفسانەکانی ناو کەلەپووری فۆلکلۆری کوردی، بە دەیان چیرۆک دەگێڕێتەوە و لە هەر شار و مەڵبەندێک بەسەرهات و ئەفسانەی تایبەت بە ئەو شوێنەی هەیە. زیرەک نە بەرلە مەرگی و نە لە پاش مەرگی، لە هیچ حیکایەتێکدا ئۆقرەی ناگرێ و بە هیچ کەس دەستەمۆ نابێ. رێژەی ئەو گۆرانییانەی کە بەسەر لێویەوە باڵی گرتووە، رەنگە خۆی لە چوار هەزار بەرهەم بدا. بەڵام بە پێی گوتەی عەبدولکەریم عەبدولڕەحمان کە سەردەمێکی زۆر بەرپرسی ئەرشیڤی رادیۆی بەغدا بووە و دڵسۆزانە هەوڵی بە ئەرشیڤکردنی بەرهەمی موزیکی کوردی داوە، زیاتر لە سێ هەزار و ٦٠٠ گۆرانی و بەستەی لە دەم کەوتووە. لەم رێژەیە نزیکەی دوو هەزار و ٥٠٠ گۆرانی تۆمارکراوی هەیە. زۆرترین رێژەی بەرهەمی تۆمارکراوی لە عێراق و رادیۆ بەغدا هەبوو کە دەگاتە نزیکەی ٦٠٠ گۆرانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن زیرەک وەک خۆی



**عەبدولی حەمە باقی**

بەچاکی دەزانم بۆ ئەم باسە لایەنی وتوێژێکی ڕابەخانمی دواخێزانی بەهەشتی حەسەن زیرەک بەیاد بێنمەوە کە لە کەناڵێکی ئاسمانیی هەرێمی کوردستانەوە پار ساڵ واتە (٣٠ - ٣ - ٢٠١٧) پەخشکرا.

دیارە ئەودیدار و چاوپێکەوتنە کۆمەڵێ پرسیاری هونەریی و کۆمەڵایەتی باشی لەخۆ گرتبوو، دەکرێ ببێتە ئەرشیفێکی دۆکۆمێنتاری و لایەنی پەیوەندیدار زۆر بە وردی و هەستیارییەوە ڕاڤە و شیکاری تەواو بۆ دەق و سایکۆلۆژیای ئەو وتوێژانە بکات کە ڕابەخانم خودی خۆی لەمەڕ ئەو سەرهات و بۆنانەدا ئامادەیی هەبووە.

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی بەم باسەی منەوە هەیە ئەوەیە کە تەنها خاڵێکی گرنگ و بەرچاو دێنمەوە یادی بینەران و هەوادارانی هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەک، کە چەندە مەزن و پڕ شکۆ بووە!

بەڵێ،ئەویش ئەوەیە: لەبڕگەیەکی دیدارەکەدا ڕابەخانم گێڕایەوە و وتی: جارێکیان حەسەن زیرەک باری تەندروستی ناجێگیر بوو، ئازاری گیانی هەبوو، زۆر نارەحەت بوو، چونکە لە دڵەوە بڕوای بە خوا و کەسانی ئیماندار و خواناس هەبوو، هەر بۆیەش پێکەوە بڕیارماندا بۆ پرسیار و چارەسەر سەردانێکی (شێخ عوسمانی دوو ڕووە) لەشاری مەریوان

بکەین، ئەوە بوو چووینە خزمەتی شێخی ناوبراو، زۆر بەگەرمییەوە هەستا لەبەرمان و بەخێرهاتنی کردین، ڕێزێکی گەورەی لێناین، بە ڕوخسارییەوە خۆشحاڵی ئێمەی پێوە دیار بوو، بەبینینی حەسەن زیرەک خۆشحاڵ بوو، دوای پشوودان کاتێ فەرمووی:

**کاکە ئاغای حەسەن زیرەک بفەرموو ئەوە خێرە هاتوویتە سەردانمان! زیرەک لەسەرخۆ بەدەنگێکی پڕ لەگڕی بەسۆز و خۆشەویستی وەڵامی دایەوە و وتی:**

**جەنابی شێخ: دوور بێت لەڕووتان ماوەیەکە هەموو گیانم دێشێ و ئازارێکی زۆرم هەیە، بەڵکو لەڕێی کەسانی وەک جەنابتانەوە چارە و دوعای خێرمان بۆ بکەن.**

خێرا شێخ عوسمان قسەکانی بە حەسەن زیرەک بڕی و نەیهێشت تەواوی بکا وتی: کاکە حەسەن گیان ئەوە جەنابتان چی دەفەرموون! دەبێ ئێمەمانان چاومان لە ئێوە بێ و دوعای خێر و پاڕانەوەمان لەخوای گەورە بۆ بکەیت، چونکە نمونەی ئێوە گەورە و مەزنن و نەمرییتان بۆ خۆتان مسۆگەر کردووە.

چونکە دڵی هەزاران مەردومی خواتان خۆش کردووە، دەنا ئێمەنان مەگەر خوا بە ڕەحمی خۆی بمانبەخشێ.

دواتر ئەوە بوو حەسەن زیرەک بەو قسەیەی شێخ سەبووری و شیفا چووە دڵیەوە و ڕوخساری گۆڕا و هەر لەبەر خۆیەوە ستایشی شێخی دەکرد، چونکە ڕێزێکی بەرچاوی لە کەسێتی و هونەری حەسەن زیرەک گرت.

**مەبەستم لەبەیاد هێنانەوەی ئەو خاڵە گرنگە ئەوەیە، کە:**

حەسەن زیرەک بەجەستە و گیان نەخۆش و ناڕەحەت بوو، بەڵام بەو ڕێز و حورمەت و ستایشەی (شێخ عوسمان) خێرا حەسەن لەدڵەوە هەستی بەوەکرد ڕەنج و ماندوو بوونی لای کەسانی باش و دڵسۆز لەبەرچاوان گیراوە و شکۆی خۆی هەیە و بەفیڕۆ نەچووە، لەڕووی دەروونیەوە زۆر گەشایەوە.

هەر بۆیەش ئەمێستا و لەساڵیادی مەرگی حەسەن زیرەکدا کورد دەبێ بە شانازییەوە باسی خزمەت و ڕەنجی بەرچاوی بەهرەمەند و دەنگخۆشێکی هەرە درەوشاوەی گەلەکەی بکات کە بووە ناسنامەی هونەری کوردی.




سەرچاوە
Serchawe

حەسەن زیرەک بەتوانای بەرزی هونەرەکەی جیا لە کەسانی تر، جیا دەکرێتەوە، بۆچی: چونکە زۆر بێ ئەرک و داوا و بێ کێشە بوو، ژیانی بۆ خۆی و خۆشی و کامەرانیی بۆ خەڵکی بوو، هەموو ژیانی خۆی کردە قوربانی هونەر، جگە لە (گۆرانی) ئارەزووی هیچی تری نەدەکرد، گۆرانی خۆشەویسترین و پڕ بەهاترین بوو لای زیرەک.

ئەو تەنیا لە گۆرانیدا ژیان و لە(ژن)دا ڕوناکی و لە(گەل)دا نیشتمان و لە(سروشت)دا هیوا و خەندە و دۆستانی دەبینی و دەیلاواندن، هەروا بوو، تا دوا ساتەکانی تەمەنی گۆرانی لێ دەچۆرا، گۆرانیەکانی بۆ هەمیشە چریکەیان دێ و پیربوونیان بۆ نیە، تەپوتۆزی ڕۆژگار نایانژاکێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٨

## حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو!



"حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو؛ بەڵکوو بەسەرهاتی مەرگەساتی غوربەت و تەنیایی هەموومان بوو. لە هونەری نەتەویی کەسانێکی وەکوو زیرەکدایە کە گلە و گازەندەی نەریتی و چارەنووسبینانە بەرەو رەخنە و رووبەڕووبوونەوەی کۆنکرێت و ئیرادەگەرانە وەردەچەرخێت".

**ئاژانسی هەواڵی مێهر، بەشی فەرهەنگ و هونەر- دوکتۆر مەسعوود بیننده:** رەنگە کەمتر کەسێک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هاوچەشنی حەسەن زیرەک وەکوو سەرتۆپی ئیرادەی ژیان و سەرچەشنی ئاواتی چێژ و خۆشی دەرکەوتبێ و تەوژمیئەم حەزە هەم لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ژیان و هەم لە گۆرانی و ئاهەنگەکانیدا بە ڕوونی و ڕاشکاوی خۆی نواندبێ.

لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە نەبوونی سێبەری بەردەوامیباوک بەسەر ژیانی حەسەنی منداڵەوە، ڕەوتی نەزمیئودیپیی ڕاهاتنی تێک دەشێوێنێ و هۆگری جیهانی دایک و نەزمیژنانەی دەکات؛ جیهانێک کە بە پێچەوانەی ڕێسامەندی و چەقبەستوویی قانوونی باوک دژ بە ناوەندتەوەری و نەزمیباوکانەیە و خۆی لە بێناوەندی و بێ بنەماییدا (antifoundationalist) دەبینێتەوە. کەوایە، حەسەن زیرەک بە پێچەوانەی نەزمیباوکسەروەرانەی کۆمەڵگای کوردی، پەیوەست بە مێژووی ونبوو و ناهوشیاری ئەم کۆمەڵگایە دەبێتەوە کە ئاسەوارەکانیشی لە ئەدەبی زارەکی و بەیت و بەندەکاندا دەبینرێتەوە؛ ئەو میتراییسمە ژنانەیە کە بەرهەمیکۆمەڵگای وەرزێڕیی سەرەتایی لە مێژووی مێزۆپۆتامیا بووە کە دواتر لە لایەن فەرهەنگی شوانکارەیی عیبری و ئارییەکانەوە تێک دەچێت و فەرهەنگی یەکتاخوازانەی ئاسمانگەری و



سەرچاوە Serchawe

ئەوپەڕخوازی جێگری دەبێت.

حەسەن لە تەمەنی منداڵیدا دایکی ڕاستەقینەشی لێ دوور دەکەوێتەوە، هەر بەو بۆنەیەوە هەستی دایکخوازانەی بەرزەجێ دەبێتەوە و لە فانتازیای هونەری و مەبەستی ئەویندارانەیدا بە خەستی ڕەنگ دەداتەوە. ناوی ئەو کچ و ژنانەی کە بەردەوام لە گۆرانییەکانی زیرەکدا دووپاتە دەبنەوە زۆرتر لەوەی بەرهەمی سۆبژێکتیویتەی پیاوسەرووەرانە بۆ ژێردەست خستنی ئۆبژەی ژنانە بێت، بەرهەمی فانتازیایەکی ناشێوازمەندی ژنانەیە:

"ڕەش ئەسمەر، ئایشێ، مریەمێ، سەبری، کەژاڵ، ئامینێ، ئامە، ڕابە، ڕەزیە، نوسرەت، تووبا، فاتم، ئافتاو، نەزاکەت، لەیلێ، مەهتاب، حەلیم، شەهێن، شەهلا، خەجێ، مەستوورە، سۆبیە، تووران، پیرۆز، عیسمەت و..."

ئەم فرەژنییە لە بەستە و گۆرانییەکانی زیرەکدا کە وا دیارە لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆشیدا دەرکەوتەی هەبووە، سەربەندێکە بۆ یەک ناوی پیرۆز کە ناوشیاری زیرەکی پێوە گرێ دراوە و بەردەوام ئابووریی مەیل و ئاڕاستەی لیبیدۆی هونەرمەندی دیاری کردووە: «ئامین دایکی حەسەن زیرەک»

زیرەک لە وەسفی ئەم ژنانەدا کە بۆ ئەو هێمای جوانی و خۆشەویستی و بە گشتی حەزی ژیان و تامەزرۆی ژیندۆستی بوون، ئەو وێنە و وەسفە سروشتییانە بەکار دەهێنێ کە لە ئەدەبی زارەکی و فەرهەنگی هەموانەکیی کۆمەڵگای کوردستاندا باوە و بە گوێی خەڵکی ئاشنا و لە بەر دڵانە:

"چاومەست، کەومل، کەویار، بەڕەزای شاخان، کەنێرەی چۆم، گوڵی سێڵاو، بەفری کوێستان، ئەستێرەی ڕۆژ، ئەستێرەی سیوەیل، مەرِدۆشی جاران، بێری، خونچەی سەر چڵ، شەمامەی بە بۆن، هەناری ئاودار، ئەستێرەی بیست و دوو، هەناری نێو هەنجیران، کارگی نێو ڕێواسان، دوڕی نێو ئەڵماس، دۆلاری نێو لیران، باخی هەنار، باخی بێ، باخی سێو، لەولاو، توولە مێو، ڕەشە ڕەیحانە، بەفری قەندیل، دار مێخک، سێوی سەرلک، گوڵی نێو پەرژین، گەردن گوڵدان، لیمۆی کاڵ، زەردە بێ، هەناری لە نێو ڕەز، قۆخی نێو هەنجیران، گوڵی شەشپەڕ، نارنج و لیمۆ، کارمامز، سوورە گوڵ، مەزەدار، ماینی کوێت، ماینی کەحلان، ماینی بەڵەک، هەلاڵەی زەرد، شەتڵی شلێرە، کۆترە باریکەی، لێو ئاڵ، چڵە بیزا، شەمامەی ساوا، چاو باز، ئەبرۆ سەقەڕ، گەردن زەرد، کەوباڕ، شمقاڕ، تەڕلان، خاسە کەو، دندووکی کەو، مانگی تابان، شمشاڵ، هەڵووچەی کاڵ، بەفری ئاڵمەڵوو، خونچەی سێو، داری شمشاد، پەنیری کوردی، کارخانەی قەند، کشمیش، شەمامەی سەرتەرز، گوڵی لیمۆ و...".

زیرەک هەروەها هەستی بە دۆخی ناڵەباری ژنان و کچانی کورد کردوە کە گیرۆدەی دەستی پیاوسالاری بوونە و لە بەستێنی کۆمەڵگای داخراوی خێڵەکیدا لە هەموو بوارێکەوە تووشی هەڵاواردن و نابەرابەری کراون. هەر بۆیە لە گۆرانییەکانیدا تا مەجالی هەبووبێت ئاوڕی لە مەینەتەکانی ئەم توێژە خامۆشەی کۆمەڵگای کوردی داوەتەوە و بە باڵای توانست و تێکۆشانەکانیاندا هەڵیداوە:

**کیژێکی کوردی سەربەست خوڵقاوی**
**بە داوی گەردوون گیرۆدە ماوی**
**کیژە کورد بۆچی زەرد هەڵگەڕاوی**
**لە بۆ ڕۆژی خۆت ئاوا داماوی**
**جوان تێدەکۆشی بۆ نیشتمانی**
**کیژە کوردەکەی تفەنگ لە شانی**
**منداڵ هەڵدەگری لە دوژمنانی**
**کیژە کوردەکەی لە شاخ و چیا**
**قەولت دەدەمێ بە دڵنیا**
**وا سەردەکەوی لەم تەنگاویا**

هەر بەو پێیە کە هزر و ئاوەزی حەسەن پێ بەستە و ئەستۆبەندی ناوەند و چەقێکی دیاریکراو نەبووە، هونەرەکەشی بازنەی ناوچەگەرانەی تێپەڕاندووە و لەباتی مۆرکی ناوچەیی، شوناسێکی کوردستانی و ئیتۆسێکی ژەڤەرکوردستانی پێوە دیارە؛ هەر بۆیە لە گۆرانیەکانیدا وشەی کوردی و فارسی و لوڕی و هەوای عەرەبی و ئەرمەنی و بە پێی زەروورەتی مێلۆدیا و ڕیتم، دێن و دەچن و گوێگر و بەردەنگی عەجەمیش بۆخۆیان دەستەبەر دەکەن. زیرەک کە دەکرێت وەکوو مارکۆپۆلۆی گۆرانیبێژانی کورد ناودێری بکەین، بە هۆی پەرەنەسەندوویی کوردستان و نەبوونی ئیزگەی دەنگ و دەسەڵاتی پشتیوان، زیاتر لە غوربەتدا (تاران، بەغدا، موسڵ، تەورێز) هونەری خۆی پێ گەیاندووە و وەشانی کردووە. غوربەت بۆ هونەرمەندی کورد بە گشتی سەرەڕای ئازاری دووری و دەردی ناسۆری جودایی، هەوێنی بزواندنی هەست و سۆزی هونەرمەندانە بووە و ئەم دۆخەش لای زیرەک

بێگومان لە بەرز کردنەوەی ئاستی داهێنان و تۆکمە کردنی نوێگەری لە ئاهەنگ و مێلۆدییەکانیدا دەوری سەرەکی نواندووە.

**«جێم نییە تیا بسرەوم خاکم بە سەر بێ لانە خۆم**
**بێ کەس و بێ یار وهاودەم، بێ مەی و مەیخانە خۆم»**



سەرچاوە
Serchawe

زیرەک هەروەها بەیتێکی فارسی دەخوێنێ کە تێیدا باسی دۆخێکی پارادۆکسیکاڵ دەکا کە لەوێدا بەرامبەرکێی دووانەی "غوربەت/وەتەن" هیچ سەنتزێکی بۆ نادۆزرێتەوە، بێجگە لە چارەنووسێکی تراژیک...،

«نه در غربت دلم شاد است، نه رویی در وطن دارم
الهی بخت من برگردد از آن طالع که من دارم»

وەسفی ئەم دۆخە بە هەندێ جیاوازییەوە لای ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئاڵمانی دەبینین کە پاش تەواو بوونی شەڕی دووهەمی‌جیهانی و ئیمکانی گەڕانەوەیان بۆ وڵات بەبێ هیچ هیواداررییەک چاو لە داهاتوو دەکەن:

«لە کەناری جادەکە دانیشتووم
شۆفێر خەریکی گۆڕینی تایەی ماشێنەکەیە
خۆشیم لەو شوێنە نایە وا لێی‌هاتووم و
ئەو شوێنەشم پێ خۆش نیە وا دەچم
ئەدی بۆچی وا بە حەسرەتەوە چاو لە گۆڕینی تایەکە دەکەم؟» (برێشت)

غوربەت بۆ حەسەن کارکردی ئۆبژەی گچکەی ئا (object petit a)ی لاکانی هەیە؛ ئۆبژە یان بەردەستێک کە لە جێگای ئەوەی مەیلی ئێمە بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، خۆی هۆکاری بەدی‌هاتنی مەیلە؛ هەر بۆیە لاکان بە هۆکار-ئۆبژەی مەیل ناوی لێ دەبات. ئەم ئۆبژەیە نە بایەخی مەسرەفی هەیە و نەش دەستپێڕاگەیشتووە، بەڵام زێدەباییەک کە کەیفخۆشیی ئێمە دەبزوێنێ و بەردەوام لە شوێنێکی دیکەدایە. گەڕۆک بوونی زیرەک و نەسرەوتنی لە هیچ شار و گوندێکی نیشتمان و دەرەوەی نیشتماندا، کە دۆخی بێ لانەیی و ژەڤەرناوچەیی بۆ بەرهەم هێناوە، ئاماژە بەو مێکانیزمە لە بڕان نەهاتووەی مەیلەوباوی زێدەچێژی‌هاوبەستەی غوربەتە: غوربەتێک کە خاوەنی فۆرمێکی بۆش و بێ ناوەرۆکە، بەڵام‌هاندەری خولیایەکی بێ ئامانجە بۆ گەیشتن بە زێدەچێژی ژویسانس و شاگەشکەی مەرگ.

کاتێک شوێنەکانی هەڵوەدا بوون و گەشتەکانی زیرەک کە لە بەند و بەستەکانیدا دەبینینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ مسۆگەر دەبێت کە زیرەک توانیویە جوگرافیایەکی تایبەت شوێن‌سڕینەوە بکات و فەزایەکی ناشوێن لە غوربەتێکی خوازراودا بەرهەم دێنێت؛ هەر بەو بۆنەوە شوناسی زیرەک و زاراوە و فەرهەنگی بەستە و ئاوازەکانی نە موکریانییە و نە ئەردەڵانی، بەڵکوو ناشوێن (nonplace) و غوربەتێکی هونەرمەندانەیە.

ئاماژەدان بە ناوی شوێنەوار و شار و گوندەکانی کوردستان، ئاماژەیەکە بە ناشوێنی نیشتمان و ژەڤەرنیشتمان:



سەرچاوە Serchawe

"بانە، مەریوان، سەردەشت، سابڵاغ، شنۆ، نەغەدە، ورمێ، سەقز، بۆکان، کرماشان، موکریان، هەوشار، تاران، تەورێز، هەمەدان، کاشان، مەراغە، میاندواو، ئەردەبیل، بەغدا، سلێمانی، هەولێر، کەرکووک، مووسڵ، شارباژێر، شەقڵاوە، پێنجوێن، بیارە، دووکان، کۆیە، ڕانیە، بازیان، مەحاڵی مەنگوڕ، سابوونکەران، سلێمان کەندی، جەغەتوو، دۆڵی قوڕووچا، تانجەڕۆ، مەزرای سەهۆڵان، بەفری کەلیخان، کوێستانی لەند و بێستوون، کەلی کەماتوو، زەمبیل، قەڵا و دارسەیران، کێوی ئاربەبا، بەردەزەرد، ناڵەشکێنە، دێ موکری، بورهان، ساروقامیش، میرەدێ، سەرکارێز، ڕندۆڵ، قازیان، نەمسە و تایلەند...".

کەوایە ئەم شوێنانە بۆ حەسەن زیرەک نە زێدی دایکی و نە ماڵی باوانن، بەڵکوو جێ نزرگەی غەریب کەوتنەوەن؛ واتە ئەو شوێنەن کە زیرەک تێیدا دەتوانێ ناشوێنی نامۆیی خۆی بدۆزێتەوە و هونەری نامۆنوێنی خۆی بەرهەم بێنێ. پاش ئەوەی لە سەرەتای چلەکاندا بۆ هەمیشە لە ناوەندی بڵاوکراوەی فەرمیدوور دەخرێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ کانی مەلا ئەحمەدی بانە و لەوێندەرێ چایخانەیەک دەکاتەوە؛ پاش ماوەیەکیتر کۆچ و ماڵ بەرەو شنۆ دەگوازێتەوە و مەبەستی وایە ئاخری پیری و ئاویلکەی تەمەنی لەو شارەدا بە سەرئەنجام بگات. بەڵام وەکچۆن بەردەوام خۆی باسی گیرۆدە بوونی دەستی چەرخی چەپگەرد و نامورادیی فەلەکی کردووە، ئەمجارەشیان چارەنووس بەرەو شوێنێکی دیکە ڕایدەنێت. کە پزیشکانی نەخۆشخانەی ورمێ لە چارەسەر کردنیی نەخۆشییەکەی ناهومێد دەبن، نزیک بوونی وادەی مەرگی بە خزمەکانی ڕادەگەیەنن. ئەوانیش بڕیار دەدەن بۆ سەرپەرشتیی کۆتایی بیبەنە نەخۆشخانەی شاری بۆکان؛ لە ڕاستیدا تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو کە سەفەری غەریبانەی حەسەن لە شاری بۆکان کۆتایی پێ بێت و دواتر بە بۆکانی بناسێندرێت و ئەمجارەیان نەک زیرەکی بە دەمار زیندوو، بەڵکوو گڵکۆی بە هونەر هەمیشە زیندووی لە هەوارزی ناڵەشکێنەدا بحەوێتەوە.

«دەچمە سەر ناڵەشکێنە، بەرامبەر بە بۆکانێ
یاری من زۆر نەجیبە، باریکە و نەشمیلانێ»

حەسەن زیرەک هەروەها کە پێ بەستەی شوێن نەبووە و تەنیا هۆگری فەزایەکی شوێن پاقژکراو و ناوچە سڕاوە بووە کە بتوانێ غوربەتی ئاشنای (unheimliche) تێدا ببینێتەوە، لە باری ئینتیمای حیزبی و سیاسیشەوە هەروەها نادەرەوەست و بێسەمپات دەرکەوتووە. بێگومان هونەرمەندێکی سنووربەزێن وەکوو زیرەک کە ڕوخسارێکی پاپیۆلاری هەبووە و لە نێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا هۆگر و لایەنگری تایبەتی خۆی پێک هێناوە و چەندین جاریش لە لایەن ڕژێمیپاشایەتیی ئێران و ڕژێمیبەعسەوە کەلەبچە و ئەشکەنجە و زیندان کراوە، ناتوانێ مرۆڤێکی ناسیاسی یا دژەسیاسەت بووبێ، هەر بۆیە حەسەن داژداری نیشتمان و پەرۆشی دۆزی ڕەوای کورد بووە و هیچ کات خۆی لەم بابەتەوە بێ هەڵوێست نەزانیوە. بەڵام هەر بە پێی ناشوێنخوازی، نە توانیویە مۆرکی ئایدۆلۆژیا و حیزبێکی تایبەت وەربگرێ و نەش هونەرەکەی

تێکەڵاوی بانگەشەخوازی و دروشمهاوێژی بکات. زیرەک لەو کاتانەیدا کە بێ پشتیوان دەمایەوە، بەرەو مەڵبەندی بارزانی هەڵدەهات و لەوێندەرێ کێشی شۆڕشگێڕیی گۆرانییەکانی قورسایی زۆرتری بە خۆوە دەبینی:

«جێژنی کورد زەمانی سەلاحی ئەو سەلاحی گیان‌فیدای کوردان
هاتە دونیا سەلاح، سەلاح کامە سەلاح؟ ئەو سەلاحەددینی ئەییوبی
کوردم ئەمن، کوردم ئەمن، کوردم ئەمن، تا ئەو ڕۆژەی دەمنێژن
کێلی ژوور سەرم دەنێژن، هەر دەڵێم کوردم ئەمن، کوردم ئەمن»

بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هیچ کات خۆی لە نێو هیچ ڕێبازێکی سیاسیدا نەبینیوەتەوە و ڕەنگە ئەمەش بۆ پەرە ئەستاندن و گشتگیر کردنی دەنگ و ئاوازی زیرەک لە نێو هەموو ناوچە و زاراوە جیاوازەکانی کوردستاندا دەوری ئەوتۆی گێڕابێت:

نە چینیم دەوێ، نە کاشی
نە حیزبیم و نە جاشی
نە توودەم نە وێڵداشی
سەلام و عەلەیک حەمە گیان
بە خۆی و بە وێڵداشی

لە بابەتی بیروڕای ئایینیی زیرەکەوە شتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە، جگە لەوەی کە لە قەیران و تەنگژەی قۆناخی گەورەساڵیدا کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی‌هاتنە گۆڕێی پرسی مێتافیزیکی و ئانتالۆژیکی و هەروەها بیرکردنەوە لە کێشەی مەرگە، زیرەک تۆبەیەکی سیمبۆلیک دەکا و بەم بۆنەشەوە گۆرانییەکی سۆزدار دەخوێنێ:

"باران بارانە، هەور و بارانە
یار خوداحافیز، دەست لێک بەردانە"

هەروەها لە گۆرانییەکانیدا وشە و دەستەواژەی تایبەت بە دیاردە و کەسایەتییە ئایینییەکان بە زۆری دەبینرێ، بەڵام وەک ئاماژەمان پێ دا هەمووی ئەم هێما و سیمبۆلە پیرۆزانە کارکردی مۆسیقایی هەیە و بە پێی جیهانبینیی دونیاگەرانەی کوردی، نە لە پێناوی دابڕان لە دونیا، بەڵکوو بە مەبەستی بەرین کردنەوەی بازنەی ژیان و ژیندۆستی‌هاتووەتە گۆڕێ:

"قەسەم بە ڕەحمان و ڕەحیم، پەنا بە سەیدی سەروەر، قەسەم بە سوورەتی عەممە، بەو خودایەی بێ مەکانە، یا سوڵتانهاوار، یا هەیوانساری، بەو قورئانەی سەرپەڕ شین، غەوس لە منت نەسێنێ، سوورەی وەلفەجر، کاک ئەحمەد لە سلێمانی، وەک جوو بۆت دەگرم شەمە، یا عەبابەیلێ، عورووسم جووم ئەرمەنیم دینم بۆ تۆ بەتاڵە و...".

لە کۆتاییدا ئەمە جوان پەرستی و هەستی سنووربەزێنی جوانییە کە بەسەر سنووربەندیی پیرۆزی و داخراوەبوونیدا سەر دەکەوێ:

"بەر بەم لاوە کە، بینم جەبینت
لەسەر کام دینی، بێمە سەر دینت"

ژیانی پڕ چەرمەسەریی حەسەن زیرەک وەکوو مرۆڤێکی تراژیک، هێمایەکی ڕاست نوێنی مێژووی گەلی کوردە، غوربەتی زیرەک دواتر لە غەریبییەکانی شاعیرانی کورد وەکوو شێرکۆ بێکەس، سوارە ئیلخانیزادە و هێمندا بەردەوام دەبێتەوە و تەنیایی و بێکەسییەکانیشی لە تەنیاییەکانی ئایلان کوردی و عەزیز شنگالیدا دووپات دەبێتەوە. حەسەن زیرەک، حەسەن زیرەک نەبوو؛ بەڵکوو بەسەرهاتی مەرگەساتی غوربەت و تەنیایی هەموومان بوو. لە هونەری نەتەویی کەسانێکی وەکوو زیرەکدایە کە گلە و گازەندەی نەریتی و چارەنووسبینانە بەرەو ڕەخنە و رووبەڕووبوونەوەی کۆنکرێت و ئیرادەگەرانە وەردەچەرخێت:

فەلەک بڕووخێ دەور و دیوانت
فەلەک بچەمێ حەوت ئاسمانت
فەلەک لەگەڵما وا کەچرەفتاری
سەبارەت بە کورد تۆش ئیستعماری

حەسەن زیرەک ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی هەرمێلەی سەر بە شاری سەقز لە نێو ڕەنج و ئازاری هەژاریدا چاوی بە رووناکی دونیا هەڵدێنێ و هەر لە سەرەتای ژیانییەوە تێکەڵ بە ئەرک و زەحمەتی کارەکەری دەبێ؛ و سەرباری هەموو ئەمانە لە تەمەنی ١٢ساڵیدا، مەرگی بابی ئەوەندەیتر دڵە بچکۆلانەکەی بریندار دەکات و دۆخی بێپەنایی خۆی و دایکی ئاوارەی شاری سەقز دەکات. پاش مردنی بابی حەسەنی مێرمنداڵ، دایکی شوو دەکاتەوە و حەسەن لە بێکەسیدا روو دەکاتەوە گوندی هەرمێلە و لە بەردەستی ئەو ئاغایەی بابی مەیتەریی بۆ کردبوو؛ و بە هۆی لێهاتوویییەوە نازناوی زیرەکی پێدرابوو، درێژە بە ڕەنجۆری دەدات. هەرچەندە هەر لە تەمەنی تازەلاویدا هەست و هەناسەی ناسکی خۆ دەنوێنێ و ئاوازی

دەنگی دیوەخانی ئاغا و گەورەکان دەڕازێنێتەوە بەڵام رۆحی سەربزێوی حەسەن دۆخی کویلەیی دەبەزێنێ و بە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئاغا خۆی ئاوارەی شار و گوندەکانی کوردستان دەکات. پاش ماوەیەک وەکوو شاگرد شۆفیری مینەخانی ئەردەڵانی سەقز لە رێگای سەقز-بانە دەست بە کارکردن دەکات بەڵام لە رووداوێکی پێکداداندا مندالێک دەکوژێ و حەسەن لە ترسان خۆی ئاودیوی سنوور دەکات و لە شاری بەغدا دەگیرسێتەوە. پاش ماوەیەک کارکردن لە هۆتێل و چایخانەکانی بەغدا، دەنگە ناوازەکەی دەبیسترێ و هۆگری کورد و عەرەب پەیدا دەکا؛ هەر بۆیە لە رادیۆ بەغدا بانگهێشت دەکرێ و ئەزموونی هونەری خۆی بە شێوەیەکی فەرمیدەست پێدەکات. زیرەک بە ناسین و پێوەندی لەگەڵ گۆرانیبێژان و هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون، بەهرەی هونەریی خۆی پێدەگەیەنێ و سۆزی ئاوازی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەرزەناو دەبێت. پاش شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق، بە ناچاری بەغدا بەجێدەهێڵێ و وادیارە ئەم ناچارییەش بە بۆنەی گۆرانی وتن لە بۆنەیهاتنە سەر تەختی مەلەک فەیسەڵی دووهەم بووە کە لە شۆڕشی نوێدا وەکوو تاوانێکی سیاسی دێتە ئەژمار. زیرەک پاش دە ساڵ پێگەیاندنی بەهرەی خۆی لە بەغدا و دەرچوونی ناوبانگی هونەریی، لە رادیۆ تاران پێشوازی لێدەکرێت و لەوێیش بە ماوەی دوو ساڵ ئەزموونی هونەریی سەرکەوتووی خۆت تۆمار و بڵاو دەکاتەوە و هەر لەو سەروبەندەشدا لەگەڵ میدیا زەندی ژیانیهاوبەشی پێکدەهێنێت. دواتر دەچێتە بەشی کوردی رادیۆ کرماشان و لەوێندەرێش ٢ تا ٣ ساڵ درێژە بە چالاکی هونەری دەدات. حەسەن زیرەک پاش تەمەنێک هەوڵ و چالاکی هونەری ناوازە، دیسانەوە وەکوو چاپچییەک لە کانی مەلا ئەحمەدی شاری بانە درێژە بە ژیانی پڕچەرمەسەری خۆی بدات. دواساتەکانی تەمەنی خۆی دەچێتە شاری شنۆ و وەکوو خۆی دەڵێت "ئاخیری پیرییەکەم هێناوە شنۆ"؛ لەوێ دەگیرسێتەوە تاوەکوو نەخۆشینەکەی تەنگی پێ هەڵدەچنێ و لەوێوە بۆ بیمارستانی شاری ورمێ بەرێ دەکرێت. بەڵام وادیارە شێرپەنجەی نەگریس، رەگ و ریشاڵی خۆی لە هەناوی زیرەکدا پتەو کردوە و ئامانی ژیانی لێ بڕیوە، هەر بۆیە بۆ چاوەدێریی کۆتایی بەرەو نەخۆشخانەی شاری بۆکان بەرێ دەکرێت و پاش ژیانی کۆتایی پێدێت.

ژێدەر؛ کەناڵی ئاماژە News ID 19832

سەرچاوە: ئاژانسی هەواڵی مێهر - رێکەوتی: ٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧



سەرچاوە
Serchawe

## بەرگرییەک لەهونەرمەند حەسەن زیرەک



(لەیادی سەد ساڵەی لەدایکبوونو پەنجا ساڵەی شەهیدبوونیدا)



مەولود ئیبراهیم . هەولێر

(...جێم نە بووەوە ..جێم نە بووەوە.. لەعێراق و لەئێران جێم نە بـووەوە، شوێنێکم نەدی تێیـدا بـژیم، لەبەینـی دوو سێ کیودا چایخانەیەکی پەڕتوکاوو ناخۆش و عەجاییم هەیە ، ئەگەر بێن تەماشا بکەن .. تەعەجوب دەمێنن کەمن چۆن لێرە

دەژیم! نا..پێمخۆشە کاسبی لێ دەکەم، هونەر لەنێو کورددا قەدری نەما؛ هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا! هونەر بۆ من کارێکی نەکرد بەشوێنیا بچم؛ چۆن کوردم و بەزمانی کوردی قسە دەکەم!!) حەسەن زیرەک - کاسێتی ئەبوو سەباح.

## پێشەکی

لەماوەی رابردوودا ناونیشانی نووسینێکم بەرچاو کەوت ، کەنووسرابوو:( ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەند بوو؟) لەژێر ناوی نووسەری بەرێز ( ئەحمەد ئەمانی)، بۆمن جگە لە ناونیشانەکە ناوی نووسەرەکەش نوێ بوو! زۆر بەتاسەوە کەوتمە خوێندنەوەی نووسینەکە. دەرکەوت ئەم نووسینە بەردەوامی گفتوگۆو راگۆڕینەوەیەکە لەنێوان بەرێزان: (دکتۆر بینەندە و دکتۆر ئەحمەد ئەمانی)(*١) بەداخەوە زۆرم هەوڵدا نووسینەکانی پێشترم دەسنەکەوت و نەمزانی گفتوگۆکانی ئەم دوو بەرێزە لەچییەوەو لە کەیەوە سەریهەڵداوە!؟

چۆن لەنووسینەکەدا بەریز ئەحمەد ئەمانی، جگە لەوەی لەسەرەتادا رووی قسەی لەبەرێز دکتۆر بینەندەیە، راو خواستی خۆشی بۆ هونەرمەندو هونەرمەندبوون بەکێش و پیوی رۆژئاوایی خستووەتەروو، ئەمە خواستێکی رەوایەو ئەو بەرێزە مافی خۆیەتی، هیوای چ جۆرە هونەرمەندێک بخوازێ! بەڵام ، خواستی هونەرمەند بوون بەکێش و پێوی رۆژئاوا لەکوردستانێکی بەو حاڵ و بەم رەنگە؛ پێموابێ زۆر لەگەڵ واقیع ناگونجێ؛ کوردستان و رۆژئاوا.. کورد گوتەنی هەر خودایان یەکە!

لەوەش گەڕێ! لەتەواوی کورتە نووسینی - ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەندبووە؟ دا هێندە بەهەناسەیەکی تازەو توند کەوتووەتە داماڵینی زیرەک لە - هونەرمەندبوون!!- کە لای مامۆستا ئەحمەد ئەمانی .. زیرەک نەک لەڕابردوودا هونەرمەند نەبووە، زیرەکە ئێستاش هەر هونەرمەند نیە! سەرەڕای ئەوەش مامۆستا ئەحمەد دواکەوتن و تەواوی ناداد پەروەری نێوەندی هونەری دەداتە پاڵ زیرەک! هەر ئەوەش لەوتاری - ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەندبووە؟دا دەخوێندرێتەوە!!

## دە دەقیقە گوێ نەگرتن لەزیرەک!!

لەڕاستیدا مامۆستا ئەحمەد ئەمانی تەواو مافی خۆیەتی - حەسەن زیرەک - و هەر هونەرمەندێکی تر بەهونەرمەند بزانێ یان نەزانێ! دەنگی زیرەکی لا خۆش بێ یان نا ! وەک خۆی دەنووسێ: (روونتر، حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەرمەند بێت سۆزراکێشێکی عەیار ٢٤ ە، بەڵام، با کڵاو لەسەر خۆشمان نەکەین چەند کەس لەئێمە دەتوانێت رۆژێک تەنیا بۆ دەدەقیقەش بووە گوێ لەحەسەن زیرەک بگرێت؟) بەڵام لەتەواوی نووسینەکەی مامۆستا ئەحمەد ئەمانی دا، چ ئەوەی لەبارەی کەسایەتی زیرەک وەک تاکێکی نێو کوردەواری دوو وڵاتی داگیرکەرو چ وەک هونەرمەندێکی هەمیشە راونراو!! چ

ئەوەی لەبارەی هونەرەکەیەوە قسە دەکات! هیچ بەڵگەیەکی نەهێناوەتەوەو تەنیا رای خۆیەتی!! ناکرێ ئەمانە ئەنجامی لێکۆڵینەوەبن لەژیان و هونەری زیرەک. چۆن بەرێزێکی وەک (دکتۆر ئەحمەد ئەمانی) خاوەن بڕوانامەیەکی بەرزو پسپۆریەکی گرنگ .. ئەگەر تەواوی ژیانی پەنجاساڵەو شەش مانگەی زیرەکی خوێندبێتەوەو رای بەم شێوەیە دەبێت!! بەداخەوە هەرچی بیر لەڕایەکانی دکتۆر ئەحمەد دەکەمەوە سەبارەت بەزیرەک و هونەرەکەی!! سەیردەکەم زانیاریەکانی لەوە تێپەڕناکات کە هەر کەسێک لەسەرزارەکی و لەنێو خەڵکدا بیستبێتی!! چۆن ئەگەر بەرێزێکی ئەکادیمی وەک دکتۆر ئەحمەد بیەوێ رای حیسابی هەبێت و قسە لەسەر - هونەرمەندێکی ئەفسانەیی - وەک زیرەک بکات، ئەوە سەرەتا دەبێ ئەو ٢٥ تا ٣٠ کتێبە و سەدان وتارو نووسینەی خوێندبێتەوەو گوێ لە سەدان و سەدان بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی و کۆڕو سمینارە گرتبێ کە لەدوای مەرگی زیرەک لە ٢٦ - ٦ - ١٩٧ وە بەردەوام لەئێران و عێراق و کوردستان و دەرەوە دەنووسرێن و دەگوترێن و دەگێردرێن و بڵاودەکرێنەوە! ئەگەرنا بەهیچ شیوەیەک نەیدەنووسی: (با کڵاو لەسەر خۆشمان نەکەین چەند کەس لەئێمە دەتوانێت رۆژێک تەنیا بۆ دە دەقیقەش بووە گوێ لەحەسەن زیرەک بگرێت؟) ئەو بەرێزە نەک هەر لێکۆڵینەوەی نەکردووە، بەڵکو وەک ئەوە وایە لەکوردستانیش نەژیابێ!!

حەسەن زیرەک .. لەو رۆژەوەو لەساڵی ١٩٥٣ و لەڕادیۆی بەغدا چریکاندی - ئەسمەر یارم جوانە- وە تاچەند رۆژێک پێش مەرگی ژەهرخواردوکردنی و دوا گۆرانی - وامن نەخۆشم دەردم گرانە! (٢*)- لە ٢٦ - ٦ - ١٩٧٢ بۆکان گیان دەسپێرێ! هەمیشە هونەرمەندی یەکەمی گوێ لێگرتن بووە، چ لەڕادیۆ کوردییەکان و چ لەزۆر فرۆشتنی گۆرانیەکانی و چ ئێستاش لەیوتیوب و سۆشیال میدیا (٣*)، بەردەوام لەڕیزی پێشەوەی هەموو هونەرمەندان بووەو بۆ گوێ لێگرتن .. ئێستاش هەس!!

## خاتوو میدیای زەندی دەنووسێ

(رۆژانە دوو هەزار نامە بۆ رادیۆ دەهات سەدا ٩٩ی بۆ داواکردنی گۆرانیەکانی زیرەک بوو، هەندێک لەگوێگرەکان پولیان دەخستە نێو پاکەتەکە تازووتر گۆرانی خواستی خۆیان بڵاوبکرێتەوە).

**هەروەها دەڵێن:** هێندە نامەی زۆر بۆ داواکردنی گۆرانیەکانیی زیرەک بۆ ڕادیۆ دەهات لە کرماشان، ئیدارەی ڕادی ۆ و پۆست ناچار بوون سندوقێکی نامەی تایبەت بە ئەو نامانە دابنێن کە بۆ داواکردنی گۆرانیەکانی زیرەک دهاتن! کە ئەمە پێش زیرەک و دوای زیرەک بۆ هیچ هونەرمەندێکی کورد نەکراوە!؟ دەی مامۆستا دکتۆر ئەحمەد ئەمانی دەنووسێ: کەس لە ئێمە توانای ئەوەی نیە رۆژێ بۆ دە دەقیقەش گوێ لە زیرەک بگرێ! بەڕاستی ڕایەکی ئاوا - یەک ڕا!! - و دوور لە واقیع نەدەبووایە ڕای دکتۆرێکی لێکۆڵەر بێت لەم سەردەمەدا!!



سەرچاوە
Serchawe

پێمخۆشە مامۆستای بەڕێز ئەحمەد ئەمانی ئەمە بزانێ، کە نزیک بە (٧٠) ساڵە خەلکی کوردستان بە هەموو چین و توێژ و تەمەن و ئاستەکانەوە بەردەوام گوێ لە گۆرانیەکانی زیرەک دەگرن؛ عاشق لە ژوانێ، سەرخۆش لە مەیخانێ، بەندی لە بەندیخانێ، نەخۆش لە خەستەخانێ، کریکار لەسەر کاری، جۆتێر لە جوتیاری، شوان لە ئاقاری، ڕێبوار لە ڕێبواری، پێشمەرگە لەسەنگەرێ، ڕانەندە لەسەفەرێ، مەلا پاش نوێژێ، ژن لە ڕێژەو پێژێ، ڕەزوان لە نێو ڕەزی، شوان لە بەر پەزی، ئاوارە لە غەریبی، دڵشکاو لە بێ نسیبی، بوک لە خەنەبەندانێ، زاوا لە گەڕی دیلانێ، کچ لە ڕیی کانی، کوڕ لە سەربانی، شێخ لە خەڵوەتێ، سەید لە موحیبەتێ، سەپان لە پەرێزێ، ئازا لە نێو مەتەرێزێ، جوانان لە شایی و هە ڵپەڕکێ، پیر لە بەرهە یوان و بەر دەرکێ، باوک مردوو لەسەر قەبران، کۆست کەوتوو لە ژێر زەبران، هەر هەموویان بەدڵ و بە گیان بەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن و .. بۆی دەژین و بۆی دەمرن!!

## کێ لوتکەیە؟!

مامۆستا ئەحمەد دەنووسێ: (با وردتر بینەوە؛ لە مۆسیقای کوردیدا چەند کەسێک لوتکەن، سەی ئەسکەر کوردستانی، حەمەی ماملێ، قادر دیلان، عەلی مەردان، لەم دوایەدا عەباس کەمەندی و کامکارەکان و مەزهەر خالقی و دواجار عەدنان کەریم) بەڵێ ..ئەم هونەرمەندە بەڕێزانە لوتکەن! لوتکە بوونیشیان زیرەک لە لوتکە بوون ناهێنێت خوارەوە! هەروەها لوتکە بوونی زیرەکیش ئەم بەڕێزانەو زۆری تریش لە لوتکە بوون بێ بەش ناکات! بەلام، لە لوتکە بوونیش دا، هەموو لوتکەکان لە یەک ئاست نین! هەرکەس بە مەنی خۆی!

## کێ ئۆرگژەنە؟

هەروەها دکتۆر ئەحمەد بەردەوام دەبێت و دەنووسێ: (ئەم زنجیرەش کە پێیدا هاتینە خوارەوە بە باشی ڕەوتی ڕەسەن (زانستی) بوونی هونەری مۆسیقا بە ئێمە نیشان دەدات و لەو بەر پردیشەوە لە برایانی زێزێوە بیگرە تاکوو حەسەن زیرەک و سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسی و ئەم جوزەلە و ئۆرگژەنانەی ئەم سەردەمە هەموویان هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەری مێشک خلەتێنن کە بێجگە لە سۆزاندن هیچی دیکەیان لە بن باخڵدا نییە و ئەم دوو ڕەوتەش لە هەموو کۆمەلگاکانی جیهان و هونەرەکاندا بوونیان هەیە و تەنیا تایبەت بە کورد نییە.) ئەم ڕەسەنی و زانستی بوونی ئەم بەڕێزانە، زانستی بوون و ڕەسەنایەتی زیرەک لە کار ناخات ، مامۆستا ئەحمەد ئەگەر بڕوای بە هونەرمەندی گەورەی کورد (موجتەبای میرزادە) هەبێت، ئەو موجتەبایەی پاش ئەوەی لەسەردەستی زیرەک فێری مەقامە کوردیەکان دەبێت و لە کرماشان بەقسەی خۆی ١٦٠ تا ١٧٠ گۆرانی بۆزیرەک مۆسیقا لێدەدات و ناوبانگ پەیدا دەکات، گەورەترین هونەرمەندانی ئێران بە کوردو فارس و ئازەوەروە هیوایان دەخواست کە موجتەبای میرزادە مۆسیقایان بۆ لێبداو هونەرەکەیان بەرز کاتەوە!



سەرچاوە
Serchawe

## غەلەت نەکەی حەسەن زیرەک خۆش بێت!!

لە سەفەرێکی هونەرمەند موجتەبای میرزادە بۆ سلێمانی برای نووسەرو زیرەکدۆست (عەبدولی حەمە باقی) بە موجتەبا دەڵێ.. ئەو دەست و پەنجانەت خۆش بێت کە ئاستی گۆرانیەکانی زیرەکت ئاوا پێ بەرزکردەوە! هونەرمەند موجتەبا میرزادە بە گلەییەوە بە مامۆستا عەبدولی حەمەباقی دەڵێ: (غەلەت نەکەی حەسەن زیرک خۆش بێت کە ئاستی منی ئاوا بەرزکردەوە!.) لە زاری هونەرمەند مامۆستا موجتەبا دەگێرنەوە گوتوویەتی: من گەنج بووم و شارەزای ئاوازە کوردیەکان نەبووم، حەسەن زیرەک لە ڕادیۆی کرماشان کەدەبینێ گەنجێکی بەتوانایە، بەڵام، پەنجەی فارسیە، ڕۆژانە پاش دەوامی خۆی دێتەوە ڕادیۆو موجتەبا فیری مەقامە کوردیەکان دەکات. تا موجتەبا ئەو مجتەبایەی لێ هاتە بەرهەم کە هات بوو.. کە دواجار بوو بە خاوەنی - ئاوازی ئاهوراییں!! - ! ئەو موجتەباییەی لێ بەرهەم هات .. کەواتە ئەو مۆسیقارە گەورەیەی کوردو ڕۆژهەڵات و هەموو ئیران موجتەبای میرزادە شاگردی زیرەکەو دەسپەروەردەی زیرەکە! ئایا کارەکانی موجتەبا بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ زیرەک کردوونیەتی، نازانستین؟!! تا مامۆستا ئەحمەد ئەمانی زیرەک لە ڕیزی ڕەسەن و زانستی بوونی بکاتە دەرەوەو بیباتە ڕیزی کەسانێک کە هەرگیز خۆیان و هیچ شارەزایەکی مۆسیقاو گۆرانی کوردیش ئەو جەسارەتە ناکات!

## بە تۆزی پای کێ نەگەیشتن؟!!

دکتۆر ئەحمەد لە دەربڕینی ڕایەکانی خۆی بەردەوامەو دەنووسێ: (واتا کاتێک ئێمە حەسەن زیرەک لەگەڵ ئەم چەند کەسە بەراورد بکەین تازە تێدەگەین لە ڕووی ڕەسەنایەتی هونەریەوە حەسەن زیرەک هیچ بە تۆزی پایان ناگاتەوە کە تەنانەت ناتوانێت خۆی لە درێژەی ڕەوتی ئەوان و مۆسیقای شوناس - هونەری کوردییدا جێ بکاتەوە) مامۆستا لەو چەند کەسە مەبەستی ئەو هونەرمەندە بەڕێزانەیە:(سەی ئەسکەر کوردستانی، حەمەی ماملێ، قادر دیلان، عەلی مەردان، لەم دوایەدا عەباس کەمەندی و کامکارەکان و مەزهەر خالقی و دواجار عەدنان کەریم) ە بەڵێ ..ئەم هونەرمەند بەڕێزانە لوتکەن! سەی ئەسکەری لێ دەربچێ کە هاوزەمەنی زیرەک نەبووەی ئەو هونەرمەندانەی تر هیچیان کەس لێی نەبیستوون و نە خوێندووتەوە کە خۆیان لە زیرەک بە هونەرمەند تر زانیبێ! بەڵام، ئەگەر هەواداری یەکێکیان ..یەک لەو بەڕێزانەی لا لە زیرەک هونەرمەندتربێت ئەوە مافی خۆیەتی! کەچی.. ئەو بەڕێزانە هیچ ڕۆژێک ڕایەکی ئاوایان نەبووە ؛ مامۆستا عەلی مەردان کە زیرەک خۆی لە کاسێتەکەی ئەبوو سەباح دەڵێ: (مامۆستا عەلی مەردان گەورەیە، کورد قەدری نازانێ، من پێڵاوەکانی دەخەمە سەرچاوم) هور ئەو هونەرمەندە گەورەیە مامۆستا عەلی مەردان خۆی گوتوویەتی: پاش مەرگی زیرەک من گەرووم نووساو هیچی تر گۆرانیم بۆ نەگوترا! لە دانیشتنێکدا مامۆستا محەمەدی ماملێ و مەلا حوسێنی



سەرچاوە
Serchawe

عەبدوڵڵا زادە، لە وەڵامی میرزا کەریم خۆشناودا مەلا حوسێنی عەبدوڵڵا زادە دەڵێ: کاکە ئێمە زیرەکمان بە مامۆستای خۆمان دەزانی! ئەم قسەیەش بە ناوی خۆی و مامۆستا ماملێ دەکات و مامۆستا ماملێ خۆشی لەوێ دەبێت و نارەزایی دەرنابڕێ. بۆ هونەرمەندەکانی تریش کە مامۆستا ئەحمەد ئەمانی بە گەورەترو زانستی تر لە زیرەکیان دەداتە قەڵەم! ئەمە ڕای خۆیەتی کەس ئەو ڕایەی لە وان نە بیستووە، جارێکی تریش دەنووسم، منیش وەک بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئەمانی ئەو هونەرمەندانەی بە گەورەیان دەزانێ، منیش بە گەورەیان دەزانم! بەڵام، گەورەیی هیچ هونەرمەندێکی کورد زیرەک لە گەورە هونەرمەندی ناخات!

## بەڵێ حەسەن زیرەک دووبارە نابێتەوە!!

جارێکی تر مامۆستا بۆ داتاشێنی زیرەک لە هونەرمەندبوون دەنووسێ: (واتا میلان کۆندرا وەتەنی حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەری ڕەسەن بێت هونەری بازاڕی و کیچە) بەڵێ هونەرمەند حەسەن زیرەک هونەرمەندی نێو بازاڕو کۆڵان و گەڕەک وماڵان و سەرگەورەترین شانۆو سەرشەقام و نێو خەڵکە، ئەوە نەک لە بەر ئەوەی ئاستی هونەرەکەی نزمە! بەڵکو بە هۆی ئەوەی هونەری زیرەک هونەری هەمووانە و گشتگیرە، لە کاتێکدا لە ماڵان و لە دانیشتنەکان زیرک گۆرانی دەگوت، هەر ئەو زیرەکەش بوو لە ڕادیۆی دوو وڵات و لە پایتەختی دوو وڵات و لە گەڵ بەرزترین تیپی مۆسیقاو باشترین ئۆرکسترای دوو وڵات گۆرانی دەگوت و ڕێزی پێشەوی هونەرمەندایەتی بۆخۆی بەدست دەهێنا! ئەو کە لە گەڵ گەورەترین ئۆرسکستراو زۆرترین مۆسیقا ژەن گۆرانی دەگوت، هونەرمەندی هەموو کورد بوو؛ بە هەمان ئاست و بەرزتریش کە بەتەنیاو بەبێ هیچ ئامێرێکی مۆسیقی دەیچریکاند ..دیسان هونەرمەندی هەموو کورد بوو، زیرەک تەنیا هونەرمەند نە بوو، سەرکردە بوو.. سەرکردەی هونەرمەندان!! ئەو سەرکردەییەی بە هۆی ئەوە نەبوو کە دەسەڵاتدار بوو! بە هۆی دەسەڵاتی بەرزی هونەرەکەی بوو! ئەوە هەر زیرەکە لە کاتێکدا لە بەرزترین ئاستی بەرزو لە سەر دیارترین شانۆی عێراق و ئێران گۆرانی دەڵێ و گویگری لە ژمارە نایەن، ئەوا بە هەمان ئاستی بەرزیش لە نێو بازاڕو سەر شەقامەکانیش کە گۆرانی گوتووەو گوێگرەکانی لە ژمارە نەهاتوون! واتە ئەوە زیرەکە لە هەموو ئاستەکان گوێی لێدەگیرێ و ئەمەش تایبەتمەندیەکە دەس هەموو هونەرمەندێک ناکەوێ! زیرەک هونەرمەندی بەردەوام گوتنە..ئەو پێویستی بە گوتنی بەردەوام هەبوو ..جا ئەو گوتنە لە پایتەخت بۆی بلوابا یان لە کانی مەلا ئەحمەدی سەرسنوور..زیرک ئاوازو شیعری گۆرانی لێ هە ڵدەڕژا..خۆی گوتوویەتی: ئەگەر خەمم هەبووبێت یان دڵشابووبم گۆرانیم بۆ هاتووە زۆرو چاکیشم بۆ هاتووە.. هەتا گوتبێتم گوتوومە، بەم گوتنەش خەمی خۆم ڕەواندووتەوەو دڵی خەڵکیشم شاد کردووە!!



سەرچاوە
Serchawe

## زۆرینەی تێوە گلاو!!

مامۆستا ئەحمەد لەسەر چەکوچکاریەکەی بەردەوامەو پەیکەری زیرەک تیکدەشکێنێ ولە گەڵ ئەوەشدا رەخنە لە زەوقی گشتی کوردەواری دەگرێ ودەنووسێ: (پەیوەندی بۆ ئەم سۆزە فاشیلە دەگەڕیتەوە کە هێشتا لە کورد- دا ئامادەیە خودی ئەم ئەفسانە باوە کە گوایە برێک هونەرمەند چی دیکە دووبارە نابنەوە! خۆی دوو ڕەهەندی هەیە؛ هەم ڕاستە، هەم دان نانە بەسەر نازانستی بوونی ئەو کەسەدا. واتا شتیکی درووستە، بەڵام بە مانای ڕەسەن بوونیان نییە، حەسەن زیرک دقاودق نوێنەری هەمان پلەی ڕۆحیانەتی گشتی کومەڵگا کوردییە سۆزاوییەکەیە کە هێشتا نە ئەفامێت هونەر (بە گشتی یانی چی)، نە بەو ئاستەش گەیشتووە کە گوێ بۆ هونەری ڕاستەقینە شل بکات، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا کە زۆرینە هێشتا زۆرینەیەکی تێوەگلاو لە سۆزی ئان و ساتی گەورە بوونە، مامڵێ دبێتە فەرامۆش کراوەکە و حەسەن زیرەک دەبێتە قارەمانەکە کە چی دیکە دووبارە بوونەوەی نییە.

(لەم پەرەگرافەدا مامۆستا باسی چەند خاڵێک دکات. یەکیان ئەفسانەی دوو بارە نە بوونەوە! واتە حەسەن زیرەکێکی تر دوو بارە نابێتەوە، بەڵێ بە هەموو قیاسان حەسەن زیرەکێکی تر دووبارە نابێتەوە، ئەمە بۆ هەموو هونەرمەندێکی ڕەسەن و داهێنەریش ڕاستە، ئەوەی لێرە بۆ زیرەک ئەم - دوو بارە نە بوونەوە - زۆر دووبارە دەبێتەوە تایبەتمەندی هونەرمەندیی زیرەک و ئاستی بەرزو زۆری داهێنانی زیرەکە! بۆیە ئەمە ڕاستیە کە زیرەک دووبارە نابێتەوە. هونەرمەندی گەورەی مۆسیقای کوردی مامۆستا موجتەبای میرزادە، لە چاوپێکەوتنێکی لە گەڵ بەرنامەی شانشینی تەلە فزیۆنی میدیا لە وڵامی کاک بارزان شاسوار دا دەڵێ: (من ناتوانم باسی حەسەن زیرەک بکەم ..زیرەک زۆر گەورایە، نە لەپێش زیرەک و نە لەدوای زیرەک کەس وەک و ئەو نابێ!) ئەو ڕایەی هونەرمەندی گەورەی هەموو ئێران و کوردستان و ڕۆژهەڵات موجتەبای میرزادەیە دەبێ بە هەند وەربگرێن، ئەو بەڕێزە لە نزیکەوە لەگەڵ زیرەک ژیاوەو مۆسیقای بۆ لێداوەو ئاهەنگی بۆ ڕێکخستووەو شارەزای تواناو داهێنانی بەرزو - فی ئەلبداهەی - زیرەکە و ئەوەی لە زیرەک دا دیویەتی لە هونەرمەندی دا، لە هیچ یەک لەو گۆرانیبێژانەی نەدیوە دواتر کە مۆسیقای بۆ لیداون! ئایا موجتەباش تێوەگڵاوی ئان و ساتە کەیە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، ئیللا هەڵەی فامی نەبێت،!!؟ من بڕواناکەم ئاستی زەوق و هونەر ناسیی مامۆستا موجتەبا هێندە لە خوارەوە بووبێ و تێکەڵ شەپۆلی حەماسەی فاشیلی خەلکە کە بووبێ و ئەویش تێوەگلابێ؟!، بەڵکو ئەوە میرزایە لە گەڵ زیرەک ئاستی زەوقی گوێگرتنی خەڵکیان بردووەتە سەرەوە!!؟ حەسەن زیرەکێک کە زۆربەی هەرەزۆری هونەرمەندو مۆسیقارەکانی ئێران لە کوردو فارس و ئازەرو لە عیراق کوردو عەرەب و هەتا ئەرمەنی و ترک و بگرە تادەگاتە بەشێک لە ڕۆژئاواییەکان دان بە گەورەیی و لێهاتوویی ئەو (حەسەن زیرەک) دادەنێن! کەچی مامۆستایەکی ئەکادیمی و گەنجێکی کوردی خۆمان، دێت و هە موو ئەو جەماوەرە زۆرەو ئەم هە موو هونەرمەندە گۆرانیبێژوو مۆسیقارە گەورانەی کوردو فارس و ترک و

ئـازەرو ئەرمەن و عەرەب و کـێ وکـێ بەڵادەنـێ و ئەمـانە هەمـووی - بەهـۆی کەم فـامی و ئـاستی نزمی زەوقـی - دادەنێت و هەمـوو ئەو پێناسـانە لە زیـرەک دەستێنێتەوە کە هونەرمەنـدان بە قەنـاعەتەوە پێانـداوە، زیـرەک ئەعجـوبەیە، زیـرەک نـابیغەیە، زیـرەک ئەفسـانەیە، زیـرەک قوتـابخـانەیە، زیـرەک مامۆسـتـایە! دەگێـڕنەوە گەورەتـرین مۆسـیقاری ئێـران کە سەرپەرشتی گەورەتین ئۆرکسترای ئێرانی دەکرد لە تـارانی پایتەخت، لە کـاتی تۆمارکردنی گـۆرانیەک بـۆ زیرەک، ڕوو لە ئەندامانی ئۆرکستراکەی دەکـات و دەڵـێ: ئاگـاداربن پێویسـتە ئێـوە لە دوای زرەک بـڕۆن؛ بەتەمـای ئەوە مەبـن زیـرەک دوای ئێوە کەوێ ! ئەمە بۆخۆی جارێکی تر مامۆستایەتی و سەرقافلەیی هونەرمەندان بۆ زیـرەک دەسەلمێنێ! ئەمە ڕاستە زۆربەی خەڵکی ئـێمە پەروەردەی زەوقـی هونەریمـان لە ئـاستێکی بەرز نیە! بەڵام، هەر ئەو خەڵـکە بە زۆری، ئەگەر نەڵـێم وەک زیرەک ئەوا زۆر کەمتر نا ..گوێ لەو هونەرمەندانە دەگرن کە دکتۆر ئەحمەد بە ڕەسەن و هونەرمەند و داهێنەریان دەزانـێ، وەک مامۆستا مـاملێ و مامۆستا عەلـی مەردان و مامۆستا مەزهەری خـالقی و سەی ئەسکەری کوردستـانی و مامۆستا عەدنـان کەریـم و مامۆسـتا عەباسـی کەمەنـدی و ئەوانـی تـریش .. ئەرێ ئێسـتـاش ئەو جەمـاوەرە کە بەم ژمـارە زۆرە گـوێ لەو هونەرمەندانەش دەگرێ!! هەر ئاستی زەوقیان نزمەو تێوە گلاوی سۆزی حەماسیی و کام فامینە؟!؟

## هونەرمەند ماملێ بۆچی فەرامۆش کراوە؟

هەر ئێستا کە ڕۆژی هەینی و ٢٣ - ٤ - ٢٠٢١ لە یوتیوب سەیری ڤیدیۆیەکی گـۆرانی (مامۆسـتا ی هونەرمەنـد مـاملێ) م کـرد بەنـاوی - یادی بەخێر - ١٢٦٤٩٠٣ یەک ملیۆن و دووسەت وشەست و چوار هەزارو نـۆ سەت و سێ جـار گـوێی لێگیـراوە لە ماوی شەش ساڵ و تەنیا لە یەک گۆرانی... دەی بە قوربان.. ئەمە فەرامۆشکردنی ماملێ یە؟! مامۆستا ئەحمەد ئەوەندە لە زیـرەک تـوڕەیە، بە هـۆی ئەو تـوڕەییە غەدر لە مامۆسـتا مـاملێش دەکـات، کە گـوایە دەیـهەوێ بەرگـری لێبکـات! ئێسـتا گەنجیـک و کەسـێکی کە کاریـان لێکـۆڵینەوە نـیە و هەواداری هونەرمەنـد مامۆسـتا مـاملێ نە! کە ئەو ڕایەی مامۆسـتا دەخوێنێتەوە، لە دڵ و مێشکیان دەچەسپێ کە مـاملێ تەنیـا چەنـد کاسێتێکی لادێـی تۆمـارکردووەو فەرامۆشـکراوەو غەدری لێکراوەو ئەو غەدرەش بە هۆی حەسەن زیرەکە وەیە!! زۆر بەداخەوە.

## بەڵێ زیرەک بێ پشت و پەناترین هونەرمەندی هە موو جیهان بوو!!

دکتۆر ئەحمەد ئەمانی بەردەوام دەبێت و دەنووسـێ:( چیهـا ئـەم ئەفسـانەیە بـاوە؛ کە حەسـەن زیـرەک کەسێکی تـەنیا و بـێ پشت و پەنا بووە، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا ماملێیە کە بـێ پشـتیوان تـرین کەسـی سەردەمی حەسـەن زیـرەک بـووە، نـەک ئـەم ئەفسـانە کە حەسـەن زیـرەک بـێ کـەس بـوو) ڕێـزی زۆرم بـۆ مامۆسـتای هونەرمەنـد مـاملێ، وەک کوردێـک و هونەرمەنـدێک و خـانوادەیەک کە سـەر بە خەبـات و نیشـتمان بـوو، بـێ کێشـەو گرفـت نەبـووە، ئـازارو بەنـدیخانەی دیـوە، بەڵام، ژیـانی

خانوادەیی و مالباتی ماملێ هە ر گیز لە گەڵ ژیانی زیرەک بەراورد ناکرێ؛ بە خۆڕایی نە بوو زیرەک بە هەر زمانێک کە دەیزانی هاواری دەکرد: (جێم نیە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێ لانەخۆم! نە در غوربت دلم شادو نە رویی در وگن دارم..الهی بخت برگردد ازین گالع کە من دارم! هر یەنەنەن گیدرم غریبم غریب! قەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم، ئەی خودا چەند بێ کەس و بەدبەخت و چارە ڕەشم!! بێ کەسم لەو بەغدایە ..دەیان هاوارکردن و نالاندن لەدست بێکەسی و بێ جێ و ڕێی!!) ئەگەر ئەم شێعرانە جارێک لەگەڵ ژیانی شاعیرەکان بگونجێن؛ ئەوا دەیانجار لە گەڵ ژیانی زیرەک دەگونجێن! بێ کەسی زیرەک لە نێو ماڵ و لە منداڵیەوە دەست پێدەکات و باوکی دەمرێ و دایکی شودەکاتەوەو هەر بە منداڵی دەکەوێتە کۆلانان و گاوانی نۆکەری ئاغادەکات و وەک خۆی لە کاسێتەکەی ناسراو بە - کاسێتی ئەبوو سەباح ناسراو - دەڵێ: جێم نەبۆوە.. لە ئێران و لە عیراق جێم نە بۆوە! لە جێگایەکی تر دەڵێ: لە هەموو جیهان جێم نە بووەولە هەموو جیهان ..فەقەت من ماندوو بووم شەکەت بووم هیلاک بووم!! تا دواجار - ئاخی پیری دەیباتەوە شنۆو - لەو پەڕی هەژاری و بێ کەسیدا بەدەستی ساواکیان ژەهر خواردوو دەکرێ و لێی دەکات بە سەرەتان وبەو نە خۆشیەوە دەمرێ (٤*) کە دەمرێ... خانووی کرێیە! لە نێو خانووێکی کرێ و لە ماڵێکدا دەمرێ بەرەکەی ژێر پێی خواستووتەوە! هەر زیرەک بۆ خۆی لە چریکەی کوردستان دا دەنووسێ: هەر کەس بێ کەس بێ و بەرەڵلایی - وەک منی لێ بێ زەحمەتە چابێ!! بە کورتیەکەی ژیانی زیرەک بە دۆزەخ دەستی پێکردو هەر بە دۆزەخیش کۆتایی هات.!! ماموٚستا ئەحمەد چۆن کە وەک دەردەکەوێ هیچ یەک لەو کتێبانەی نە خوێندووتەوە کە باسی ژیانی زیرەک دەکەن، دەنا.. دڵنیام ئەگەر تەنیا - چریکەی کوردستان - ی بخوێندبوایەوە ڕایەکانی بەم شێوەیە نەدەبوو. هەر ئەوەشە کە بەردەوام ڕایەکانی خۆی لە پشتی بێ ئاگایی لە ژیانی زیرەک بێ بەڵگەیی دا دەردەبڕێ! دیسان دەنووسێ: (لە حاڵێکدا کۆی گشتی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ حەسەن زیرەک بوو.

هیچ هونەرمەندێک، ئەوەندەی کۆمەڵگای کوردی خزمەتی حەسەن زیرەکی کردووە لە لایەن کوردەوە خزمەتی نەکراوە، هەر بەم بۆنەشەوە بوو کە حەسەن زیرەک ئەم مەجالەی لە ژیانیدا بۆ ڕەخسا کە بە دەیان شار و شارۆچکە بگەڕێت و لەسەر ئەم خوانە جەماوەریە ژنی جۆراجۆری لێ بێنێت و بەوپەڕی سەرسوورمانیشەوە ملکیەتی قارەمانە تەنیاکەشی بۆ خۆی داگیر کردووە و هەمدیسان بۆ ئەبەد سۆزی جەماوری کوردی ئەم سەردەمە لە دوای خۆی دەکێشێتەوە.) بەڵێ.. خەڵک یارمەتیی زیرەکیان داوە! بەڵام، ئەوانەی لە کۆمەڵگای کوردەواری یارمەتی زیرەکیان داوە، تاک تاک و جار جارە بووە و یارمەتی کورت مەودا بووە، بە جەمە نانیک و شەوە حەواندنەوەیەک بووە! بەڵام؛ ئەوانەی دژایەتی زیرەکیان کردووە، دەزگا بەدناوەکانی دوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بوون و هونەرمەندە گەورەکان!؟ و نووسەرە دەست ڕۆیشتووەکانی!؟ ئەم دوو وڵاتە بوون! ئەوانەی ژیانی خۆشی - ئەمسال من زۆر بەختیارم - ی زیرەکیان لە سەردەمی تاران و کرماشان و ژیانی پێکەوەیی لەگەل میدیای زەندیا و - چەندم پێ خۆشە ناوماڵ - خودا هێندەم نە کوژێ ئارەزوو پێم بڵێ بابە!! تێکداو زیرەکیان

هەرەتەی سەر سنوورو - کانی مەلا ئەحمەد - کردوو میدیاو منداڵەکانیان لە - شارێکی غەریب - بێ زیرەک کرد؛ بە دڵنیاییەوە ئەوە دەنووسم.. ئەگەر ئەو هە موو خەلکە کە بە ئاسانی و بەردەوام گوێ لە دەنگی زیرەک دەگرن؛ ئەگەر بۆیان بکرێ بە کەمێک زەحمەتەوە ژیانی زیرەک بخوێننەوە، ئەوا بێ شک هە ودارانی زیرە دوو چەندان دەبن. ژیانی زیرەک هـی ئەوەیە شانامەو داستان و ڕۆمان و زنجیرە تەلەفزیۆن و فلیمی سینەمایی و چی و چێ لێبەرهە م بێت!!

## باساڵێ دووجارم تێهەڵبدەن!!

ئەرێ برای بەڕێزم دکتۆر ئەحمەد ئێوە ئەو ڕاپۆرتانەتان دیوە کە - ساوکیەکان - لە سەر زیرەک و میدیای زەندیان نووسیوەو لە بەرگەکانی کتێبی (چپ در ایران بە روایت اسناد ساواک دا بلاوکراونەتەوە؟ دیوتە ساوکیەکان چیان نووسیوەو چۆن بەدوای هە ناسەی(میدیا وزیرەک)ەوە بوون و هەموو کارو چالاکیە ڕادیۆییەکانیان بەدگومان کردوون و دەزگای ساوکیان لێ دنە داون! ئەو ساواکیانەی شانازیان بە ساواکی بوونەوە دەکردو خۆیان بەو سێ سەت ڕوپیەوە هەڵدەکێشا کە لە پای ڕاپۆرت نووسینەوە وەریان دەگرت!؟ لە کاتێک دا زیرەک ئەو داوایەی ساواک ڕەتدەکاتەوە؛ کە داوای لێ دەکەن بچێ لە عیراق کاریان بۆ بکات و لە بەرامبەردا خەڵکێکی زۆری بخەنە ژێردەست و پارەیەکی زۆری پێ بدەن! زیرەک ئەمە ڕەت دەکاتەوە وەک لە کتێبەکەی میرزا کەریم خۆشناودا نووسراوە دەڵێ: ئەوە کاری من نیە و بشتوانم نایکەم و ئەو کانیەی ئاوم تێدا خواردووتەوە بەردی تێناخەم و خۆم شەرمەزاری عیراقیەکان ناکەم و باساڵێ هەر.. دوو جارم تێهەڵبدەن!! دواجار ئەم ڕاپۆرتانە کاری خۆیان کردوو زیرەکیان لەسەردەمی زێڕینی تارانی پایتەخت و کرماشانی کوردنشین ڕادیۆ کردەدەرەوە. لەم ڕۆژانە بە ناچاری جارێکی تر ڕوو لە عیراق دەکات و دەیەوێ جارێکی تر لە ڕادیۆی بەغدا کاربکات؛ بەڵام، دوژمنانی زیرەک لە بەغداش، پاش ئەم هەموو ساڵ و ئەم هەموو داهێنانە و داگیرکردنی ڕێزی پێشەوەی هونەرمەندانی دوو وڵات!! بۆ سوکایەتی پێکردن جارێکی تر دەنگی تاقیدەکەنەوەو لە ئەنجام دا پێی دەڵێن: تۆ دەنگت بۆ ڕادیۆ دەست نادا!! وەک ئەوەی لە ڕادیۆی کرماشان بەڕێوە بەری بەشی کوردی بەزیرەک دەڵێ: چیتر پێویستمان بەتۆ نیە! هەزارو پێنج سەت گۆرانی تۆمان هەیەو بەسمانە و بەڕێوەبەری بەشێ کوردی ڕادیۆی تاران بە پۆلیسی بەردەرگای ڕادیۆ دەڵێ..ڕێگە نەدەن زیرەک بێتە ژوورەوە !؟! مامۆستای بەڕێز دکتۆر ئەحمەد ئەوەتە لەو دەزگا ڕادیۆییەی کە جێگای کارو چالاکی زیرەک بوو و خزمەتی زۆری تێدا کردوون، لە ئێران و عیراق، سەیرکە چ کەسانێک و بە چ شیوەیەک زیرەک ڕوحشکێن و دڵشکێن و هونەرشکێن دەکەن و ڕێگای هونەری لێدەگرن و دەرگای ئێستگەی بەڕوودا دادەخەن و ڕاوی دەنێن بەرەو مەرگی ژەهراوی!؟!

## جارێکی تر کێ بێ کەسە؟؟

مامۆستا ئەحمەد ئەمانی و هە رکەس ئازادن چ هونەرمەندێکیان خۆش دەوێ و بەکێش دا هەڵدەڵێن! بەڵام، ئەوەی لە بەرێزێکی وەک مامۆستا ئەحمەد ئەمانی ناوەشێتەوە ئەو هە موو داشۆرینەی زیرەکە لە هونەرمەندی بەبێ بەڵگەو سەلماندن! سەیرکە چی دەنووسێ: (حەسەن زیرک دقاودق نوێنەری هەمان پلەی ڕۆحیانەتی گشتی کومەڵگا کوردییە سۆزاوییەکەیە کە هێشتا نە ئەفامێت هونەر (بە گشتی یانی چی)، نە بەو ئاستەش گەیشتووە کە گوێ بۆ هونەری ڕاستەقینە شل بکات، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا کە زۆرینە هێشتا زۆرینەیەکی تێوەگلاو لە سۆزی ئان و ساتی گەورە بوونە، ماملێ دبێتە فەرامۆش کراوەکە و حەسەن زیرەک دەبێتە قارەمانەکە کە چی دیکە دووبارە بوونەوەی نییە) پیاوکە ئەم پەڕەگرافە دەخوێنێتەوە، ئەگەر شارەزای ژیانی مامڵێ و زیرەک نەبێت ئەوا وای دێتە بەرچاوکە ئەوە زیرەکە بە هەموو توانایەکی کە هەیبوو، ڕێگای کاری هونەریی لە مامڵێ گرتووە! ئەوەندەی ئێمە شارەزای ژیانی هونەرمەند مامڵێین، ژیانی مامڵێ زۆر لە ژیانی زیرەک گونجاوترو لە بارتر بووە بۆ هونەرو ئاسودەیی، مامۆستا مامڵێ - ئەگەرچی ئەویش بێ گرفت وکێشە نەبووە - بەڵام، زۆربەی کات لە نێومال و خانوادەو شارو وڵاتی خۆی بووەو ڕادیۆی مەهابات زۆر لە ماڵەکەی دوور نەبووە، ئەوە مامۆستا مامڵێیە کە خۆی ئەو ژیان و شیوە هونەرکردنەی بۆ خۆی بە پەسند زانیوەو هونەرەکەی ئاوا درێژە پێداوە - ئەو هونەرەی مامۆستا ئەحمەد پێی دەڵی: چەند کاسێتێکی لادێی!!! ئەوە زیرەکیش بووە داوای لە هونەرمەند مامڵێ کردووە بچیتە ڕادیۆو گۆرانی بلێ و لە وپێکەوە گوتنەشدا، زیرەک وەک - کۆڕس - گۆرانی بۆ مامڵێ گێراوەتەوە! بۆیە هیچ کەس مامڵێ فەرامۆش نەکردووە نە خاسمە زیرەک!! هەر ئێستاو ئەودەمیش کە هەردوکیان لە ژیان دابوون لە هونەرو ناوبانگدا ئەم دوانە هاوشانی یەکتربوون و لە هەرکوێ ناوی زیرەک هاتبێ ناوی مامڵێی بەداوە بووە ئەوەش کە مامۆستاش زیرەک بە قارەمانە نارەواو ناشایستە کە دەزانێ! ئەوقارەمانیەتیەی زیرەک کەس خێری پێ نەکردووە، بە هۆی گەورە هونەرمەندی و داهێنانی زۆرو ژیانە ئەفسانەییەکەی خۆیەتی! زۆر بەداخەوە دکتۆر ئەحمەد بەم ڕایانە دەری دەخات کە هیچ خۆی بەوەوە ماندوونەکردووە شتێک لە ژیانی پڕئازرو دەربەدەری و دۆزەخئاسای زیرەک بخوێنێتەوەو بزانێ!؟! سەیرکەن لە بەردەوامی نووسینەکانی مامۆستا ئەحمەد چێ دەنووسێ:( ئەم ئەفسانەیە باوە؛ کە حەسەن زیرەک کەسێکی تەنیا و بێ پشت و پەنا بووە، بەڵام ئەوە لە ڕاستیدا مامڵێ یە کە بێ پشتیوان ترین کەسی سەردەمی حەسەن زیرەک بووە، نەک ئەم ئەفسانە کە حەسەن زیرەک بێ کەس بوو، لە حاڵێکدا کۆی گشتی کۆمەڵگای کوردی لەگەڵ حەسەن زیرەک بوو.

هیچ هونەرمەندێک، ئەوەندەی کۆمەڵگای کوردی خزمەتی حەسەن زیرەکی کردووە لە لایەن کوردەوە خزمەتی نەکراوە، هەر بەم بۆنەشەوە بوو کە حەسەن زیرەک ئەم مەجالەی لە ژیانیدا بۆ ڕەخسا کە بە دەیان شار و شارۆچکە بگەڕێت و لەسەر ئەم خوانە جەماوەریە ژنی جۆراجۆری لێ بێنێت و بەوپەڕی سەرسووڕمانیشەوە ملکیەتی قارەمانەتەنیاکەشی بۆ خۆی داگیر



سەرچاوە
Serchawe

کردووە و هەمدیسان بۆ ئەبەد سۆزی جەماوری کوردی ئەم سەردەمە لە دوای خۆی دەکێشێتەوە. واتا هیچ لەسەر خوانی جەماوەر بە کەیفی خۆی ژیانی کردووە، ئاوا بەوپەڕی سەورسووڕمانەوە هەموو سۆزی ئەفسانەی (تەنیا بوونی هونەرمەند)یشی بۆ خۆی داگیر کردووە) لێرە من ناخوازم بێکەسی ماملێ ڕەتبکەمەوە، دەزانم هونەرمەندو شاعیرانی ڕەسەنی کورد لەسەردەمی بێ دەوڵەتی داو ئێستاش هە موویان بێکەسن!؟ بەڵام، لە نێو بێکەساندا ئەوە زیرەکە پاڵەوانی بێکەسییە! ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردی خزمەتی زۆری زیرەکی کردووە، هەر ئەم ڕایە جارێکی تر ئەوە دەردەخا کە دکتۆر ئەحمەد تەواو بێ ئاگایە لە وردو باریکی ژیانی زیرەک؛ لێرە ڕووی دەمم دەکەمە دکتۆرو تکای برایانەی لێدەکەم، هێندێک زەحمەت بداتە بەرخۆی کتێبی چریکەی کوردستان، کە زیرەک باسی ژیانی خۆی دەکات لە ڕۆژی لەدایکبوونەوە تا گەڕانەوەی لە عیراق بۆ ئێران و هەروەها هەردوو بەرگی - هەندێک لەبەسەرهاتەکانی زیرەک - کە میرزاکەریم خۆشناو هاوڕێی چوارساڵ پێکەوەیی زیرەک نووسیویەتی، چوار ساڵەیی سەردەمی دەرکرانی زیرەکەوە لە ڕادیۆی کرماشانەوە تا ژەهر خواردن و مردنیەتی، بخوێنێتەوە!! بە دڵنیاییە وە پاش خوێندنەوەی ئەم سێ کتێبە  دکتۆر ئەحمەد بە چاکی دەزانێ کێ بێکەسە و بە جۆرێکی دی باسی زیرەک دەکات!!

## پاشایەک لەتاران!!

دکتۆر باسی ئەوەدەکات کە زیرەک زۆر گەڕاوەو چووەتە وڵات و شاران!(جێم نیە تیا بسرەوم خاکم بەسەر بێ لانە خۆم ..بێ کەس و بێ دەر بێ یارو هاودەم بێ مەیی و مەیخانە خۆم! ئەی نا ئومێدی ئەی نائومیدی ئەی ڕەنجە ڕۆیی و دڵ نائومێدی بەدبەختی وەک من ساکێ دی)

؟؟زیرەک کە گەڕاوە بەشی زۆری گەڕانەکەی وەک قانیعی مەزن بۆ خۆی دەفەرمووێ: (خودا ئەو پێیانەی بۆ دوو شت داوەتە من، یەکێ لەدست دوژمن ڕابکەم و دوو بەدوای ناندا غار بدەم) ئەمە ڕێک بۆ زیرکیش ئاوایە، زیرەک هەموو گەڕانەکانی هەڵاتنی دەستی دوژمن بووەوغاردان بووە بە دوای نان دا! زیرەک وەک هونەرمەندێک لە هیچ وڵاتێک کارتی داوەتکردنی بۆ نە هاتووەو فەرشی سووری بۆ ڕانەخراوەو لە فرۆکە دانە بەزیوە! هەمیشە بە قاچاغی و بە ترسەوەو بە هەژاری و بە گیراوی بەندیخانە گۆڕکێی کردووە!

## سەرسفرەی خەڵک!!

مامۆستا دەنووسێ زیرەک لە سەرسفرەو نانی خەڵک ژیاوەو ژنی زۆری بۆ خۆی هێناوە!! دکتۆردەزانێ زیرەک هونەرمەند بوو ئەگەر لە ژیانی خۆی دا تەنیا - حەقولئیبداعی - وەرگرتبایەو مافی نە خورابوایە، نەک هەرخۆی بەڵکو دەیتوانی

دەوڵەمەندترین هونەرمەند بێت و خەڵکێکی زۆریش بە خێو بکات، ئەگەر دکتۆر تواناو زەقی ئەوەی هە بێت (پاشایەک لەتاران و هونەرمەندێک لە لوتکە دا)(٥*) بخوێنێتەوە کە باسی ژیانی ئەو سێ چوار ساڵەی زیرەک دەکات لە تاران و ئەوکات کە مافی هونەرمەندی خۆی بەتەواوی وەردەگرت ..سەیرکە زیرەک چۆن بووە بە پشت و پەنای کوردەکان لە تاران و ٠ نەخۆش - و گیراو - و - هەژار- ەکانی وەرگرتووەتەو یارمەتی بێ سنووری داون!؟ ئەوەی زیرەک لەو ماوەیەدا بۆ کوردەکانی کردووە لە تاران، لە کاری حزبێک و وەزارەتێک و رێکخراوێکی خێرخوازی تێپەڕیوە، ئەوە ئەگەر ئەو حزب و وەزارەت و دەزگایە بەدروستی خزمەتیان کردبا!؟ کوردی بێکەس لە تاران کە ڕوویان لە زیرەکناوە بۆ یارمەتی، زیرەک دانەنیشتووە هە تا ئەوەی پێی کراوە بۆی کردوون بەماڵ و بەکار، بەداخەوە ئەو بەڕێزانەی زیرەک لەو ماوەیەدا یارمەتی بێ مننەتی داون هێندە خۆیان ئەزیەت نەداوە ئەو ڕاستیانە باس بکەن، دەنا ژمارەیەکی زۆردەبووایە ئەو چاکەو پیاوەتیەی زیرەک باس بکەن!! میدیای زەندی دەگێڕیتەوەو دەڵێ: ڕۆژێ لە ڕۆژنامەیەک بۆ زیرەکم خوێندەوە کە گەنجێکی مەهابادی فەلەجەو توانای کرێنی عارەبانەیەکی نیە، بۆ ئەوەی کارێکی پێ بکات و ژن و منداڵەکانی بە خیو بکات، دەڵێ کە زیرەک ئەمەی بیست، بۆ بەیانی فەرشیکمان هە بوو بردی فرۆشتی و لە شیرو خورشیدی ئێرانی دوو چەرخەیەکی کرێ و لەتارانەوە بردمانە مەهابادو دامان بە گەنجەکەو سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە تا گەنجەکە فێری ئەوە بوو دوو چەخەکە بە کاربێنێ و کاری پێبکات ئەوسا گەڕاینەوەتاران !(٦*) دەی خوێندەواری خۆشەویست خۆت ئەم کارەی زیرەک هە ڵسەنگێنە و بڕیاربدە!؟

## جێم نە بووە لە ئێراق و لە ئێران!!

زیرەک نە لەکارکردند کەسێکی بێ توانا بوو نە لە هونەرمەندی دا، بەڵام، ئەو پیاوێکی مەزن بوو لەسەردەمێکی نزمدا ژیا و ئەو لە هیچ جێگایەک لێنەدەگەڕان کوچاگری ڕەش بێت! زیرەک لەسەر سفرەو نانی خەڵک دەژیا؟؟!! باوابێ! ئێستا نموونەیەک لەو نان و سفرەیەت دەهێنمەوە دکتۆر گیان ... ساڵێک و جارێک لە جاران زیرەک لەشاری سلێمانی، شەو لە ماڵێک و لەسەر سفرەکەیان نان دەخوا!! دواتر شەو هەر لەو ماڵە ئاهەنگێک دەگێڕی و خاون ماڵی ئاهەنگە کە لە کاسێتێک تۆمار دەکات، بۆ بەیانی ئەو کاسیتە (٣٠٠) دیناری ئەوێ ڕۆژێی عێراقی دەدەنێ؛ کابرا داوای زیاتر دەکاتو نایفرۆشی، کە ئەودەم سێ سەت دینار خانووێکی پێدەکڕدرا! تۆبڵێ برای خوێندەوارم ..ئەگەرزیرەک ئەو پارەیەو پارەی هەموو ئاهەنگ و کاسێتەکانی وەرگرتبا پێویستی بەنانی سەر سفرەی کەس دەبوو!؟ بەداخەوە ئەوە حەفتا ساڵە بازرگانانی هونەرو گۆرانیەکانی زیرەک پارەی مافی ڕەوای زیرەک و منداڵەکانی دەخۆن و کەسێک بیر ناکاتەوە لەو داهاتە بەردەوامە کەمێکی بە کەس و کاری زیرەک بداتەوە!!، هەفتا ساڵە لە کوردەواری خەڵکانێکی زۆر لەسەر پارەی هونەری زیرەک دەژین! ئێستا کەی ڕەوایە ئێمە جەمەنانێک بە جاوی زیرەک دابدەینەوە، زیرەک ئەگەر ژیانێکی ئاسودەی هەبوایەو مافی هونەرمەندی خۆی وەرگرتبایە! وەک ئەو چوار ساڵەی کە لە تاران حەقی خۆی وەردەگرت!؟، ئەوا بێشک یەکێک دەبوو لە هونەرمەندە دەوڵەمەندەکانی ئێران! دەی خۆ ئەگەر بە فارسی گۆرانی گوتبا ..ئەوا بە حیسابی خۆی نەدازانێ!! هەر



سەرچاوە Serchawe

زیرەک خۆی دەتوانی باسی ژیانی کوێرەوەری خۆی بکات و لە کاسێتەکەی ئەبووسەباح بەو پەڕی حەسرەتەوە دەڵێ:(جێم نە بووەوە لە عیراق و لە ئێران جێم نە بووەوە، ئێستا لە نێوان ئەم دوو کێوە چایخانەیەکی عەجاییم داناوەو کاسبی تێدا دەکەم! هونەر بۆمن بەهرەیەکی نەدا هونەر بۆمن وکارێکی نەکرد بە دوایابچم، چۆن کوردم بە کوردی قسەدەکەم!!) بەڵی کورد بوونی زیرەک خوێنی لێدەچۆڕێ! بەداخەوە کوردەواری زۆری ماوە تا زیرەک وەک خۆی بناسێ؟؟

## ژنهێنانی زۆر!!

دکتۆر ئەحمەد گلەیی لەوە دەکات کە زیرەک بەکەیفی خۆی ژنی زۆری هێناوەو ڕایبواردووە!! ئەوەیە کەدەڵێم دکتۆر ئاگاداری ژیانی زیرەک نیە، بە خۆڕا ناڵێم!! زیرەک لە گەنجی و یەکەم جار کە ژن دێنێ و دوایی بە هۆی ڕووداوێک دەگیرێ! ئەو شەوەی کە بەردەبێ و دەچێتە ماڵەوە، دەبینێ ئەوە دایکی خەریکی گواستنەوەی ژنەکەیەتی بۆ براکەی!!! زیرک کە ئەمە دەبینێ لە حەژمەتان سەر هە ڵدەگرێ وتاران و عەبادان و بەسرا خۆتان بگرن زیرەک هات!؟ دکتۆر پسپۆریەکەی ڕاوێژکاری دەروونی خانوادەییە! دەی برا پسپۆرەکەم ئەم ژیان و ئەم کارەی خانوادەی زیرەک و زۆری تر شیبکەرەوە و بڕیاری زانستیانەی خۆت بدە.!!

زیرەکیش وەک هە رکەسێک حەزی دەکرد ماڵێکی گەرم و خێزانێکی ئاسودەی هە بێت و ئەو ژیانەشی بەردەوام بێت. بەڵام، ژیانی زیرەک لەدەست خۆی نەبوو، دوژمنانی نێو خۆو دوو دەوڵەتی داگیرکەر هە لیاندەسوڕاند!! زیرەک کە لە بەغدا بوو ژنە جوان و لێهاتوو خانەدان(گەوهەر خانم)ی خواست و گۆرانی - گەوهەرێ - ی بۆ گوت. هەرگیز حەزی نەدەکەر ناچاربێت وئەو گەوهە رە بە جێی بهێڵێ!!! دیسان کە لەتاران دەگیرسێتەوەو میدیای زەندی دەخوازێ و شەو لە ماڵی خۆی دەنوێ و بەیانی لە ماڵی خۆی لە خەو هەڵدەستێ، دەبێتە خاوەن، ماڵ و ژن و منداڵ ... ئەم ژیانەی زۆر پێ خۆش دەبێ و دەچریکێنێ: بولبول ئەمساڵ من زۆر بەختیارم ساحێبی مەهتاب گوڵی بەهارم، دەبێژێ و هاورا دەکات چەندم پێخۆشە ناوماڵ! بەڵی زیرەکیش مرۆڤ بوو حەزی دەکرد ماڵ و ژن و منداڵی هە بێت و تێیدا بسێتەوە! بەڵام، ساواک و ساواکیەکان ئەو ژیانەیان بە زیرەک ڕەوا نەدی و ئەو ماڵە خۆش و بە هەشتە بچوکەیان لێ تێکداو سەرەو ژێریان کردەوە بۆ دۆزەخی ژیان! هەرلەو ڕۆژەی لە ڕادیۆ دەرکرا ساواک بە دوایەوە بوو لێنەدەگەڕا لە هیچ کارێک بەردەوام بێت و لە هیچ شوێنێک کوچاگر ڕەش بکات، ڕابیعە خانم گوتەنی: هەرناوە ناوەش بە فیتی ساواک چەقۆکێشەکان لە سنەو کرماشانەوە بۆی دەچوون و لە خوێندا سووریان دەکرد!! زیرەک دەڵێ: زۆر جار لێیانداوم، بە خوا بۆخۆشم نەمزانیوە بۆچی ولەسەرچی لێمدەدەن!!

زیرەک هونەرمەندێکی ئاشقە ژیان وئاشقە ژن وئاشقە جوانیی بووە، دەڵێن گوتوویەتی: ئەگەرژنم لێدیار نەبێ گورانیم بۆ ناگوترێ! تا جارێک لە ڕادیۆی بەغدا لە کاتی تۆمارکردنی گۆرانی سەیرەکەن ئەوا زیرەک کاغەزێکی لە پێشەو جار جار سەیری دەکات! دەڵێن بە خوا زیرەک ڕاستناکا خوێندواری هەیە، ئەوەنی ئەو کاغەزەی لەبەردەمە، کە گۆرانیەکە تەواو



سەرچاوە Serchawe

دەبێت، دەڵێن زیرەک ئەوە چیە ؟ سەیری کاغەزەکەدەکەن دەبینن وێنەی ژنێکە بە جوانی کێشراوە! دەپرسن ئەوە ژنە چیە زیرەک؟ لە وەڵام دا دەڵێ من ئەگەر ژنم لێدیاربێ چاکتر گۆرانت دەڵێم، چۆن هیچ ژنێک لێرە نەبوو هەر بۆ ئەمەش خۆم ئەم وێنەیەم کێشا و لە کاتی گۆرانی گوتندا جار جار سەیرم دەکرد!؟ مامۆستا ئەحمەد ئەوەدەزانێ هونەرمەندانی ناودارو سەرکەوتوو دەنگ خۆش چیرۆکی زۆرو سەیریان هەیە لە گەڵ - ژن - دا، ئەوەندەی زیرەک بەدوای ژندا گەڕاوە، هێندەش ژن بەدوای داچوون!! تۆبڵێ! ئەگەر زیرەک ژیانێکی ڕاوستاوو ئاسودەو جێگیری هەبوایە؛ ناچار دەبوو هێندە ژن بێنێت؟ کە ساواک و ساواکیەکانی دەورو بەری میدیای زەندی و زیرەک لێکدەکەن، زیرەک گۆرانی - هەردەرواو بە جێم دێڵێ! دەڵێ ..ئەم گۆرانیە دەری دەخات کە زیرەک چ ئازارێکی کێشاوە لەوەی کە لە ژن و منداڵ و ماڵ و کارەکەی دەکەنەدەرەوە!

زۆری ژنهێنانی زیرەک هۆیەکەی دەروونی کەسیی و خانوادەیی هونەرمەندی وەدەربەدەرییە!! ژن و ژیانی زیرەک هی ئەوەیە کەسێکی پسپۆر لە باری دەروونی مرۆڤ و باری خانوادەیی لە کوردەواری لێکۆڵینەویەکی دوورو درێژی لە بارەوە بکات.

## زیرەک نوێنەنەری کێە؟!

دکتۆر ئەحمەد لە تەک( تونەکردن - و - ڕەشکردن)ی زیرەک، دەست بۆ باڵای میللەتیش دەبات و بەم شێوەیە باسی دەکات:(حەسەن زیرک دقاودق نوێنەری هەمان پلەی ڕۆحیانەتی گشتی کومەڵگا کوردییە سۆزاوییەکەیە کە هێشتا نە ئەفامێت هونەر (بە گشتی یانی چی)، نە بەو ئاستەش گەیشتووە کە گوێ بۆ هونەری ڕاستەقینە شل بکات، کەواتە لەم کۆمەڵگایەدا کە زۆرینە هێشتا زۆرینەیەکی تێوەگلاو لە سۆزی ئان و ساتی گەورە بوونە، مامڵێ دبێتە فەرامۆش کراوەکە و حەسەن زیرەک دەبێتە قارەمانەکە کە چی دیکە دووبارە بوونەوەی نییە) لەو نووسینەی دکتۆر ئەحمەد ئەوە دێتە دەس کە کۆمەڵگای کوردەوار - بەگشتی -ی سۆزاویەوە نافامێت هونەر چیە وهونەری ڕاستەقینە نازانێ و زۆرینەی تێوەگلاوی سۆزی ئان و ساتی گەورە بوونە!! هەر لە بەر ئەوەی گوێ لە دەنگی زیرەک دەگرن!! ئەم گشتگیریەی دکتۆر ئەنجامی ئەو ڕق و تورەییەیە کە دکتۆر لە زیرەک هەیەتی، ئەوەندە ڕقەکە بووە بە سۆز لە بیری چووەتەوە کە بەڕێزیان پسپۆری دەروونشیکاری خانوادەیی و کۆمەڵایەتین و قسەی ئەوحیسابی بۆ دەکرێ و ئاوا بە ئاسانی لە گەروو ناچێ! باشە کە کۆمەڵگای کوردی گوێ لە زیرەک دەگرێ، ئەمە چ تاوانێکە ؟ لە کوردو دەورو بەرو جیهان چەند زیرەک هەیە؟ هەر بە ڕاستی هیچ زیرەکێکی تر نیەو لە نێوەندی هونەری کوردی دا لە زیرەک دیارترو بەرچاوترو داهێنەرترو شیاوتر و هونەرمەند تربێ بۆ گوێ لێگرتن، تا شانازی پێوە بکەین! هەر بۆیە گوێ گرتن لە زیرەک لە هەموو کاتێکدا سۆزی تێوەگلاوو ئاست نزمی کۆمەڵگا نیە! لە کاتێکدا بە ڕای گشتیی هونەرمەندو شارەزاو مۆسیقارانی کوردو دەورو بەر زیرک هونەرمەندێکی گەورەی سەردەمی خۆیەتی نموونەی بەرزی گوێگران و میللەتی کوردە و هە تا ڕادەیەک هونەرمەندێکی جیهانییە!! لە نێوگوێگرانی زیرەک و میڵەتی کوردیش هونەرمەندانی گەورەی وەک موجتەبای میزادەی تێدایەو تا دەگاتە

شوانێکی سەر سنوورو لە نێو شوانانیش هونەرمەند - قالە مەڕە - هەیە!!.

## مامڵێ و چەند کاسێتێکی لادێی!!

مامۆستا ئەحمەد ئەوەندە مامڵێ و زیرەک بەراورد دەکات و دەنووسێ:(ڕاست لە تەنیشت وەها حماقەتێکی گەورەی ڕۆحیانەتی کوردە کە بلیمەتێکی وەک محەمەدی مامڵێ لەو سەردەمەدا بەشی دەبێتە چەند کاسێتێکی لادێی و تەواو، واتا هیچ مەجالێکی دیکە بۆ ئەم هونەرمەندە بلیمەتە لە لایەن کوردە نارەخسێت و لە هەمووشی حماقەتبار ئەوەیە کە هێشتا هەر ئەوە حەسەن زیرەکە کە لە ناز و نیعمەت گیراوە و قارەمانە هونەرییە تەنیا دەردەدارەکەمانە؛ ئۆفێک لەو حیماسەتە) من تێنەگەیشتم. مەبەست لە مامڵێ و کاسێتی لادێی چیە؟ خۆزگە باشتر ڕوونی دەکردەوە، چۆن ئەم ڕستەیە ئاوا بە ڕاوەستاوی بە قازانجی مامڵێ و ڕایەکانی دکتۆر سەبارەت بە خودی مامڵێ ناکەوێتەوە! دکتۆر کە ئەم پەرە گرافەی نووسیوە، وای دەخاتە بەرچاو کە کورد دەوڵەت بووەو ڕوحانیەتەکەی ئەم دەوڵەتە سەری زیرەکی لە زێڕگرتووەو لێنەگەڕاوە مامڵێ لە - چەند کاسێتێکی لادێی!! - زیاتر هیچ مەجاڵێکی دیکەی بۆ مامڵێی هونەرمەند لە کوردەواری نارەخسێت - !! نە زیرەک و نە مامڵێ و نە هیچ هونەرمەندێکی ئەو سەردەمە لە سایەو - لە لایەن - کوردەوە - کورد وەک دەسەڵات - مەجالیان بۆ نەرەخساوە؛ نەکورد دەوڵەت بووەو نە کوردەواری ئەوتوانایەی هەبووە! ئەوەی هەیە هەر یەکێکیان بە پێی توانا و بۆ گونجان و هەوڵی خۆیان کاری هونەریان کردووە. لەو قسانەی دکتۆر وادێتەبەرچاو کە هەموو گرفت و پاشکەوتەیی هونەرمەند مامڵێ و هونەری کوردی ئەوکات و ئێستاش زیرەک لێی بەرپرسە!؟!

## ژمارەی گۆرانیەکانی زیرەک چەندن!؟

دکتۆر لەتەواوی نووسینەکەی دا، لە باسی زیرەک هێندە تووڕە یەو ڕقی پێوە دیارە، کە بە هەموو وشەو نیوە ڕستەو ڕستەیەک هەوڵێ ڕەشکردنی زیرەک و هونەرەکەی دەدات و هیچ حیسابێک بۆ ئەو جەمارە سەرتاسەری و بەردەوامە ناکات، کە لە هونەرمەندو نووسەرو ڕۆشنبیرو خەڵکی ئاسایی پێکهاتوون و هەفتا ساڵە زیرەک بە نموونەی بالای هونەر دەزانن!؟ دەکۆشی هەموو کەس لە چاوی ئەوەوە سەیری زیرەک بکەن! دیسان دەڵێم بەداخەوە لەم نووسینەدا دکتۆر ئەحمەد هیچ هەوڵێکی لێکۆڵینەوەیی لە ژیان و هونەری زیرەک پێوە دیار نیە، هەموو زانیاریەکەی زانیاری سەر زارەکیە هەڵسەنگاندنەکانی بۆ کەسایەتی و هونەری زیرەک ڕای خۆیەتی!! کە بۆ پسپۆڕو لێکۆڵەر ئەم جۆرە ڕادەربڕینە گونجاو نیە! هەر بۆیە هەموو ڕستەو نیوە ڕستەیەکی پێویست بە وەڵام دانەوە دەکات. چۆن واقیعی ژیان و هونەری زیرەک تەواو پێچەوانەی ڕایەکانی دکتۆر ئەحمەدن، زیرەک ئەم هەموو ئاوازەی داهێناوە، بە جوانترین و سەرکەوتووترین گوتن و خۆشترین دەنگ گوتوویەتی و بەرزترین داهێنانی، داهێنان تا ئێستاش - داهێنانی پێکردووە! جوانترین شێعری گۆرانی

داهێناوە، باشترین شیعری شاعیرانی کوردو فارس و ترک و ئازەرو ئەرمەنی بە خۆشترین ئاواز گوتووتەوە، بە قسەی ڕێکخراوێکی کلتوری شاری بۆکان کە گرنگی بە هونەرو ژیان و کلتوری زیرەک دەدات، دوو ساڵ لەوە پێش بڵاویان کردەوە کە زیرەک (٣٦٢١) گۆرانی هەیە، نازانم دکتۆر گوێ لە چەند لەم گۆرانیانە بووە؟ بەڵام، ئەو بەرێزە کە پێی وابێ کەس توانای ئەوەی نیە دە دەقیقەش گوێ لە زیرەک بگرێ، ئەوا ئەو بۆ خۆی هەرتەنیا ئەو دوو دەقیقەیەی ساڵێ جارێک گوێی لە نەورۆز گرتووە! هونەرمەندێکی وەک زیرەک کە وڵاتی کوردەواری پڕ هونەرکردووە لە هونەرو زۆربەی خەڵکی بە خۆیەوە خەریک کردووە، تەنیا ساڵێ بە دوو دەقیقە گوێ لێگرتن لە زیرەک و هەڵسەنگاندنی هونەرەکەی تەواوکارێکی پێچەوانەی توێژەری وسپۆریەکەیەت! من ئەوە دەزانم دکتۆر شارەزایی لە هونەری مۆتزارت و ڕەخنەی ئەدەبی - هونەری بنیامین وهیگل و فەلسەفەی ڕۆژئاوا هەیە! ئەمەش ئەنجامی هەوڵ و ماندوو بوونی خۆیەتی، خۆزگە کەمێکیش خۆی بە ژیان و هونەری زیرەکەوە ماندوو دەکرد و ڕای ئەم هە موو شارەزاو مۆسیقارو پسپۆرەی دەدی و ئەوکات بە دڵنیاییەوە نەدەبووە خاوەنی ئەم جۆرە ڕایانە سەبارەت بەحەسەن زیرەک. دکتۆری برامان دەنووسێ: (هونەرێک کە بەڕاستی بە بێ ئەملاولا هونەرە، ئێستە ئەم پرسیارە دێتە ئارا، ئایا کۆی گشتی هونەری؟ لە ڕاستیدا بێجگە لە هونەری مۆسیقا و نووسین نەبێت هونەرەکانی دیکەی کورد هێشتا بەو مانا دروست و پتەوە هونەر نین) دەی مامۆستای بەرێز ئەوە خۆت ڕات وایە بەدەر لە نووسین و مۆسیقا هونەرەکانی ترلە کوردەواری هێشتا بە مانای دروست هونەر نێن!! هەر چەندە ئەم ڕایەش گفتوگۆ هەڵدەگرێ، بۆ نموونە چۆنە دکتۆر ئەحمەد ئەمانی (هونەرمەندی گەورەی کورد پەیکەرتاش بەها زیائەدین) کە هێندە لێی دوور نیە! پەیکەرە نایابەکانی نابینێ و کارەکانی بە هونەرو داهێنان نازانێ و ناویان نابا!!؟ لەوەش گەرێ ئەوە خۆت تەنیا نووسین و مۆسیقا هەڵدەبژێری؛ دەی لە نێو مۆسیقای کوردی هونەرمەند حەسەن زیرەک بکەیتە دەروە، چیت بۆ دەمێنێتەوەو بەداخەوە هەرخۆت مۆسیقای میللەتەکەت هەژار دەخەی!! بە ماوەیەکی کورت لە پاش مەرگی زیرەک، کە دەنگ وباسی مردنەکەی ئەمریکاو فەرەنساو ڕۆژئاوای گرتەوە، لەسەر قسەی (ڕابیعەخانم)ی دوا خێزانی زیرەک گروپێکی شەش کەسی لە ئەمریکاوە هاتبوونە بۆکان، بۆ ئەوەی- تەواوی جەستە - ی زیرەک بکرن و لێکۆڵێنەوەی لەسەر بکەن، کە کەس وکاری زیرەک ڕازی نەبوون؛ تەنیا داوای - گەروو - ەکەیان کردوو پارەیەکی زۆریشیان لە بەرامبەردا خستە بەردەم خوشک و براکانی زیرەک! ئەوان ڕازی بوون!! بەڵام؛ ڕابیعە خانمی خێزانی زیرەک گوتی من گوتم نابێ! زیرەک لە ژیانی دا نە سایەوە ئێستا لێناگەرێن لە گۆڕیش بسێتەوە؟! خۆزگە گەرووەکەیان ببردایە! خۆزگەیەکی تر خۆزگە ئەو گروپە لەسەردەمی زیندوویی و ژیانی زیرەک دەهاتن!! بەڵام؛ کوردەلێ داری خۆزگە بۆ کەس بەرناگرێ!! ئێستا دکتۆری بەرێز ئەو شەش کەسە لە ئەمریکاوە بە تەنیا بۆ - دەنگی ترۆتۆپی ماناوەندی زیرەک هاتبوون؟؟! هاتبوون و ئەو ماندوو بوون و پارەیان بە خۆڕا بدەن بە کەس و کاری زیرەک؟؟ یا ئەوە تە شتهایەکیان لە هونەرودەنگ و گەروویزیرەک بەدی کردبوو لە جێگایەکی تر دەستیان نەدەکەوت!؟

بەڕێز مامۆستا ئەحمەد ئەمانی، کە دواتر بۆم دەرکەوت مامۆستای زانکۆیەو دکتۆرای لە پسپۆریەکی زۆر گرنگ هەیە ناونیشانی چەند توێژینەوەیەکی گرنگیشم بینی کە کە دکتۆر ئەحمەد بڵاوی کردوونەتەوە! لەم نووسینەی داسەبارەت بە زیرەک زۆر باسی - زانستی بوون - دەکات و ڕەخنە لە نازانستی حەسەن زیرەک دەگرێ و کۆمەڵگای کوردەواری بە - تێوگلاو لە سۆزی دەرێشانە - ناو دەبات، بەڵام، بە هۆی ئەو ڕق و تورەییەی لە زیرەکی هەیە، کەمن نازانم هۆیەکەی چیەو ئەم هەموو تورەییە لەچیەوە هاتووە؟ لە نووسینەکەی دا نەیتوانیوە لەسەر هەناسە زانستیەکەی بڕوات و نەگلێتە نێو سۆزەوە، تا ڕادەی ئەوەی زۆر جار زمانی زانستی و ئەکادیمی و ویژەیی بە جێدێڵێ و لێی دوور دەکەوێتەوە، سەیرکەن چی نووسێوە:

(لەو بەر پردیشەوە لە برایانی زێزێوە بیگرە تاکوو حەسەن زیرەک و سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسی و ئەم جوزەلە و ئۆرگژەنانەی ئەم سەردەمە هەموویان هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەری مێشک خلەتێنن کە بێجگە لە سۆزاندن هیچی دیکەیان لە بن باخڵدا نییە) هەریەک لەو بەڕێزانەی کە ناوی هێناون شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام؛ ناوهێنانی حەسەن زیرەک بە - هەمان ڕەوتی سۆز بزوێنەروی مێشک خەڵەتێن - بەڕاستی لەگەڵ هونەری زیرەک ناگونجێ.

**لێرە دکتۆر ئەحمەد پاش ئەوەی ناوی چەند هونەرمەندێکی دیاری نێو ڕاگەیاندنەکانی کوردەواری دێنێ. دەنووسێ:**

(لە ڕووی ڕەسەنایەتی هونەریەوە حەسەن زیرەک هیچ بە تۆزی پایان ناگاتەوە کە تەنانەت ناتوانێت خۆی لە درێژەی ڕەوتی ئەوان و مۆسیقای شوناس-هونەری کوردییدا جێ بکاتەوە.) من دڵنیام هیچ یەک لەو هونەرمەندانەی دکتۆر ئەحمەد ناوی هێناون و هیچ یەک لە هەوادارانیان ڕێگە بە خۆیان نادەن بڵێن: حەسەن زیرەک هیچ بە تۆزی پایان ناگاتەوە؟!! لێرەدا دکتۆر ئەحمەد تەواو کەوتووەتە ژێر سۆزی ڕق لێبوونەوە لە زیرەک، هەر ئەوەشە زمانی نووسینەکەشی لە زانست دوورکەوتووەتەوە! ئەوش کە زیرەک - ناتوانێت لە درێژەی ڕەوتی ئەوان و مۆسیقای شوناس - هونەری کوردییدا جێ بکاتەوە!! لێرە جارێکی تر دکتۆر ئەحمەد بێ ئاگای خۆی دەردەخات لەوەی کە هونەرمەندە ناودارو زانستیەکانی کوردو دەورو بە رو جیهان لە بارەی هونەری زیرەکەوە چیان گوتووە!؟

لێرە دا دکتۆر لە پەنا ڕای - میلان کۆندرا - هاتووە هونەری حەسەن زیرەکی لە بازنەی ڕەسەنایەتی کردووەتە دەرەوە و کردوویەتی بە - بازاڕی و کێجە!! بەمەش غەدرێکی زۆری لە زانستی خۆی و ڕەسەنایەتی هونەری زیرەک کردووە، سەیرکە نووسیویەتی:

(میلان کۆندرا وەتەنی حەسەن زیرەک زیاتر لەوەی هونەری ڕەسەن بێت هونەری بازاڕی و کیجە.) تکایە ئاگاداربن - میلان



سەرچاوە
Serchawe

کۆندرا - ئەم قسەیەی بە تایبەت بۆ هونەری زیرەک نەکردووە.

دکتۆر ئەحمەد هەستی تایبەتی خۆی کە - لە سۆز بەدوور نیە - بە ئامرازی کۆ دەردەبڕێ و دەنووسێ - ئێمە - تکایە ئەو - ئێمە - یانە کێن و چەندن و لە کوێن؟

(ئێمە ساڵی یەکجار ئەویش لە نەورۆز یان قاوەخانەیەک بۆ دوو دەقە حەسەن زیرەک ببیستین، شاگەشەی پێدەکەین - لەوە زیاتر حەسەن زیرەک بۆمان قابیلی گوێ دان نییە-) دکتۆر - تۆ - نەک ئێمە - کەساڵێ تەنیا یەک جارودوو دوقیقە گوێ لە زیرەک دەگری، چۆن ڕێگات بە خۆت دا ٣٦٢١ گۆرانی هونەرمەند حەسەن زیرەک ڕەتکەیتەوە؟؟ کە زیرەک بەم ژمارەیە یەکەمین و گەورەترین گۆرانیبێژە کە ژمارەی گۆرانیەکانی گەیشتووە بەم ژمارەیە! لای کەم لە کوردەواری، لە نێو ئەی حەمکە ژمارەیەش سەتان داهێنانی هەیە، کە لە ڕیزی پێشەوەی هە مووگۆرانیە داهێنراوەکانی سەردەمی خۆیەتی. لە بارەی ئەو دوو دقیقەشەوە نووسیویەتی:

پێشتر گوتمان بە هوی ئەو بێزاری و ڕق و تورەییە کە دکتۆر ئەحمەد لە زیرەک هە یەتی، زمانی نووسینەکەی لە زانست و ئەکادیمیەت دوور خستووەتەوە، فەرمـوو دەنووسێ:(ئێمە ساڵی یەکجار ئەویش لە نەورۆز یان قاوەخانەیەک بۆ دوو دەقە حەسەن زیرەک ببیستین، شاگەشەی پێدەکەین) هەر چەندە وا پێدەچی ئەم - شاگەشکەی پێدەکەین - ەش دەربڕینێکی تەنز ئامێز بێت سەبارەت بە - دەنگی مامناوەندی و ترتۆپ- ی زیرەک! بەڵام -، هێشتا ئەو دەربڕینە ئەوەندە مانا لە دەروونی خۆی هەڵدەگرێ کە دەنگی زیرەک لەم دوو دەقیقیەیەدا کاری تێکردووەو شاگەشکەی کردووە! باشە ئەگەر دکتۆر ئەحمەد هەر بۆ لێکۆڵینەوە، بەسەر خۆی بکات بە ئەرک و گوێ لەو گۆرانیانە بگرێ کە موجتەبای میرزادە، بەڵێ تەنیا موجتەبای میرزادە مۆسیقای بۆ لێداوە؛ توبڵێی دکتۆر..شاگەشکە بوونەکەی کەمێک زیاتر نەبوایە؟! دکتۆر بەردەوامەو دەنووسێ:

(کەواتە ئەم ئەفسانەی کە حەسەن زیرەک چیها گەورە بوو کە چی دیکە دووبارە نابێتەوە پڕە لە چەواشەکاری سۆزی ڕۆحی کوردی، نەک هونەری بوون یان ئاخۆ زانستی بوونی حەسەن زیرەک.

حەسەن زیرەکەکان زەوق و تڕو پۆپی ئان و ساتێکی ڕۆحیانەتی کۆمەڵگایەکە کە دەبێت تێپەڕ بێت). ئەوە کێیە - چەواشەکاری سۆزی ڕوحی کوردی - کردووە؟؟ دیسان دەنووسێ: حەسەن زیرەک و حەسەن زیرەکەکان زەوق وترِ تۆپی ئان و ساتێکی ڕوحانیەتی کۆمەڵگایەکە کە دەبێت تێپەڕ بێت، لە ڕستەی - حەسەن زیرەک و حەسەن زیرەکەکان - سوکایەتیەکی



سەرچاوە
Serchawe

زۆر بەر زیرەک کەوتووە! کە ئەرکی لێکۆڵەر سوکایەتی کردنیە بە کەسایەتی هونەرمەن، بەڵکو هەڵسەنگاندنی بەرهەمە کەیەتی! لێرەش سۆزی توڕەبوون جارێکی تر دکتۆری بەرێزی لە ئەرک و پەیامی لێکۆڵەرانە دوور خستووەتەو!! بەڵام؛ زیرەکەکانی ترلەکوێن و ئێمە چەند زیرەکمان هەیە؟ من لام وایە هەر بەرێزێک بۆ هەر مەبەستێک بیەوێ زیرەک هەڵبسەنگێنێ، ئەوا پێویست دەکات زیرەک بەتەنیا و لە گەڵ زیرەک خۆی هەڵبسەنگێنێ.. ئەوەش بەو مانایە نیە، کە کۆمەڵگای کوردەواری هێندە نەزۆک بێت و کەسێک نەبێت لە داهاتوودا بتوانێ هونەرەکەی زیرەک تێبپەڕێنێ!؟ چونکە زیرەک چ خۆی و ژینە ئەفسانەییەکەی و چ هونەرە ئەفسانەییەکەی بە هیچ چەشنێک دووبارە بوونەوەی نیە! بەڵام؛ تێپەڕاندنی زیرەک خواستی هەموو کوردێکەو کارێکی دوورە دەست نی! ئەوەش کە گوێگرتن لە زیرەک بە - زەوقی تر تۆپی ئان و ساتێکی ڕوحانیەتی کۆمەڵگایەک ناو دەبات کە دەبێ تێپەر بێت - جارێ بە کار هێنانی - دەستەواژەی - تر تۆپ - جگە لەوەی نووسینەکەی لە - زانستی بوون - دوور خستووەتەوە، ئاستی زمانەکەشی دابەزاندووە ؟ دکتۆر باسی تێپەڕاندن دەکات، واتە مۆسیقای کوردی لە حەسەن زیرەک تێپەڕێ، منیش ئاواتەخوازم کە هونەرو مۆسیقامان لە زیرەک تێبپەڕێ، بەڵام؛ نە بەو مانایەی ئاستی زیرەک نزمە! بەڵکو ئاستی زیرەک زۆر بەرزەو هیوای ئاستی بەرزتر بۆ هونەری کوردی دەخوازین.

## دەنگی کێ مامناوەندو بۆڕە؟؟

ئەم جارە دکتۆر ئەحمەد دێت و دەنگی زیرەک بە - دەنگە مامناوەندی و بۆڕەکە - باس دەکات ودەڵێ ئەوەی بەڕاستی گوێی مۆسیقای ببێت ناتوانێت ڕۆژانە بۆ دەدە ڤیقەش گوێ بداتە دەنگە مامناوەند بۆڕەکەی زیرەک - دەنووسێ:

(کێشە خودی کەسایەتی نازانستی و سۆزتێوەگلاوی حەسەن زیرەکەکانە کە بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە کۆمەڵگاکەشیان بەناوی هونەرمەندی ئەفسوناوی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەی بەڕاستی گوێی مۆسیقایی ببێت ناتوانێت ڕۆژانە بۆ ١٠ دەقەش بووە، گوێ بداتە دەنگە مامناوەند بۆڕەکەی حەسەن زیرەک) بەڕاستی من لام وایە کوردێک لە ٣٦٢١ گۆرانی زیرەک نەتوانی دە دەقیقە گوێ لە گۆرانیەکانی زیرەک بگرێ! ئەوا ئەو کوردە میزاجێکی زۆر تایبەتی هەیە! بیستوومانەو خوێندوومانەتەوە کە ماموٚستایانی موسیقای کوردی گوتویانە؛ ئەگەر دەتەوێ گوێ لە دەنگی ڕەسەن و ئاوازی خۆش و گوتنی جوان و مۆسیقای بەسۆز بگرێ، گوێ لە گۆرانیەکانی زیرەک بگرە، بەتایبەت ئەو گۆرانیانەی لە گەڵ تیپ و ئۆرکستراو مۆسیقارە بەرزەکان تۆماری کردوون، بە نموونەی مۆسیقای هونەرمەند موجتەبای میرزادە و بەرێزەکانی تری تاران و کرماشان و سەقزو تەورێز!کەچی دکتۆر تاقەتی نیە ڕۆژانە دەدەقیقە گوێ لە زیرەک بگرێ !!////// مافی خۆیەتی، بەڵام؛ دکتۆر ئەوەی نادیدە گرتووەکە ئێستاش لە هەموو نێوەندەکانی گوێگرتن، لە کوردەواری لە مۆسیقارە بەرزەکانەوە بیگرە تاداگاتە، شوان و جوتیارەکان، ئەوە دەنگی زیرەکە لە بەرزترین ئاستی گوێ لێگرتنە و کاسیتەکانی لە ڕیزی پێشەوەی کاسێت فرۆشتنە و



سەرچاوە
Serchawe

ژمارەی گوێ لێگرتنی لە نێو یوتیوب و سایتە ئەلیکترۆنیەکان ژمارەیەکی ڕیکۆرد شکێنە!! ئەوش پاش پەنجا سال دوای مەرگی زیرەک.

## ڕەخنەگرتن لە زیرەک!!

دکتۆر باسی ئەوەدەکات کە دەبێ زیرەک نەقد بکرێ، ئەمە زۆر ڕاستە، زیرەک چ خۆی و چ هونەرەکەی لە دەرەوی ڕەخنە نین! بەڵام؛ ڕەخنەی زانستی ئەوە نیە، لە تەواوی نووسینێکدا، ڕەخنە لە کەسایەتی و تەمەن پەنجا ساڵ و شەش مانگیەکەی بگرین و تەواوی گۆرانیەکانی کە ٣٦٢١ گۆرانیە بە - ترتۆپ - ناو ببەین و دەنگەکەی بە - مامناوەندی و بۆڕ - بزانین و هیچ چاکی و جوانیەک لە کەسایەتی و هونەرەکەی دا نە بینین!؟ زیرەک خاڵی لاوازی زۆری هەیە، چ خۆی وەک کەسایەتی، چ هونەرەکەی . بەڵام، هەر ڕۆژێ و هەر لێکۆڵەرێک خواستی ڕەخنە لە زیرەک و هونەرەکەی بگرێت، ئەوا پێویستە - تەواوی ژیانی زیرەک و کوردستان و ڕۆژگاری ژێردەستەیی و باری پارچە پارچەیی کۆمەڵگای کوردی لەبەرچاو بێت. دکتۆر دەنووسێ:

(خۆ گێل کردن و خۆشاردنەوە لە خەساری حەسەن زیرەکەکان نەک هەر هیچی پێنەداوین کە بە ئاشکرا دەبینین کە ئەم نەقد نەکردنی حەسەن زیرەکانە، مۆسیقای کوردی و تەنانەت فۆلکلۆری کوردی بۆ ئاستی نزمی وەک سمایل سەردەشتی و عەزیز وەیسیەکان دابەزاندووە، ئەم خەسارە بەڕاستی کێشەیەکی مەعرفی گەورەیە و ناکرێت چی دیکە بە هۆی ترِ و پۆپی سۆزی کاتی بۆ حەسەن زیرەکەکان وەها لێخۆش ببین و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مامڵێکان و عەلی مەردانەکان زیاتر لە گۆڕ بنێین) هەر لێرە دکتۆر تەواوی پاشکەوتن و ئاستی نزمی فۆلکلۆرو هونەرمەندان دەداتە پاڵ حەسەن زیرەک و تەنانەت - لە گۆڕنانی مامڵێ کان و عەلیمەردانەکان - یش دەخاتە ئەستۆی زیرەکی ترپۆپی سۆزکاتی!! بەداخەوە نووسەر زۆر لە یاسای - نەقد - دوور کەوتووەتەوە.

دواجارو لە کۆتایی نووسینەکەیدا دکتۆر ئەحمەد، ڕەخنە لە لێکۆڵەرو لێکۆڵینەوە تەحلیلی ئەفسانەیی دەگرێ! وای دەخاتە زیهنی خوێندەوار کە لە پەنای ئەم کارانە:

(جارێکی دیکە حەسەن زیرەک دیسان هەمان داگیر کردنی کۆمەڵگا، سەر لە نوێ داگیر دەکاتەوە و مامڵێکان لە ژێر ئەم ئەفسانە درۆزنانەی خۆی دەشارێتەوە و ڕۆحیانەتی کۆمەڵگای کوردی دیسان و دیسان لە فامی هونەری ڕەسەن(زانستی) هەنگاوێکی دیکە دوور دەخاتەوە)،(٧*) مامۆستا ئەحمەد مافی تەوای خۆیەتی مامۆستا مامڵێ و هونەرمەندانی تری کورد بە نموونەی بەرزی خۆی بزانێ، ئێمەش مامڵێ بە نموونەیەکی بەرزی هونەری کوردی دەزانین! بەڵام؛ هونەری ڕەسەنی



سەرچاوە
Serchawe

کوردی و ڕەخنەی زانستی و خودی ماملێکان!! چ سودێک لە شکاندنەوەی زیرەک و تاوانبارکردنی دادەبینن؟ بەتایبەت کە مامۆستا ئەحمەد پێناچی لێکۆڵینەوی لە ژیان و هونەری زیرەک کردبێ! چۆن هیچ نموونەیەک لە ژیان و هونەری زیرەک ناهێنێتەوەکە ئەوە دەربخات گوێی لەو ٣٦٢١ گۆرانیە گرتبێ و ئەو ٢٥ تا ٣٠ کتێبەشی خوێندبێتەوە کە لە بارەی ژیانی زیرەکەوە نووسراون! دەڵێن: دوو گەنج کە یەکێیان لایەنگری دەنگی زیرەک بوو پێیدا هەڵدەگوت و پەسنی دەکردو دەیگوت ..دەنگی زۆر خۆشە! ئەوەکەی دی بە حەماسەو گوتی: جا با هەر دەنگی خۆش بێت ..ئاخر دایکی مێردی کردووتەوە!! جا ئێستا ..ئێمەش ئێژین خۆزگە هە موو ئەوانەی کە دایکیان پاش بێوەژن بوون مێردیاندەکردە، زیرەکێکیان بەرهەم دەهێنا؛ ئەوسا دەماندی مێردکردنەوەی دایککەکان چەند بە سوودن!!

## پێکەنین و گریان!!

### لەکۆتایی دا بەکورتی دوو ڕووداو دەگێڕمەوە کە زیرەک وەک هونەرمەندێک خۆی پاڵەوانیەتی:

یەکەم، زیرەک خۆی بۆ میرزا کەریم خۆشناوی گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی: ماویەک بوو گرانەتام گرتبوو بەرەو گوندێک دەچووم، کە نزیکبوومەوە دەنگی دەهۆڵ و زوڕنابوو، چوومەناوگوند سەیرەکەم ڕەشبەڵەکە هەرچەندە من لەو گوندە دۆستی چاکم هەبوو، بەڵام، بە هۆی ئەوەی شایی بو کەس بەری بەمنەوە نە بوو، لە لایەکی تریش بەهۆی نەخۆشیەوە هێندە گۆڕا بووم کەس نەیدەناسیمەوە! چووم لەسەرگرد ولەسەر بەردێک دانیشتم، تاخەڵکە کە دەستیان بەرداو بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، هەر یەکەدەستی یەکێکی دەگرت و دەیگوت فەرموو بۆ ماڵی ئێمە. کەس فەرمووی لەمن نەکرد! زۆرم دڵ بە خۆ سوتا، دەستم خستە بنگوێم و بە خەمەوە گۆرانیەکم گوت، کە دەنگم هات خەڵک ئاوڕیان دایەوە، کە بەردەوام بووم خەلکەکە وردە وردە لەدەورم بازنەیان گرت و کەس نقەی لێوە نەدەهات، چۆن گۆرانیەکەخەماوی بووژن و پیرەکان فرمێسکیان هەڵڕشت و چاوی خۆیان سڕیەوە، منیش بەری چاوی تەڕکردم، لێنەگەڕام فرمێسکەکەم بکەوێتە خوارەوە، گۆرانیەکەم گۆڕی و یەکسەر کردم بە شادی خەڵک هەر زوو دەستیان گرت و کردیان بە شایی.

دووەم: میرزا کەریم دەگێڕێتەوو دەڵی.. ڕۆژێ لە کانی مەلا ئەحمەد پیرمێردێکی خڕکەو تێکچەقیو هات و سەلامی کردوو گوتی ئێوەو خودا کامەتان مامۆستا حەسەن زیرەکن؟ ئێمەش گوتمان ئەمەیەو زیرەک گوتی فەرموو لەخزمەتدام. کابرا گوتی من چەند ساڵە لە دوورەوە دەنگی تۆم بیستووە لە خودام دەویست لە نزیکەوە گوێم لەدەنگت بێت، ئێستا لە دوورەوە هاتووم وئەگەر دڵم نەشکێنی و گۆرانیەکم بۆ بڵێ و بتوانم لە نزیکەوە گوێم لە دەنگت بێت؟ زیرەک گوتی بەسەر چاو داوای دەف - دائیرەی کردو زۆر بە خەمەوە گۆرانیەکی گوت، هەمووومان مات بووین و کابرا خەریک بوو فرمێسکی دەسڕیەوە، کە زیرەک سەیری کرد هەمووومان خەریکە دگرێن، یەکسەر گۆرانیەکەی گۆڕێ و بە نەزمی شایی تێیهەڵکرد. میرزا دەڵی کابرا



سەرچاوە
Serchawe

لچکی کەوای لە بەر پشتی ناو دەستی کرد بە سەماو شایی، سەماو شاییەکی دەکرد هەر لە خۆی دەهاتو ئێمەش دەستمان گرت و هەموو کردمان بەشایی.(٨*)

دکتۆری بەڕێز لە ئێمە چاکتر دەزانێ کە هونەرومۆسیقاو فۆلکلۆر کاریگەریان لەسەر دەروونی تاک و کۆمەڵگا هەیە، من ناو نێشانی توێژینەویەکی دکتۆر ئەحمەدم دیوە کە باسی کاریگەری پەند دەکات لە دەروونی تاک و کۆمەڵگا، هونەری زیرەکیش بێ کاریگەر نەبووە! بەڵام؛ هەموو جارێک بە خراپ نا!! من چەند جارێک گوێ بیست بوووم کە کەسانێک نەخۆش خەماوی بوون و بە گوێگرتن لە زیرەک چاکبوونەتەوە.

سەیرکەن.،. ئەگەر دەنگی زیرەک نە خۆشی چاککردووتەوە، ئەوا لە دوو شوێنی جیا و لە دوو کاتی جیا دا.. زیرەک وەک (زریاب) خەڵکە کە دەخاتە گریان و هەر خۆشی دەیانخاتەوە پێکەنین!

## بەڵێ حەسەن زیرەک هونەرمەندبوو!!

### مامۆستا ئەحمەد نووسینەکەی بەم پرسیارە دەست پێکردووە. ئایا حەسەن زیرەک هونەرمەند بوو؟

### ئێستاش من بە کورتی و بە چەند خاڵێک باس لە هونەرمەندییەتی حەسەن زیرەک دەکەم!!

١- لەوەتەی حەسەن زیرەک بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٣ دا دەنگی لە ڕادیۆی بەغدا بڵاو بووە وە هەتا ئێستا زیرەک ڕۆژ بە ڕۆژ هەواداری زۆرتر دەبێت.

٢- هەر لەو ڕۆژەوە ئارەزوومەندو بە هونەرمەندان لاسایی زیرەک دەکەنەوەو هەوڵدەدەن بە شێوەی زیرەک گۆرانی بڵێن و هەتا ئێستا بەسەتان کەس لەو ڕێگایەو ئەم - قوتابخانە - یە چوونەتە نێو جیهانی هونەرو کەسانی هەن دواجار بوونەتە خاوەنی دەنگی خۆیان و ئێستا ناوودەنگێکی زۆریان هەیە.

٣- هەفتا ساڵە بەردەوام کوردو خەلکی ناوچەکە بەردەوام گوێ لە زیرەک دەگرن و ڕۆژ بە ڕۆژ گوێگرتن زۆرتر دەبن و سنووری جوگرافیای گوێلێگرتنەکە فراوانتر دەبێت و چڕتر دەبێت.

٤- زیرەک لە هونەری گۆرانی گوتن دا هە ندێ داهێنانی کردووە کە تائێستا هیچ یەک لە هونەرمەندانی ناوچەکە بۆیان نەکراوە، بۆ نموونە لە یەک گۆرانی دا بە چەند زمان و بە چەند زاراوە شێعری کلاسیکی چەند زمانێکی گوتووەو تێکەل بە فۆلکلۆری چەند میللەتێکی کردووە. بە نموونەی گۆرانی (خان باجی).



سەرچاوە Serchawe

٥- زیرەک لە نێو کورد دا کوردی زانترین وزمانڕەوانترین گۆرانیبێژە.، لە کوردیزانی دا دەچیتە ڕیزی هەژارو هێمن و هەموو نووسەرە کوردی زانە چاکەکان، کە بە هەرزمانێک و هەر زارێک گۆرانی گوتبێ هەمان ئاست زمانڕەوان بووە.

٦- بیستوومەو خوێندومەتەوە کە چەند جارێک زیرەک لە کۆبوونەوەو پێشبڕکێی گۆرانی دا لە نێو گۆرانیبێژانی ئێران یەکەم بووە، بەڵام؛ بە هۆی کورد بوون و نە خوێندەوار بوونەوە، نمرەی یەکەمین بوونەکەیان ڕانەگەیاندووەو کەسانی تریان کردووتە یەکەم! مەبەست لێرە گەورەیی و توانایی هونەرمەندییەکەیەتی کە یەکەمی دەکات، نەک نمرەی یەکەمیی و خەڵاتی یەکەمیەکە، کە ئەویش مافی خۆی بووە!!

٧- زیرەک لە گۆرانی گوتن دا خاوەنی قوتابخانەو دەنگی خۆیەتی دەنگێکی هەمە ڕەنگ و ئاوازی هە مەڕەنگ و گوتنی هەمە ڕەنگ و هونەری گۆرانی هەمە ڕەنگ و شیعری هەمە ڕەنگە؛ دەنگێکی پیاوانەی کوردانەی چیاییانەی کلتوریانەی زیرەکانەیە کە تا ئێستا هیچ هونەرەندێک لەم ڕووەوە پێی نە گەیشتووە!

٨- تائیستا دەیان گۆرانیبێژو هونەرمەندی بیانی و لەدەوروبەر وجیهان ئاوازی زیرەکیان گوتووەتەوەو هەندێکیان ناویان هێناوەو هەندێکیش بەدزی کردوویانە.

٩- حەسەن زیرەک تاکە هونەرمەندە ئەوەندەی ئاوازو شیعر بۆ هاتووە، کە زۆر جار پێڕانەگەیشتووە تۆماریان بکات، میرزادە دەڵێ: جاری واهە بووە خۆمان بۆ تۆمارکردنی گۆرانیەک ئامادەکردووە و پڕۆڤە تەواوبووە، لە کاتی تۆمارکردندا زیرەک داوای کردووە ئەو گۆرانیەی بۆ تۆمار بکەین کە هەر ئێستا بۆی هاتووە و گوتوویەتی: با لە بیرم نەچیتەوە. دەگێڕنەوە لە پێش مردنی بە ژەهری ساواک!! کە زانیویەتی ئیتر چاری نەماوەو دەمرێ! گوتوویەتی: خەمی ئەوەم نیە کە دەمرم، ئەوەم خەمە کە چەندین گۆرانی و ئاواز ئەوەتا لە نێو گەرووم دا حەیف ناتوانم بۆ میللەتەکەم تۆماریان بکەم!!

١- زیرەک نەک هەر هونەرمەندە.. بەڵکو قوتابخانەشە، لەوەتەی زیرەک دەنگی دەرکەوتووە وەک قوتابخانەو ڕێباز دەنگخۆش و ئارەزوومەندان چاوی لێدەکەن و لەسەر ڕێبازەکەی دەڕۆن و دواجار بوون بە دەرچووی ئەم قوتابخانەو ڕێبازە.

١١- کورد بۆ ناساندنی کەسایەتی و هونەری زیرەک بە جیهانی دەرەوە، کاری بەرنامە ڕێژی بۆ نە کردووە، دەنا ئێستا زیرەک لە ڕیزی پێشەوەی هونەرمەندە ناودارەکانی جیهان بوو، بە قبوولکردنی نێوەندە هونەری و زانستیەکانەوە، دەکرا چەندین خەڵات و ڕێزلێنان وەربگرێ و لە چەند ڕوویکیشەوە ناوی بچێتە نێو کتێبی - گینس - و خێرێکی زۆریش بە سەرهونەرو هونەرمەندانی کورد دا دەکەوتەوە و چاکتر دەرگای نێوەندە هونەریەکان بۆ هونەری کوردی دەکرایەوە.

١٢- تائیستا چەندین هونەرمەندان دیارو ناسراوی کورد هەوڵیانداوە دەنگی خۆیان تیکەڵ دەنگی زیرەک کردووەو بەمەش کاری جوانیان کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

## دیاریەک بۆ زیرەک لە پای هونەرەکەیەوە..

دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە کە شاعیرو رۆشنبیرو میدیاکارێکی دیارو ناسراوی سەردەمی زیرەک بووە و پێکەوە لە رادیۆکاریان کردووە ، جگە لەوەی لەو پیشەکیەی کە بۆکتێبی (چریکەی کوردستان)ی (حەسەن زیرەک) نووسیوە و زۆربە جوانی باسی هونەری زیرەک دەکات، بەم شێعرەش زۆربە چڕی و پڕی باس لە (ئاستی ژیان) و (هونەری زیرەک) دەکات و خستوویەتە بەرچاون، بە رای ئێمە ئەم شیعرە (جوانترین) و(شایستەترین) (گەورەترین) (رێزلێنان) ە کە زیرەک لە ژیانی خۆی بینیویەتی وەک خەڵاتێک لە پاداشتی هونەرەکەی پێی دراوە، ئێستا ئێمە لە بەردەم رای دوو دکتۆرین سەبارەت بە زیرەک - هەر بۆ نموونە -! بەڵام؛ بە دوو ئاراستەی جیا..یەکەمیان دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادەیە کە ٦٥ ساڵ لەوە پێش بەو پەڕی قەناعەتەوە بە زیرەک دەڵێ: بەڵام، لە هونەر هیچت کەم نە بوو، پاش ئەوەی - گوتوویەتی: باوەکو لە ژین نە حەسایەو پەژارەت زۆردی و زۆر چەوسایەوە!! کەچی، دکتۆر ئەحمەد ئەمانی کە لە نزیکەوە زیرەکی نەدیوەو لە گەلی نەژیاوە و هەرچی سەردێنم و دەشبەم؛ بە هیچ شیوەیەک هەست بەوە ناکەم کە دکتۆر ئەحمەد لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە ژیان و هونەری زیرەک دا کردبێ! کەچی دوای پەنجا ساڵ پاش مەرگی ژەهراوی زیرەک لە وتارێک دا هونەرمەند زیرەکی لە لوتکەی بەرزی داهێنانەوە دابەزاندووتە پایەی هەرە خوارەوەی (ئۆرکژەنی) و (دەنگ مامناوەندی) هونەر و(ترتۆپی کەسایەتی!!)، خوێندەواری خۆشەویست و خۆشەویستانی زیرەک بە هونەرمەند زان..ئێستا ئێوەش خۆتان قەزاوەت بکەن!! بەهۆی جوانی و گرنگی شیعرەکەشەوە پێمخۆشە کۆتایی نووسینەکەم بەم شیعرە بێنم.

زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لە پێناو هونەر بردەسەر
باوەکو لە ژین نە حەسایەوە
پەژارەت زۆردی و زۆر چەوسایەوە
رۆژگارت ساتێ بە بێ غەم نە بوو
بەڵام لە هونەر هیچت کەم نە بوو

تەهران؛ ١٣٤٥ - ١٩٦٦

## پاشکۆیەکی پێویست:

لەم پاشکۆیەدا بۆ دڵنیایی برای بەرێزم (دکتۆر ئەحمەد ئەمانی) ئێستا ناوی هە ندێک لە و مۆسیقارە ناسراوو ناودارانەی ئێران و سەردەمی زیرەک دەنووسین کە زیرەک کاری لەگەڵ دا کردوون و(دکتۆر گوڵمراد مرادی) لە ساڵی ٢٠١١ لەیادی زیرەک

وله وڵاتی ئەلمانیای فیدرال و له شاری هایدلبرگ له وتاری یادکردنەوەکەدا ناوی ئەو بەڕێزانەی هێناوە، تۆبڵێی ئەم بەڕێزانەش دەنگ و توانای زیرەکیان له لا مامناوەندی بوبێت و(حەسەن زیرەک) یان به هونەرمەند نەزانی بێت!؟ بەڕێزان:
- حسین یاحقی، حسن کسایی، جلیل شهناز، جیهانگیر ملک، احمد عبادی، و ئەم بەڕێزانه به سەر پەرشتی مشیرهمایون. هەروەها له کرماشان ئەم هونەرمەندە بەڕێزو ناودارانەش هاوکاری زیرەکیان کردووەو مۆسیقایان بۆ لێداوە، موجتەبای میرزادە، محەمەد عەبدوڵسەمەدی وئەکبەر ئیزەدی و به هەمەن پولەکی.(*٩)

------

## هەر بۆ دڵنیایی زیاتر لێرە ڕای چەند مۆسیقارێکی بەڕیز به نموونه دێنییەوە که له باسی خودی زیرەک دا گوتوویانە:

**– دکتۆر گوڵمراد مرادی له باسی زیرەک دەنووسێ:** (ئەگەر ڕێگام بدەن، بەندە له باسی بیۆگرافی - نابغە- ی ناوبراو، واتە حەسەن زیرەک، وەڵامی ئەو بۆچی؟ بە زۆر بە کورتی له ڕستەیەک یان چەند ڕستەیەک،دەدەمەوە! ئێستا بۆ چی دەبێ زیرەک وەک نابیغەیەک ناو ببەین؟ بە بڕوای من یەک خاڵ باس بکەین و ڕای هەندێک له هونەرناسان بێنییەوە. ئێستا بێننە بەرچاوی خۆتان، ئەگەر هونەرمەندێک بۆ نموونە، حەسەنی زیرەکی گۆرانیبێژ، که نه خوێندەواری هەبوونە دەیزانی بنووسێ نه خولێکی تایبەتی بینی بوونە لەڕووی داراییەوە پشتکراوە بوونە پشتیوانێکی هە بوو!؟ بەڵام، که وەختی ئەوەی دەهات گۆرانی بڵێی وپێویست بوو پارچە ئاوازێک له ڕادیۆ بچڕی، هەر لەو کاتەدا شێعرەکەی دادەناو ئاوازەکەی دادەهێناو دەم و دەست لەگەڵ مۆسیقاڕەکان به کەمترین پرۆڤە گۆرانی دەگوت ..کەسایەتیەکی ئاوا دەتوانین چ ناوێکی لێبنێین؟! هونەرمەندی ناوداری کورد (شەهرامی نازری) گۆرانیبێژی نەوەیەک دوای زحەسەن زیرەک لەم ڕووەوە بە دروستی دەڵێ: له بارەی خودا لێخۆش بوو حەسەن زیرەکەوە، دەتوانم هەر هێندە بڵێم ..که به هەموو مانایەکی واقیعی مرۆڤێکی نابیغە بوو.(...)که تائێستا له مۆسیقا کەسێکی ئاوا پێشینەی نەبووە!

**– موجتەبای میرزادە له بارەی زیرەکەوە دەڵێت:** حەسەن زیرەک، هە رچەندە به هیچ جۆرێک خویندەواری نەبوو،کەچێ شێعری زۆربەی گۆرانیەکانی هەر ئەودەم به لێهاتووی خۆی دەگووت ،ئاوازی بۆ دادەنا، بیرتیژییەکی باشێ هەبوو بۆ لەبەر کردنی مەقامە کوردیەکان، پێویستە بڵێین که حەسەن هیچ ڕۆژێک له مۆسیقای کوردی دووبارە نابێتەوە. چۆن.. که جوانترین و زیندووترین ئاوازی کوردی داهێنا، ئەوە نەک هەر له ئێران، تاوەکو له نێو کوردانی عێراق وسوێدوهە موو لایەکی جیهان، بەرهەم و ناوو یادی ئەوبە ئاستێکی بەرز ڕێز لێگیراوە.



سەرچاوە Serchawe

- بێژەن کامکار..حەسەن زیرەک یەکێکە لە ناودارترین مۆسیقازانانی کورد دێتە ژمار، زۆر لە ئاوازە کوردی و فارسیەکان کە ئێستا دەبیسرێن ئیلهامیان لە بەرهەمەکانی زیرەک وەرگرتووە، ناوبانگ و خۆشەویستی زیرەک تەنیا لە ئیران سنوور بەند نیە، بەلکە لە هەموو ولاتانی ئەوروپاو هەموو ناوچە کوردنشینەکان دەنگی داوەتەوە.

- عارف ئیبراهیم پور..حەسەن زیرەک دەنگێکی بە هێزو کاریگەری هەبوو، پیاوێکی زۆر چاک و میهرەبان بوو، من دوو جار لە گەڵ ئەو مۆسیقام لێداوە، ڕێک لەساڵی ١٣٤٣بوو.(......)

- عزەتو ڵلاقەلەندەرلەکی...کە لە ڕادیۆی کرماشان زیرەکی دیوە، دەڵێ: ژووری ستۆدیۆی ڕادیۆی کرماشان ٢٠ بە ٣٠ مەتری و بچوک بوو، دەنگی زیرەک زۆر بەرز بوو، مایکرۆفۆنەکە دەنگی ئەوی نەدکێشا و لە تۆمارکردنی گۆرانی کێشە سەری هەڵدەدا، هەر بۆیە مایکرۆفۆنەکەیان لە گۆشەیەک دانابوو حەسەن زیرەک لە گۆشەیەکی ترو ئورکسترا لەلایەکی تر، ئەو کات بەڕێز (ئاجیل چی)بەرپرسی تۆمارکردنی گۆرانیەکان بوو.

- فرەنسیس داوود و خالید سەرکار ..لەسلێمانی مۆسیقایان بۆ زیرەک لیداوە، لە بارەی لێهاتووی زیرەک ئاوا دەدوێن: لە یەکی لە دانیشتنەکان کە لە گەڵ زیرەک بووین، ئاوازێکی ئەرمەنی - ئاسوریمان لێدا، زیرەک تەنیا گوێی دەگرت..پاش کەمێک زیرەک گوتی زەحمەت نەبێ دووبارەی کەنەوە، ئاوازەکەمان دووبارەکردەوە.. هەر ئەودەم زیرەک ئاوازەکەی کردە کوردی وبە ناوی (ئۆخەی ئۆخەی لەو بالایە) ناوبانگی پەیدا کرد .(*١٠)

- ئەگەر کاتمان هەبێت و بەدوای ئەو هونەرمەندو مۆسیقارانە دا بچین کە باسی زیرەکیان کردووە و بە قەناعەتەوە پێیان داهە لگوتووە، ئەوە نابێ هەر لە سنووری ئیران و کوردستان بووستین و ڕای هونەرمەندانی کوردو فارس بزانین بێنینەوە .. بێ شک عەرەب وترک و ئازەورو ئەرمەن و کێ وکێ ... زۆرن کە دان بە عەبقەرییەتی زیرەک دادەنێن!!

کۆتایی بابەت - مانگی؛ ٥ - ٢٠٢١ - هە ولێر

** تێبینی و سەرنج:

تێبینیەک: ئەم نووسینەی ئێمە بەرگرییەکە لە هونەرمەند حەسەن زیرەک، لەو شوێنانە کە بەڕێز (ئەحمەد ئەمانی) قسەی لە بارەی حەسەن زیرەک و هونەرەکەیەوە کردووە، بە هیچ شێوەیەک ناچێتە نێوان گفتوگۆو ڕاجیاوازەکانی بەڕێزان (دکتۆر بینەندەو دکتۆر ئەحمەد ئەمانی)، کەمن ئاگاداری نووسینەکانی پێشتریان نیم!.



سەرچاوە Serchawe

## چەند سەرنجێک و هەندێک لە سەچاوەکان:

١- ئەم نووسینە هی بەڕێز (ئەحمەد ئەمانی) یە کە دواجار دەرکەوت ئەحمەد ئەمانی مامۆستای زانکۆیەو دکتۆراکەی پسپۆریەکی گرنگە ئەم نووسینەشی وەڵامیکە بۆ بەڕێز (دکتۆر بینەندە)، بەداخەوە نەمتوانی نووسینەکەی دکتۆر بینەندە بەدست بێنم و بزانم بنەمای ئەم نووسێنانە لە چیەوە سەری هەڵداوە!

٢- ئەم گۆرانیە بێ مۆسیقایەی زیرەک یەکێکە لە شاهکارە داهێنراوەکانی زیرەک و لێکۆڵینەوەی زۆر دەروونی هەڵدەگرێ و دەچێتە پاڵ تابلۆی (گوێ بڕین)ی داهێنراوو ناودارەکەی (ڤانکۆخ)ی هومەند.

٣- ئەگەر سەرژمێری گۆرانیەکانی زیرەک بکرێت بۆ زۆر گوێ لێگرتن کە لە تەواوی پێگە ئەلیکرتۆنیەکان ڕۆژانە گوێیان لێدەگیرێ ،بێ شک ژمارەیەکی سەر سوڕهێنەر دێتە دەست.

٤- زۆربەی براکوەردەکانمان لە ڕۆژهەڵات بەتایبەت خەلکی شارەکانی مەهابادو بۆکان و شنۆ ئەوە چاک دەزانن کە زیرەک بەدستی ساواک دەرمانخواردووکراوە، هەر ئەو دەرمانخواردنە دواجار لێی کردە سەرەتان، چونە لە چاوپێکەوتنێکدا ڕابیعەخانم لە وەڵامی پرسیارێکمان گوتی: ئەو ڕۆژەی زیرەک چووە دەرەوە هیچ نەخۆسیەکی نەبوو، ئێواورە ئاگاداریان کردمەوە زیرەک لە نەخۆشخانە کەوتووە، بەو هۆیەوە کە ساواک بە ژەهر کوشتویەتی پێویستە هونەرمەند حەسەن زیرەک وەک هەر شەهیدێکی کورد بە(شەهید )ناوببردرێ. تەواوی چاوپێکەوتنەکە لە کتێبی (ساواک بۆچی حەسەن زیرەک ی کوشت؟) بخوێنەوە.

٥- زیرەک.. پاشایەک لە تاران...هونەرمەندێک لە لوتکە!........ دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن:
http://dengekan.info/archives/16611?fbclid=IwAR3Ox0z7GINcTskrgnIdaP8ZGPZjFrsZNh2X9iWQ8HMu81Ris5xmSjiNPQo:.

٦- ئەوانەی لە نزیکەوە لە گەڵ زیرەک دا ژیاون هە میان باس لە دەسبڵاوی زیرەک دەکەن، دەیگێڕنەوە لە پۆلیسخانەی خانەقین زیرەک بەند دەبێ و پێویستی بە پێنج دیناردەبێ بۆ کەفالەت، کەسانێک دەیانەوێ بزانن زیرەک چەندی پارەی پێیە! یەکێکیان دەڵێ زیەک پارەت لایە پێویستم بە کەمێک پارە هەیە. زیرەک دەڵێ بەڵی ئەو یەک دینارەم پێیە فەرموو! واتە لەسجن بوو خۆی پێوستی بە پارە بوو کەچی بەبێ دوودڵێ ئەو تاکە دینارەی باخەڵی دەدات بە کابرا، دوایی هەر

ئەو بەڕێزانە  پێنج دیناری بۆ پەیدادەکەن.

٧- زیـرەک ئەفسـانەی درۆزننـانە!! کەسێک بە تەواویی و وردو بـاریکی ئاگـاداری ژیـان و هـونەری زیـرەک بێت، ئەوا هەر بەڕاستی ئەو پیاوە بە کەسێکی ئەفسـانەیی دەزانێ، چۆن ژیـانی زیـرەک پـڕە لە شۆکی ناخهـﮧ ژێن و پـڕە لە بەرزونزمی خەفەتهێن و پڕە لە داهێنانی سەرسوڕهێن!!

٨- هونەری زیرەک، دەنگی زیرەک، ژمارەی زۆری گۆرانیەکانی زیرەک، ژیانی پڕ لە هەورازو نشێوی زیـرەک ..کەرەستەن بـۆ زۆر جۆر لێکۆڵێنەوە ی سیاسی کۆمەلایەتی دەروونـی و مرۆڤناسیی و هـونەری وەک هونەرمەنـدێکی نەخوێنـدەواروبێ کەس و دەربەدەر.

٩- مقایسه حسن زیرک نامی جاودان، با دیگر نوابغ جهان در سگح خود https://iranglobal.info/node/43111

١٠- حسن زیرک در نیگاه دیگران ویکیپیدیا –https:fe.wikipedia.org/wiki/

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاولاتی - ڕێکەوتی: مانگی؛ ٥ - ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن زیرەک ئیمپراتۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی




گۆران حکیم

**ئەندازیار محەمەد دوکانی**

**زێڕ لەگەڵ زێڕدا بەراورد دەکرێ**
**نەک بە وردە زیخ پارسەنگی بدرێ**
**زیرەک زانستگای گۆرانیی کوردیت**
**کالاَت بە بالاَی هیچ کەس نابڕێ**

ڕەنگە ناساندن و ناو و شۆرەتی بەو جۆرە بۆ پێناسەکردنی حەسەن زیرەکی شۆڕە سواری مەیدانی گۆرانی و ئاوازی کوردی بەلای زۆرینەمانەوە نامۆ نەبێت...بگرە ڕۆژانە لێرە و لەوێ چەندان ناوبانگی لەوجۆرە دێتە بەرگوێمان و هەستی بیستنمان پێی ئاشنا دەبێت...ئەوەی من دەمەوێت لێرەدا و لە ساڵیادی مەرگی ئەو ئەستێرە گەش و پڕشنگدارەی ئاسمانی کوردەواری بیخەمە ڕوو مانا و چەمکی ئەم دەستەواژەیەیە... گەر چاوێک بەمێژووی جیهاندا بخشێنین و لە فیگەرە هەڵکەوتوو و دیارەکانی دونیا وردبینەوە و بەناو تولە ڕێ باریکەکانی ژیانیاندا شۆڕ بینەوە... دەگمەن و کەمن ئەوانەی لەماوەیەکی کورتی تەمەنیاندا شاکار و بەرهەمی پڕ داهێنان و ئاوازەیان بەخشیووە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی... بەڵێ کاتێک بە قوڵایی دونیای هونەری زیرەکدا شۆڕ دەبینەوە و لە وێستگە جیاجیاکانی ژیانی ڕادەمێنین و بە تاسە و حەزەوە گوێ بۆ گۆرانیەکانی ڕادێڵین و لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەیدا ناخی قەتیس بوومان دێتە خرۆش و روحی پەژموردەمان سوکنایی و سەبوریی پێدا



سەرچاوە
Serchawe

دێ...تێدەگەین کە ئەو تەنیا لە بواری گۆرانی و ئاوازدا عەبقری (بلیمەت) نەبووە و داهێنانی بەرجەستە و ئاوازەی نەکردووە، بگرە لە بوارەکانی دیکەی وەک مێژوو و زمان و ئەدەب و شیعر و داب و نەریتی کوردەواریدا چ بابەیەکی بلیمەت و داهێنەر بووە، چ توانایەکی لەڕادەبەدەری هەبووە لە ناسین و جیکەوتە کردنی ڕوداو و فیگەرەکانی ڕۆژگاردا... بەڵێ لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو ڕۆژگارەدا شانبەشانی حەسەن زیرەک چەندان هونەرمەند و گۆرانیبێژی دیکەی ناسراو هەبوون کە بە دەنگ و ئاوازەکانیان هەر یەکە بۆخۆی ڕێچکە و قوتابخانەیەکی سەربەخۆی دامەزراندووە... بەڵام ئەوەی حەسەن زیرەک کردی و لەوانی جیادەکاتەوە و دەیکاتە ئیمبراتۆری گۆرانی و ئاوازی کوردی ئەوەیە: ئەگەر بە وردی توێژینەوەیەکی ئاکادیمیانە لەسەر بەرهەمەکانی بکرێت تێدەگەین هەر گۆرانیەکی حەسەن زیرەک بۆ خۆی داهێنانیکە لە بواری گۆرانی و ئاوازی کوردیدا... زیرەک بە چەندین شێوەزاری جیای زمانی کوردی و بێگانەی وەک فارسی و تورکی گۆرانی دەچرێت و داهێنانی ئاوازە لەو بوارەدا تۆمار دەکات، لەگۆرانیەکانیدا ڕووداوەکانی ڕۆژمان وەک مێژوونوسێکی بە سەلیقە بۆ تۆمار دەکات و چەندان وشەی کوردی پەتی و ڕەسەنی لە فەوتان و لەناچوون پاراست، وەک گەڕیدەیەکی ماندوو نەناس بەشێکی زۆری گوند و شارەکانی کوردستان گەڕا و لە گۆرانیەکانیدا ڕوودا و داب و نەریتیان بەرجەستە کرد... ئەم باسە زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لە وتارێکی ئاوا کورتدا لەسەری بدوێین بۆیە پێم باشە هەڵوێستە لەسەر وتەی بەشێک لەو هونەرمەند و مۆزیکزان و نوسەرە دیارانە بکەم کە لەبارەی توانا و بلیمەتی زیرەکەوە دووان، ڕەنگە هەندێکیان ڕۆژانێک بووە لە ناخەوە ئیرەییان بە زیرەک بردووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی چاو لە ڕاستیەکان بپۆشن... بەڵێ زۆرن ئەوانەی قسە و باسیان هەبووە لەسەر بلیمەتی و توانای لەڕادەبەدەری ئەم هونەرمەندە نەمرە...

**لێرەدا تەنیا دەرفەتی ئەوە دەڕەخسێت کە وتەی بەشێک لەو کەسانە بخەینە بەر دیدەی خوێنەران، لەمەڕ هەڵسەنگاندن و بەرز نرخاندنی هونەری بڵندی زیرەکەوە، دیارە مشتێکیش نمونەی خەروارێکە:**

**– دکتۆر محەمەد سدیق موفتی زادە:** لەنامیلکەی چریکەی کوردستاندا فەرمویەتی: دەنگی کاک زیرەک بۆخۆی دەزگاییکی ئۆرکسترای کوردی یە، چونکە لەهەر چریکەیێکدا چەند جۆر ئاوازی مۆزیک دەبیستریٰ.

**• محەمەد ڕەزا شەجەریان:** حەسەن زیرەکی کوردان ئەفسانەی گۆرانی ئێرانی یە.

**– موجتەبای میرزادە:** کورد پێش حەسەن زیرەک هونەرمەندی وای نەبووە، نە دوای ئەویش هونەرمەندی وای دەبێت.

**– مەزهەری خالقی:** کورد بەهۆی حەسەن زیرەکەوە خاوەنی پتر لە ١٠٠ میلۆدیە و دەوڵەمەندترین نەتەوەیە لە میلۆدیدا.

**– دکتۆر مارف خەزنەدار:** لەئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەمدا لە ساڵی ١٩٥٧ لە بەغدا حەسەن زیرەک لە ٩ی شەوەوە تا ٤ی بەیانی بەردەوام چەندین چەپکە گۆرانی دەچڕی و ئەوەی دەیگوت هەرگیز نەیدەوتەوە.

**– شەماڵ صائیب:** حەسەن زیرەک عەبقری (بلیمەت) بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە گۆرانی کوردی لەناودەچوو.

**– مامۆستا عەبدولی حەمە باقی:** لەبەرنامە و چەندین بۆنەدا وتویەتی: کورد بەختی هەبوو کە حەسەن زیرەک کورد بوو، بەڵام حەسەن زیرەک بەختی نەبوو کە کورد بوو.

ماوەتەوە بڵێم، سڵاو لە گۆرانی یە عەییارەکانی پڕاوپڕن لە بۆنەی ڕەیحانە و مێخەک و شەوبۆ و بۆن و بەرامەی هەموو سیما جوانەکانی کۆمەڵی کوردەواریی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک هەر گۆرانییەکی گوتبێتەوە بووەتە موڵکی خۆی



**ئیمپراتۆری گۆرانیی کوردی..**

**وشە - ستار جەباری**

لە قۆناغە کۆنەکاندا گەلی کورد بەگشتی و چینی نەخوێندەوار بەتایبەتی زۆر بەچاوی سووک و بە بێبەزەییانە تەماشای هونەر بەگشتی و گۆرانییان بەتایبەت دەکرد و گۆرانیبێژیان بە لۆتی و چاوەش ناوزەد دەکرد. جگە لە بارزانی نەمر نەبێت کە رێزی تایبەتی لە هونەرمەند حەسەن زیرەک گرتووە. ئەوەتا مامۆستا عەلی مەردان ئەو گەواهییە دەدات و لە کتێبی یادەوەرییەکانی بەناوی "گەڵای پایز"دا، پاش ئەوەی باسی توندوتۆڵی پێوەندی نێوان خۆی زیرەک دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە چەندان جار بەند کراوە و دواتر بەهەوڵ و تەقەلای عەلی مەردان خۆی و چەند بەرپرسێکی دڵسۆزی کورد ئازاد کراوە.

لەلاپەڕە ٢٨٨ی کتێبەکە عەلی مەردان دەڵێ: رۆژێک لە رۆژەکانی شوباتی ١٩٦٩بەر لە رێککەوتننامەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، دەمەوعەسر لە دەرگە درا، کە کردمەوە دەڕوانم کاک حەسەن زیرەکە وا لە بەرانبەرمدا وەستاوە، پاڵتۆیەکی ئەستووری قورسی لەبەردا بوو، پاش ئەوەی شەوێکی خۆشمان بەسەر برد بۆ بەیانی روخسەتی خواست تا بگەڕێتەوە. بەسوعبەتەوە پێم گوت: تۆ بڵێی ئەمجارەش لە بنکەی پۆلیسی سەرا نەتبینمەوە؟ قاقا پێکەنی و گوتی: ئەمجارە ئەوە نابێتەوە، ئێستە نامەی "عەدەم تەعەروز"ی جەنابی بارزانیم پێیە، کێ حەدی هەیە بمگرێ.

**هەروا بەدەنگێکی نزم گوتی: دەمانچەیەکی بەدیاری داومەتێ.**

عەلی مەردان لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: بەڕاستی شاد و بەختەوەر بووم کە سەرکردەی کورد ئاوا ڕێز لە حەسەن زیرەکی هونەرمەند بگرێ. هەرچەندە گەلی کورد خاوەنی کولتوور و گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هونەری گۆرانی و مەقامە و دەنگخۆش و مەقامزانی فرەشمان هەبووە, بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد خۆی لە قەرەی گۆرانیگوتن بدات (وەک پیشە) لەبەر تانە و تەشەر و لۆمەی خەڵک. لەپاش مردنی (زیرەک) درزێکی گەورە کەوتە نێوان هونەری گۆرانی کوردی و جەماوەرەوە. بۆ گەلی کورد و هەوادارانی هونەری گۆرانی بوو بە شەرمەزاری و هەستکردن بە دواکەوتن و تەریقبوونەوە لە ئاستی ڕێز نەگرتنی هونەرمەندان, بۆیە کەوتنە کۆکردنەوەی گۆرانییەکان و نووسینەوەی ژیاننامەی هونەرمەند حەسەن زیرەک و نزیکەی ٢٠ کتێبیان لەسەری بە چاپ گەیاند. هەر لە پاش زیرەک, چەندان کتێبی تریش لەسەر ژیاننامە و گۆرانییەکانی هونەرمەندان تایەر تۆفیق و عەلی مەردان و خالقی و محەمەدی ماملێ و محەمەد جەزا و ناسری ڕەزازی.. هتد بەچاپ گەیەندران. ئێستە هونەرمەندانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کۆنسێرتی تایبەتیان بۆ ساز دەکرێت و ڕێزیان لێ دەگیرێت لەلایەن گەل و سەرکردەکانەوە.

هونەرمەند حەسەن زیرەک هەرچەندە نەخوێندەوار و مرۆڤی کاسبکار و سادە بوو, کەسیش فێری نەکردبوو و ڕێنوێنی نەکرابوو, دەرچووی هیچ قوتابخانە و ئەکادیمیای هونەری نەبوو, بەڵام خاوەنی ستایل و قوتابخانەیەکی تایبەتی خۆی بوو, خۆی مامۆستای خۆی بوو, لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگانەی دەهاتنە ڕێی و بووبوون بە بەربەست لە بەردەمیدا, کەچی زۆر بەچاکی توانی خۆی خۆی پێ بگەیەنێت ببێ بەو هونەرمەندەی کە لە چ شوێنێک باس لە گۆرانی کوردی بکرێ، ئەو دەبێتە نموونە. چونکە زیرەک هەر گۆرانییەکی گوتبێت، کردوویەتی موڵکی خۆی.

حەسەن زیرەک لە مەڵبەندی موکریان لە ڕۆژی ٢٩ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢١ی زاینی (ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی) لە دایک بووە. شوێنی لە دایکبوونی زۆر ڕوون نییە، بەگوێرەی قسەی خەڵک شاری بۆکانە و زیرەک لە گەڕەکی قەڵای سرداری ئەم شارە لە دایک بووە و زۆر کەسیش لەوانەی کە لە نزیکەوە دەیناسن، گوندی "هەرمێلە" کە لە نێوان شاری سەقز و بۆکان هەڵکەوتووە بە شوێنی لە دایکبوونی دەزانن. باوکی ناوی عەبدوڵایە و دایکی ئامینی ناو بووە. باوکی لەلای خانانی ئاغای گوندی هەرمێلە کاری کردووە، لەبەر لێهاتوویی بە زیرەک ناوی دەرکردووە. جگە لە حەسەن دوو کوڕی تری بە ناوەکانی حوسێن و مینە هەبووە. زیرەک تەمەنی ١١ ساڵان دەبێ کە باوکی کۆچی دوایی دەکات.

## ئاوارەیی و بەغدا

ڕۆژێک کوڕە گەنجێکی گوندی قوڕەدەرێ بە ناوی مەحموود نارنج، دەکەوێتە بەر ماشێنەکەی حەسەن زیرەک و دەمرێ. لە ترسان سەری خۆی هەڵدەگرێ و ئاوارە دەبێت تا لە کوردستانی عێراق دەگیرسێتەوە. دواتر دەگاتە شاری بەغدا و لەوێ بە هۆی چەند کەسێک لە میوانخانەی "شیمال ئەلکەبیر" دادەمەزرێ. لەوێش دەست دەکات بە گۆرانیگوتن و لە ماوەیەکی کەمدا ناوبانگ دەردەکات. چەند کەس لە ناودارانی موزیکی کوردی وەک عەلی مەردان لە ساڵی ١٩٥٣ی زایینی زیرەک لەوێ دەبینن و دەیبەنە بەشی کوردی "ڕادیۆی بەغدا" بۆ یەکەم جار دەنگی لە ڕادیۆی کوردی بەغدا دەبیسترێ و دەناسرێتەوە. لە ماوەی مانەوەی لە بەغدا دەیان گۆرانی تۆمار دەکات، ئەم گۆرانییانە ناوی زیرەک بە کوردستاندا بڵاو دەکەنەوە. لە ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ مانەوە لە عێراقدا دەبێتە دۆست و ئاشنای زۆر هونەرمەند و گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد، لە ئەزموون و ڕێنوێنییەکانیان کەڵک وەردەگرێ.

## گەڕانەوە بۆ ئێران

لە ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، لەوێ چووە بۆ ڕادیۆی تاران، کرماشان و تەورێز و لەوێوە گۆرانی چڕیوە. هەر لەو ساڵەدا لە ڕادیۆی تاران لەگەڵ میدیا زەندی ئاشنا دەبێت و پێکەوە ژیانی هاوبەش پێک دێنن کە ئاکامی ئەو ژیانە دوو منداڵ بە ناوەکانی "مەهتاب" و "ئارەزوو" دەبێ. ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی حەسەن زیرەک ماڵەکەی دەباتە شاری بانە و لەوێ لە "کانی مەلا ئەحمەد" چایخانەیەک دادەمەزرێنێ، دیارە شانبەشانی ئەو کارەش لە گۆرانیگوتن و کاری هونەری ناوەستێ و لە بەزم و شادی خەڵکدا بەشداری دەکات و لە بۆنەی جۆراوجۆردا گۆرانی تۆمار دەکات. پاشان دەچێتە شاری مەهاباد و لە دواکاتەکانی ژیانیشیدا دەچێتە شاری شنۆ. لە شاری شنۆ بە کار و کاسبی ژیان تێپەڕ دەکات. لە ساڵانی ١٩٦٠ - ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە تیپی "شانۆی هونەرە جوانەکان" لەگەڵ "سێوەخان" و "ڕەشۆڵ عەبدوڵا" لە شانۆگەریی «بووکی ژێر دەواری ڕەش» و «خەسوو یان ئەژدیها» و «تەڕپیر» بەشداری کردووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٧ - ١٩٦٨ لە شاری سەقز هۆتێلی سێ ئەستێرەیی هەبووە کە لەوێ گۆرانی گوتووە.

## گۆرانییەکانی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک، پشتبەستنی بە گۆرانی فۆلکلۆری بووە. ئەو چاوی بە زۆر ناوچە و مەڵبەندی کوردستان کەوتووە و لێیان ماوەتەوە، لەلای خەڵکەکەی میوان بووە و لەگەڵ شێوەی ژیانیان و جلوبەرگ



سەرچاوە Serchawe

و هەڵسوکەوتیان ئاشنا بووە. ئەو گۆرانییانەی لە خەڵکەوە بیستوویەتی فێریان بووە. هەرچەند زیرەک زۆر گۆرانیشی هەیە کە هەم هەڵبەستەکەی و هەم ئاهەنگەکەی هی خۆیەتی، لە شیعری کوردیش کەڵکی وەرگرتووە وەک شیعری شاعیران نالی، وەفایی، سەید کامیل ئیمامی، کوردی، هەردی، پیرەمێرد و هێمن. بۆ نموونە شیعری "شەو"ی سەید کامیل ئیمامی کردووە بە گۆرانی.

زیرەک گۆرانیی فارسی و ئازەریی هەیە، لەو جۆرە گۆرانییانەدا هەڵبەستی کوردی تێکەڵاو کردوون. "گویلدر یەلا گویلدر" یەکێکە لەو گۆرانییانە کە بە زمانی ئازەری گوتوویەتی. لەگەڵ زۆر گۆرانیبێژی کورد گۆرانی گوتووە، بۆ نموونە محەمەد ماملێ، مەلا حوسێنی عەبدولازادە، عوسمان بۆکانی و ئەحمەد شەماڵ". گۆرانیی "ماڵی بابم بێ وەفا" یەکێک لەو گۆرانییانەیە کە حەسەن زیرەک، محەمەدی ماملێ و مەلا حسێنی عەبدولازادە لە ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی پێکەوە بە یارمەتی تیپی موزیکی کرماشان تۆماریان کردووە. "بەرهەڵبێنە" و "هەوارە گوڵم هەوارە" دوو گۆرانیی ترن کە زیرەک و محەمەدی ماملێ پێکەوە گوتوویانە.

## ژیانی هونەری

لە ماوەی ژیانی هونەریدا زیرەک دەربەدەری زۆری چێشت، ماوەیەک لە شارەکانی ئێران و ماوەیەک لە عێراق. لە ڕۆژانی دەستپێکی ژیانی لە باشووری کوردستان لە شاری سلێمانی کاری دەکرد. ڕۆژێک بەدەم کارەوە لەژێر لێودا گۆرانی دەخوێنێت، ئەو گۆرانییە و دەنگی زیرەک هەستی ڕێبوارێک دەبزوێنێ، ئەو ڕێبوارە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ژیانی زیرەک و ڕێی بۆ دەکاتەوە بڕواتە ڕادیۆی بەغدا. بۆ ماوەیەک لە ڕادیۆی بەغدا کار دەکات و کاتێ لە ساڵی ١٩٥٦ بەشی کوردی ڕادیۆ تاران دەست بەکار دەکات، زیرەک بۆ تاران بار دەکات و لەوێ درێژە بە کار دەدات. زۆربەی بەرهەمەکانی لە ڕادیۆی تاران لەگەڵ گەورەکانی موزیکی ئێرانی وەک: حوسێن یاحەقی، حەسەن کەسایی، جەلیل شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەد عیبادی بووە.

زیرەک ئەگەرچی لەبەر بارودۆخی ئەستەمی ژیان لە خوێندن بێبەش مابوو، بەڵام تواناى بێوێنەی لە هۆنینی شیعری کوردی و دانانی میلۆدیی کوردی هەبوو. ئەو توانایە لەگەڵ دەنگی بێوێنەی، بووە هۆی ئەوەی کە گۆرانییەکانی لە سەرانسەری کوردستان بڵاو ببنەوە و ببێتە خۆشەویستی جەماوەری خەڵک کە ئێستەش لە شار و گوندەکانی کوردستان و لە ماڵی کوردەکان گوێ لە گۆرانییەکانی دەگیرێت. حەسەن کاتێ لە تاران بوو، لەگەڵ بێژەری بەشی کوردی ڕادیۆی تاران خاتوون "میدیا زەندی* یەکیان ناسی و دوای ماوەیەک ژیانی هاوسەرییان پێکهێنا.



سەرچاوە
Serchawe

حەسەن زیرەک نە لە ئێران و نە لە عێراق ڕووی خۆشیی نەبینی. هەڵسوکەوتی حکوومەتی ئێران کێشەی زۆری بۆ دروست کرد، ئەوە دڵی ناسکی زیرەکی ڕەنجاند و بڕیاری دا چیتر نەگەڕێتەوە تاران. باری کرد بۆ عێراق، بەڵام لە بەغدایش دەستبەسەر کرا و لە گرتووخانە ئەشکەنجە درا. خۆی دەگێڕێتەوە کە لە بنمیچ هەڵواسراوە و لێی دراوە. بۆیە دوای ڕزگاری ڕەوانەی ئێران دەکرێتەوە، بەڵام بۆ چارەڕەشی لە ئێرانیش ساواک دەیگرێ و ئەشکەنجەی زۆری دەکەن. حەسەن زیرەک لە نێوان ساڵانی ١٩٦٢ تا ١٩٦٤ لە ڕادیۆ کرماشان کاری کردووە. لەو ماوەدا لەگەڵ گەورەکانی موزیکی ئەو سەردەمە وەک موجتەبا میرزادە، محەمەد عەبدولسەمەدی، ئەکبەر ئیزەدی و بەهمەن پوولەکی کاری کردووە و ئەو هاوکارییە بووە هۆی خوڵقاندنی بەرهەمی وا کە وەک شاکارەکانی موزیکی ئەو سەردەمە یادگار ماون.

## کۆچی دوایی

ڕۆژی پێنجی پووشپەڕی ساڵی ١٩٧١ی زایینی، نەخۆشی هێرشی بۆ دێنێ و شێرپەنجەی جەرگ لە عەردی دەدا و دوای ماوەیەک لە ٢٦ - ٦ - ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان ماڵئاوایی یەکجاری لە ژیان دەکات. لەسەر وەسیەتی خۆی لە داوێنی کێوی "ناڵەشکێنە"ی بۆکان بە خاک سپێردرا. گۆڕەکەی بوو بە زیارەتگەی هەوادارانی.

**سەرچاوە:**


١- کتێبی ناڵەشکێنە و گەوهەرێ کە تایبەتن بە ژیاننامە و گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک.

٢- کتێبی "گەڵای پایز" کە بریتییە لە یادەوەرییەکانی هونەرمەند "عەلی مەردان".

٣- سەردانی پەیکەر و گڵکۆی "حەسەن زیرەک" لە شاری بۆکان ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٧.


**میدیا زەندی کچی تێکۆشەری کورد "عەزیز زەندی" سکرتێری ڕێکخراوی "ژ – ک" بوو.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١٩

## ژیان و ژانی حەسەن زیرەک



**مەریوان مەسعود**

ئەم هەفتەیە، هەفتەی حەسەن زیرەکە چونکە لە ٢٦ی ٦، پەنجاو یەک ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر کۆچی دوایی زیرەکی نەمردا، ئەمە لە کاتێکدایە شوهرەتی زیرەک ئەوەندە دوور ڕۆیشتووە، تەنانەت هونەرەکەی گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپاش و بە قسەی برادەرێکی هونەرمەند کە بەمدواییە لە یۆنان گەڕاوەتەوە، بۆی گێڕامەوە کە زۆربەی گۆرانیبێژ و موزیکژەنە دێرینەکانی ئەو وڵاتە، زیرەک دەناسن و ئاشنان بە هونەرە بەرزەکەی.

بێگومان، نەک تەنیا نووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤار، بەڵکو چەندین کتێبیش لە بارەی زیرەکەوە نووسراوە چ لەبارەی هونەرەکەی، یان لەسەر سەرگوزشتەی ژیانی. بەڵام ئەوەی ئەمجارە من دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم، ئەو توانا و دەربڕینە بەهێزەیە، کە زیرەک لە شیعرێکدا لە بارەی ژیانی منداڵی خۆی تا گەورەبوونی وەسفی خۆی و خانەوادەکەی دەکات، کە چۆن دوای کۆچی دوایی باوکی، یەکسەر دایکی شوو دەکاتەوە و منداڵەکانی جێدێڵێت، زیرەک لە یەکێک لە کۆپلەکانی شیعرەکەیدا دەڵێت:

دەستی قەدەربوو، بابم کۆچی کرد
دایکم مێردی کرد، زۆر بە دەست و برد
بەو جۆرە ماڵی ئێمەی بە قوڕ گرت

بزنی دەفرۆشت، دەیگوت مانگا مرد
خوشک و برامی وا دەربەدەر کرد
خەڵکی بۆکانی لێمان خەبەر کرد
بناغەی ماڵی لە بن دەرهێنا
سەبارەت بە مێرد گشتمانی دەرکرد

ئەگەر سەرنج بدەیتە ئەم کۆپلەیە، بۆت دەردەکەوێت، کە حەسەن زیرەک وەکو چۆن هەموو ژیانی دەربەدەری و ئاوارەیی و ماڵوێرانی و نەخۆشی بووە، هەر لەمناڵییەوە بەوخەمەوە گەورە بووە. تەنانەت بۆی دەرکەوتووە کە هەموو شاری بۆکان-ی زێدی خۆی، لە تێکچوونی شیرازەی خێزانی زیرەک وەئاگابوون، ئەمەش خودی زیرەکی زۆر بریندار و بێ تاقەت کردووە. هەروەک لە کۆپلەیەکی تری ئەم شیعرەدا، زیرەک دان بەوە دادەنێت کە ئەو تا تەمەنی ١٥ ساڵی زۆر درکی بە ژیانە خراپەکەی خۆیان نەکردووە، بۆیە دەنووسێت:

لە (١٥) ساڵە فکرم هاتە سەر
خۆم رازاندەوە جلم کردە بەر
دەم گو کوا براکان کوا خوشکەکانم
ئەی کوا وەتەن و خاکی بۆکانم
کوانێ جیران و کوا خزمەکانم؟
بۆ دەربەدەر بووم لە نیشتمانم؟


زیرەک، چ لە دیوی رۆژهەلات، یان باشوور لە هەردوولا دەردەسەری زۆر دیوە، بۆیە کاتێک تەنیا باس لە هونەرەکەی دەکرێت، من پێموایە غەدری لێدەکرێت، چونکە ئەگەر ژیان و ژانەکانی زیرەک شرۆڤە بکرێت و لێکدانەوەی بۆ بکرێت، جارێکی تر حەسەن زیرەک هونەرەکەی گەورەتر و بالاتر دەبێت، چونکە بەم هەموو ناخۆشی و تاڵی و تفتییەی ژیان کە هەر لەمناڵییەوە رووی لە زیرەک کردووە، کەچی توانیویەتی سەدان گۆرانی بچڕێت و ئەوەی وتویەتی، بێگومان نەیوتۆتەوە و گەنجینەیەکی بۆ جێهێشتووین بۆ هەتاهەتایە جێگای شانازییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک مرد یان کوشتیان؟




**جەواد حەیدەری**

**مامۆستای کۆچکردوو شێرکۆ بێکەس لەبارەی حەسەن زیرەکەوە دەڵێت:" حەسەن زیرەک مامۆستای بەستەی کوردییە، لەو ڕۆژەوە حەسەن زیرەک نەماوە تا ئێستا چوار گۆرانیبێژی وەک حەسەن زیرەکمان نییە".**

ئەمڕۆ ٢٦ - ٦ - ٢٠٢١ چل و نۆ ساڵ بەسەر کۆچی مامۆستای گۆرانی کوردی حەسەن زیرەک تێدەپەڕێ. نزیکەی نیو سەدە دەبێت کە بولبولی ئاوازی کوردی وەک جەستە لەنێومان نەماوە، بەڵام گۆرانییەکانی هەموو سات و کاتێک ئاوەشێنی دڵی پڕ لە زووخاوی ئێمە دەکات. حەسەن زیرەک ساڵی ١٩٢١ لە شاری بۆکان لەدایکبووە هەرچەند لەسەر شوێنی لەدایکبوونی تا ئێستاش مشتومڕ هەیە و هەندێک لایان وایە لە گوندی هەرمێلەی لەنێوان بۆکان و سەقز لەدایکبووە. حەسەن زیرەک هەرچەند خوێندەوار نەبووە و بۆ قوتابخانە نەچووە، بەڵام هەم زمانی و هەم گۆرانییەکانی کوردییەکی پاراو و پەتین و زمانێکی ڕەسەنە و پێموایە ئەوانەی کە کوردی باش نازانن و حەز دەکەن فێری کوردی بن ئەگەر گوێ لە گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک و ماملێ بگرن فێری کوردی دەبن و یان ئەگەر بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار موکریانی و هێمن موکریانی و حەسەنی قزڵچی بخوێننەوە فێری کوردییەکی پەتی و پاراو دەبن.

شتێکی دیکەی مامۆستا حەسەن زیرەک کە بەلای منەوە جێی سەرنجە ئەوەیە کە حەسەن زیرەک لەباری ئێستاتیکا و

جوانناسی یەکێکە لە جوانترین و باشترین جوانناسانی کوردستان. ئەگەر بە وردی سەیری گۆرانییەکانی بکەین دەبینین کە زۆربەی گۆرانییەکانی بەناوی ژنەوە و لەناو گۆرانییەکانیشدا باس لە وەسف و جوانی ژنە. شتێکی دیکە هەر گۆرانییەکی مامۆستا زیرەک خۆی چیرۆکێکی هەیە و باس لە شتێک دەکات.

هەر وەک چۆن دەڵێن ئەگەر لە دونیای شیعری کوردیدا نالی و مەحوی و هێمن و گۆران نەبان دونیای شیعری کوردی شتێکی کەم بوو لە ناوی دونیای ئاواز و گۆرانی کوردیشدا ئەگەر مامۆستا زیرەک نەبوایە، گۆرانی کوردی شتێکی کەم بوو.

حەسەن زیرەک سەرەڕای دەنگخۆشی و ناوداری، بەڵام هونەرمەندێکی خێر لەخۆنەدیو بوو، زۆر چەرمەسەری و نەهامەتی و نەگبەتی و ئاوارەیی و دەربەدەری و نەبوونی و هەژاری و بێکەسی چەشت. هەر وەک خۆی دەڵێ هونەر بۆ ئەو هیچی نەکرد و هیچ بەهرەیەکی نەبوو. سەرەڕای ئەمانەش هونەرمەندانی زۆر مەزن و دەسترەنگین و خاوەن پێگە و جێگەی ئێرانی و کوردی کاری موزیکژەنیان بۆ کردووە، حوسێن یاحەقی، جەلیلی شەهناز، جەهانگیر مەلەک و ئەحمەدی عیبادی و لەناو کوردەکانیشدا موجتەبا میرزادە و محەمەد عەبدولسەمەدی و ئەکبەر ئیزەدی و زۆر کەسی دیکە.

**حەسەن زیرەک سەرەڕای نەخوێندەواری، بەڵام زۆربەی شیعرەکانی هەژار موکریانی و هێمن موکریانی و سەید کامیلی ئیمامی و وەفایی و هەردی و پیرەمێرد و ... هتد کردووە بە گۆرانی.**

حەسەن زیرەک خاوەنی دوو کچە بە ناوەکانی مەهتاب و ئارەزووە کە لە میدیای زەندین.

**هەرچەند دەوترێت حەسەن زیرەک بە هۆی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستداوە، بەڵام دکتۆر ئیبراهیم مەولود حەسەن لە کتێبی" ساواک بۆ چی حەسەن زیرەکی کوشت"؟ دەنووسێت کە ساواک حەسەن زیرەکی کوشتووە و ژەهرخواردووی کردووە.**

**حەسەن زیرەک ڕۆژی ٢٦ - ٦ - ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی شاری بۆکان بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە گۆرانی و موزیکی کوردی کرد و لە سەر ڕاسپاردەی خۆی لە شاخی ناڵەشکێنە بەخاک سێپردراوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی: PUKmedia - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک چریکەیەک لەویژدان و ئازارەکانی تاکی کورد



**موتەلیب سەعید عومەر**

هەمـوو دەنـگ و چـریکەو سـۆزیک سـەدا و هـاوارێکه لەمـرۆڤ بـوون لەو خەم و ئـازارانەی که مرۆڤەکـانی دونیـا لەژیـانی کولەمەرگی و کوێرەوەرییانـدا دەریـان بریـوە ئەگەرچـی شێوازی دەربرینـی هەر مرۆڤێـک جیـاواز تـرە له ئەوی تـر شـاعیران بەووشـە هەسـت و سـۆز و پەیامەکەیـان ئاڕاسـتەی خوێنەرەکانیـان دەکەن بەڵام هونەرمەنـدان بەدەنـگ و چـریکه گـوێی بیسەرەکانیان زاخاو دەدەن، لەناو کولتوورو ئەدەبیاتی گەلاندا زۆر دەنگی ناسراو دیـار هەیه که بیسـەرو بینەرێکی یەکجـار زۆریـان هەیه، لەنـاو کۆمەڵگەی کـوردی حەسـەن زیـرەک یەکێکه لەو دەنگـانەی چ لەسـەردەم و چ دواى خۆی تـوانی ببێـتە ناسنامەو ناسینی دەنگ و سەدایەکی تـایبەت لای بیسەرو هەوادارەکانی، وەک چۆن هەنـدێک تێکسـتی شـاعیرانی کـورد زینـدو نەمر ماوەتەوە لەنمونەی هۆنراوە بەرزەکـانی نـالی، حـاجی قـادری کۆیی، سـالم، عەبـدوڵا گۆران، شێخ نـوری شێخ سـاڵح، بێکەس..هتد، چریکەی حەسەن زیرەکیش یەکێکه لەو دەنگانەی بۆ ماوەی پەنجاڵ دواى نەمانی هێشتا له گورە و بـرەو دایه ئەوە سەربـاری ئەو هەموو گۆرانکارییه لەژیانی کۆمەڵی کوردی بەرکەوتنـی بەدیـاردەی بەجیهـانیبوون سـەرهەڵدانی چەنـدین ئـامڕازو تەکنیکـی نـوێ، دەنگـی نـوێ هێشـتا زمـانه سـادەو چـریکه ئەفسوناوییەکەی تـایبەتەکەی حەسـەن زیـرەک لەگـوێی بیسەران و هەوادارانیدا کارکرد و سەنگی خۆی هەیه بۆ سەلماندن و دەرخستنی ئەم راستیانەش دەکرێ شیکارییەکی کـورت بـۆ هەنـدێ بەسـتەو مەقـام و میلـۆدییه فۆلکلـۆرانه بـکەم کەله دەروونه پـڕ له ناکـامەکەی حەسـەن زیرەکـدا دروست بـوون و گوزارشت لەهەست و خەمو ناسۆرو دەردە دڵیەکەی لایەک و توانا خودا پێدراوەکەی دەکـات وەلـێ گفتوگۆ کـردن و نووسین



سەرچاوە Serchawe

لەبارەی تواناو دەنگ و چریکەی حەسەن زیرەک هەڵگری دەیان لێکوڵینەوە و خوێندنەوەی جیاوازە لەم وتارەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە شیکارییەکی ووردو فراوان لەمەر ژیان و کۆی ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەو هونەرمەندە بەرزە بکەین.

ئەز لەم خوێندنەوەمدا چەند سەرنج و بۆچوونێکی کورت لەبارەی ئەو هەستو سۆز و ئەو دەربرینانە دەدەم کە بەهەستێکی قوڵ و خەمێکی گەورەی ئینسانی حەسەن زیرەک بەدرێژایی تەمەنی هونەری و توانای لەڕادە بەدەرکەی چریوێتی لەکاتێکدا تا لەژیانیشدا بووە زۆر کەم لە هونەر دۆستان و شەیدایانی دەنگی لەناڵەو چریکە ویژدانیەی حەسەن زیرەک تێنەگەیشتن، حەسەن زیرەک ئەو مرۆڤەی دەرفەتی نەبوو وەک مرۆڤێکی کورد ژیانێکی شایستە بژی وێڕای نەبوونی خوێندەواری و دەرفەتی ژیان بەڵام بەهرەمەند و داهێنەر لە ڕێکخستنی بەند، و ووتنی هەڵبەست و چڕینی مەقام و گۆرانی.

هەر وەک زیرەک خۆی لەیەکێک لەتۆمارە دەنگییەکانیدا دەڵێت هونەر لەنێو کوردا بایەخی نیە، هونەر لەنێو کوردا قەدری نەما، هونەر بۆ من بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆ من کارێکی نەکرد کە بە شوێنیا بچم چوون کوردم و بەزمانی کوردی قسە دەکەم.

حەسەن زیرەک ئەگەرچی هونەرەکەی بۆ خەڵک بوو بەڵام بەداخەوە خەڵک وەک مرۆڤێکی سادەش لێیان نەروانیوە چ جای ئەوەی لەبەهرە و چریکەو توانای بەرزی حەسەن تێبگەن هەر بۆیە سکاڵاو دەردە دڵی خۆی لەوەدا دەردەبڕێت کە کوردە بەزمانی کوردی دەدوێت وەگەر نا زیرەک کوردێکی بێ غەلو غەش و ڕەسەنە تەنانەت بەهۆی کورد بوونیەوە دووچاری زۆر دەردە سەری و گرتن و ئەشکەنجە و ئازار بۆتەوە.

قەت لەدونیادا نەبوو بێجگە لەناخۆشی بەشم<br>
ئەی خودا چەند بەد بەخت و چەند چارە ڕەشم<br>
سەردەمێک ئاوارە بووم و مودەتێکیش دەربەدەر<br>
قەت نەمدی ڕووی ئاسوودەگی هەر تووشی گێرەو قەر قەشم

سەربڕی ئەو هەموو خەم کەسەر و تەنیایی و نائارامیە زیرەک دڵێکی شەیداو سەرەڕۆی هەیە هەمیشە دیدەو هەست و گیانی لای شۆڕە ژنی چاو مەست و کیژی کوردی کوردەوارییە حەز دەکات خۆشەویستەکەی گفتو گۆی لەگەڵ بکات.

نام دوێنی بۆچیم نامدوێنی، بۆ لێم زیز بووی نامدوێنی

**ئەگەر بێو بمدوێنی، نام ڕەنجێنی، نام شەمزێنی، رۆح دەدەم لەمزگێنی، سەر دەدەم لەمزگێنی**

ئەم چریکەیە بەرلەوەی دەربڕینی هەستێکی جوانە لەناخی پەنگخواردووی مرۆڤێکی ئاشق بەکیژە کوردێکی چاوەمەست لەهەمانکاتدا داواکاری و گرفتاری زامێکە بۆ دڵدارەکەی هیچ نەبێت بزەیەکی بۆ بکات تا ئاخ و ناڵینەکەی کەم بێتەوە و ئوقۆە بگرێ ئەو چریکەیەی کەژو دوڵ و بەندەنەکان پڕ لەناڵین دەکات بەڵام خانمەکەی بێئاگایە و لەسەر کەشی خۆی ناکەوێ.

**گەر بێت و بمدوێنی نام رەنجێنی، نام شەمزێنی، رۆح دەدەم لەمزگێنی، سەر دەدەم لەمزگێنی**

لە بەندی یەکەم گرفتاری ئەوینێکە بەدەست دڵدارەکەی،لەبەندی دووەم ئەگەر بێت بمدوێنی نامرە نجێنی بۆیە ئەگەر بیدوێنێ گیانی ئاسوودە دەبێت سەبوری و مزگێنیەک دەبێت بۆی.

حەسەن زیرەک وێرای ئەوەی وەستایەکی شارەزا بووە لەڕێکخستنی بەندو ووشەو یاریکردن بەدەنگی لە هەمانکاتدا لەچرینی گۆرانیی شاد دا توانایەکی بەرزی هەیە لەوەسفکردن و پیا هەڵدانی بەژن و لەنجەو رەوتی کیژی کورد و وڵاتی کوردەواری.

لەگۆرانی ئەرێ لادە،لادە، رووبەند پەشمینە وێنەیەکی تری جوانی ژن و سروشتی کوردەواری بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی دەکێشێت بە شێوەیەک وێنەی کیژی کورد کاتێک لەکانی بەلەنجەو لار دەگەڕێتەوە بەرەو ماڵ ئەو دیمەنە هەست و هۆشی حەسەن بردووە.

**ئەی کیژی لادێ بانەو دارستان، کاسپی تۆم ساڵێ مازووە و گەڵووان**
**ئەی کیژی لادێ محاڵێ مەنگۆر، من بۆ تۆ نەمام شۆخی جگەر بڕ**
**ئەی لادە،لادە روو بەند پەشمینە، روو بەند پەشمینە خوێنت شیرینە**

حەسەن زیرەک گۆشکراو پەروەدەکراوی ژینگەو ژیانی کوردەواری یە ئەوەتا لەناو هێنانی سەربان و ماڵ و ماڵیات، و دارستان و مازوو، گەڵا دا وورد و بەسەلیقەیە، وێرای ئەوەش کیژی لادێ وەک مرۆڤێک بەشێکە لەگیان و بیری حەسەن زیرەک و لەهەست و دەربرینەکانیدا جوانترین پێناسەو وێنایەکی بەرزی هونەری ڕەنگدانەوەی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

لەدارشتن و وێنەگرتنی سروشتی خاکی بۆکان و دەوروبەریدا زیرەک مرۆڤێکی بیر فراوان و شەیداو سەودا سەرێکی یەکجار ئاشق و کارامە بووە چ لەرێکخستنی ووشەو چ لەناسینی دەوروبەری ناڵەشکێنە وهەموو ئەو شوێنانەی نزیک یان بەرامبەر ناڵە شکێنەی بۆکانە.

دەچمە سەر ناڵەشکێنە بەرامبەر بە بۆکانێ
یاری من هەر نەجیبە باریکە و نەشمیلانێ
بمرم کورتێ خاڵ دانە دانێ.
دەچمە سەر ناڵە شکێنە بەرامبەر میاندواوێ
ئەشقی باڵای لێو ئاڵ بووم کولمەی گوڵی سێڵاوێ
دونیام بێوی من ناوێ.

حەسەن زیرەک زۆر سەو داسەر و شەیدایە تا ئەوپەری مرۆڤبوون ئەشقێک تژی لەژیان نەک تەنها بۆ جەستە و ئارەزووی ژن بەڵکو بەگیان شەیدای جوانی سروشتی کوردستان و کوردەواری و ژنی کوردە چونکە ئەشقەکەی زیرەک هەستێکە بۆ ژیان دروست بووە ئەو هەستەی لەمنداڵیەوە تا مردن دەنگ و ناڵە و خەمەکەی لە ناخێکی پاک لەژیاندۆستی، خۆنەویستی و مرۆڤدۆستی ڕەنگیداوەتەوە.

دەستم بەدامێن قوربان دەگ یارم کەمبارت
چونکە بەگزادەی دەبمە نۆ کەرت
دەیجا لوتفت بێت مردم سندوقی سەرت
لای لای سورە گوڵ، چۆنت ڕاژێنم
ئیجازەم بدە سەر پەنجەم بێنم
وات ڕادەژینم ڕاتنە چڵە کێنم

حەسەن زیرەک تەنها خاوەنی چریکەیەکی ئەفسوناوی نیە بەڵکو یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی چرینی هەڵبەستەکانی شاعیرانی کوردە بە دەنگە ئەفسوناوییەکەی، لایەنێکی تری توانای ئەو هونەرمەندە زیندو کردنەوە بەرهەمی فۆلکلۆر و بایەخدان بەم ڕەهەندە گرنگەی کەلەپووری نەتەوەکەمان بۆ مرۆڤێکی بێکەس و بێ لانەو سەر هەڵگرتوو بەڕاستی جێگەی تێرامانە، حەسەن زیرەک ئەو مرۆڤە داهێنەرە نەخوێندەوارە لەو سەردەم و هەلومەرجە سەخت و ژیانە پر کوێرەوەرییە دێت و چەندین بەندو بەستەو میلۆدی کوردی زیندو دەکاتەوە لەفەوتان دەیانپارێزێت ئەوەش یەکێکە لە بەهرەو زیرەکی ئەو مرۆڤە کوردە.



سەرچاوە
Serchawe

بەداخەوە حەسەن زیرەک ئەگەر کورد نەبووایە دڵنیام لە نێو هەر نەتەوەیەکی تر بوایە هیچی کەمتر نەبوو لە شکسپیر، چاپلن و بۆ دلێری شاعیری ناوداری ئینگلیز ئەوان خاوەن دەوڵەت و شارستانیەت و ئەرشیفیکی دەوڵەمەندی پارێزراون بەڵام زیرەک لەنەتەوەیەکی بن دەست و لەهەلومەرجێکی ناهەموار، وڵاتێکی پر لەستەم و نادادی کۆمەڵایەتی ژیا.

خەسڵەتیکی تری بەرزی هونەرەکەی حەسەن زیرەک ئەوەیە دەنگێکە زیاتر لەزەمەنێک و سەردەمێک بەردەوامی هەیە، حەسەن زیرەک دەنگێکە سنور بڕ و ڕۆیشتوو بەناو وڵاتێکی تر و کەلتوورێکی تر ناسینی ئەو دەنگە بەناو نەتەوەی فارس و عەرەب ئەوەش وایکردوە لەسەر ئاستی گەلانی دەوروبەر زیاتر ناسراو بێت، لەمانەش زیاتر حەسەن زیرەک چریکە یەکە گوزارشت لە ویژادن، و ئازار، و نەهامەتیەکانی تاکی کورد دەکات لەتەواوی خاکی کوردستان.

چ سرێکە لەدلمایە بیڵێم و زمان ئەسوتێ
بیشارمەوە نەیبێژم، مێشک و ئێسقان دەسووتێ

زۆر شت هەیە بۆ وتن بەڵام ڕەنگە هەر ئەرزشی نەبێت، ئەو سڕەی لەدەروونی حەسەن زیرەک دایە تەنها پەروەردگار دەزانێ چییە ئەو نهێنیە هێندە بەژان و ناسۆرە تەنانەت توانای نیە بەزمان دەریبرێت ترسی ئەوەی هەیە بەدرکاندنی زمانی بسوتێت ئای چ سرێکە خودای گەورە مەگەر تۆ بزانی چ نهێنی، و خەمو کەسەرێکی قوڵی لەدەروونیدا پەنگی خواردۆتەوە.

لەنێوان ئەم دوو ڕاو هەستە ئازار چەشتوودا دوو دڵ ڕاماوە ئەگەر بیشارێتەوە نەیبێژێت مێشک و ئێسقان دەسووتێت بۆیە ئەگەر نهێنیەکە بدرکێنیت ئاگرەکەی دەروونی دادەمرکێت.

لەیادی کۆچی دوایی پەنجا ساڵەی ئەو هونەرمەندە بەرزەی کورد درود بۆ گیانی پاک و هەستی بەرز و هونەری بەرزت، ئەز دوای زیاتر لە ٤٥ ساڵ گوێگرتن لەدەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنە ڕام وایە ئێمەی بیسەر، و هونەر دۆست و هەوادارانی دەنگی حەسەن زیرەک تا ئێستا نەمانتوانیوە وەک پێویست زیرەک بناسین ئەو کاتە لەناسینی ئەو هونەرمەندە تێدەگەین کەبتوانین چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و بەدواچوون بە نێو کانیاوی پڕ لە مرواری ئەو هونەرمەندە ناسراوەدا بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## حەسەن زیرەک، جگە لە راستیی هیچی تری نەدەوت!



مەریوان مەسعود

دیوی دووەمی ژیانی، کەم کەسمان بیستوومانە، یان لەبارەیەوە خوێندومانەتەوە، چونکە ئەو هەمیشە پیاوێک بووە زەوقلیی و خۆشمەشرەب و بە چڕینی گۆرانیی مەشهوریی گشت عالەم بووە.

بەڵام دیوی دووەمی ژیانی، کە کەمی لەبارەوە وتراوە، من هەوڵدەدەم چەند نموونەیەکی زیندووی لەبارەوە بڵێم کە بە زاری خۆی وتراوەو بە قەڵەمی ژنە نازدارەکەی (میدیا خانم) و هاورێییەکی تەمەنی نووسراون.

ئەو زاتە، حەسەن زیرەک-ە، کە هەموو ژیانی چەرمەسەریی و دەردەسەریی و (قورپەسەری) بووەو وەکو دەڵێن مەگەر بە مردن ئیسراحەتی کردبێ ئەگینا هەر ماڵوێران و دەربەدەر بووە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەش بە پێی سەرچاوەکان ٣٦ ژنی هێناوەو زیاتر لە هەزار گۆرانی هەیە و هەمیشە کەیف و سەفای خۆی کردووە.

حەسەن زیرەک کە ئەمساڵ ٥٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی تێپەڕ دەبێت، لەیەکەم کتێبی خۆی پێشەکییەکی کورتی نوسیوەو بە شیعرێک باسی ژیانی مناڵی خۆی دەکات، بەمشێوەیە:

"ئەم چەند وشە، کە لەم چەند لاپەڕەیەدا، دیاری کراوە، ئەمەوێت ببێتە هۆی ئەسیحەتێک، نەک هەر بۆ تۆی برای خوێندەوار، بەڵکو بۆ هەموو برایەکی کورد، کە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە خراپە لادەن و ڕووبکەنە چاکە، چونکە چاکە چاکەی لە شوێنە و بەرێکی شیرینی هەیە، لە دونیا و قیامەت داو خراپەش، خراپەی لە دووایە."

خەڵکی بۆکانم، کوردێ خوێن پاکم
برام (حسەین) و خاتوو (ئامین) دایکم
ناوم (حەسەن)ە، باوکم (عبدالله)
خوشکم (سارا)یە کاک (مینە) کاکم
دەستی قەدەربوو، بابم کۆچی کرد
دایکم مێردی کرد، زۆر بە دەست و برد
بەو جۆرە ماڵی ئێمەی بە قوڕ گرت
بزنی دەفرۆشت، دەیگوت مانگا مرد
خوشک و برامی وا دەربەدەر کرد
خەڵکی بۆکانی لێمان خەبەر کرد
بناغەی ماڵی لە بن دەرهێنا
سەبارەت بە مێرد گشتمانی دەرکرد
هەشت نۆ ساڵە بووم، بووم بە عەمەلە
لە کار کردنا زۆر ئەمکرد پەلە
لەم دێ بۆ ئەو دێ، لەم شار بۆ ئەو شار
لەبەر بێ کەسی کەوتمە ئەو هەلە
تا یازدە ساڵی ئاوا کارم کرد
مانگی (شەش تمەن) من بێگارم کرد

زیرەک، بەم شێوە کارەساتبارە ژیانی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە، کە من تەنیا کەمێکم بۆ ئێوە داناوە.

لایەنێکی تری ژیانی زیرەک، مەسەلەی ژنهێنان و ژنخواستن بووە، کە زۆری لەبارەوە دەوترێت، بەڵام ڕاستییەکەی لای هاوڕێی تەمەنی (میرزا کەریم خۆشناوە) کە لە بەشی یەکەمی کتێبی حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی، دەنوسێت:

«حەسەن زیرەک (٣٦) سی و شەش ژنی هانیوە لە فارس و کورد و عەجەم، بە گوفتەی خۆی کە من لە دەمی خۆیم بیستووە



سەرچاوە
Serchawe

و زۆربەی ئەو ژنانەشی بە شێوەی (سیغە) مارەکردووە و تا ئێستاش لە ئێران و عەجەموستان ئەو شێوە مارەکردنە کە (سیغە)ی پێ ئەگوترێ، باوەو زۆریش هەرمێنی هەیە!! بەلآم خۆشەویسترین ژنی ناوبراو (زێنێ)بووە، چەند جار لای من باسی کردووە و ئێستاش دەنگی خۆیم هەیە لەسەر شریتێکی تایبەتی کە لە ماڵی ئێمە و بۆ من تۆمارکراوە و ئەڵێ: ئەگەر مردم و یان ئازاری سیلم گرت ئەوە بزانن لەتاوی (زێنێیە) هەروەک من ئەوم خۆش ئەوێ، ئەویش زۆرتر منی خۆش ئەوێ

حەسەن زیرەک، جگە لە هونەرە پاک و بێگەردەکەی، تەمەنێکی ئێجگار کورت و کەمی هەبوو، (٥١) بەهاری بینیی، هەموو بەهارەکانیشی بە ناخۆشیی و راکە راک بەرێکرد، بەلآم لەگەڵ ئەمانەش هەمیشە راستگۆیانە قسەی دەکرد و بەسەرهاتەکانی خۆی دەگێڕایەوە، ئەوەتا لە تەمەنی ٣٨ ساڵیی بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە، کە کەم کەس ئەو بوێرییەی هەبووەو هەیە لە یاداشتیی خۆی وا بنووسێت، لەبارەی رووداوەکە، حەسەن زیرەک بە زاری خۆی دەڵێت:

لە ساڵی ١٩٥٩ کاتێ کە لە ئێستگە گۆرانیم ئەگوت، زۆرجار نامەم لە خانمێکی تەبرێزی یەوە بۆ ئەهات، باسی سووتان و کروزانەوەی ئەوینداری تیا ئەنوسی و داوای لێ ئەکردم کە بچم بۆلای و سەرێکی لێ بدەم و خۆمی نیشان بدەم و بەقسەی خۆش خۆش نامەکانی ئەرازاندەوە.

رۆژێک وا رێکەوت رێگام کەوتە ئەو شارەی خانمەکەی تیایە. دوای بەجێ گەیاندنی کارم بەبیرم کەوتەوە کە لەم شارە خانمێک بەردەوام نامەم بۆ ئەنووسێت و داوام لێ ئەکات کە سەری لێ بدەم، ئێستاش وا گەیشتوومەتە ئێرەو ئەدرەسەکەشم لایە، ئەی بۆ نەچم سەرێکی لێ نەدەم و نیوەرۆیەکەشم لای ئەو نەخۆم؟ پشوێک بدەم و بشزانم ئەم خانمە چی لێم ئەوێت و چ کارێکی پێم هەیە!

دەستم خستە گیرفانم و ئەدرەسی خانمەکەم دەرهێناو هەندێک سەیرم کرد و لەدوایی دا تەکسیەکم ڕاگرت و سواربووم. بە شۆفێرەکەم وت: کاکە بێ زەحمەت ئەم ئەدرەسە ئەزانی؟

لەم کاتەدا بەدەسمەوە بوو.. نیشانی کاکی شوفێرم دا، تەماشای کرد و وتی بەڵێ پێ ئەزانم.

- دەباشە کاکە بمگەیەنە ئەو شوێنە.
- بەسەرچاو.

ماشێنەکەی وەرسوڕاند و ڕووی کردە جادەیەک، پاش ماوەیەک ڕۆیشتن لای دایە جادەیەکی تر، هەندێک ڕۆیشت و لەبەر دەرگای ماڵێک ڕایگرت.. دەستی بۆ خانووەکە درێژ کرد و وتی:

برا ئەمەیە ئەدرەسەکەت.

منیش حەقەکەی خۆیم پێداو دابەزیم، کە سەیری خانووەکەم کرد کۆشکێکی دەوڵەمەندانەم هاتە بەرچاو، هەندێک لە دار و دیوار و دەرگاو پەنجەرەکەی ورد بوومەوە و لەدڵی خۆما ئەموت باشە بچم؟ نەچم؟ کەوتبوومە دوو دڵی.. کە بیرم کردەوە تازە تا ئێرە هاتووم چۆن خۆم ئاشکرا نەکەم و ڕاست بگەڕێمەوە! پاشان غیرەتم هێنایە بەرخۆم و چوومە بەر دەرگاکە و دەستم برد و زەنگم لێ دا.. هەندێک گەڕامەوە دواوە، وەک بڵێیت مەترسیم هەبوو لەوەی کە سەربەخۆ بۆلای ئافرەتێکی نەدیتە و نەناس هاتووم، تۆزێک بەلامەوە سەیر بوو دڵیشم بە توندی لێی ئەدا.

دوای ماوەیەکی کورت - ئافرەتێکی جوان دەرگاکەی کردەوە.. کە تەماشای منی کرد وتم: ئەمەیە ماڵی فڵان خانم؟ وتی: بەڵێ ئێرەیە.. بەڵام تۆ کێی؟

وتم: من حەسەن زیرەکم، هەر ئەم وشەی لێ بیستم یەکسەر ڕەنگی گۆڕاو کەوتە پەلە پەل و وتی: ئاغای زیرەک تو خودا ڕاوەستە تا موژدە بۆ خانم ئەبەم و موژدانەی لێ ئەسێنم، ئێستا بزانێ تەشریفت هێناوە بۆ ئێرە لە خۆشیان خەنی ئەبێ و موژدانەیەکی زۆر چاکم پێ ئەدا!

ئەمەی گوت و بەغاردان بۆ ژووری هەڵات، هەر لەڕێگا هاواری کرد: خانم خانم.. موژدانەم بەرێ حەسەن زیرەک هات.. ئا ئەمەی وت لە دەرگای حەوشە چوومە ژوورێ.. حەوشەکەی گەورەبوو.. چەمەن و گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی تیابوو.. چواردەوریشی بەدارسێو و هەرمێ و هەڵووژە و داری تری سێبەری دەورەدرابوو هەموو داری ڕێک و جوان بوون.. دیمەنی حەوشەکەیان ڕازاندبۆوە.. بەناو حەوشەکەدا بەرەو ژووری ئەڕۆی چەند پلیکانەیەک سەر ئەکەوێ بالکۆنێکە بەسەر حەوشەکەدا ئەڕوانێ.. لەم کاتەدا من لەژێر بالکۆنەکە لەنێو حەوشەکە وێستابووم.

خانم بە غاردان هاتەدرە و وتی: کوا حەسەن زیرەک؟
کە تەماشام کرد چ ببینم.. سوبحانەڵلا (احسن الخالقين) لە دڵی خۆما گوتم:

خودایا.. ئەم ئافرەتەت چۆن وا بەجوانی و ڕێک و پێکی و بێ عەیبی دروست کردووە؟؟!! لەجوانی و ناسکی ئەم ئافرەتە

بەڕاستی سەرم سوڕمابوو! خانم گەیشتە سەر باڵکۆن و تەماشاییێکی منی کرد و گوتی:

کوا حەسەن زیرەک؟

وتم: من حەسەن زیرەکم خانم گیان!

خانم کە ئەمەی لەمن بیست وەک بڵێی جامێ ئاوی ساردت بەسەریا کردبێت.. سەری لێ شێوابوو.. شتی وای باوەڕ نەئەکرد کە حەسەن زیرەکی ناودار پیاوێکی ئاوا قەیرە و ڕەنگ پیاو بێت، بێگومانم لە دڵی خۆی وایزانیوە کە حەسەن زیرەک کوڕە لاوێکی زۆر جوان و ناسکە و جوانی یەکەی لە دەنگە خۆشەکەی دڵگیرترە. بەڵام لە خەوە خۆشەکەی داچڵەکی بەجوانی سەیری کردم و هەر لەبەر پێم تا تۆقی سەری ڕوانیم..

لە دوایە لە دەمی دەرچوو وتی: خۆزیا هەر لە دوورەوە دەنگم بیستبای ئاغای زیرەک!! وای ئەزانی گوێم لێ نەبوو.. منیش وەسەر خۆم نەهێنا..:..

- بۆ ئەم بابەتە سوودم وەرگرتووە لە کتێبی (چریکەی کوردستان) و (حەسەن زیرەک و بەسەرهاتەکانی) و (حەسەن زیرەک چریکەیەک بۆ شادی).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠٢٢

## حەسەن زیرەک.. دوو دۆست و یارێ




### لە یادی زانایەکی کۆمەڵناسی کۆمەڵگەی کوردەوایدا

**سەمەد زەنگەنە**

**حەسەن کۆکەرەوەو دەربڕی هەموو ئەستە شاراوەو سەرکوتکەرەکانی کۆمەڵگەی کوردەوارییە، ئەو سۆزو هەڵچون و دەربڕینانەی حەسەن زیرەک لە گۆرانیەکانیدا تەعبیری لێدەکات هەستە شاراوەو پڕ ئازارەکانی تاکی کوردییە بۆ ئەو شتانەی لە دەستی داوە، یان دەستی پێناگات و بە درێژایی تەمەنی سەرکوتی کردوە، بەڵام زیرەک لە جیاتی هەموان، لە قوڵایی ئەستی مرۆڤەوە دەیهێنێتە سەرەوەو باسیان دەکات، وشەگەلێک تۆ ناوێری بیاندرکێنی، یان بۆ خودی خۆشتی باس بکەی.**

**لەم کورتە شیکارییەشدا تەنها دوو دێڕی گۆرانییەکی زیرەک شیدەکەینەوە:**

**هەرکەسێک نەبێ دوو دۆست و یارێ**
**سەر بگرێ لە قوڕ سوبح و ئێوارێ**

**سەرەتا پێویستە لە ووشەی (دۆست) بدوێین، لە بنەچەدا وشەکە فارسیەو بە واتای (خۆشەویستی) دێت، بەڵام لە زمانی**

کوردیدا هەمان ئەو ووشە جوانە دەنوسرێت و بە گشتی واتایەکی دی دەبەخشێت، (هاورێ، ئاسیاو، برادەری نزیک...، بەڵام کە دەگاتە رەگەزی بەرابەر واتە کچان و ژنان، قاڵب و لێکدانەوەیەکی نێگەتیڤانەی سێکسی بۆ دەکرێت، واتە کیژ و ژنی دۆست، کەمتر لە پێگەی ژنێکی ئاسایی وەردەگرێت، لەوەش بەولاوەتر هەندێکجار کە گوێت لە کچ یان ژنێکی دۆست دەبێت بە فرۆشیاری جەستەو سۆز وێنای دەکەی.

ئێمە لەوە دەگەڕێین و بۆچونی زیرەک دەخەینە ڕوو دەربارەی دۆست، حەسەنیش باگراوندێکی شارستانیەت و روناکبیری فارسی شکدەبات، بۆیە دڵنیاین واتاو لێکدانەوە فارسیەکەی بۆ دەستەواژەی (دۆست) کردووە.

بۆچی دەڵێت (هەرکەسێک نەیبێ دوو دۆست و یارێ)؟ رەنگە زیادڕەوییەکی لە ژمارەکەدا کردبێت و لەبەر وەزن و قافیەی شیعرەکە کردبێتی بە (دوو)، ئەگینا دۆستێک کافیە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی لە دەستچوی خۆشەویستی.

ڕاستیەکی تاڵ هەیە لە پەیوەندییەکی گرێدراوی چارەنوسسازی هەموو ژن و پیاوێکی کوردا، بە واتایەکی دی لە نێوان هاوسەرانی ژن و پیاوانی کورددا، بە حوکمی لێکدابڕان و دورەپەرێزی کچان و کوڕان بۆ ماوەیەکی دورودرێژی پێش هاوسەرگیری و یەکتر نەناسینی تەواوی لایەنە ڕوحی و جەستەییەکانی یەکدی، پاڵنەری سەرەکی هاوسەرگیرییەکەیان تەنها لایەنێکی ژیانە، کە ئەویش سێکسە، چونکە پێناسەی زانستیانە بۆ خۆشەویستی دەڵێت:

**پ.ل + پ.ن.ل = چ**

واتە سەرکەوتنی هەموو پەیوەندییەکی خۆشەویستی و هاوسەرگیری بەندە بەو هاوکێشە ماتماتیکییەوە، پێویستە پەیوەندییە نا لەشییەکانی مرۆڤ (خوشەویستی، سۆز،...هتد) و پەیوەندییە لەشییەکانی مرۆڤ (سێکس) بە واتا گشتیەکەی هاوتاو یەکسان بن ئەو کاتە چەندایەتیەکی جێگیر لە پەیوەندی و ژیانی هاوسەراندا دروست دەبێت و ژیانیان بەردەوام دەبێت. ئەو هاوکێشەیەش پێویستی بە پاشخانێکی هۆشیاری و مەعریفی هەیە لە لایەن هەردوو هاوسەرەوە.

## لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا زۆرینەیەکی رەهای ژنان و پیاوانی کۆمەڵگەی کوردەواری ئەو پاشخانە مەعریفیەی خۆشەویستی و سێکس شکدەبەن؟

دەتوانین بڵێین، نەخێر، بۆیە ڕێژەی جیابونەوەو دابڕان و کارەساتی خێزانی ڕودەدەن، چونکە لایەنێکی هاوکێشەکە زاڵە بەسەر ئەویتریاندا (خۆشەویستی یان سێکس)، کە زۆربەی جارەکان سەرنجی لەشولار و سێکس پێوەری ئامانجی

هاوسەرگیرییە.

**پرسیارێکی دی: ئەی ئەگەر وایە بۆچی زۆربەی هاوسەرگیرییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەردەوامە، ئەگەر ژن و پیاو خۆشەویستی نەمابێت لە نێوانیاندا؟**

لێرەدا داب و نەریت و عورف و یاسای کۆمەڵگە حوکم دەکات، واتە لایەکیان لەبەر هەندێک ئیعتیباراتی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە هەردوو یان یەکێک لە لایەنەکانی هاوکێشەکە دەسبەرداری مافەکانیان دەبن و بە ئەمری واقیع ڕازی دەبن، کە زۆربەی جارەکان ژنانن.

حەسەن نایەوێت ژنان و پیاوان لە یەکدی جیا ببنەوە، چونکە خۆی ئەو کارەی بەسەردا هاتووە لە بەردەرکەی دادگای جیابونەوەی میدیای زەندیدا دەڵێت (ئەرێ بە تویێ ئارەقچین هەر دەڕواو بە جێم دێڵێ)، ئازاری چەشتنی دوری هەردوو کچەکەشی چەشتوە (ساکار و ئارەزوو)، ئازاری یادی خۆشەویستەکەشی لە حزوری (ڕابە)ی خێزانیدا دەیتەزێنێ (دەنگی دالان دێ ڕابە گیان خۆزگە یار بایە).

بەڵام چارەسەر لای ئەو بوونی خۆشەویست (دۆست) یێکی ڕوحییە، دۆستێک سۆزێک، باوەشێکی گەرمی دوور لە سێکسی پێ ببەخشێت ، دۆستێک لەدەستدانی باوک و دایکی پێ پڕ بکاتەوە، خۆشەویستێک ئارامی گیانی پێببەخشێت، خۆ حەسەن زیرەک ڕابەی خێزانی هەبوو، ئەی بۆ دەڵێت: ڕابە گیان دەرکە بکەوە بریا یاری ڕوحیم بێت و بێتە میوان.

حەسەن لە لایەنی جەستەییەوە، سێکسیەوە هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەڵام دۆزەخێک بووە لە تێکشکاندنی ڕوحی، دەریایەک بووە لە عیشق، ڕوبارێک بووە لە خوڕەی هەڵوەرینی ناخ.

ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕاست بێت.

تەنها خودا دەیزانێت، بەڵام ئەوەی لای ئێمە یەقینە هەموو مرۆڤێک خۆشەویستێکی ڕوحی پێویستە، جا ئەو خۆشەویستە لای هەندێک کەس خودایە، لای هەندێکی دی کیژۆڵەیەکی دڵ و دەرون گەورەی نازدارە، لای پیاو و ژنە عەبقەرییەکانیش هەموویانن، خوداو مرۆڤ و خاک و ئاژەڵ، گرنگ تۆ باوەڕت بە ڕوحی خۆشەویستی هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی Politic Press - ڕێکەوتی: ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# حەسەن زیرەک




**ئامادەکردنی: چۆمان تەقیەدین.**

**حەسەن زیرەک، هونەرمەندێکی پایە بەرز و دەنگخۆشی میللی ڕەسەن و شانۆکار و ئەستێرەیێکی گەشی ئاسمانی ئەدەب وفۆلکۆری کوردە.**

**ناوی تەواوی: حەسەن عەبدوڵڵایە بەڵام نەزانراوە ناوی باپیری چی بووە ، کە بە حەسەن زەیرک ناسراوە.**

## لە دایک بوون و گەشە

**- حەسەن زەیرک لە ڕێکەوتی (١٦ - ١١ی تشرینی یەکەم ١٩٢١) لە گەڕەکی قەڵا سەرداری شاری بۆکان لە ناوچەی موکریانی سەر بە پارێزگای ئازەربانجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) لەدایک بووە، بەڵام هەندێکی تر دەڵێن لە دێی هەرمێلە کە دەکەوێتە نێوان هەر دوو شاری سەقزی سەر بە پارێزگای کوردستان و لە گەڕەکی قەڵا سەرداری شاری بۆکانی سەر بە پارێزگای ئازەربانجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) لەدایک بووە.**

**- لە هیچ قوتابخانەێک نەیخوێندووە ئەوەیش بە هۆی هەژاری و نەداری خانەوادەکەی بووە.**

- بێجگە لە شێوەڕازی کرمانجی ناوەند (سۆرانی) ی زمانی کوردی زمانەکانی فارسی و ئازەری و عەرەبی زانیووە.

- حەسەن زەیرک کاتێ منداڵ دەبێ واتا کاتێک لە تەمەنی (١١) ساڵی دا بووە، واتا لە ساڵی (١٩٣٢ز) دا باوکی کۆچی دوایی کردووە و بەوەش لەگەڵ خێزانەکەی کۆچ دەکەن بۆ شاری سەقز و دایکی شوو دەکاتەوە و بەوەش ئەوەندەی تر باروگوزەرانی ژیانی قورستر دەبێت و هەروەها بە هۆی سەختی ژیانی دەگەڕێتەوە بۆ دێ هەرمێلە و لە لای ئاغای هەرمێلە دەست دەکات بەکار کردن و بەهرەی دەنگخۆشی تێدا سەرهەڵدەدا، بەوەش ناوبانگێکی باش پەیدا دەکات و دەست دەکات بە گۆرانی وتن لە کۆڕ و کۆبوونەوە و شاییەکانی دێهاتەکانی دەوروبەری شاری سەقز و شاری بۆکان، و پاشان واز لە کار کردن دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ شاری سەقز و دەست بە کار دەکات لە لای یەکێک کەبابخانەکانی ئەو شارە و بەردەوام دەبێت لە سەر کارە هونەرەییەکانی، و دواتر دەبێتە شۆفێر لە لای مینەخانی ئەردەڵان و لە ڕێگەی نێوان بانە و سەقز کاری شۆفێری دەکات، و هەر بەردەوام دەبێت لە سەر گۆڕانی وتنلە کۆڕ و کۆبوونەوە و شاییەکانی دێهاتەکانێ دەوروبەری شاری سەقز و شاری بۆکان و بانە.

## ئاوارەیی بۆ باشووری کوردستان و وڵاتی ئێراق

لە ساڵی (١٩٤٨ز) کاتی چوونی بۆ یەکێک لە شاییەکان لە دێی قورەدەرێو کوڕێکی مێرمەنداڵ دەکەوێتە بەر ئۆتۆمبێلەکەی و دەستەبەجێ گیان لە دەستدەدات و بەوەش ناچار دەبێت خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران)، بەرەو باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان - کوردستانی بن دەستی ئێراق) بە جێ بهێڵێت و ماوەیەک لەوێ دەمێنێتەوە و دواتر ڕوو دەکاتە شاری بەغدادی پایتەختی ئێراق و لە میوانخانە (هوتێل)ی شومال ئەلکەبیر دەست دەکان بە کار کردن، و هەروەها لە پاڵ ئەو کارەیەدا لە سەر گۆڕانی وتن بەردەوام دەبێت.

لەوێش چاوی بە بەرێز عەلی مەردانی هونەرمەند دەکەوێت لە ساڵی (١٩٥٣ز) و دیباتە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد و لەوێوە دەنگی دەبیسترێت بۆ یەکەم جار لە ناو خەڵکی باشووری کوردستان و بەوەش ناوبانگی باش پەیدا دەکات و هەوارێکی زۆری بۆ دروست دەبێت و دەبێتە مەیدانێکی باش بۆ زیرەک، و هەروەها لە ماوەی مانەوەی لە شاری بەغدادی پایتەختی ئێراق بە دەیان گۆڕانی لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغداد تۆمار دەکات، بە داخەوە حەسەن زیرەک لە شاری بەغداد هیچ خۆشی لە ژیانی نەبینووە، تووشی ئەشکەنجە و زیندان هاتووە، بەوەش دڵی شکاوە.

## گەڕانەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان و وڵاتی ئێران

لە پاش ئەنجام دانی شۆڕش یان کودەتای (١٤ی تەمموز) ی ساڵی (١٩٥٨ز) لە وڵاتی ئێراق بە سەرکردایەتی ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم، بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) و وڵاتی ئێران و ئەوەش لە پاش (١٠) ساڵ لە ئاوارەیی و پاش گەڕانەوەی دەچێتە ڕادیۆی تاران و کرماشان و تەورێز، لەوێ دەیان گۆڕانی تۆمار دەکات، و هەر لە ڕادیۆی تاراندا لە شاری تارانی پایتەختی وڵاتی ئێران لەگەڵ خاتوو میدیا زەندی ئاشنا دەبێت و دواتر هاوسەرگیری دەکەن و خاوەنی چەندین منداڵ بوون.

لە ساڵی (١٩٦٨ز) حەسەن زیرەک ماڵی دەباتە شاری بانەی سەر بە پارێزگای کوردستانی سەر بە خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) و لەوێ لە کانی مەلا ئەحمەد چاپخانەیێک دامەزرێنێت و دووبارە دەست دەکاتەوە بە گۆڕانی وتن و بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و شاییەکانی ناوچەکە و دێهاتەکانی دەوروبەری دەکات و بەو بۆنەیەوە دەیان گۆڕانی تۆمار دەکات و گۆڕانییەکانی بە ناو خەڵکی دا بڵاو دەبنەوە و دواتر ماڵەکەی دەباتە شاری مهاباد (سابڵاخ)ی سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) و هەروەها لە پاشان دا لە نێوان ساڵانی (١٩٦٨ - ١٩٦٧ز) لە میوانخانە (هوتێل)ەکانی شاری سەقزی سەر بە پارێزگای کوردستانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) دەست بە کاری گۆڕانی وتن دەکات ، و هەروەها لە دوا ساڵەکانی ژیانی دا ماڵەکەی دەباتە شاری شنۆی سەر پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران).

بەڵام بە داخەوە لە خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) و وڵاتی ئێران هیچ خۆشی لە ژیانی خۆی نابینێت و حکومەت و دەزگای ساواک کەلێ کێشە و گرفتی بۆ دروست دەکەن چەندان جار ئەکەنجە و زیندانی دەکەن و هەروەها زۆربەی جار ڕێگەیان پێ نەداوە بچێتە ڕادیۆی تاران بۆ تۆمار کردنی کاری گۆڕانی.

## کاری ئەکتەری حەسەن زیرەک

لە نێوان ساڵانی (١٩٦١ - ١٩٦٠ز) دا لە شاری سلێمانی ناوەندی پارێزگای سلێمانی سەر بە هەرێمی باشووری کوردستانی ئێستا (کوردستانی بن دەستی ئێراق)لە تیپی شانۆیی هونەرە جوانەکان لەگەڵ لە هەر یەکێکە لە هونەرمەندان سێوەخان و ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا و چەند هونەرمەندێکی تر لە شانۆگەرییەکانی وەکو (بوکی ژێر دەواری ڕەش) و (خەسوو یان ئەژدیها) و (تەڕپیر) و چەندین شانۆگەری تردا بەشداری کردووە.



سەرچاوە
Serchawe

## تایبەتمەندییەکانی گۆڕانییەکانی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی گۆڕانییەکانی ئەوە بووە، کە پشتی بە گۆڕانی فۆلکۆری کوردی بەستووە و هەروەها بە زۆر ناوچە و شوێنەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) و هەرێمی باشووری کوردستانی ئێستا (کوردستانی بن دەستی ئێراق) گەڕاوە و ماوەتەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوە و شاییەکان بەشداری کردووە و گۆڕانی وتووە و لە لای خەڵکی ئەو ناوچانە میوان بووە ، بەوەش ئاشنای گۆڕانییە میللەکانی کوردی لەو ناوچانەدا ئاشنا بووە.

هەروەها یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری گۆڕانییەکانی ئەوە بوو کە خۆشی هۆنراوە و ئاوازی زۆربەی گۆڕانی خۆی داهێناوە و هەروەها سوودی باشی لە هۆنراوەکانی هۆزانڤانەکانی کورد وەکو (نالی، وەفایی، کوردی، هەردی، پیرەمێرد، هێمن، سەید کامیلی ئیمامی، هەژار موکریانی) وەرگرتووە و کردونی بە گۆڕانی.

بێجگە لە گۆڕانی بە کوردی و چەندان گۆڕانی بە زمانەکانی فارسی و ئازەری گوتووە و ئەوەش ناوەی چەندان گۆڕانیەتی کە گووتوویەتی و تۆماری کردووە، وەکو (دیسان شەو هات، وەک قومری، لۆرکێ، کەتانە، هەی نار، کابوکێ، لەیلا، کرماشان شاری شیرینم، ئەمان دۆکتۆر، بۆ چ منت ناوێت، هۆ لەیلی، ماڵی بابم نەسرین، کەویار، ئەسمەر، ماڵی بابم بێ وەفا، بەرهەڵبێنە، هەوارە، گوڵم هەوارە، کیژان دەچنە مێر گوڵان و مریم و دەیان گۆڕانی تر).

یەکێک لە گۆڕانییە هەرە ناوبانگەکانی حەسەن زیرەک گۆڕانی نەورۆزە کە شیعری گۆڕانییەکە هی گەورە فەیلەسوف و نووسەر و هۆزانڤانی کورد پیرەمێردەی نەمرە، کە تاوەکو ئێستاش ئەو گۆڕانییە دەنگ و سەدای خۆی هەیە و لە ناو دڵی هێشتا زیندووە و چووەتە ناو خەڵکی.

حەسەن زیرەک لەگەڵ هەر یەکێکە هونەرمەندان (محەمەدی ماملێ، مەلا حسێنی عەبدوڵڵا زادە، عوسمان بۆکانی، ئەحمەد شەماڵ، چەند هونەرمەندی تر) بە هاوبەشیگۆڕانی چڕیووە.

## مردن

حەسەن زیرەک تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی جەرگ هاتووە، کە بەو هۆیەوە لە خەستەخانەکانی شاری ورمێی ناوەندیپارێزگای ئازەربانجانی خۆرئاوا و شاری بۆکانی سەر بە پارێزگای ئازەربانجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان



سەرچاوە Serchawe

(کوردستانی بن دەستی ئێران) خەوێنراوە و هەروەها دەربارەی نەخۆشییەکەی گۆڕانێکی وتووە، و دواجار بە نەخۆشی شێرپەنجەی جەرگەکەی لە ڕێکەوتی(٢٦ - ٦ی حوزەیران یان یونیوی ١٩٧٢) لە تەمەنی (٥٠) ساڵیدا لە خستەخانەی بۆکان کۆچی دوایی کردووە و لە سەر داوای خۆی لە دوایینی کێوی ناڵەشکێنەی سەر بە شاری بۆکانی سەر بە پارێزگای ئازەربانجانی خۆرئاوای خۆرهەڵاتی کوردستان (کوردستانی بن دەستی ئێران) بە خاک سپێ درا.

### سەرچاوەکان


یەکەم؛ یاسین صابر صالح: ئینسایکلۆپیدیای گشتی - سلێمانی ٢٠٠٥ ز.

دووەم؛ پیرمێرد: دیوانی پیرەمێرد - ئا: محمد رەسول (هاوار)- بەغداد ١٩٧٠ز.


سەرچاوە: ماڵپەڕی چاوی کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی کانونی دووەم ٢٠٢٣



سەرچاوە Serchawe

# حەسەن زیرەک قوتابخانەی تایبەتی هونەری کوردی



**شارپرێس**

حەسەن عەبدوڵڵا ناسراو بە حەسەن زیرەک لە ۲۹ی تشرینی دووەمی ۱۹۲۱ لە شاری بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە.

حەسەن زیرەک بە بەناوبانگترین هونەرمەندی کورد لە تەواوی کوردستان دادەنرێت. بەرچاوترین کاری ئەو کۆکردنەوەی گەنجینەیەک لە ئاواز و گۆرانی تۆمارکراویی کوردییە بە دەنگی خۆی کە ژمارەیان لە نێوان ۱۰۰۰ بۆ ۲۰۰۰ گۆرانییە.

هەرچەندە حەسەن زیرەک بەهۆی سەختی بارودۆخی ژیانەوە سوودی لە خوێندن وەرنەگرت و بڕوانامەی نەبووە، بەڵام بەهرەیەکی ناوازەی هەبوو لە ئاوازدانانو شێعر و مۆسیقای کوردیدا، ئەم بەهرەیە لەگەڵ دەنگە ناوازەکەی، گۆرانییەکانی لە سەرانسەری کوردستان جێ بایەخ کردووە. دەنگە کوردییەکەی تا ئێستاش لە ناوچە کوردنشینەکان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە کوچە و کۆڵانەکان لە ماڵ و سەیرانگا و ئاهەنگەکان دەبیسترێت و هونەرمەندان و کادیمیانی هونەری کوردی کاری لەسەردەکەن.

حەسەن زیرەک جگە لە زمانی کوردیی، بە زمانەکانی فارسی، تورکی، ئازەری، ئەرمەنی گۆرانی گوتووە و خاوەنی ۳

مەقامە بە زمانی تورکی، ٨ مەقام بە فارسی، هەروەها جگە لە زاراوەی سۆرانی بەلوڕیش گۆرانی گوتووە و ٢ مەقامیشی بە هەورامی هەیە.

زیرەک لەگەڵ ئۆرکێستراکانی مۆسیقای کوردیی برایانی یوسف زەمانی، ئۆرکێسترای موشیر هومایۆن شەهرەدار لە تاران و ئۆرکێسترای موجتەبا میرزادە لە کرماشان گۆرانی پێشکەش کردووە.

زیرەک لە رادیۆی کوردی بەغدا ٥٦ گۆرانی و لە لە ڕادیۆکانی کرماشان و تاران ٤٠٠ گۆرانی تۆمارکردووە، زیرەک سەردانی ڕادیۆکانی تەورێز، سنە و مەهابادیشی کردووە و گۆرانی لێ تۆمار کردون.

هونەرمەندی بەنێوبانگی کورد عەلی مەردان دەربارەی حەسەن زیرەک دەڵێت: حەسەن زیرەک مرد، من هێزی گۆرانی گوتنم نەما، نەمویست بچمەوە نێو کاری هونەری؛ نەک هەر من، بەڵکو لە هەموو گەلی کورد ڕۆیشت. حەسەن زۆر ڕێزی دەگرتم، کە چوومە ئێران خۆی و هاوسەرەکەی منیان بردە ماڵی خۆیان و چەندین شەو میوانداریان کردم و خزمەتیان دەکردم، لە وێنەی حەسەن زیرەک کەمە.

موجتەبای میرزادە، کەمانژەن و مۆسیقاژەنی بەناوبانگ کە لە ساڵانی ١٩٦١دا لەهەموو بەرهەمەکانی حەسەن زیرەک لە ئۆرکێسترای ڕادیۆی کوردیی کرماشان ژەنیار بووە و ئەو ڕێکی خستووە، لە وتووێژێکدا گوتویەتی: دەبێت بگوترێت کە حەسەن زیرەک هەرگیز لە مۆسیقای کوردیدا دووبارە نابێتەوە؛ چونکە بەردەوامترین و جوانترین گۆرانی کوردی دروست کردووە، ئێستاش نەک هەر لە ئێران، بەڵکو تەنانەت لە نێو کوردانی باشوور و سوید و بەشەکانی دیکەی جیهاندا، بەرهەمەکانی و ناو و یادەوەرییەکەی پێگە و ڕێزێکی بەرزیان هەیە.

حەسەن زیرەک بەنەخۆشی شێرپەنجە لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٧٢ لە شاری بۆکان کۆچی دوایی کردووە و لە ناڵەشکێنەی ئەو شارە بەخاکسپێردراوە لەسەر وەسیێتی خۆی و ئێستا بووەتە مەزارێک و شوێنی سەردانیکارانی هۆگرانی هونەری کوردی و هونەرەکەی زیرەک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٢٤

# نگاه کۆتاه به زندگی هنرمند استاد حسن زیرک

## زندگی

حسن زیرک در سال ۸ - ۹ - ۱۳۰۰ خورشیدی (۲۹ - ۱۱ - ۱۹۲۱ میلادی) در محله قلعه سردار شهر بوکان، آذربایجان غربی در ایران به دنیا آمد. در پنج سالگی پدرش را از دست داد و سراسر زندگی را در رنج گذراند. چندی در برخی شهرهای ایران و عراق سپری کرد. یکی از شهرهایی که در آن مدت زیادی اقامت داشت، کرمانشاه بود. همکاری او در این شهر در رادیو کردی کرمانشاه با هنرمندان برجسته کرمانشاهی همچون مجتبی میرزاده (ویولن)، محمد عبدالصمدی (قرەنی)، اکبر ایزدی (سنتور)، و بهمن پولکی (تیمپو) سبب خلق آثاری شد که از برجسته‌ترین کارهای وی به‌شمار می‌رود. همچنین وی با فاطمه زرگری، یکی از خوانندگان آذربایجانی، همکاری داشته و ترانه معروف کردی - ترکی «گولدور منی گولدور» یکی از ترانه‌های ترکی حسن زیرک و فاطمه زرگری است.

وقتی در عراق بود، در مسافرخانه «فندق شمال» به شاگردی پرداخت. روزی هنگام نظافت، که مشغول زمزمه یکی از ترانه‌هایش بود، مسافری به نام جلال طالبانی (رهبر اتحادیه میهنی کردستان عراق)، که در آنجا اقامت داشت، با شنیدن صدای حسن زیرک، او را به رادیو بغداد برد (۱۳۲٦) و زیرک در آنجا مشغول به کار شد. مدتی در بخش کردی رادیو بغداد همکاری کرد. از سال ۱۳۳۷، که بخش کردی رادیو ایران در تهران گشایش یافت، همکاری خود را با این مرکز آغاز کرد. آثاری که حسن زیرک در رادیو کردی تهران به ضبط رساند، اغلب با ساز استادانی همچون حسین یاحقی، حسن کسایی، جلیل شهناز، جهانگیر ملک، احمد عبادی، و با سرپرستی مشیر همایون شهردار همراه بود.

حسن زیرک گرچه به خاطر شرایط سخت زندگی از تحصیل بی‌بهره ماند، اما استعداد کم‌نظیری در سرودن شعر و آهنگسازی کردی داشت. این استعداد به‌همراه صدای منحصربه‌فرد او، سبب شد که ترانه‌هایش در سرتاسر کردستان محبوبیت یابد. صدای او همچنان در مناطق کردنشین در کوچه و خیابان از خانه‌ها و مغازه‌ها به گوش می‌رسد.

حسن زیرک با خانم میدیا زندی (مهدیه زندی)، گوینده بخش کردی رادیو تهران، ازدواج کرد که حاصل آن ازدواج دو



سەرچاوە Serchawe

دختر به نام‌های مهتاب (آرزو) و مهناز (ساکار) بود. او چند ترانه نیز برای فرزندانش اجرا کرده‌است. میدیا زندی فرزند عزیز زندی در روز جمعه ۳۱ خرداد ۱۳۸۷ خورشیدی در تهران درگذشت.

حسن زیرک، نه در ایران و نه در عراق روی خوشی و راحتی و آزادی را ندید. رفتار دولت وقت ایران با حسن زیرک، او را دچار مشکلات فراوانی کرد. رئیس وقت رادیو تهران به او اجازه کار نداد و این کار چنان تأثیر منفی‌ای بر دل لطیف حسن گذاشت که دیگر به رادیو برنگشت و با دلی شکسته، بار و بنه خود را به‌سوی بغداد پیچید. در آنجا نیز او را دچار مشکل کردند. او را گرفتند و روانه زندان کردند؛ در آنجا زیرک را به پنکه سقفی بستند و شکنجه کردند. پس از رهایی از بغداد، مجددا به تهران برگشت. در تهران نیز ساواک او را گرفت و شکنجه داد که جریان شکنجه‌اش در ساواک را خودش در نوار گفته و با صدای او و هنوز به یادگار مانده‌است. در سال‌های ۱۳٤۱ تا ۱۳٤۳در کرمانشاه بود و با رادیو کردی کرمانشاه همکاری داشت.

حسن زیرک با ضبط تعداد زیادی از آوازهای سنتی مردم کرد، سبب حفظ و نگهداری این آثار فرهنگی از گزند فراموشی شد. از او بیش از ۱۵۰۰ ترانه و آواز به یادگار مانده‌است. زیرک جزو موسیقی‌دانان برجسته ایرانی است.

بیشتر ترانه‌های معروف این هنرمند کرد با همکاری استادانی همچون حسین یاحقی، حسن کسایی، جلیل شهناز، جهانگیر ملک، حبیب‌الله شهردار مشهور به مشیر همایون شهردار، مجتبی میرزاده، احمد عبادی در رادیو کردی تهران و رادیو کردی کرمانشاه ضبط شده‌است.

حسن زیرک، علاوه بر زبان کردی سورانی، به زبان‌های فارسی، ترکی، اورامی و لری نیز آواز اجرا کرده و دارای 3 مقام ترکی، ۸ مقام فارسی و ۲ مقام اورامی است و ٦٤ مقام به زبان کردی خوانده‌است. حسن زیرک در «ارکستر موسیقی کردی» برادران یوسف زمانی، ارکستر مشیر همایون شهردار در تهران و ارکستر مجتبی میرزاده در کرمانشاه همکاری داشته و به اجرای برنامه پرداخته است.

صدای حسن زیرک، با ترانه‌هایی که خوانده‌است و اغلب آنها بیش از ۵۰ سال پیش اجرا شده‌اند، در میان مردم کرد زبان، نوستالژیک (خاطره‌انگیز) است؛ به‌طوری‌که ترانه‌های وی در ذهن اکثر مردم کرد، یادآور خاطرات تلخ و شیرین زندگانی آنهاست.



سەرچاوە Serchawe

## محبوبیت

حسن زیرک پدیده موسیقی کردی سنتی و فولکلور بود. او در میان کردهای ایران و عراق کاملا شناخته‌شده است و میان برخی از کردهای کرمانج ترکیه نیز محبوب است.

## اشعار

حسن زیرک نه‌تنها دارای صدا و حافظه منحصربه فردی بود، وی در عین حال شعر می‌سرود و موسیقی برای آن می‌نواخت و حتی تغییراتی در شعرها و قافیه و وزن آن‌ها می‌داد.

### برخی از ترانه‌های معروف زیرک:

نوروز
کتانه
بارانه
مریم بوکانی / تنظیم و ویولن از مجتبی میرزاده
زارا (زهرا)
گوهره
نالشکینه
آمینه (آمنه) و آمین
ریبوار و ریبوار (کردی – فارسی)
لای لای
آمان دکتر
دیسان شه‌و هات
هو لیلی
به‌ناز
شوفر

## درگذشت

سال‌های پایانی زندگی حسن زیرک در تلخی و ناکامی گذشت و چندان به آوازخوانی نمی‌پرداخت. در منطقه بانه به نام کانی مولا احمد قهوه‌خانه‌ای دایر کرد و در میان مردمی که دوستشان می‌داشت و دوستش داشتند، آخرین نفس‌هایش را در رنج و بیماری کشید. حسن زیرک در پنجم تیرماه سال ۱۳۵۱، برابر با ۲۸ جوون ۱۹۷۲ در سن ۵۰ سالگی در بیمارستان بوکان به‌علت سرطان کبد به طور مشکوک و مظلومانه ای درگذشت و در دامنه کوه نالشکینه به خاک سپرده شد. درهنگام مرگ استاد حسن زیرک، رادیو لندن از بزرگواری او یاد می‌کند و می‌گوید: «یگانه هنرمند مردم کرد در بیمارستان بوکان درگذشت.»

## نظر دیگران درباره حسن زیرک

### میدیا زندی، همسر حسن زیرک، که خود گوینده بخش کردی رادیو تهران بود، می‌نویسد:

«حسن زیرک نزدیک به هزار ترانه در تهران و کرمانشاه اجرا کرده‌بود و به خاطر همین ترانه‌های او بود که روزانه نزدیک به دوهزار نامه ارسال می‌شد، و حتی درون نامه پول قرار می‌دادند تا ترانه مورد درخواست آنان پخش شود. برنامه‌های کردی رادیو تهران و کرمانشاه به‌خاطر صدای دلنشین حسن زیرک مورد توجه همه قرار گرفته‌بود و آن موقع هر روز دو بار برنامه «ما و شنوندگان» پخش می‌شد. حسن زیرک با صدای رسا و لذت‌بخش خود باعث معروفیت و کیفیت و شکوفایی برنامه‌های کردی در تهران و کرمانشاه شده‌بود و سیل نامه‌های طرفداران ترانه‌های او هر روز به رادیو جاری بود. اما با وجود این‌همه خدمت، حسن زیرک را دیگر به رادیو راه ندادند و او را از یاد بردند، درحالی که در ۲۸ مرداد ۱۳٤۱، (۱۹ی ئاگۆستی ۱۹٦۲) که برد ایستگاه رادیوی کرمانشاه به صد کیلووات رسیده‌بود، صدای حسن زیرک به همه شهرها و روستاهای کردنشین می‌رسید».

### شهرام ناظری، هنرمند موسیقی سنتی ایران، درخصوص صدای حسن زیرک چنین اظهار داشته‌است:

درخصوص حسن زیرک، درمجموع فقط می‌توانم بگویم که یک انسان نابغه به‌معنای واقعی بود. یعنی در همان لحظه که وارد ارکستر رادیو می‌شد و به اتاق ضبط می‌رفت، بداهتا، هم شعر می‌سرود، هم آهنگ می‌ساخت، و هم آن را می‌خواند، که تاکنون چنین موردی در موسیقی سابقه نداشته‌است. با توجه به این نکته که ایشان سواد خواندن و نوشتن هم نداشتند،



سەرچاوە Serchawe

اما موسیقی و شعر را بەصورت الهامی و حفظشده می‌خواند و واقعا از افراد کاملا استثنایی و از نوابغ موسیقی کردی بودند، و بنده در میان خوانندگان کرد علاقه خاصی به صدای حسن زیرک دارم.

**فاروق صفی‌زاده بورەکەای، از پژوهندگان معاصر، درخصوص حسن زیرک می‌نویسد:**

حسن زیرک بیش از هزار و پانصد ترانه ساختەاست و همه آهنگ‌های ترانەها و بیشتر سرودەهای آن را خود می‌ساخته و می‌سرودەاست. از آهنگ‌های این هنرمند بزرگ، بیشتر ترانەسرایان امروز فارس و کرد و بیگانه و ترک نیز سود بردەاند، و امروز هر آهنگی که پدید می‌آید، نشانی از آهنگ‌های این هنرمند را در خود نهفته دارد. هنگامی که به آهنگ‌های او گوش فرا می‌دهی، زندگی را با همه آزارها و مویەها و رنج‌هایش درمی‌یابی. بر همین پایه، آهنگ‌های حسن زیرک نشانه زندگی هر کرد آریایی رنج‌کشیده را در خود نهفته دارد».

**مجتبی میرزاده، نوازنده ویولون و موسیقی‌دانی که در تمام آثار حسن زیرک در دهه ۱۳٤۰ خورشیدی (۱۹٦۱ز) در ارکستر رادیو کردی کرمانشاه نوازندگی و تنظیم آهنگ‌های او را بەعهده داشته، درمورد این هنرمند فقید در گفت‌وگو با راقم این سطور چنین اظهار داشت:**

حسن زیرک، با اینکه مطلقا سواد نداشت، اما اشعار اغلب آثارش را بەصورت بداهه و در آن لحظه که می‌خواند، می‌سرود. وی از حافظەای بسیار قوی در حفظ شعر و آهنگ و مقام‌های کردی برخوردار بود، و باید گفت که حسن زیرک هیچگاه در موسیقی کرد تکرار نخواهد شد؛ چرا که ماندگارترین و زیباترین نغمات کردی را خلق کرد، و اینک نەتنها در ایران، بلکه حتی در میان کردهای عراق، سوئد، و سایر نقاط جهان، آثار و نام و یاد او از مقام و منزلت والایی برخوردار است».

**بیژن کامکار، خواننده و نوازنده، با اعلام این مطلب که علاقه زیادی به صدای حسن زیرک دارد، گفتەاست:**

حسن زیرک یکی از برجستگان موسیقی کرد بەشمار می‌آید و خیلی از آهنگ‌های کردی یا فارسی که الان به اجرا درمی‌آید، الهام‌گرفته از آثار آن هنرمند است. شهرت و محبوبیت حسن زیرک فقط محدود به مرزهای ایران نیست، بلکه در کشورهای اروپایی و تمام نقاط کردنشین جهان امتداد دارد.



سەرچاوە
Serchawe

## حسن زیرک ستاره همیشه محبوب شبکه های رادیویی و تلویزیونی

**بهزاد خالوندی**

حسن زیرک یک فوق ستاره با تعریف امروزی در دنیای هنر است. یک استاد مسلم موسیقی فولکلور کردی که هرگاه آثار زیبایش مجالی برای عرضه اندام در رسانه های دیداری و شنیداری داشته، بی رقیب بوده است

چه آن زمان که این هنرمند بی همتا در رادیو کردی تهران و رادیو کردی کرماشان (بخش کردی صدای ایران) به هنرنمایی می پرداخت و چه سال های اخیر که مجالی دوباره پدید آمده تا صدایش از شبکه های تلوزیونی متعدد ایران پخش شود. اگر نگاهی به روند حضور حسن زیرک و آثارش در رسانه ها بیاندازیم آشکارا درمی یابیم که این هنرمند هرگاه مجال عرضه اندام پیدا کرده، حضوری تمام قد در شبکه های رادیویی و تلویزیونی داشته و همیشه یک فوق ستاره در عالم هنر بوده است.

### آغاز هنرنمایی با رادیو کردی بغداد

اولین حضور حسن زیرک در «رادیو» به سال ۱۳۳۲ - ۱۹۵۳ باز می گردد؛ زمانی که وی در شهر بغداد مشغول کار بود و به صورت اتفاقی به وسیله «جلال طالبانی» جوان کشف و به رادیو کردی بغداد معرفی شد. در این رادیو بسیاری از بزرگان موسیقی کردی مانند: «علی مردان»، «حسن جزیری»، «محمد عارف جزیری»، «شمال صائب»، «طاهر توفیق»، «باکوری» و «قادر دیلان» به فعالیت هنری می پرداختند. هرچند حسن زیرک به هنگام ورود به رادیو کردی بغداد یک خواننده بی نام و نشان بود ولی با بهره گیری از استعداد فوق العاده ای که داشت، خیلی زود آوازه اش همه جا پیچید و تبدیل به جوان اول موسیقی کردی شد. اما در سال ۱۳۳۷ در عراق رویدادی اتفاق افتاد که نقشی تعیین کننده در سرنوشت هنری حسن زیرک داشت. در این سال با کودتای عبدالکریم قاسم حکومت ملک فیصل سقوط کرد. حسن زیرک که پیش از آن آهنگی را به مناسبت تاجگذاری ملک فیصل در رادیو بغداد اجرا کرده، از بیم جان خود در ایران ماندگار شد و دیگر به عراق بازنگشت.

همزمان با این اتفاقات دولت وقت ایران برای خنثی نمودن تبلیغات منفی رادیو کردی بغداد که به دستور عبدالکریم قاسم

به راه افتاده بود، خیلی سریع در تهران و کرمانشاه اقدام به راه اندازی رادیو کردی کرد و این فرصتی تازه برای هنرنمایی دوباره «حسن زیرک» بود.

### همنوایی ارکسترهای بزرگ با صدای حسن زیرک

اولین هنرنمایی حسن زیرک در رادیو کردی تهران به سال ۱۳۳۷ - ۱۹۵۸ بازمی گردد؛ زمانی که وی به شکل رسمی از سوی این مجموعه دعوت به همکاری شد. این خواننده خوش صدا خیلی سریع تبدیل به گل سرسبد رادیو کردی تهران گشت و با بسیاری از بزرگان موسیقی آن زمان ایران حشر و نشر پیدا کرد و به محافل و مجالس مختلف هنری دعوت می شد. ماموستا علی مردان در گفتگویی که پس از مرگ حسن زیرک با رادیو کردی بغداد انجام داده، درباره از دیدار خود با حسن زیرک در تهران می گوید: « هنگامی که من به تهران رفتم حسن زیرک هم در آنجا بود و یک روز صبح زود او همراه با یک هنرمند بسیار معروف، به دنبال من آمد و با هم به مجلسی که در خانه زیرک برگزار بود، رفتیم و در آنجا به اجرای آواز پرداختیم.»

### حسن زیرک در همان سال ها با خانم میدیا زندی، گوینده معروف رادیو کردی تهران ازدواج کرد.

کارهای حسن زیرک در آن زمان با همکاری ارکستر بزرگ رادیو ایران به سرپرستی مشیر همایون شهردار نواخته می شدند، ارکستری که برجسته ترین هنرمندان عرصه موسیقی سنتی ایران مانند: حسین یاحقی، حسن کسایی، جلیل شهناز، جهانگیر ملک و احمد عبادی در آن ساز می زدند. حسن زیرک با همکاری این ارکستر آهنگ های زیبایی همچون «نەخۆش و دەردەدارم»، «باران بارانە«، «بەردە بەردە»، »لەو کەلەو دەنگی ساز دێ»، «شڵێرە»، »لانک لانک لانکۆڵێ» و آهنگ معروف «نەورۆز» را اجرا کرد. کارهایی که حسن زیرک با ارکستر رادیو ایران ضبط کرده به لحاظ موسیقایی در سطحی بالاتر از کارهای پیشین وی در بغداد هستند.

### هنرنمایی در رادیو کردی کرمانشاه

مجموعه رادیو کردی در سال ۱۳٤۱ به منظور ارائه بهتر برنامه ها و ارتباط نزدیک با جامعه مخاطبان کرد به کرمانشاه منتقل شد. در این دوره با به کارگیری فرستنده های قوی صدای رادیو کردی نه تنها در ایران بلکه در خاورمیانه و اروپا نیز شنیده می شد و این فرصتی تازه برای حسن زیرک بود تا اینبار در گستره وسیع تری به هنرنمایی بپردازد. یکی دیگر از اتفاقات مثبت در زندگی هنری حسن زیرک پس از حضور در کرمانشاه آشنایی وی با «مجتبی میرزاده» بود و توانست با



سەرچاوە Serchawe

همراهی این نابغه کرمانشاهی، بهترین آثار دوران هنری خویش را خلق کند. آهنگ های ماندگاری همچون: «ئای شله نازەنین»، «ئەی مانگ»، «ئەی وەی بارانه»، »کرماشان»، «لۆرکێ»، «رێگاکەم دووره« و «هەروایه« حاصل همکاری میرزاده و این خواننده افسانه ای است.

حسن زیرک در آن سال ها محبوبترین چهره رادیو کردی بود و همه روزه صدها درخواست برای پخش آهنگ هایش روانه این رادیو می شود ولی با وجود این همه محبوبیت و مقبولیت متأسفانه این هنرمند در سال ١٣٤٤ به دلیل اختلافاتی که با مسئولین وقت رادیو کردی پیدا کرد از این مجموعه جدا شد و بعدها هر چه تلاش کرد نتوانست بار دیگر به این مجموعه بازگردد. سال های ٣٧ تا ٤٤ را می توان طلایی ترین دوران هنری حسن زیرک نامید، کارهایی که او در این دوران اجرا کرد به دلیل کیفیت کار و ضبط و ارکستر قابل مقایسه با آنچه که در او در فاصله سال های ٣٢ تا ٣٧ در رادیو کردی بغداد انجام داد، نیستند.

## سال های دوری از رسانه

سال هایی که حسن زیرک دور از رادیو کردی بود بر او بسیار سخت گذشت. او در عراق مورد آزار و اذیت نیروهای امنیتی عراقی قرار گرفت و در بازگشت به ایران نیز مدتی در بازداشت ساواک بود و آزار بسیار دید. او سال های آخر عمر را در قهوه خانه ای در زادگاهش بوکان گذراند و عاقبت هم در سال ١٣٥١ بر اثر سرطان کبد از دنیا رفت.

هرچند حسن زیرک از سال ٤٤ تا زمان مرگ تراژیکش از همکاری با رادیو کردی محروم بود، ولی با اینحال صدایش همچنان از این رادیو و دیگر شبکه ها پخش می شد و طرفداران بسیار داشت و شاید به دلیل همین طرفداران بسیار بود که او فکر می کرد امکان ندارد مسئولین وقت بتوانند این روند را ادامه دهند، ولی متأسفانه در عمل چیز دیگری اتفاق افتاد. مرگ حسن زیرک در سال ٥١ خبری تلخ بود که در مناطق کردنشین به سرعت پیچید و بار دیگر نام او را بیش از پیش ورد زبان ها کرد. پس از مرگ حس زیرک کارهای زیبا و شنیدنی وی با گستره بیشتری از رادیو کردی پخش شدند.

## بازگشت دوباره به شبکه های رادیو و تلویزیون

در سال های اخیر اولین باری که صدای حسن زیرک دوباره از شبکه های رادیو و تلویزیونی ایران پخش شد به میانه های دهه ٨٠ باز می گردد. در این دوران با تأیید شورای عالی شعر و موسیقی سازمان صدا و سیما به تدریج تعدادی از آثار حسن زیرک مجوز پخش گرفتند.



سەرچاوە Serchawe

طی این سال ها شبکه «کردستان» چه در برنامه های جاری و چه در برنامه محبوب شبانه «دیاریتان گورانییکه» ترانه های زیبای حسن زیرک، را پخش می کند. در میان شبکه های سراسری نیز شبکه «شما» در برنامه «هفت ترانه» که مخاطبان بسیار گسترده ای دارد کارهای حسن زیرک را به شکل ویژه ای پخش می کند و به دلیل محبوبیت بسیار حسن زیرک در میان مخاطبان این شبکه، کارهای این هنرمند هربار به عنوان آهنگ هفته، ماه و فصل انتخاب می شوند. «سیمای کردی» شبکه سحر، شبکه ٤، رادیو فرهنگ، رادیو پیام و دیگر شبکه ها نیز همین حکایت را دارند. آن ها با پخش ترانه های حسن زیرک به محبوبیتی دو چندان در میان بینندگان کرد خویش دست یافته اند. البته در این میان تنها «شبکه زاگرس» کرمانشاه است که بدون هیچ دلیل موجهی از پخش ترانه های حسن زیرک امتناع می کند و مردم را از شنیدن صدای هنرمندی که سال ها ستاره رادیو کردی این شهر بوده بی نصیب می گذارد. «شبکه زاگرس» به دلیل در پیش گرفتن این رویه بسیاری از طرفداران پرو پاقرص هنر در این استان را از دست داده است.

## ستاره این روزهای شبکه های تلویزیونی

این روزها ترانه های «حسن زیرک» جزو محبوب ترین کارهایی هستند که از شبکه های مختلف ایران پخش می شوند و بسیاری مشتاق شنیدن صدای این هنرمند خوش صدا هستند. البته با این وجود هنوز تعداد معدودی از کارهای این خواننده بزرگ مجوز پخش دارند. با توجه به محبوبیت گسترده این خواننده اسطوره ای، سازمان صدا و سیما باید با سعه صدر بیشتری به بررسی کارهای وی بپردازد و زمینه پخش تعداد بسیار بیشتری از آثار ارزشمند این خواننده بوکانی را فرهم کند. بی گمان این ابتکار ستودنی کمک بسیاری به جذابیت و محبوبیت بیشتر شبکه های رادیویی و تلویزیونی نزد مخاطبان خواهد کرد.

منبع: سایتی کردپرس - ١ی جوولای ٢٠١٤

## نگاهی به زندگی زنده‌یاد حسن زیرک به قلم میدیا زندی

### حسن زیرک هنرمند بزرگ کرد




**دارنده این آوای ملکوتی، صدای رسای کرد، هرگز نمی‌میرد. خاک نیز نخواهد توانست این آوا را در خود مدفون سازد.**

حسن زیرک، بزرگ مردیست که در هر کجا کردی وجود داشته باشد و در هر کشور کردنشینی، همانند ستاره‌ای درخشان می‌فروزد و آوای ملکوتی‌اش دل هر دلداری را به جنب و جوش در می‌آورد. و می‌توان گفت: هر کجا کرد باشد، حسن زیرک نیز هست؛ چرا که در هر خانۀ کردی، آوا و آوازهای او وجود دارد. همه روزه، آوای لذت‌بخش این نابغۀ بزرگ به گوش می‌رسد و هیچگاه باور نخواهم کرد حسن زیرک مرده باشد؛ تاکنون که ۲۵ سال از درگذشت او می‌گذرد، هنوز وی در خانۀ هر کردی حضور دارد.

حسن زیرک، از همان دوران کودکی، زندگی بسیار تلخ و ناخوشایندی داشته است. همانگونه که در کتاب (نغمه کردستان)، که خودش آنرا سروده است و من نیز در ویراستاری و بازنویسی و آماده کردن این کتاب، با او همکاری داشته‌ام، زندگی تلخ خود را بیان کرده، که تا چه اندازه، با نداری و آوارگی و بی‌کسی، زندگی می‌گذرانیده است. وی، چند بار ازدواج کرده است. همسر نخست ایشان، بانویی به نام محبوبه، بوده. هنگام گرفتار شدن حسن زیرک در زندان،(به خاطر تصادف

ماشین در سقز و کشته شدن جوانی ۱۸ ساله که به حبس ابد محکوم شده بود) مادر حسن، همسر او ره به عقد برادرش حسین، که این کار، دل لطیف حسن را شدیدا آزرده می‌سازد و او را دچار دردسر می‌کند. وی، به همین علت، مدتی به عراق می‌رود و در مسافرخانۀ فندق شمال، به شاگردی می‌پردازد و روزی هنگام نظافت، که مشغول زمزمۀ یکی از ترانه‌هایش بوده، مسافری به نام جلال طالبانی (رهبر وقت اتحادی، میهنی کردستان)، که در آنجا اقامت داشته، باشنیدن صدای حسن زیرک، او را به رادیو بغداد برده و او، در آنجا مشغول به کار می‌شود.

در سال ۱۹۵۸ میلادی، برابر با ۱۳۳۷ خورشیدی، به ایران برمی‌گردد. هنگام اقامت، در مراغه، وی با پدر من (دکتر زندی) آشنا می‌گردد و در خانۀ پدرم به کار مشغول می‌شود. آن هنگام، من کودکی ٦ ماهه بوده‌ام. پدرم چند بار حسن را از حبس و زندان نجات داده بود است و چون حسن به راستی انسانی بسیار با وفا و نمکشناس بود، هنگامی که به تهران می‌آید، در مسافر خانۀ حقیقت ناصر خسرو، که آن هنگام محل اقامت کردها بوده، عمه‌زاده‌ام را می‌بیند و سراغ پدرم را از او می‌گیرد. او نیز نشانی پدرم را در تهران به او می‌دهد. حسن به او می‌گوید: «حالا که مشهور شده‌ام، خیلی دلم می‌خواهد دایی‌ات را ببینم. چونکه من، همان نوکر پیشین دایی‌ات هستم. مرا پیش دکتر زندی ببر». عمه‌زاده‌ام، حسن را به خانۀ ما می‌آورد. من در آن هنگام در کلاس نهم درس می‌خواندم. هنگامیکه از دبیرستان برگشتم، مردی را دیدم با لباس کردی، که دو خانم نیز - که گویا هر دو همسر او بودند- با او بودند. یکی از آنها زبیده نام داشت. در آن موقع من نمی‌دانستم آن مرد کیست؟ چونکه در تهران زندگی می‌کردم و هنرمندان کرد را به خوبی نمی‌شناختم. پدرم نیز از سوی حکومت رضا خان، به خاطر عشق فراوان او به کردیت،در سال ۱۳۲٦ خورشیدی به تهران تبعید شده بود. در آن مواقع، پدرم اجازۀ بازگشت به مناطق کرد نشین را نداشت. پدرم که از بنیانگذاران ژ کاف( جمعیت احیای کرد) و قرار بود که رئیس جمهور کردستان گردد، اسم مرا، به خاطر میهن پرستی بیش از حدش، میدیا گذاشت. چرا که کردها همان مادها هستند. پدرم هیچ وقت به همسر و فرزندانش اجازه نمی‌داد که لباسی غیر از لباس کردی به برکنند و کسی در خانه حق نداشت به زبانی دیگر، به جز کردی صحبت کند. به جز این پدرم اولین کردی بود که از مهاباد برای کارهای مهم سیاسی به آلمان سفر کرده بود. وقتی به من گفتند: ایشان حسن زیرک، ترانه‌سرای نامی کرد است؛ و هنگامی که حسن زیرک شروع کرد به آواز خواندن، من زیاد خوشم نیامد. چونکه من، کمتر به ترانه کردی گوش داده بودم.

چند روز پس از این دیدار، روزی در دبیرستان، مرا به دفتر فراخواندند. در آن جا، چشمم به حسن زیرک افتاد که با برادرم حسین، به دنبال من آمده بودند. با آنان، از دبیرستان به بخش رادیو کردی آمدیم. رادیو کردی، در تیر ماه در تهران تأسیس شده بود و من، در ۳۰ مهر ماه سال۱۳۳۷، همکاری خود را با برنامه کردی آغاز کردم و در آنجا گویندۀ برنامه‌های کردی شدم.

یادم می‌آید یک شب پس از مشغول شدنم به کار، در رادیو کردی، حسن به من پیشنهاد ازدواج کرد. من از حرف او تعجب کردم. چونکه حسن، از سن جوانی گذشته بود. پدرم با شنیدن این خبر عصبانی شد و مرا از رفتن به اداره منع کرد. اما پس از چندی، از طرف حکومت وقت، به خانه ما آمدند و پدرم را مجبور کردند تا اجازه بدهد من دوباره به سرکار برگردم. حسن، سی سال از من بزرگتر بود. او همچنان برای ازدواج با من پافشاری می‌کرد و به دولت وقت گفته بود که اگر میدیا را به عقد من درنیاورید، به عراق بر می‌گردم و در ایران نمی‌مانم. چون دولت وقت، به آواز حسن احتیاج داشت بدون اجازۀ پدرم، مرا به عقد او درآوردند و ما این گونه زن و شوهر شدیم.مدتی گذشت و من، از حسن بچه خواستم. به او گفتم: یا بچه یا طلاق، دولت وقت که هنوز به حسن احتیاج داشت، فوری با پول دولت حسن را در بیمارستان بازرگان توسط دکتر محمود محسنیان با عمل جراحی مداوا کردند و پس از سه سال، در ۲۶ مهر ماه سال ۱۳٤۰، خدا آرزو را به ما بخشید و چون تا آن موقع، حسن، با وجود اینکه چند بار ازدواج کرده بود، اما بچه‌دار نشده بود و در آرزوی فرزندی بود؛ و پس از ازدواج با من، دارای بچه شد، آن هم در روستای زنبیل، در خانه شیخ زنبیل این بچه به دنیا آمد به همین خاطر اسم او را آرزو گذاشت؛ اما شیخ زنبیل، دخترمان را مهتاب نام نهاد. دو سال پس از به دنیا آمدن مهتاب (آرزو)، خدا ساکار را به ما داد. نام ساکار نیز مهناز است؛ چونکه پیش از به دنیا آمدن، آرزو گفت: مامان، فردا مهناز می‌آید. حسن گفت: اگر این بچه، پسر باشد نامش را ایرج می‌گذارم. به خاطر اینکه او از صدای ایرج خیلی خوشش می‌آمد و هر موقع به زبان فارسی آواز می‌خواند، از سبک آواز خواندن ایرج سود می‌جست.

حسن زیباترین و دلنشین‌ترین ترانه خود به نام «لالایی، آرزو»، را چهل سال پیش برای دخترمان آرزو(مهتاب) اجرا کرد. ترانه: «کیژوله نازدار، مەهتاب مەزەدار» (دختر نازنین، مهتاب بامزه) را نیز برای آرزو خوانده است و سپس «نازدار و نازداری بابی»: (نازنین، ای نازنین پدر) را برای ساکار(مهناز) اجرا کرد. پس از این دو بچه، حسن دیگر بچه‌دار نشد.

هنگامی که حسن، دست از همه چیز کشیده بود و ترانه «باران بارانه» را در توبه نصوح از کارهای گذشته خوانده بود، دریغا که به خاطر رفتار نادرست دولت، باز به کردار پیشین خود برگشت. رفتار با حسن، که در همۀ دنیا، به ویژه میان کردهای ایران و عراق و... مشهور شده بود، او را دچار مشکل فراوان کرد؛ به ویژه وقتی که دکتر شیخ عابد سراج‌الدینی، رئیس برنامه کردی رادیو تهران بود، هنگامی که حسن، به رادیو تهران - در میدان ارک آمده بود، او به دژبان دستور داده بود تا نگذارند حسن داخل شود. این کار سراج‌الدینی، چنان تأثیر منفی بر دل لطیف حسن گذاشت که دیگر، هیچ‌وقت به رادیو برنگشت و با دلی شکسته، بار و بند خود را به سوی بغداد پیچید. هنگامی که به بغداد رسید، در آنجا نیز او را دچار مشکل کردند؛ او را گرفتند و روانه زندان کردند. در آنجا او را به پنکه بسته و شکنجه داده بودند. پس از رهایی از



سەرچاوە
Serchawe

آنجا، به ناچار به تهران برگشت. در تهران نیز ساواک او را گرفت و زیر شکنجه قرار داد. جریان شکنجه اش در ساواک را خودش در نوار گفته، که صدای او هنوز به یادگار مانده است. این روی داده ها، نشان دهنده این هستند که حسن، نه در ایران و نه در عراق، روی، خوشی و راحتی و آزادی را ندید.

هنگامی که در کرمانشاه بودیم؛ در سالهای ٤١ تا ٤٣، برای خود انجمنی از موسیقدانان را تشکیل داده بود که به راستی، پنجه ای لطیفی داشتند. در آن مواقع، زندگی کارمندی حسن، به سرازیری افتاده بود؛ چونکه دولت به او حقوق نمی داد. به این خاطر که رییس برنامه کردی شکرالله بابان، گفته بود: ما نزدیک به ١٥٠٠ ترانه با صدای حسن زیرک داریم، دیگر احتیاجی به خود او نیست! در همین روزگار، استاد علی مردان و حسن جزراوی و محمد عارف جزراوی، سه تن از اساتید برجسته موسیقی کرد عراق، به ایران آمده بودند آنان از من و حسن زیرک دعوت کردند به رادیو بغداد برویم. در این موقع، دولت وقت، فوری دل حسن را خوش کردند و به او حقوق ماهیانه و حقوق های گذشته اش را نیز پرداختند؛ تا وقتی که مهمانان عراقی بازگشتند، پس از رفتن آنان دولت وقت، بلافاصله به طور کلی حسن را از اداره اخراج کرد.

در تهران نیز وقتی حسن به رادیو آمد، دکتر سراج الدینی به او اجازه کار نداد و همه این رویدادها، دل لطیف و حساس حسن را به درد آورد و او ار دچار زندگی تلخی کرد. پس از این همه در به دری و آوارگی حسن، با همسر دیگرش رابعه خانم که پس از من با او ازداواج کرده بود در سر راه مریوان، قهوه خانه ای کوچک باز کرده بود و در آنجا با دلی پر از درد و غم، دور از من و بچه هایش، زندگی را می گذارنید. در سال ١٣٥٠ من شنیدم که حسن مریض شده است. بچه هایم را برداشتم و به مهاباد آمدم و در خانه داییم حسن را دیدم. آن هنگام ساکار ٧ سال و آرزو ٩ سال داشت. وقتی حسن را دیدم او را خیلی شکسته یافتم. از کار به دستها خواهش زیادی کردم که به داد حسن زیرک برسند، اما حتی یک آمبولانس نیز در اختیار ما نگذاشتند. تا سال ٥١ حسن روز به روز حالش بدتر میشد و کسی نیز به حرف ما توجهی نمیکرد و حتی کوچکترین همکاری نیز با من نکردند تا حسن را به تهران منتقل کنم. من در آن هنگام، هر روز از کرمانشاه به بوکان سر میزدم و حسن را میدیدم چرا که دکتر گفته بود حسن سرطان دارد. در بیمارستان بوکان دکترها متوجه سرطان او شده و فهمیده بودند که او در آینده ای نزدیک خواهد مرد. از نظر من بیشتر این درد و غمها و مصیبتی که به حسن رسیده بود بخاطر عدم توجه حکومت وقت و سردمداران و جیره خواران بی رحم حکومتی به هنرمند بزرگ کرد بود حکومتی که بخاطر جلوگیری از رفتن حسن زیرک به عراق و ماندن وی در ایران، مرا که سنم قانونی نبود بدون اجازه پدرم به عقد حسن درآوردند و یا هنگامی که بچه میخواستم، باز حکومت وقت فوری او را مورد عمل جراحی قرار دادند تا وی بچه دار شود، که چه بعدها، چون که حسن نزدیک به هزار ترانه در تهران و کرمانشاه اجرا کرده بود و بخاطر همین ترانه های او بود که روزانه نزدیک به ٢٠٠٠ نامه نوشته میشد و حتی درون نامه پول قرار میدادند تا ترانه مورد درخواست آنها پخش شود.




سەرچاوە Serchawe

در کل برنامه کردی بخاطر صدای دلنشین حسن زیرک مورد توجه همه قرار گرفته بود و در آن موقع، هر روز دوبار برنامه «ما و شنوندگان» پخش میشد و حسن زیرکی که با صدای رسا و لذت بخش خود باعث معروفیت و کیفیت و شکوفای برنامه های کردی در تهران و کرمانشاه شده بود و سیل نامه‌های طرفدارن ترانه های او، هر روز به رادیو جاری بود در حالی که در ۲۸ مرداد ۱۳٤۱، که برد ایستگاه رادیو کرمانشاه به ۱۰۰ کیلو وات رسیده بود، صدای حسن زیرک به همه شهرها و روستاهای کردنشین می رسد.

در سال ۱۳٤۳ من کتاب (چریکەی کردستان - نغمه کردستان) را برای حسن باز نویسی کردم - بایسته به ذکر است که حسن زیرک، بخاطر اینکه سواد نداشت اشعاری را که می سرود نمی توانست بنویسد و لذا من برایش می نوشتم؛ زنده یاد دکتر محمد صدیق مفتی زاده نیز مقدمه بسیار شیوا و عالمانه برکتاب نوشت. سروده ای نیز برای حسن سروده بود که این شعر بر سنگ مزار حسن زیرک نوشته شده است:





سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی دیمانە و وتارەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

